ڕۆمان

# ژان

PDF4Kurd

مار اريت دوراس

وەر ˇڕێلنی
ڕەسوڵسوڵتانی

کوردستان - هەولێر
٢٠٠٦

**ناوی کتێب: ژان (رۆمان)**

– نووسینی: مارگاریت دوراس

– وەرگێڕانی بۆ فارسی: قاسم روبین چاپ نیلوفر ١٣٧٨.

– وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: رەسوڵ سوڵتانی

– نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی

– بەرگ: سەیوان

–پیتچنین: محمد مامند

– سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات

– تیراژ: ١٠٠٠ دانە

– ژمارەی سپاردن: ٤٧

– بەرگی یەکەم

– چاپی یەکەم ٢٠٠٦

– نرخ: ٢٠٠٠ دینار

زنجیرەی کتێب – ٥٧– (١٦٠)

**ناونیشان**

**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com**

**ژمارەی تەلەفۆن : 2260311**

www.mukiryani.com




ئەوە یادداشتگەلێکی رۆژانەیە و سێ دەفتەری لە خۆ گرتبوو: لە ((کەشەوی)) مێزە شینەکەی ماڵەکەمدا لە نۆفێل لۆشاتۆ Neauple-le-chateau دۆزیمەوە. هەر لە بیریشم نییە کەی ئەوانەم نووسیون. بەڵام دڵنیام کاری خۆمە و من نووسەریانم. خەتی خۆم دەناسمەوە و دەشزانم چم نووسیوە تەنانەت وردەکارییەکانیشی. شوێن، رووداو، وێستگەی شەمەندەفەری ئۆرسای Orsay و مەودای رێگاکانم هەموو لە بیره. بەڵام خۆمم لە کاتی نووسینی ئەو یادداشتە رۆژانەیەدا هەر وەبیرنایەتەوە: کەی نووسیومە، لە چ ساڵ و چ رۆژ و سەعاتێکدا و لە کامە ماڵ؟ بۆم ناچێتەوە سەریەك.

ئەوەی روون و ئاشکرایە؛ ئەوەیە کە ناتوانم باوەڕ بکەم ئەو نووسراوەیەم لەو سەروبەندەدا نووسیبێ کە چاوەڕوانی رۆبێر"ل" بووم.

نازانم چۆن شتێکی وام پێ نووسراوە کە ئێستاش نازانم ناوی بنێم چی؟ خوێندنەوەشی وەڕەزم دەکا. یا چۆن توانیومە ئەو هەموو ساڵە ئەو نووسراوانە لە ماڵێکی قەراغ شاردا لە بیر خۆم بەرمەوە کە بەردەوام لەبەر لووزەوی سێڵاوی زستانان دابووە.

یەکەم جار کە وەبیرم هاتەوە؛ ئەو کاتە بوو کە گۆڤاری سورسییەر Sorciéres داوای نووسینێکی سەبارەت بە سەردەمی گەنجێتیم لێ کردم.

رۆمانی ژان یەکێ لەو شتانەیە کە لە ژیانمدا بایەخێکی زۆری هەیە و ناوێکی وەکی ((یادداشت)) پڕ بە پێستی نییە. خۆم لە بەرامبەر لاپەڕەگەلێکدا دیتەوە کە پڕ بوو لە هێڵی رێکوپێك و وشەی ورد کە زۆر سەیر هێور و بە جێ و رێ کەوتبوون. هەروەها هەست و بیرم ئەوەندە ئاڵۆز بوو کە هێزی سەر و کەللە لێدان دەگەڵ ئەو شتانەی لێ بڕیبووم. هەر بۆیەش خۆم بە شەرمەزاری ئەدەبیات دەزانم.

# نیسان

له تەنیشت شۆمینەکەم. تەلەفۆنەکەم لەبەر دەستمە. بە لای راستمدا دەرگایەك بەسەر پێشخانە و دالآنەکەدا دەکرێتەوە. لەو سەری دالآنەکەش دەرگای چوونە دەرەوە.... ئەو لەوانەیە یەکڕاست بێ و لە زەنگی دەرگاکەبدا "کێیە؟" و بڵێ. "منم" یا وەژوورکەوێ و لە رێوە تەلەفۆن بکا بۆ دایرەی تەرانزیت: "من گەڕاومەتەوە و ئێستاش بۆ بەڕێوەبردنی هێندێ دام و دەستوور لە هۆتێل لۆتیسام".

هیچ شوێن و ئاسەوار لە وەژووکەوتنەکەی دیار نییە. لەوانەیە تەلەفۆن بکا یا کتوپڕ وەژوورکەوێ. شك بۆو شتانە دەچێ. بڵێ و نەڵێی دێتەوە. شتێکی ناوازە نییە. بیانوویەکی ئەو تۆش بۆ نەهاتنەوەی دەگۆڕێدا نییە. بۆ هاتنیشی هەروا. لەوانەیە بێتەوە تەلەفۆن دەکا. "کێیە؟" "منم". زۆر شتی تریش لەو چەشنە دەبێ. ئەوان ئێستا لە ناوچەی راین تێپەڕیون. ئاخرییەکەی ریزی بەرەی ئاوەرانش Arranches تێك شکا.

وایان لێهات پاشەکشە بکەن. من توانیم تا دوای شەڕ بژیم. دیارە گەڕانەوەی ئەو شتێکی سەیر و سەمەرە نابێت. رووداوێکی ئاساییە. دەبێ زۆر وریا بین لەو



مەسەلەیە رووداوێکی سەر سووڕهێنەر ساز نەبێ. سەرسووڕمان دوور لە چاوەڕوانییە. دەبێ "مەنتقی"بم. چاوەڕوانی گەڕانەوەی رۆبێر"ل"م. تەلەفۆن زەنگ لێدەدا. "ئەلۆ" "ئەلۆ" هەواڵی تازە چییە". نابێ ئەوەم لە بیربچێ کە تەلەفۆن بە کەڵکی ئەو جۆرە کارانەش دێ: نەپچڕان، وەڵام دانەوە. بێ ئەوەی بۆڵەم بێ و بڵێم دەستم لێهەڵگرن ((هیچ هەواڵێك؟)) "هیچ". "هیچ نێوو نیشانێك" ((هیچ)) زانیوتانە بیلسێن Belsen ئازاد کراوە؟ دوێنێ دوانیوەڕۆ، بەڵێ. دەپرسم ((ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو کێشەیە؟)) من وردە وردە نیگەران دەبم. ((بێ دەنگی. دڵساردی باش نییە. دەبێ خۆڕاگربی. بەداخەوە هەر ئێوە نین. من دایکێك دەناسم بە چوار منداڵەوە....)) "دەزانم". ببوورن، دەبێ بڕۆم. ماڵ ئاوا. گووشیەکە دادەنێمەوە. لە جێی خۆم نەبزووتووم. نابێ زۆر جووڵە جووڵ بکەم. پیاو هێزی لێدەبڕێ. دەبێ هەموو تین و گوڕت بۆ کاتی زەجرکێشان هەڵگری.

ژنە گوتی: دەزانن بیلسێن ئازاد بووە؟ "من لێی بێ خەبەرم. ئۆردووگایەکی دیکەش ئازاد کراوە". ژنە گوتی: "دوێنی دوانیوەڕۆ". سبەینێ لیستەی ناوەکان بڵاو دەبێتەوە. ژنە باسی ئەوەی نەکرد. بەڵام من دەزانم. دەبێ بچمە دەرێ. رۆژنامە بکڕم و بیخوێنمەوە. "نا". چڵدانی شەویلکەکانم دەبیستم کە چار دەگەڵ جار توندتر دەبێ. من ئەو لیستەیە ناخوێنمەوە. ئەگەرچی بەر لە هەر شتێ دەبێ لیستەکان چاولێکرێن. ئەوە سێ حەوتووە لەسەر یەك بە شوێنیدا وێڵم. کەچی هێشتا هیچم وەدەست نەکەوتووە. هەتا لیستەکان پتر دەبن و زیاتر بڵاودەبنەوە ژمارەی کەسەکان لە پێڕستەکاندا کەمتر دەبێتەوە. لیستەی ناوەکان لەوانەیە تا ماوەیەکی زۆر درێژەی هەبێ. لەوانەیە تا ئەو کاتەی من خوێنەری ئەوانەبم ناوی ئەو نادۆزمەوە. کاتی رۆیشتنە. هەستان، بە دوو سێ هەنگاو، گەیشتن بە بەر پەنجەرە.

زانكۆی پزیشكی هەروا لەوێ یەو ڕێبوارەكانیش. تەنانەت ئەو دەمەی خەبەرم بۆ دێ كە ئیتر ناگەڕێتەوە، ئەوانە هەروا درێژە بە ڕۆیشتنەكانیان دەدەن. نووسراوەیەك كە هەواڵی مەرگێكە بڵاوبۆتەوە. "ئیستێ بە خەڵك دەگوترێ كێیە؟" ((یاریدەدەرێكی كۆمەڵی لە لایەن شارەوانییەوە.))

شەویلكەكانم هەروا چڵدەدەن. دەبێ بیوەستێنم. ڕاوەستانی ئەو چڵدانە بە مەرگی خۆمەوە گرێ دراوە. ئەو مەرگەی شەویلكەكانم دەهاڕێ و ئەوەش شتێ نییە پیاو خۆی لێ گێل كا. ڕاگرتنی چڵدانی شەویلكەكان. ڕاگرتن: هێوركردنەوەی دڵ. بەڵام دڵ هیچ كات لە خۆوە هێور نابێتەوە. دەبێ یاریدەی بدرێ. ڕاوەستانی هزر بە تەواوەتی. هزرێك كە ڕووەكە و لە زەیندا نامێنێتەوە.

باڵتۆكەم دەبەردەكەم. وەدەر دەكەوم. ژنە خزمەتكارەكە لەسەر ڕێگایە پێم دەڵێ: ڕۆژ باش خاتوو "ل"

ئەو ئەمڕۆكە وەك جاران نییە كۆڵانیش هەروا. دەرێ. نیسان.

لە كۆڵاندا كە هەروا دەستم لە گیرفانمدا بوون، خەو دەیبردمەوە. وێڕای ئەوەی لە ڕۆژنامە فرۆشەكان دووردەكەومەوە و لە پۆستەچییەكە لادەدەم، لاقەكانم هەروا بەرەو پێش دەكشێن. لە هەموو شەڕگەكاندا هێزی هاوپەیمانان پێشڕەوی دەكەن. ئەو مەسەلەیە هەتا چەند ڕۆژێك لەوەپێش زۆر گرنگ بوو. بەڵام ئێستا بێ بایەخ بووە. ئیتر ڕاگەیەندراوەكان ناخوێنمەوە. كارێكی خۆڕاییە. ئەوان هەتا دوایین شەڕگە دەچنەپێش. خۆر گزنگی تاو بەسەر نازییەكاندا دەپژێنی. نیسان.

ڕووداوەكە لە مانگی نیساندا دەقەومێ. لە ئەڵمان لەشكری هاوپەیمانان دەدرێنەبەر ڕەهێڵەی ئاگر. بڕلین دەسووتێ. ئەرتەشی سوور سەركەوتوانە بەرەو پێش هێرش دەبا. لە "درێسدە Dresde" تێپەڕیون. هەموو شەڕگەكان دەگیرێن. ئەڵمان وەك جاری جارانی لێدێتەوە. "ڕاین"یش بەجێدەمێنێ. دیارە چاوەڕوان دەكرا. ڕۆژی



مەزنی شەڕ، گرتنی ڕماگێن Remagen و دوایش ئەو كارەساتە. لە قوڵكەیەكدا و لە حاڵی ئاویلكەدا، سەری بە سینگیدا شۆڕبۆتەوە، چۆكەكانی گرمۆڵە بوون و دەستەكانی لێك ڕەویوەنەتەوە. مردووە، ئێسقانەكانیشی تێكەڵاوی ئێسقانەكانی بوخنواڵد بووە. لە سەرانسەری ئەورووپادا هەوا گەرمە. لە جادە نزیكەكەی ئەوێوە هاوپەیمانان لە پێشڕەوی دان. سێ حەوتوو بەسەر مردنەكەیدا تێدەپەڕێ. كارەسات، ئەرێ، قەوماوە. لێم سوورە. بڕیاری خۆم دەدەم. بە پەلە هەنگاو دەنێم. زاری داپچڕیوە. شەوە. بەر لە مردن بیری لە من كردۆتەوە و ژان و ئازارەكەی لەوەیدایە. خنكان، لە هەناسەكەوتن، جێ و شوێنی دەوێ. ژمارەی مردووەكان لە شەقامدا یەكجار زۆرن، حەزدەكەم لە دەشتێكی بەریندا پیاسە بكەم، بە تەنیایی. لێم سووە، بەر لە مردن بانگی كردووم. تەرمەكان بە درێژایی جادەكانی ئەلمان ڕاست وەك ئەو درێژ ببوون. هەزاران، دەیان هەزار، ئەویش یەكێكە لەوانە. ئەگەر چی لە ژمارەی ئەو هەزارە زیلەیەی دیكەیە، بەڵام بۆ من دەگەڵ ئەو هەزاران هەزارەی دیكە جیاوازی هەیە. تەواو ناوازە و جیاواز. ئەوە تەنیا شتێكە كە لەو پەڕی بێ خەبەریدا دەكرێ لێی ئاگاردا بیت. من ئەوە دەزانم. لە پێشدا دەستیان كردووە بە كۆكردنەوەیان، دوایش، لە دوایین ساتەكاندا، قەڵت بڕیان كردووین. شەڕ لە هەموو كەسە. پێداویستەكانیشی. مەرگیش هەروا. ئەو لە گیانەڵڵادا ناوی منی لەسەر زاربووە. بڵێی توانیبێی ناوی تریش بێنێ؟ ئەوانەی ژیانیان لەسەر بنەمایەكی گشتی هیچ خاڵێكی هاوبەشیان دەگەڵ مندا نییە. ئەوەی لە منە لە كەس نییە. لە كۆڵاندا، لە پاریسی ئێستادا، كەسانێك لێوبەبزەن، بە تایبەت لاوەكان، لە نەیارەكانم زیاتر كەسم نییە. شەو داهاتووە. دەبێ بگەڕێمەوە ماڵێ و چاوەڕێی تەلەفۆن بكەم. لەو بەریش هەرشەوە. تاریكی باڵی بەسەر قوڵكەكەدا كێشاوە. ئێستێ زاریشی پڕ بووە لە تاریكی. خۆری سوور هەڵگەڕاو بە هێمنی تیشك داوێتە پاریس. شەڕی شەش ساڵە كۆتایی دێ و ئەوە گەورەترین كارەساتی ئەم سەدەیەیە.

ئەلمانی نازی بەزیوە. ئەویش هەروا. لە قۆڵکەدا. هەموو شتێ بە کۆتایی گەیشتووە. پێش بە ڕۆیشتنم ناگیردرێ. قەڵافەتێکی لاوازم هەیە و وەك بەرد وشك و ڕەق هەڵاتووم. شوورەی پردی دەسئارت Des Arts و ڕووباری "سێن" لەو بەری قوڵکەکەن. تاریکایی لە لای ڕاستی قوڵکەکەوە لێکیان جیادەکاتەوە. ئیتر لەو دنیایە بەشم بەسەر هیچ شتێکەوە نییە. هیچ. بێجگە لەو تەرمەی ناو ئەو قوڵکەیە. شەو لێڵە و دنیا بە ئاخر گەیشتووە. من لە دژایەتی دەگەڵ کەسدا نامرم. مردنی ئاوا شیرنە. دەژیم. فەرقی پێ ناکەم. گرنگ نییە کەی دەمرم. بە مردن نایگەمێ. چی دی چاوەڕوانی ناکەم. "د" ئاگادار دەکەمەوە. "مردن باشترە". "ئێوە چیم لێدەکەن؟".

دەتوانم بەشێوەیەکی باشتر مەرگ بژیم. دوایش لەسەرە مەرگمدا ئەو مەسەلەیە دەبێتە هۆی دڵدانەوەی "د". بۆچوونێکی بێ تامە. دەبێ بگەڕێمەوە ماڵێ. "د" چاوەڕێمە. هەواڵی نوێ؟ "هیچ". کەس لێم ناپرسێ: ئیتر سڵاویشم لێ ناکەن. دەڵێن: "هەواڵی تازە؟" دەڵێم: "هیچ". دەچم لە تەنیشت تەلەفۆنەکە لەسەر کورسیەکە دادەنیشم. قڕوقپ، "د" دڵە ڕاوکێیەتی. "ئەو دەمەی چاوی لێم نییە پەشۆکاو دیارە. ئەوە هەشت ڕۆژە درۆ دەکا. بە "د" دەڵێم: شتێکم پێ بڵێن: "هەر ئەوەندە دەڵێ: تۆ زەبرت دیوە. ناشبێ مزاحمی خەڵك بی، هیچی دیکە ناڵێ. ئێستێ بە زەحمەت دەڵێ: دیارە دێتەوە، هیچ بیانوویەك بۆ نەهاتنەوەی نییە. "بزەی دێتێ. ئەمیش یەکی تێکسمراوە، کە پێدەکەنێ دەم و چاوی لە بەریەك دەکشێتەوە. پێم وایە "د" نەبا خۆم لەبەر ئەو دۆخە ڕانەدەگرت. هەموو ڕۆژێ سەردانم دەکا. جاری واشە ڕۆژێ دووکەڕەت. لەوێ دەمێنێتەوە. چرای باڵە خانەکە هەڵدەکا و لەوێ دەمێنێتەوە و ئێستاش سەعاتێك دەبێ لێرەیە. سات دەورووبەری نۆی شەوێیە. هێشتا شێوم نەخواردووە. "د" دوور لە من دانیشتووە. لەو دیوی پەنجەرە تاریکەکەوە چاو لە خاڵێکی بێ جووڵە دەبڕم. چاوی لە منە. ئەمنیش



چاوی لێ دەکەم پێم پێدەکەنێ. بەڵام پێکەنینێکی ڕاستی نییە. حەوتووی ڕابردوو هاتبووە سەردانم، دەستمی گرت و دەیگوت: "دڵنیابە ڕوبێر دەگەڕێتەوە" و ئێستاش دەزانم بە خۆی دەڵێ: باشتروایە هیوابڕوا بێت. جار و بار داوای لێ بوردن دەکەم: "ببوورە" سەعاتێك دواتر دەڵێم: هیچ هەواڵێك نەهاتووە؟ " دەڵێ: لە ئۆردوگا بەهەزاران دیل چاوەڕێی هاوپەیمانانن". بۆ پێت وایە دەبێ بە تایبەت تۆ ئاگاداری بکەنەوە؟ دوایی، پاش چەند ساتێك داوای لێدەکەم هیوادارم بکا بە گەڕانەوەی ڕۆبیر. "د" بۆ دڵخۆشی من دەڵێ: ڕۆبێر"ل" لە ئۆردوگای دیلەکانەوە دەگەڕێتەوە. دەچمە چێشتخانەکە. بە سوورکردنەوەی پەتاتەوە خۆدەخافڵێنم. هەر لەوێ دەمێنمەوە. تەوێڵم بە لێواری مێزەکەوە دەنێم چاوەکانم لێك دەنێم. "د" لە نێو سەرسەرایە. نە دەنگێك و نەویرە ویرێك. تەنیا دەنگی بڵێسەی گازەکە دەبیسترێ. شەو شەق بووە. پازدە شەو و ڕۆژە لەو قوڵکەیەدا لە بیرچۆتەوە. بەری پێی لە حەواو لە ژێر با و باران و تۆز و خۆڵی هێزی سەرکەوتودا. دەستەکانی لێك ڕەویونەتەوە. ئەو دەستانەی کە هەرکامیان لە ژیانی من بە نرخترن. ئەو دەستانەی دەگەڵ من ئاشنان. دەناڵێنم. دەنگی کپی هەنگاوێك لە سەرسەراو دێ. "د" دێتەوە. هەست دەکەم دەستێك لەسەر شانمە. دەستێکی مێهرەبان و بە هێزەکە سەری خەواڵووم لەسەر مێزەکە لە نێو خۆیان دەگرن. پاڵێك بە "د" وە دەنێم. ترسێنەرە. "د" دەڵێ: "دەزانم" "نا"، "ئێوە ڕێی تێ نابەن". "دەزانم بەڵام هەوڵ بدەن". مرۆڤ هەموو شتێکی لە دەست دێ. من هیچ کارێکم لە دەست نایە. دەستەلەیەك ئاڵقەکراوەکانم ئەهوەنم دەکەنەوە. هەڵبەت جار و بار باشتر دەبم. ئای بۆ مژێك هەواو پشوودانێك. دادەنیشتمە سەر نان خواردن. بەڵام دڵم لە ژێللا دێ. نان هەر ئەو شتەیە کە ئەو لێی بێبەریی بووە. هەر ئەو شتەی کە ئەو لە نەبوونیدا مردووە. حەز دەکەم "د" بە جێم بێڵێ. چونکە بۆ زەجرکێشان پێویستیم بە تەنیایی هەیە. "د" دەڕوات. خشکەی پێم لە ئاپارتمانەکە دەگەڕێ. چراکان

دەکوژێنمەوە. دەچمەوە دیوەکەم. هەر بۆوەی خۆ بخافڵێنم بە ئەسپایی هەنگاو دەنێم. بێ ئەوەی ئەو شتانەی لە مێشکم دان لێکیان دەم. ئەگەر ئاگام لە خۆم نەبێ تووشی بێ خەوی دێم. کە خەویشم بزڕێ سبەینییەکەی تێك دەچم. هەموو شەوێ لە تەنیشت ئەو خەوم لێ دەکەوێ. لە قوڵکەیەکی تاریکدا و لە تەنیشتی ئەو کە مردووە.

ئاوریل.

بۆ دامەزراندنی بەشی لێکۆڵینەوەی گۆڤاری ((ئازادەکان)) کە لە ڕەزبەری ١٩٤٣دا، دایرم کردبوو دەچمە ناوەندی ئۆرسای. زۆرم گیروگرفت و کۆسپ لە پێشە. نارەزایەتیان دەربڕیوە کە بۆچی بەشی ناوبراو فەرمی نییە. ئیتر نووسینگەی ناوەندی بە ڕێکردنی دیلەکان لە ئەلمانەوە بەرەو وڵات کراوەتەوە و کەس ناتوانی شتێکی لە جێی دابنێ.

لە سەرەتادا بە نهێنێ و بە کارتی تەزویری (جەعلی) و بڕیاری دەستکرد توانیم بچمە ناو ئەوێ. زانیارییەکی زۆرمان سەبارەت بە راگواستنی تەقەمەنی و ئۆردووگاکان وەدەست کەوت. گەلێك زانیاری سەرنجڕاکێش و بێ وێنەی تر کە هەموو لە ((ئازادەکان))دا بڵاوکرانەوە. "بە فلان بنەماڵە بڵێن کوڕەکەیان زیندووە و دوێنێ پێکەوەبووین)).

من و چوار کەس لە هاوڕێ کانمیان دەرکرد. هەر لەبەر ئەوەی: "هەموو دەیانهەوێ لێرە بمێننەوە، ئەوەش ناگونجێ: "تەنیا نوێنەری ئوردووگا غەیرە نیزامییەکان لێرە وەردەگیرێن". من بە نارەزایەتییەوە گوتم: "حەفتا و پێنج هەزار کەس لە بنەماڵەی دیلەکان خوێنەری بڵاڤۆکی ئێمەن. "جێی داخە"، بەڵام بەپێی یاسا، دامەزراندنی بەشی نافەرمی لێرە قەدەغەیە".



لە وەڵامدا گوتم: گۆڤاری ئێمە لەوانی تر جیاوازە. ئەوە تەنیا بڵاوکراوەیە کە ژمارەی تایبەت بۆ لیستەی ناوەکان لەبەر چاودەگرێ.

"ئەوەندە بەس نییە". ئەفسەرێکی ئەندامی وەڤدی پایەبەرزی فرەنای بوو کە ئەو وەڵامەی دامەوە. وەڤدی بە ڕێکردنی دیلەکان بۆ وڵات سەرقاڵە. زۆر فەرمی هەڵسوکەوت دەکا. دڵەڕاوکێیەتی. زۆر بە حەدەبەوە دەڵێ: "بەداخم" دەڵێم: "تادەتوانم بەرگری دەکەم". بەرەو نووسینگە وەڕێ دەکەوم. "بۆ کوێ؟" دەچم بزانم دەتوانم لێرە بمێنمەوە؟ بە پاڵەپەستۆ لە نێو ڕیزی دیلەکاندا کە داڵانەکەیان ئاخنیوە جێی خۆم دەکەمەوە، ئەفسەرە پایەبەرزەکە ئاماژە بە زیندانییەکان دەکا دەڵێ: کەیفی خۆتانە، بەڵام لە بیرتان نەچێ هێشتا "ئیستریلیزە" نەکراون. بەهەر حاڵ گەر بتان هەوێ ئەمشەو لێرە بمێننەوە؛ بەداخەوە دەبێ بڵێم دەرتان دەکەم. کورسیلەیەکی سپیدارمان دیتەوە و لەبەر دەرگای وەژوورکەوتنمان دانا و دەستمان کرد بە پرسیار لە بەندییەکان. ژمارەیەکی زۆر لە بەندییەکان لە دەورەمان کۆبوونەوە. سەدان هەواڵ و پەیام وەرگیران. بێ ئەوەی سەر هەڵبڕم بێوچان کاردەکەم. بێجگە لە دروست نووسینی ناوەکان بیر لە هیچ شتێ ناکەمەوە. جاروبار پیاوێکی گەنجی لە هەمووان لە خۆبایی تر، بە کراسێکی خاکی و "واکسیل و یەراق"ەو؛ گران و سەنگین لە ناونیشانمان دەپرسێ. "ئەوە چ بەزمێکە؟" بەشی لێکۆڵینەوە؟ ئیجازە نامەتان هەیە؟ ئیجازە نامە دەستکردەکەی پێشان دەدەم. کێشەکە دەبڕێتەوە. ئەو جار سەر و سەکتی پیرەژنێك دەردەکەوێ. کە ئەندامی وەڤدی بەڕێ کردنە بۆ وڵات. "چیتان لە گیانی ئەو بەندییانە دەوێ؟" تێی دەگەیەنم کە ئێمە کارمان وەرگرتنی هەواڵ و پەیامە. دەڵێ: ئەو هەواڵەنەتان بۆ چییە؟ ژنێکی سەر و قژ خورماییە. کەواو دامەنێکی شینی دەبەردایە. پێڵاوەکانیشی هەر ئەو ڕەنگەن. گۆرەوییەکانی تەنك و نینۆکی ڕەنگ کردووە. لە وەڵامیدا دەڵێم: لە گۆڤارێکدا بەناوی "ئازادەکان"دا چاپ دەکرێن. ئەو گۆڤارە

تایبەتە بە بەندیی و دیلەکان. دەڵێ: ئازادەکان؟ کەواتە سەر بە وەزارەت نین؟ "نا".

بۆ ئەو کارە ئیجازەی فەرمیتان هەیە؟ حاڵەتێکی جیددی بەخۆوە دەگرێ. دەڵێم: وەردەگرین. ملی رێ دەگرێ و دەڕوا. دەست دەکەینەوە بە پرسیارکردن، بە نووسینی ناو و یادداشتی پەیامەکان. زۆر هاسان بەرێوە دەچێ. چونکە بەندییەکان زۆر بە ئارامی دێن و دەچن. لە دابەزینیان لە شەمەندەفەر تا گەیشتن بە یەکەمین نووسینگەی راگواستن. نووسینگەی لێکۆڵینەوە و روونکردنەوەی شوناس؛ دوو سەعات دەخایەنێ. ئەو مەودایە بۆ دیلەکان زۆر دووردرێژە چونکە بێجگە لەوەی بەرگەی پێناسیان پێ نییە لە رادەبەدەریش ماندوون و زۆربەیان هێزیان لێبڕاوە. ئەفسەرێك دێ. چل و پێنج ساڵێك دەبێ. سەڵتەیەکی دەبەردایە، بە دەنگێکی گڕەوە: ئەو بەزم و رەزمە چییە؟ ئەویش تێدەگەیەنم دەڵێ: لەوەپێشیش لەو بەشەدا شتی وابووە؟ غیرەت وەبەرخۆم دەنێم و دەڵێم: ئێوە بوایەن ئەم نامە و پەیامەتان چۆن دەگەیاندە دەستی بنەماڵەکان؟ دیارە سێ مانگ دەخایەنێ تا هەمووان بتوانن نامە و پەیام بنووسن، چاوێکم لێدەکا و بزەیەکی دێتێ. "تێ نەگەیشتی، قسە لەسەر نامە و پایەم نییە مەبەست زانیاری دانە لەسەر خوێن رێژیی نازییەکان". ئێمە ئەوە بۆ خۆمان خەریکین دۆسیەکان ئامادە دەکەین، دوور دەکەوێتەوە و دواتر دەگەڕێتەوە کێ دەڵێ ئەوانە راستیتان پێ دەڵێن؟" ئەو کارەی ئێوە پڕ مەترسییە. پێتان وانییە میلیشیاکان دزەیان کرد بێنە نێو ئەمانەشەوە؟ جوابی نادەمەوە، ناڵێم: بۆم گرنگ نییە کە ئەوانیش دەست بەسەر کرابن یان نا. هیچ ناڵێم. دەڕوا. پاش نیو سەعات ژەنراڵێك راست بەرەو مێزەکەی ئێمەدێ. ئەفسەرێکی پایەبەرز و ژنێکی گەنج کە هاو پلەی ئەفسەرەکەیە. کۆت و دامەنێکی شینی پۆشیوە و شان بە شانی ژەنراڵەکە دێ. ژەنراڵ وەك پشکێنەر "ئیجازە نامەتان؟" پێشانی دەدەم، دەڵێ: "تەواو نییە" ئێوە هەر ئەوەندەتان ئیزن هەیە بە پێوە و بێ مێز و کورسی

ئیش بکەن. حەزم لێ نیێ ئێرە مێزی لێ بێ. "بە ناڕەزایەتییەوە دەڵێم: ئەو مێزە جێیەکی وا ناگرێ". دەڵێ: جەنابی وەزیر بە توندی قەدەغەی کردووە کە نابێ "هۆڵی شانازی" مێزی تێدابێ. دەستوور بە دوونگابان دەدا لای بەرن. بە پێوە درێژە بە کارەکەمان دەدەین. بەردەوام گوێمان لە رادیۆیە. لەسەریەك بەرنامەی هەیە. جار و بار ئاهەنگی سۆنیگ، جار جارەش سروودی نەتەوەیی. ریزی بەندییەکان درێژ تر دەبێتەوە جار نە جارێك سەرێك لە دیوەکەی ئەو سەری دالانەکە دەدەم.

"دیلەکان دیار نین؟" "دیلمان نییە" وێستگەی شەمەندەفەر پڕە لە جل و بەرگی یەك شێوە و یەك رەنگ. ژنی یۆنیفۆرم لەبەر. هەروەها وەڤدی بە رێکردن بەرەو وڵات. کەس نازانێ ئەوانە لە کوێوە هاتوون. شەش ساڵ بەسەر داگیرکرانی وڵاتدا تێدەپەڕێ و ئەو هەموو جل و بەرگە رێکوپێکە، پێڵاوی چەرمی، ئەو دەستانە، ئەو دەنگە گڕانە کە وەك قەمچی لە تووڕەییدا —لە هێمنی و دڵۆڤانیدا- ئێستاش پڕن لە سووکایەتی؛ هەروان.

"د" دەڵێ: " جوان سەرنجیان بدە، ئەوانەت لە بیر نەچێ. لێی دەپرسم ئەوانە لە کوێوە دەرکەوتن و بۆ بە ئێمە بڕان؟ لە هەموو گرنگتر ئەوە چ کارەساتێکە؟ "د" دەڵێ: "باڵی راست یانی ئەوە. خۆ دەیانبینی. ئەوانە گۆلیستن کە شوێن پێیان قایم دەکەن. باڵی راست بوو بە "گۆلیست"، ئەویش لە گەرمەی شەڕدا. تۆ دەبینی ئەوانە راست دژی "بزووتنەوەی بەرگری" دەجوڵێنەوە. بزووتنەوەیەك کە لە بنەڕەتدا گۆلیست نەبووە و نییە. ئەوانە دەست بەسەر فەرەنسەدا دەگرن. ئەوانە خۆیان بە گەورەی فەرەنسە و خاوەنی بیر و باوەڕ دەزانن. دواتریش پاش ساڵانێکی زۆر فەرەنسە دەرمان داو دەکەن. دەبێ قبوولی کەین لەمەو دوا سەر و کارمان دەگەڵ ئەوانەیە.



ژنەکان سەبارەت بە بەندییەکان دەدوێن، دەڵێن: "ئەو منالە لێ قەوماوانە" ژنەکان جۆرێك بانگ لە یەکتر دەکەن دەڵێی لە هۆڵێکی رەسمی دان. چاولێکە... بە قوربان....)). یەك دوانێك نەبێ هەموویان ئەداو ئەتواری خوا پێدراوە فەڕەنسییەکان دەردێنن. ئەو ژنانە تەنیا بۆ ئەوە لێرەن کاتی وەڕێ کەوتنی شەمەندەفەڕەکان بە بەندییەکان رابگەیەنن. بزەی سەر لێوانیان وەك ئی ئەو ژنانەی دەچێ کە دەیانهەوێ ماندوویی لە رادەبەدەریان بە چاو خەڵك دادەنەوە و لەو حاڵەشدا وابنوێنن کە نایانهەوێ وە رووی خۆیانی بێنن.

هەناسەکێشان لێرەدا دژوارە. ئەفسەرەکان تا دێنە سەردانیان جگەرەی بریتانی بە یەکتردەدەن. بەڵێ. وەك هەمیشە، ژنێکی ماندوویی نەناس وایە؟ "وایە" هەروەك دەیبینین جەنانی فەرماندە "," "پێدەکەنن". ترپە و خشکەی هەنگاوەکان. زیلە زیل، شین و گریانەکان، تەلارەکەیان ئاخنیوە. ئەوە پیشەی هەموو رۆژێکە. لۆرییەکان بەڕیز دێن و دەڕۆن. لە بۆرژێ ەوە Bourget دێن. پەنجا، پەنجا بەندییەکان بەرەو بنکە رادەدەن. دەگەڵ وەژووکەوتنی هەر دەستەیەك دەنگی سروود خوێندنەوە بەرز دەبێتەوە. "ئەو رێگایەت لەبەرە. دەبێ بیبڕدرێ بێ ئامان" گەر ژمارەشیان زۆر بێ سروودی (مارسییەز) دەخوێننەوە. لە نێوان دوو سروودا بێ دەنگییەکی کورت هەیە. ((منداڵە لێ قەماوەکان)) چاویان لە تەلاری شانازییە. لێوبەبزەن؛ ئەفسەرەکانی "بەڕێکردن" بۆ وڵات دەورەیان دەدەن. ((بەسە، کوڕینە، رێزبن)). ریز دەبەستی. هەر بەو شیلەبزەیەوە کە لەسەر لێویانە. یەکەمین دەستەکە دێنە پرسگە دەڵێن: "دوور و درێژە" بەڵام زەردەیەك هەروا لەسەر لێویانە. کە ناونیشانیان لێ دەپرسێ: بزەکەیان دەڕەوێ هەوڵ دەدەن ئاگایان لە خۆیان بێ. رۆژانی پێشوو لە وێستگەی "لێست" بووم. یەکێ لە ژنەکان لە سەربازێك دەخورێ و وێڕای ئاماژە بە "دەرەجە"کانی سەر شانی دەڵێ: ((هۆی؛ دەڵێی رێزی نیزامیت بیرچۆتەوە. دەزانی من فەرماندەم)) سەربازەکە چاوی لێدەکا. ژنە یەکێکی

ژیکەڵەیە. سەربازەکە پێدەکەنێ. ژنە بە خێرایی دوور دەکەوێتەوە. "سەربازێکی قۆشمەیە". من لە بەرپرسی ناوەند دەگەڕام. بۆ ئەوەی کاروباری بەشی لێکۆڵینەوە رێك بخا. ئەو ئیزنمان دەدا لێرە بمێنینەوە، بەڵام لە سەری ئەو سەری ریزی ئاخرییەوە نزیك عەمبارەکە. هەتا شەمەندەفەری دیلەکان نەگەیشتۆتە جێ لەسەر پێ خۆڕادەگرم. "ددان بە جەرگم دادەگرم. رەنگە ئەو بە شەمەندەفەری وێستگەی لۆتیسا بێتەوە". بەڵام جارێ لە وێستگەی ئۆرسایدا بێجگە لە چەند کەس لێرە و لەوێ کەس نابینی. "خەیاڵی لە کتوپڕ وەدەرکەوتنی رۆبێر "ل" ئۆقرەم لێ دەستێنێ. دەگەڵ هەواڵی هاتنی دیلەکان وەدەردەکەوم بەپێی قەرارێك کە دەگەڵ هەڤالان دامانانابوو؛ پاش رۆیشتنی دیلەکان دەگەڕێمەوە بۆ ناوەند. لەگەڵ گەیشتنم هاوڕێیانم لە دوورەوە ئاماژە دەکەن؛ وست؛ قسەنەکەی. کەس رۆبێر"ل" ناناسێ. بەرەبەری ئێوارە سەرێکی رۆژنامە دەدەم. لیستەکانیان دەدەمێ. هەموو دوانیوەرۆیان بە "د" دەڵێم: ئیدی لە سبەینێوە ناچمە ئۆرسای".

۳۰ ی نیسان

ئەمڕۆ یەکەمین شەمەندەفەری دیلە سیاسییەکان لە وەیمارەوە دەگاتێ. بەیانی لە ناوەندەوە تەلەفۆنم بۆ دەکرێ. دەڵێن: واباشە بچیتەئەوێ. ئەوانیش دواینیۆەرۆ دەگەنێ. بۆ قاوەڵتوون خۆم دەگەیەنمێ. هەتا ئێوارە لەوێ دەبم نازانم چ بکەم ئۆقرەم نییە.

ئۆرسای. ئاپۆرەی خێرایی بەندییەکانی شەڕ لە دەرەوەی بنکە کۆبوونەتەوە. میلە سپییەکان لە نێوان ئەوان و بەندییەکاندا لێکی جیاکردوونەتەوە. ژنەکان دەقیژێنن و لە بەندییەکان دەپرسن: فلانە کەس دەناسن؟ سەربازەکان جار و بارە رادەوستن و وەڵامێك دەدەنەوە. هێشتا سات هەشتی بەیانییە. بەڵام بەندییەکان لە ژمارە نایەن. هێندێکیان تا کاتژمێر سێی بەیانی دەمێننەوە و لە پاشان دەڕۆن و سات



حەوتی سبەینێ بەیانی دەگەڕێنەوە کەچی ژنی واش هەن کە لە جەرگەی تاریکە شەودا لە سەعات سێ هەتا ۷ی بەیانی لەوێ دەمێننەوە.

ئیزنی چوونە نێو ناوەندیان نادرێتێ. زۆربەشیان هەر چاوەڕێی کەس نین. تەنیا بۆ ئەوە هاتوون لە نزیکەوە سەیری دۆخەکە بکەن. تاکو بینەری هاتنی بەندییەکانی شەڕبن و بزانن ئاکامەکەی دەبێتە چی؟ چونکە لەوانەیە ئەو جۆرە رووداوانە قەت دووپاتە نەبنەوە. ئەوانەی بۆ چاولێکردن هاتوون لەدوورەوە دیارن. چونکە وەك ئەوانی تر ناقیژێنن و لە پاڵەپەستۆی ژنان خۆدەبوێرن، بۆ ئەوەی هەم وەژوورکەوتنی بەندییەکان ببینن، و هەم ئەو پێشوازییەی ژنان لێیان دەکەن. ئاخری دیلەکانی شەڕ و بەریز وەژوورکەوتن. ئەوان لە تاریکایی شەودا بە لۆرییەکان دەگەنێ. لە رووناکایی چرای لۆرییەکاندا دەردەکەون. ژنان دەقریوێنن و چەپڵە لێدەدەن. بەندییەکان رادەوستن. مات و سەر لێشێواو. قریوەی ژنان بە درێژایی رۆژ دەگاتی ئاسمان ئەو دەمانەوەی لۆرییەکان لەسەر پردی سۆلفرینۆ وەدیاردەکەون و لە شەویشدا ئەو دەمەی بەر لە گەیشتنیان وردە وردە شلی دەکەنەوە، ژنان ناوی شارەکانی ئەڵمان بە دەنگی بەرز دووپاتە دەکەنەوە. نۆیسوەردا Noyeswardal؛ کاسێل Kassel یا ناوی ئوردووگاکانی ئەڵمان: 7A و کۆماندۆ و 3A. بەندییەکان سەریان سووڕماوە. ئەوان یەکڕاست لە "بۆرژەی" ئەڵمانەوە دێن. هێندێکیان وەڵام دەدەنەوە. زۆربەیان نازانن چیان لێ دەخوازان. زەردەیەکیان دێتێ. ئاوڕ لە ژنە فەڕەنسییەکان دەدەنەوە. ئەوانە یەکەم ژنێکن کە سەربازەکان پاش ماوەیەکی زۆر دەیانبینن.

کارەکانم بە بەباشی ناچنە پێش. لەو ناوانەی نووسیومن هیچیان ناوی ئەو نین. جاروبار بە مێشکمدا دێ دەست لەو کارە هەڵگرم. قەڵەمەکەم دادەنێم. ئیتر هەواڵ وەرناگرم. لە ناوەند دەچمەدەرێ و بە ناخی ژیندا رۆدەچم. بەرەبەری سەعات دووی دوانیوەڕۆ دەچم بزانم شەمەندەفەری "وەیمار" چ سەعاتێك دەگاتێ: "لە

حەوشە دەچمەدەرێ. لە کەسێك دەگەرێم کە وەختی گەیشتنی شەمەندەفەری لێ بپرسم. دە دوازدە ژن لە قولینچکێکی "تەلاری شانازی" لەسەر عەرزەکە دانیشتوون و خانمە سەرهەنگەکە قسەیان بۆ دەکا. لێیان نزیك دەبمەوە. سەرهەنگ ژنێکی کەڵەگەتە. کۆت و دامەنێکی شینی مۆری دەبەردایە و خاچێکی "لۆرین"[(1)] لە ملیدا، سەر فرو قژی شین: ژنەکان چاویان تێ بڕیوە. شەکەت دیارن. بەڵام زاریان داپچڕیوە و گوێیان لە خانمە سەرهەنگ گرتووە. جل و بەرگی پێچراوە لە تەنیشتیان لەسەریەك هەڵچێندراون و منداڵێکی ساوا لەسەر یەکێ لە بوخچەکان خەوی لێ کەوتووە. ژنەکان سەر و روخسارێکی تۆزاری و بۆریان هەیە.

روخسارێکی چرژاویان هەیە. دووانیان زگیان لە ژێڵلا هاتووە. لەولا ترەوە ژنێك بە جل و بەرگی ئەفسەرییەوە راوەستاوە و سەیریان دەکا. دەچمە لای و لە مەسەلەکە دەکۆڵمەوە. سەیرم دەکا. دوایی سەری بەردەداتەوە و بە شەرمەوە دەڵێ: "بێگارچییەکان[2].... ژنە سەرهەنگەکە پێیان دەڵێ: وەشوێنی کەون. ژنەکان هەڵدەستن و بەدوایدا دەڕۆن. ترس لە روخساریان دەبارێ. چونکە ژنی ئەوانەی لە شەڕدا دیل کراون لەبەر دەرگا بوون و بە قریوە پێشوزاییان لێکردبوون. چەند رۆژ لەوە پێش چاوم لە هاتنی "بێگارچییەکان" بوو. هاتنی ئەو پیاوانەش هەروەك ئەوانی پێشوو وابوو، پێدەکەنین. بەڵام وردە وردە دوو قرانییەکەیان کەوت. وەك ژنەکان روخساریان شڵەژا. خانمە سەرهەنگەکە وێڕای ئەوەی ئاماژەی بە ژنەکان کرد؛ بەو ژنە یۆنیفۆرم پۆشەی منی لە مەسەلەکە گەیاند دەڵێ: "چییان لێ بکەین؟" ئەویتر دەڵێ: "نازانم" ئەرکی سەرهەنگەکە ئەوەیە بەو ژنانە بڵێ کە ئەوان بوونەوەرێکی پووچ و بێ مایەبوون. هێندێکیان وەگریان دەکەون. دوو ژنی بێ گیان بە مەلوولی دەڕوانن. سەرهەنگەکە پێیان دەڵێ دانیشن. دادەنیشنەوە.

---

(1) سەلیبی (خاچ) تایبەتی فەرەنسەی ئازاد لە سەردەمی "دۆگۆل"دا

2 Servicedu Travil obligate



زۆربەی ئەو ژنانە کرێکارن. بە رۆنی ماشێنی ئەلمانی دەستیان رەش بووە. دووانیان لە سۆزانی دەچن بە روخساری ماکیاژکراو و قژی رەنگ کراوەوە. هەڵبەت دیارە ئەوانەش هەر خەریکی کاری ماشێن بوون. لە دەستە چەورو ڕەشەکانیانەوە دیارە.

ئەفسەرێکی ئەندامی وەفدی بەڕێکردنی وڵات دەگاتێ: "ئەوانە کێن؟" "بێگارچییەکانن". ژنە سەرهەنگە دەنگێکی تیژی هەیە. بەرەو بێگارچییەکان دەگەڕێتەوە و بە هەڕەشەوە دەڵێ: دانیشن —بێ دەنگ بن. تێگەیشتن؟ پێتان وانەبێ ئێستا بەرەڵلا دەکرێن و وەشوێن کارتان دەکەون، نەخێر، دەست رادەوەشێنێ و هەڕەشەدەکا. ئێستا ئەفسەرەکە بەرەو ئاپۆرەی پاڵەوپەستۆ دراوی بێگارچییەکان دەچێ. سەیریان دەکا و بەو جۆرەی رووی لەوانە لە ژنە سەرهەنگەکە دەپرسێ: "دەستوورەکانتان پێ گەیشتووە؟" "سەرهەنگ: نەخێر، ئێوەچی؟" "شەش مانگ زیندانیان بۆ من بڕیوەتەوە" سەرهەنگ بە قژی پەخشان و چین چینەوە سەری بۆ دەلەقێنێ ((هەقی خۆیانە....)) ئەفسەرەکە باقە باقە دووکەڵی جگەرەکەی ((جگەرەی کەمل)) بەسەر ئاپۆرەی بێگارچییەکاندا بڵاودەکاتەوە کە دانیشتوون و بە نیگایەکی سرك گوێیان بۆ شل کردووە. "زۆرباشە". ئەفسەرەکە گەنجێکی ژیکەڵەیە. بە جگەرەی کەمل ەوە دوور دەکەوێتەوە. بێگارچییەکان چاوەڕێن. چاوەڕێی ئاماژەیەکی سێحراوبن. بەڵام هیچ شتێ دیار نییە. ناهێڵم سەرهەنگ بڕوا. "ئەرێ دەزانن شەمەندەفەری وەیمارکەی دەگاتێ؟" ورد لێم دەڕوانێ: سەعات سێ. دیسان لێم ورد دەبێتەوە. سەیرم دەکا. هەڵمدەسەنگێنی. تۆراو، بەڵام بە زۆری دەڵێ: "بەکرێی ئەو زەحمەتە نابێ یەکێك بە چاوەڕوانی جێیەکی ئەو سالۆنە بگرێ. چونکە بێجگە لە گەورەکان و خاوەن پلە و پایەکان کەسی تر نایە ئێوە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵتان". چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد، دەڵێم جنێوێکی دەمێ. دەڵێم: "ئەی ئەوانی تر؟" خۆی قیت دەکاتەوە: "لەو چەشنە بۆچوونانە بێزارم".

نووکە نووکتان بەرنە شوێنێکی تر. کچی باش". ئەوەندە بە تووڕەیی هاتووە، ناچارە بچێ شتەکە لای ئەو پۆلە یۆنیفۆرم پۆشە باس بکا. ئەوان گوێ لە قسەکانی دەگرن و وەك ئەو تووڕە دەبن. سەیرم دەکەن. بەرەو لای یەکیان دەچم، دەڵێم: "ئەو ژنە چاوەڕێی کەس نییە؟" بە داماوییەوە سەریرم دەکا. حەول دەدا ئەهوەنم کاتەوە. دەڵێ: سەرقاڵە، بەستەزمانە تووڕە بووە. دەگەڕێمەوە بەشی لێکۆڵینەوە، بۆ سەری حەوشەکە، پاش چەند سەعاتێك دەچمە تەلاری "شانازی". "د" چاوەڕێمە. ئیجازە نامەیەکی تەزویری سازکردووە. بەرەبەری سەعات سێ قریوە قریو هەڵدەستێ: "ئاخری هاتن" لە حەوشە دەچمە دەرێ و لە بەردەگای داڵانێکی چکۆڵە لەبەر تەلاری شانازییەوە رادەوەستم. لەوێ چاوەڕوان دەبم. دەزانم رۆبێر"ل" نایەتە ئێرە. "د" لە تەنیشتمە. قەول وایە لە دیلەکان بپرسێ: ئەرێ رۆبیر"ل" دەناسن؟ "د" پەشۆکاوە. ئاگای لە من نییە.

قریوەیەکی سەیر تەلاری شانازیی ئاخنیوە. ژنە یۆنیفۆرم پۆشەکان دەگەڵ بێگارچییەکان چەنە لێدەدەن و ناچاریان دەکەن لە قولینچکی دیوارێك لەسەر عەرزەکە دانیشن. تەلاری شانازی چۆڵ بووە. وەژوورکەوتنی دیلەکانی شەڕ بۆ ماوەیەکی کورت راگیراوە. ئەفسەرەکانی بەرێکردنی وڵات هەر بۆ ئەم لاو ئەولا دەچن. بلّندگۆ لەکار کەوتووە. دەنگێك دەبیستم. "وەزیر" لە نێو ئەفسەرەکاندا "فرەنای" دەناسمەوە. هەر لەوێ لەبەر دەرگای داڵانە تەسکەکە وێستاوم و چاوم بڕیوەتە دەرگای وەژوورکەوتن. لێم سوورە. رۆبیر"ل" ئەوەندە بە شانس نییە رێی بکەوێتە ئێرە. "د" لەوانەیە سەرەداوێکی دەست کەوتبێ.

باش نیم. هەڵدەلەرزم. سەرمامە. پاڵ وەدیواری داڵاکەوە دەدەم. لە پڕ قریوە هەڵدەستێ: "ئاخری هاتن" ژنەکانی دەرێ نەقریواندیان و نەچەپڵەیان لێدا. دوو یاریدەدەر و پیاوێك لەبەر دەرگای داڵانەکەن. پیاوەکە دەستی بە نێو قەدیان گرتووە و ئەوانیش دەستیان لە ژێر سەریدایە و دەگەڵ خۆیان دەیبەن. پیاوەکە جل



و بەرگی ئاسایی دەبەردایە و سەروڕیشی تاشراوە. پەشۆکاوە. تێکچووە. دیارە فرمێسك دەڕێژێ. بەجێی "مردە لۆخەوکز"، دەبێ شتێکی تری پێ بگوترێ. شتێکی لێ نەماوەتەوە. ئەوەندە کزبووە سەیر. بە حاڵێك زیندووە بەڵام نا. هێشتا زیندووە. روخسارە خەمۆك و ترسێنەرەکەی چرژاوە نە بۆ وەزیر، نە بۆ تەلاری شانازی و نە بۆ ئاڵاکان.

گنجی دەم و چاوی لەوانەیە ئی پێکەنین بن. ئەوە یەکەم دیلێکە لە وەیمارەوە هاتێبتە ناوەند. بێ ئیرادە لێی دەچمە پێش. کە دەڕوانم ئەوە لە نێوەڕاستی تەلارم. پشتم لە بلّندگۆکەیە. دوو یاریدەدەری تر دەگەنێ. پیرە پیاوێکی تریان دەگەڵە و دەیان دیلی دیکە بە شوێنیاندا، بەڵام ئەوانە لەوانی پێشوو خراپتر نین. بە یارمەتی یاریدەدەرەکان بەڕێدا دەڕۆن. لەسەر کورسییە تایبەتییەکانی باخ کە لە تەلارەکەدا دانراون درێژیان دەکەن. وەزیر دەچێتە لایان. ئەو پیرە پیاوەی دووهەم کەس بوو کە وەژوورکەوت دەگریی. پێت وانەبێ زۆر پیرە. بلّێی تەمەنی چەندە؟ دەوری بیست ساڵ دەبێ. وەزیر دەچێتە لای. کڵاوەکەی سەری هەڵدەگرێ. لێی نزیکتر دەبێتەوە و دەستی رادەدێرێ، کابرا دەستی دەگرێ. بەڵام نازانێ خاوەنی ئەو دەستە "وەزیرە". ئەو ژنەی یۆنیفۆرمە شینە مۆرەکەی لەبەردایە بانگی دەکاو دەڵێ: "جەنابی وەزیر" هاتوونەتە سەردانی ئێوە. پیاوە پیرە هەروا دەگری: بێ ئەوەی تەنانەت سەرهەڵبڕێ. لە نەکاو چاوم بە "د" دەکەوێ لە تەنیشت پیاوە پیرە دانیشتووە.

زۆرم سەرمایە. لێوە لەرزەمە. یەکێك لێم دێتە پێش: "مەحتەل مەبن، بێ کەڵکە، نەخۆش دەکەون". دەیناسم —یەکێکە لە ئەندامانی ناوەندەکە. لەوێ نابزووم. "د" دەگەڵ پیرە پیاوەکە دایبەستووە. لە بەرەوە، رووداوەکان بۆ خۆم دەگێڕمەوە. ئەگەری یەك لە هەزار بۆی هەیە پیاوە پیرە رۆبیر"ل" بناسێ. دەڵێن نیزامییەکان لە پاریس ناوی زیندووەکانی بەندیخانەی بۆخنوالدیان نووسیوە. بێجگە لەو پیرە پیاوە چاو بە فرمێسکە و ئەوانی دیکە تووشی نەخۆشی سوورەبا بوون وێناچێ

کەسی تر شپرزەبێ. لە تەنیشتیانەوە وەزیر و ئەفسەرە پایەبەرزەکان دانیشتوون. "د" لە مێژە قسە بۆ پیاوە پیرەکە دەکا. من هەروا سەیری روخساری "د" دەکەم. وادیارە ئەو هەویرە ئاوزۆر دەبا. زۆر لەسەرخۆ بەرەو ئەو کورسییە دەچم کە "د" لەوێوە دیارە. "د" دەمبینێ. چاوم لێدەکا بەسەر تێم دەگەیەنێ کە نایناسم. لەوێ دوور دەکەومەوە. شەکەتم. حەزدەکەم لەسەر عەرزەکە راکێشم. ژنە یۆنیفۆرم پۆشتەکان خەریك هێنانی قابلەمەی چێشتی دیلەکانن.

دیلەکان خەریکی خواردنن. لە نان خواردندا وەلامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە کە لێیان دەکرێ. سەیر ئەوەیە بۆیان گرنگ نییە پرسیارەکان چین. بۆ سبەینییە کەی لە رۆژنامەکاندا بۆم دەردەکەوێ کە پیری دیکەشیان دەگەڵە. "ژەنراڵ شاڵ کوڕی ئۆبێرشاڵ"، قوتابیی "سەن سیر" کە هەر لە یەکەم شەوی هاتنیاندا دەمرێ، ژەنراڵ "ئیدی بێر"، "فری یەر" بەرپرسی بنکەی توونن، "ژوولین کەن" بەرپرسی کتێبخانەی میللی، "ژەنراڵ ئۆرۆ" مارسێل پۆل، پرۆفیسۆر سۆئار مامۆستای زانکۆی پزیشکی ئانژێر، پرۆفیسۆر ریشە، کلۆد بۆردێها، قەشەتیتژان وەزیری ئاسایش مورێس نگێر.... دەوروبەری سەعات ٥ ی دوانیوەڕۆ لە ناوەند دەچمەدەر، بە قەراغ "سێن"دا دەچمەوە ماڵێ. هەوا خۆشە. ساماڵێکی دڵگرە. دەمهەوێ زوو بگەمەوە و لە تەنیشت تەلەفۆنەکەم دانیشم و بخزێمەوە ناو قوڵکە تاریك تنۆکەکەوە. کە لە قەراغ سێن تێدەپەڕم دەچمە نێو کۆلانی "بێك". لە شار دوور دەکەومەوە و ناوەندی ئۆرسای لە چاو ون دەبێ. بەهەر حاڵ هێشتا هیوایەك بۆ هاتنەوەی هەیە. لەوانەیە نەشبێ، نازانم. هەست بە شەکەتییەکەی لە رادەبەدەر دەکەم. زۆر چڵکنم. زۆربەی شەوان لە ناوەندم. هەر چۆنێك بێ بە گەیشتنەوەی ماڵێ دەبێ ئاوێك بە خۆم داکەم. هەشت رۆژە ئاوم وێنەکەوتووە. لەو سەرە بەهارەدا هەست بە سەرمایەکی سەیر دەکەم. کە نێوی حەمام دێ تەزوو لە گیانم دەگەڕێ. دەڵێی "یاو"ێکی توندم هەیە و تەواوبوونی نییە. ئەم شەو بیر لە خۆم



دەکەمەوە. لە عومرمدا ژنی وەك خۆم بێ غیرەتم نەدیوە. بە رووداوەکاندا دەچمەوە. ئەو ژنانەی وەك من چاوەڕوان بوون هیچیان وەك من بێ غیرەت نین. لە نێویاندا ژمارەیەکی زۆرم نەترس و بوێر پێ شك دێ. زۆر دلێر. ئەوەندە ترسەنۆکم کەس بڕواناکا، بێجگە لە "د".

ئاواڵەکانم لە بەشی لێکۆڵینەوە، بە نەخۆشم دەزانن -"د" "دەڵێ" مرۆڤ لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ ئاوا خۆی بفەوتێنێ- ئەو زۆر جاران پێم دەڵێ: تۆ نەخۆشی، شێتی، سەیری خۆت کە "وەك هیچ شتێ ناچی" نازانم دەڵێ چی. (تەنانەت ئێستاش کە خەریکی نووسینەوەی ئەو شتانەی سەردەمی لاوەتیمم هێشتا لە مانای ئەو شتانە نەگەیشتووم. "تەنانەت یەك ساتیش بیر لەوە ناکەمەوە کە دەبێ دلێربم".

لەوانەیە ترسنۆکیم لێ ببێتە بوێری —سۆزی Suzy- بە دلێری غیرەتەوە خۆی بۆ منداڵەکەی دەنوێنێ. ئەمنیش... ئەو منداڵەی بە من و رۆبێر برا بەداخەوە.... لە جەرگەی شەڕدا تێداچوو. دوکتۆرەکان لە گەرمەی شەڕدا بە دەگمەن خۆیان لە نەخۆش دەگەیاند. سووتەمەنییان بۆ ماشێنەکانیاننەبوو. ئێستاش کە من تەنیام. بەو حاڵەی هەمە کۆکردنەوەی گوروتین پێویست نییە. هیچ ململانێ و بەربەرە کانێیەك بۆ من نەهاتووە. ئەو ململانێیەی دەگەڵی تێکەوتووم.... کەس سەری لێ دەرناکا. ململانێیەکانم دەگەڵ قوڵکەیەکی ئەنگوستە چاو. یان جارێ وایە وێنەی قوڵکەکە زۆر ئاشکراو بە هێزن لە تاوان دەزریکێنم، یا لە ماڵ دەچمەدەر و لە پاریسدا پیاسە دەکەم. "د" دەڵێ: دوایی هەرکات بیر لەو ساتانە بکەیەوە شەرم دەتگرێ و گاڵتەت پێی دێ. رەفتاری مرۆڤەکانی کۆلان ئاساییە. خەڵك لەبەر دەرگای دووکانەکان ریزیان بەستووە. نۆبەرەی گێلاس هاتۆتە بازاڕەوە. ژنەکانیش هەر بۆ ئەم گێلاسانە ریزیان گرتووە. رۆژنامەیەك دەکڕم. رووسەکان گەیشتوونەتە ئیستراسبۆرگ. لەوانەیە دوور تریش رۆیشتبن، تادەوری بڕلین. ژنەکانی نێو ریزەکان،

ژنانی چاوەڕێی گێلاس چاوەڕوانی شکستی بڕلینن. منیش چاوەڕوانم. خەڵکی دەڵێن: "بابیکێشن گ... خۆیانە بابی شێلن". دنیا بەگشتی چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیە. ئەوە ئاواتی هەموو دەوڵەتەکانی دنیایە. ڕۆژنامەکان دەڵێن: "گەر دڵی ئەلمان لە لێدان بکەوێ هەموو شتێ کۆتایی دێ". "ژاکۆف" تۆپەکانی بە مەودای هەشتا مەتر هەشتا مەتر دابەستووە. لە مەودای ٦٥ کیلۆمەترەوە سێرەی لە دڵی بڕلین گرتووە. بڕلین لە ئاوردا دەگرێ. تاناخ لە گڕدا دەسووتێ. خوێنی ئەلمانی بە نێو کاولاشەکانی بڕلیندا شۆلاوگە دەبەستێ. بۆنی خوێنەکەت بەبەر لووت دادێ. قەشەیەکی دیل کوڕێکی مێرد منداڵی بێ سەرپەرشتی ئەلمانی دەگەڵ خۆی هێنابووە ناوەندە دەستی لە دەستی بەر نەدەدا. زۆریش بە خۆی دەنازی. منداڵەکەی پێشان ئەم و ئەو دەدا و پێی دەگوتن کە چۆناوچۆن دۆزیوێتەوە و هەروەها هیچ تاوانێکی لە هەتیوکەوتنەوەی ئەو منداڵە لێ قەوماوەدا نەبووە. ژنەکان لچیان لێ هەڵدەقرچاند. ئەو هەر لە ڕێوە ئیدعای ئەوەی بوو کە مافی لێ خۆش بوون و لێبوردنی هەیە. نەژانی چێشتوە و نەچاوەڕوانی کێشاوە. بە مافی خۆی دەزانی لە کاتی لێقەوماندا چاوپۆشی لە بوغز و غەرەز بکا بێ هەڵاواردنی چاکە و خراپە، ئەوە یانی ئیمانداریێتی. باسی چی دەکرد؟ قەشەی وا گەوج تا ئێستا کەس نەیدیوە. ژنەکان پشتیان تێدەکرد و تفیان لە زەردەخەی پڕ لە بەزەییەکەی دەکرد. منداڵەکەیان لە بیر چوو بۆوە. هەرچی لەوێ بووە ببوە دوو کەرت: لە لایەك نێوچاوانی گرژ و پڕ لە قینی ژنەکان، لە لایەکیش ئەو پیاوە تەنیایەی خۆی بە هەقدار دەزانی و ژنەکان لە گفت و لفتی نە دەگەیشتن.



## نیسان

دەڵێن مۆنتی Monty توانیوێتی لە ئەلب Elbe بپەڕێتەوە. هەڵبەت هێشتا جوان ڕوون نییە. نەخشەکانی مۆنتی بە قەرا نەخشەی پاتۆن Patton ڕوون و ئاشکرانین. پاتۆن بە ناخیدا ڕۆدەچێ. ئێستا گەیشتۆتە نۆرنبێرگ. بڕیارە "مۆنتی" هامبۆرگ داگیر بکا.

خێزانی داوید ڕۆزیت D. Rousset تەلەفۆن دەکا. ئەوان گەیشتوونە هامبۆرگ. هەتا دوو سێ ڕۆژی تر هیچ شتێ لە بارەی ئۆردووگاکانی "هامبۆرگ نۆین گام ەوە" نادرکێن. ئەو لەم ڕۆژانەدا زۆر پەشێوە. هەقیشێتی. داوید لە برگێن — بیلسێن بووە. ئەلمانییەکان بەردەوام خەریکی تیرە باران کردن بوون. پێشرەویی هاوپەیمانان شل بۆتەوە. ئەوان دەرەتانی ئەوەیان نییە دیلەکان دەگەڵ خۆیان بەرن. بۆیە تیرە بارانیان دەکەن. کەس نازانێ. ئەگەر بۆیان تیرە باران نەکرێن لەوێ بەرەڵڵایان دەکەن. "هاڵ" پاکتاو دەکرێ. دەستیان بەسەر "شەم نیتز"داگرتووە و بەرەو "درێسدە" بە بەربڵاوی پێشرەوییان کردووە. پاچ دەستدەکا بە پاکتاوی نۆرنبێرگ. "ژێرژ بێدۆ" دەگەڵ سەرۆك کۆمار "ترۆمەن" لەمەڕ کۆنفڕاسی سانفڕانسیسکۆوە دەدوێن. لە کۆڵانەکاندا پیاسەدەکەم، ماندووین. ماندووە. لە ڕۆژنامەی لیبراسیۆنی "سۆئار" دانووسراوە: (ئیتر ناوی "واهین گین" بەسەر زاری کەس دا نایە، ڕەنگی سەوزی لێرەوارەکان لە نەخشەی جوگرافیادا هەتا "ئێنز"ی داگرتووە، سەعات سازەکەی ئێستا لینگراد مردووە، سەرتاشەکەی پاریس خەریکی کاری خۆی بوو، بوونەوەرێکی گەوجیش ئاتێنی داگیرکردبووە). ئێستا شەقامە گەورەکە واچۆڵ بووە پیاو ناهومێد دەکا. بەردچنی شەقام دەڵێی ماسی مردوون، لەسەر گازەرای پشت ڕووە و ئاسمان. سەت و چل هەزار بەندیی شەڕ گەڕێندراونەتەوە وڵات. هێشتا ژمارەی دیلەکان دیارنییە. وێڕای ئەو هەمووە هەوڵ و خۆماندوو کردنەی بەشی ئیداریی هێشتا دەسکەوتێکی بەرچاو نەبووە.

بەندییەکان چەند سەعات لە نێو باخی "تۆیی لێری" چاوەڕێ دەبن. وایان ڕاگەیاندووە ئەو ساڵ شەوی سینەما سەیر دەبێ. لە فەرەنسە شەش سەت هەزار جوولەکە گیراون. وەك دەڵێن لەوانەیە تەنیا یەك لە سەتیان دەگەڕێندرێنەوە کەواتە شەش هەزار کەسیان دەگەڕێنەوە. ئەوە ئێستاش جێی باوەڕە. لەوانەیە ئەویش دەگەڵ جوولەکەکان بگەڕێتەوە. لەوانەیە پاش مانگێك بتوانێ ئاگادارمان کاتەوە. دەگەڵ جوولەکە بوون چ ئیرادێکی هەیە؟ پێم وایە بەشی خۆم چاوەڕێ بووم. ماندوو بووین. بەو ژمارەکی دیل لە بۆ خنوالدەوە دێنن.

نانەوایەك کراوەتەوە. دەبێ نان بکڕم. نابێ بێڵم کۆپینەکان بسووتێن. سووتانی کۆپینەکان تەمەڵییە. کەسانێك هەن چاوەڕوانییەك ناکێشن. هی واش هەن دەستیان لە چاوەڕوانی هەڵگرتووە. پێرێ شەو کە لە ناوەندەوە دەهاتمەوە بۆ گەیاندنی پەیامێك چوومە ماڵێك لە کۆڵانی "بناپارتن". لە زەنگم دا. یەکێك هات. گوتم: "لە ناوەندی ئۆرسای ڕاهاتووم کوڕەکەتان زۆرباشە و بەو زووانە دێتەوە." "د" لە دەرەوەی ماڵێ چاوەڕێم بوو. "ئەوانە لە کوڕەکەیان ئاگادارن نامەی بۆ ناردووون ئەوانیش دەتوانن نامەبنێرن." هیچی نەگوت: "دوو ڕۆژ لەو مەسەلەیە گوزەراوە. ڕۆژ بە ڕۆژ هیوا بڕاوتر دەبم. ژنە خزمەتکارەکە کاتی عەسر لەبەر دەرکێ چاوەڕێم بوو. هەر دیتمی گوتی: دەبێ سەردانێکی خاتوو "بۆرد پێشخزمەتی قوتابخانە" بکەم. گوتم: نیگەران مەبە. بەیانی دەچم. چونکە دیلەکانی ئەمڕۆ لە ئۆردووگای 7A بوون و هیچ خەبەرێکمان لە دیلەکانی ئۆردووگای A نییە. ژنە خزمەتکارەکە بە پەلە ڕۆیشت هەواڵەکەی بداتێ. ئەمنیش بە هێمنی بە پێ پیلکانەکاندا وەسەرکەوتم. ماندوویی بڕستی لێ بڕیبووم. وازم لە سەردانەکەی خاتوو بۆرد هێنا. حەول دەدەم سبەی بەیانی بچم. سەرمامە. دەچم لەسەر قەنەفەکەی تەنیشت تەلەفۆنەکە ڕادەکشێم. ئەوە کۆتایی شەڕە و نازانم بۆ حەزم لە خەوتن نییە! ماوەیەکە پێم خۆش نییە بخەوم. کە لە خەو هەڵدەستم



تازە دەزانم خەو بردوومێتەوە. هەڵدەستم و نێوچاوانم بە جامی پەنجەرەکەوە دەنووسێنم کۆڵانی "سێن بنۆ ئا" لە خوارێوە دیارە. ئاپۆرەی جەماوەر وەك پوورەی هەنگ دەچن. بۆ ئەوانەی دەستیان دەگاتە دمیان لیستەی خواردەمەنی نهێنی هەیە. ئەوە چاوەڕوانییەکی ئاسایی نییە. لەوانەیە هیچ هەواڵێکم پێ نەگا. بەڵام لێم سوورە ئەو چەند مانگ برسێتی کێشاوە و تا سەرەمەرگ لەتێکی نان پێ نەگەیشتووە، هیچ تەنانەت جارێکیش مرۆڤ لە سەرەمەرگدا عەلەمی لێ دەبڕێ. بەڵام ئەو لەوەندە ئاسوودەییەش بێ بەش بووە. پاش ٧ی ئاویل دەبێ قبووڵی کەین کە ئەو، یا دەگەڵ ئەو دوو هەزار کەسە کەوتووە کە لە بیلسێن تیرە باران کراون، یا لە میتل گلاتباخ دەگەڵ ئەو هەزار و پێنج سەت تەرمەبووە کە لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا دۆزراونەتەوە. لە هەموو جادەکاندا، لە گشت شوێنێ، ڕیزی دوور و درێژی مرۆڤە تۆقیوەکان دەبێندرێ کە، کەس نازانێ بۆ کوێیان دەبەن. هەڵبەت بۆخۆشیان نازانن بۆ کوێ دەبردرێن. نە "کاپۆ"کان و نەسەرکردەکانیشان. ئەوڕۆ بیست هەزار کەس لە زیندووەکانی بوخنوالد (پرسەیەك) بۆ پەنجاو یەك هەزار کوژراوی نێو ئوردووگاکان دادەنێن. بۆ ئەوانەی شەوێك بەر لە هاتنی هاوپەیمانان تیرە باران کراون. ئەویش چ کوژرانێك، چەند سەعاتێك بەر لە گەیشتنی هاوپەیمانان، لەبەر چی؟ تەنیا بۆ ئەوەی نەتوانن ڕاستییەکان بڵێن. لە هێندێ ئۆردووگادان هاوپەیمانان تەرمی وایان دۆزیوەتەوە کە هەروا گەرم بوون. دۆڕاوی شەڕ دەبێ لە دوایین پەلە قاژەدا چ بکا؟ کەل و پەلەکان دەشکێنێ بەرد لە ئاوێنەکان دەگرێ و سەگەکان دەتۆپێنێ. من هیچ ڕقێکم لە ئەلمانییەکان نییە، نابێ وابیربکەنەوە. سەردەمانێك کە دەبوو قینم لێیان بێ، بە ئاشکرایی دژایەتیم دەکردن، حەزم دەکرد توویان ببڕێ، شوێنەواری ئەلمانی لەسەر زەوی نەمێنێ، بۆ ئەوەی تازە ڕووداوی ئاوا نەقەومێتەوە. ئێستاش لە نێوان عەشقی ئەو و ڕق و قینم

له ئەلمانییەکان ناتوانم جیاوازی دانێم. ئەوەش تەنیا وێنەیەکی دوو بەرە: یەکێکیان ئەوە، بە بەژن و بالآیەکی کەڵەگەتەوە.

له بەرامبەر پیاوێکی ئەلمانیدا و ئاواتێکی دوازە مانگە که له چاویدا شەپۆلدەدا، ڕوویەکەی تر چاوەزیتەکانی کابرای ئەلمانییە، ئەوەیە دووبەری وێنەکە. منیش دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرم، یان ئەو که له قوڵکەکەدا دەتلێتەوە، ئا ئەم ئەلمانییە تیربار بەشانەی لەوێوە دوور دەکەوێتەوە. نازانم باوەشی پێشوازیم بۆ ئەم بکەمەوە و لێگەڕێم کابرا ئەلمانییەکە ڕاکا، یا واز له ڕۆبێر"ل" بێنم و پیاوە ئەلمانییەکە بگرم و ئەو چاوانەی لەبەریەك هەڵدڕم که بەرایی دتینی ڕۆبێر"لە" یان نەبووە. سێ حەوتووە بە خۆم دەڵێم کە: دەبێ پێشی ئەو کەسانە بگیردرێ کە هەڵدێن: کەس متەقی لێوە نەهات. لەوانەیە توانیبایان چەتر باز و کۆماندۆکان بنێرن کە لە ماوەی ئەو بیست و چوار سەعاتەی بەر لە گەیشتنی هاوپەیمانان ئوردووگاکان بپارێزن. "ژاك ئۆرای" لە خەزەلوەری ١٩٤٤ دا ئەم کارەی کردبوو بەڵام هیچی بۆ نەچووە سەرێ. چونکە فرەنای نەیویستووە ئەو کارە ببێتە بزووتنەوەیەکی بەرگری. ئەویش یانی: وەزیری بەرپرسی بەندییەکان و دیلەکانی شەڕ ئەو ئیمکاناتەیان نەبووە بۆ خۆیان دەست بەکاربن.

بە ناچار دەستی لە مەسەلەی تیرە باران هەڵگرت. ئێستاش دوایین لە ئۆردووگای ڕزگار کراودا: چاومان بە مەیتی تیرە باران کراو دەکەوێ. تازە بۆ پێش گرتن لە تیرە باران کردنیان هیچ ناکرێ. لە وێنە دووبەرە زەینییەکەمدا، جاری وایە لە پشتەسەری کابرا ئەلمانییەکەوە ڕوخساری فرەنای دەبینم. دەڕوانێ. نێو چاوانم بە شووشە ساردەکەی پەنجەرەکەوە دەنێم: خۆشە، سەرم لە ڕادە بەدەر قورسە. ئەژنۆ و بازووەکانم قورسن. سەرم قورس ترە. ئیتر ئەوە سەر نییە. "لوو"یە. شووشەی پەنجەرەکە ساردە، تا سەعاتێکی دیکە دەگاتێ. چاوم لێك دەنێم. ئەگەر هاتبا دەچووینە دەریا. ئەوەش بۆ ئەم لە هەموو شتێ دڵگتر بوو. پێم وایە. بێ و نەبێ



بەم زووانە دەمرم، تەنانەت گەر ئەویش بێتەوە، تازە من مردووم. گەر تەلەفۆن بکا: "کێی؟" "ئەمنم ڕۆبێر"ل"". تەنیا شتێکی لە دەستم دێ دەرگا کردنەوەیە و ئیتر مردن. ئەگەر بگەڕێتەوە دەچینە دەریا. تا ئەو دەم هاوین دەگاتێ. قرچەقرچی هاوین. مەرگێك لە نێوان دەرگا کردنەوە و قەراغ دەریادا. لە چەشنە ژانێکی وەك ژیاندا، ئەو دەریایەی دەیبینم سەوزە. یان بەستێنێکی نارنجی و ڕوون و لم. سروەی سوێری بەیانی لەوبەر تەوێلم هەودای خەیاڵم دەشێوێنێ. لەو ساتەدا کە چاوم لە دەرگایە، نازانم ئەو لە کۆییە. بەڵام دەزانم زیندووە. لە شونێك، لە قوژبنێك، لەسەر ئەو گۆی زەوییە، لە جێی خۆی پشودەکێشێ. کەوایە ئێستا بۆ ئەوە دەبێ لە قەراغ زەریا ڕاکشێم و بحەسێمەوە. گەر بێتەوە دەچینە زەریا، زەریایەکی گەرم. ئەوەش بۆ ئەم لە هەرچی شتە خۆشترە، دێ، پێ دەنێتە بەستێن. لە کەناری زەریاکە ڕادەوەستێ و چاو دەبڕینە دەریای بێ بن. منیش هەر ئەوەندەی چاوی لێبکەم بەسمە. هەر ئەوەندەم لە خوا دەوێ. ئەوە منم سەرم بە جامی پەنجەرەکەوەیەوە دەگریم. لەوانەیە لە قووڵایی دڵیشەوە بێ. لە نێو شەش سەت هەزار کەسدا تەنیا یەکێك دەگریی. ئەو پیاوەی قەراغ دەریاش بۆ خۆیەتی. شەوگاری ئەلمان تەزووی تێگەڕاوە، لێرە لە بەستێن، ئەو بە کراسی بێ قۆڵەوە پیاسە دەکا. دەگەڵ "د" قسەدەکا. هەردووکیان نوقمی قسەی یەکترن. من دەمرم. دەگەڵ گەڕانەوەی ئەو دەمرم. لەوە زیاتر نییە. ئەوە ڕازی سەر بە مۆری منە. "د" ئاگای لەوە نییە. من هەروەك ئێستا بە دڵخوازی خۆم چاوەڕێی دەبم. تامردن. وام پێ باشە. بەرەو قەنەفەکە دەگەڕێمەوە. ڕادەکشێم. "د" زەنگ لێدەدا. دەچم دەرگای لێدەکەمەوە: "هیچ؟" "هیچ" لە نزیك قەنەفەکەوە دادەنیشێ. دەڵێم: ئیتر هیوایەك نەماوە "د" وەك زویر بووبێ، هیچ ناڵێ. من لەسەری دەڕۆم: سبەینێ بیست و دووی ئاوریلە، بیست لەسەتی ئۆردووگاکان ئازاد کراون. لە ناوەندی "سوورێلم" بینی. پێی گوتم: ئەگەری هاتنەوەی دوو لە سەتە. "د" ناتوانێ وەڵامم

بداتەوە. بەڵام من لەسەری دەڕۆم. زەنگێك لێدەدرێ. مێردی خوشکی ڕۆبێر"ل"یە. "هەواڵ چییە؟" "هیچ" سەر رادەوەشێنێ. بڕێك بیردەکاتەوە و دەڵێ: شتەکە پەیوەندیی بە نامە ناردنەوە هەیە، ئەوان ئیزنی نامە نووسینیان پێ نادرێ. هەر دووکیان پێیان وایە هیچ دایرەیەکی نامەبەریی (پۆستە)ی ڕێکوپێك لە ئەڵماندا نییە. دەڵێم: "ئەوی روون بێ ئەوەیە" هێندێ نامە لە بوخنوالدەوە لە لایەن ئەوانەوە هاتووە. وەبیریان دێنمەوە کە ئەو شەمەندەفەرەی ڕۆبێر"ل"ی تێدابووە لە ڕێکەوتی ١٧ی ئووت دا گەیشتۆتە بوخنوالد. "کێ چووزانێ لە سەرەتایساڵدا بۆ شوێنی  تریان رانەگواستبێ". داوایان لێدەکەم: بڕۆن و بچنەوە سەر ماڵ و حاڵیان. چەند ساتێك گوێم لە دەنگیانە کە وردە وردە قسەکانیان کز دەبنەوە. جار و بار بێ دەنگی دەکەوێتە نێو قسەکانیانەوە. پاشان لە نەکاو دەست پێ دەکەنەوە. هەست دەکەم دەستێك لەسەر شانمە. "د"یە. خەوم لێ کەوتبوو. "د" بە دەنگی بەرز دەڵێ: چیت بەسەرهاتووە. بۆ وابێ جووڵەکەوتووی؟ دیسان دەخەومەوە، دوایی کە وەخەبەر دێمەوە "م" ڕۆیوە. "د" لە تین-پێو (دەماسنج) دەگەڕێ. گرانەتام گرتووە. لە بەرزەخی نوبەتێدا ژنێك دەبینم کە سێ ڕۆژان، دەگەڵ زۆر تر؛ لە نێو ڕیزی کۆڵانی سۆسەدا چاوەڕێ بووە. تەمەنی ٣٥ دەبێ.

زگی لە ژێلڵا هاتووە و هەڵمساوە. بە خاتری تیرە باران کراوێك هاتبووە ئەوێ. هاتبووە شوێن مێردەکەی کاغەزێکی بۆ وەرگرتنەوەی شڕوشاڵاتی شووەکەی بەدەست گەیشتبوو. هاتبوو لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆی بوو. بیست و چوار سەعات لە چاوەڕوانیدا بەپێوە.... بۆ وەرگرتنەوەی شڕو شاڵاتی مێردەکەی. هەواگەرم بوو. بەڵام ئەو دەلەرزی. قسەی دەکرد.

بێ دەنگ نەدەبوو. قسەی دەکرد. ویستبووی شتوومەکی پیاوەکەی وەرگرێتەوە. بۆ ئەوەی دیمانەیەکی کردبێتەوە. بەڵێ: تا دوو حەوتووی تر لێدەبۆوە. باوك بۆ ساواکەی (کۆرپەکەی) شتێکی نامۆ دەبوو. لەریزەکەدا؛ ژنە دوایین نامەی بۆ



دەرووبەرییەکانی دەخوێندەوە و دووپاتەی دەکردەوە: "بە مناڵەکەمان بڵێ کە ئەمن کەسێکی دلێر بووم". قسەی دەکرد و فرمێسکی دەڕشت. هیچی لە دڵدا پێ ڕانەدەگیرا. بیر لەو ژنە دەکەمەوە. چونکە ئیتر چاوەڕوان نابێ. ئێستاش گەر لە کۆڵان تووشی بێمەوە نازانم دەیناسمەوە یان نا؟ روخساریم لە بیر نەماوە تەنیا شتێکی لە زەینمدا ماوەتەوە سکێکی لە ژێلڵا هاتوو؛ ئەو نامەیەش کە بە دەستییەوە بووە. دەتگوت ویستوویەتی بیدا بە کەسێك. بیست ساڵ. کورسییەکیاندایە. ویستی دانیشێ؛ بەڵام دیسان هەستاوە سەرپێ. بە پێوە نە بایە خۆی ڕانەدەگرت.

## یەک شەممە ٢٢ ی نیسانی ١٩٤٥

"د" لێرە خەوتووە. دوێنێ شەوێ کەس تەلەفۆنی نەکرد. دەبێ سەردانی خانمی بۆرد بکەم. قاوەیەکی خەست سازدەکەم. حەبێکی کریدرانیش دەخۆم. دەست بە جێ ژانەسەرەکەم دەڕەوێ. دڵ تێکەڵ بوونەکشم تەواو بووە. وردە وردە باشتردەبم. ئەمڕۆ یەکشەممەیە و پۆستەچی دیار نییە. قاوەیەك دەبەم بۆ "د". لەسەرەخۆ زەردەخەنەیەك دەکا و چاوم لێدەکا: "زۆر سپاس مارگرێت"ی خنجیلانە. دەقیژێنم و دەڵێم: "نا". لە ناوەکەی خۆم دەترسم. پیاو پاش خواردنی کریدران ئارەقەدەکا. "یاو"ەکەی دەڕەوێ. ئەمڕۆ نەدەچمە ناوەند و نەچاپخانە. دەبێ ڕۆژنامەکە بکڕم. دیسان وێنەیەکی بیلسێن. قوڵکەیەکی قووڵ پڕپڕ لە تەرمی بەسەریەکدا کەوتووە. ئەو تەرمانە هێندە لاوازن کەس شتی وای نەدیوە "دڵی بڕلین لە چوار کیلۆمەتری شەڕگەیە". "بەیانیەی رووسەکان ئەو جار توند و تیژبووە". جەنابی پلێوان R.Pliren پێیوایە ڕێبەرایەتی حکوومەتی فەڕەنسای بەدەستە، ڕاگەیەندراوێك بۆ دانی مووچەکان دەردەکا. چوونە سەرێی نرخی بەرهەمەکشت و کاڵییەکان

رادەگەیەنێ. "جەنابی چەرچێل دەڵێ: ئێمە ئیتر کاتی راوەستانمان نییە". بڕیارە ئەمڕۆ هاوپەیمانان تێکەڵ بە رووسەکان بن.

(دیبرۆ بێرێر "دژ بە هەڵبژاردنێك کە دیلەکان و بەندییەکانی شەڕی تێدا بەشدار نابێ قسەدەکا. لە لاپەڕەی دووی راگەیەندراوی "بەرەی نیشتمانی" داهاتووە: لە رۆژی ١٣ی ئاوریلدا هەزار دیلی شەڕییان لە نزیك "ماگدەبۆرگ" بە زیندوویی سووتاندووە.

"فرێدریك نوئێل" لە گۆڤاری هونەر و شەڕدا دەڵێ: زۆر کەس پێیان وایە شۆڕشی هونەری بەرهەمی شەڕە. لە راستیدا ئەوە شەڕە لەسەر کێشە و بابەتەکانی تر شوێن دادەنێ. سیمپسۆن Simposon بیست هەزار زیندانیی لێبووە. مۆنتی و ئایزۆنهاوێر چاوپێکەوتنیان بووە. برلین دەسووتێ: "ئیستالین دەبێ لە پلەی فەرماندەیی خۆیدا چاوەڕێی خۆڕانانێکی سەیر و ترسێنەر بێ". لە بیست و چوار سەعاتی رابردوو، بیست و حەوت کەڕەت لە برلین ئاژیری خەتەرکێشراوە. هێشتا کەسانێك زیندوون. دەگەمە مالّی "بۆرد". کوڕەکەیان لەبەر دەرگا وەدەردەکەوێ. کچێك لەسەر قەنەفەکە فرمێسك هەڵدەوەرێنێ. دیوی دانیشتنەکە شپرێوە. بڵاو و تاریك. ((ئەوش حالّی ئێمە ئەمە کە نایهەوێ لە خەوهەستێ)). خانمی بۆرد بە خەوالّوویی چاوم لێدەکا. گریان تێکی شکاندووە. دەڵێ: "وایە" من دەست پێ دەکەمەوە. پێویست ناکا والە خۆتان بکەن. هێشتا دیلەکانی ئۆردووگای 3A یان نەهێناوەتەوە. بەمست لە قەنەفەکە دەداو دەگۆڕێنێ: "لەوە پێشیش واتان دەگوت، هەشت رۆژ بەر لە ئێستا". "من لەخۆوە نالێم. رۆژنامەکان بخوێنەوە". "رۆژنامەکان بە لایدا ناچن". مات بووە. حەز ناکا بمێنێ دەڵێ: پێمان دەڵێن ناگەرێتەوە. خۆ لە کوچە و کۆڵانانیش لەوە زیاتر ناگوترێ.

ئەوانە دەزانن. کە جار و بار سەر لە بەشی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی جەنابی فرەنای دەدەم. ئەگەر بتوانم بە باشی دەگەڵ خانمی بۆرد پێك بێم، دەتوانێ بە سێ رۆژان پێ



بگرێتەوە. بەڵام ئەو شەکەتییە.... ئەوەیکە بڕیاروایە ئۆردووگای 3A پاش دوو رۆژی تر ئازاد بکرێ راستە. لە ریزەکە "تاق" دەبێتەوە. رەهێڵێەی بێ ئامانی تیر بارەکان. حەزدەکەم لێرە بڕۆم و لە ژنە گەرێم بمرێ، بەڵام کچە گەنجەکە چاوم لێدەکا. ئیتر دەست دەکەین بە خوێندنەوەی رووداوەکان. "ئەوانەی وادەگەرێنەوە و هەواڵە درۆیینەکان". دەچم بۆ نان کڕین. کە دەگەرێمەوە مالّێ "د" خەریکی پیانۆ لێدانە. قەت پیانۆی وەلانەناوە —لە هەر هەلومەرجێکی ژیان دابووبێ پیانۆی لێداوە– سەرم وەژان دەکەوێتەوە. دیسان دەڵم تێکەڵ دێ. زۆر سەیرە هیچ خەبەرێك لە شەڕ نییە. ئەوان خەریکی کاری دیکەن. ملیۆنان کەس چاوەڕوانی کۆتایی کارەکەن.

ئەلمان کاول بووە. برلین دەگرێ. هەزاران شار کاول بووە. ملیۆن ملیۆن هاوڵاتی ئاوارە بوون. بنکەی هەڵبژاردنی هیتلێر چۆڵ بووە. لەهەر چرکەیەکدا پەنجا بۆمب هاوێژ بەسەر سنوورەکاندا تێدەپەڕن. لێرە خەڵك سەرقاڵی هەڵبژاردنی ناوچەیی و پێشوازیی لە بەندییەکانی شەڕی رێی نیشتمانن. باس لەسەر ئەوەیە کە دەبێ ترۆمبیلەکانی خەڵك و هەروەها ماڵەکان دەبێ لە ئیختباری شەڕ بندرێن. بەڵام کەس گوێی ناداتێ. خاوەن ماڵ و ترۆمبیل ترسیان رێ نیشتووە و تووڕەن. "دۆگۆل گوێی نابزوێ. ئەو باسی دیلە شەڕییەکانی وڵاتەکەی هەرناکا. مەگەر وەك باسێکی لاوەکی، ئەویش پاش تاریفی شەڕگەی ئەفریقای باشوور. رۆژی ٣ی ئاوریل "دۆگۆل" قسەیەکی ناحەزی لە زاردەردەپەڕێ: "سەردەمی فرمێسك و نووزانەوە، تەواو بووە، رۆژی شانازی گەیشتووە".

ئێمە هەرگیز لێی خۆش نابین. کوتوویەتی: ((لە نێوان بەشەکانی زەویدا کە خوا بۆ بڕیارەکانی خۆی دیاری کرد، پاریس بەردەوام رووگە بووە.

رووگە بوو، ئەو کاتەی لە رێبەندانی ١٨٧١دا خۆیدا بەدەستەوە. بۆ ئەوەی خۆی بکا بە فیدای سەرکەوتنی ئەلمانی پرووسی. رووگە بوو لە مەودای رۆژەکانی

١٩١٣.... و ١٩٤٠دا هەروا رووگە بووە)). باسی کمۆن ناکا. پێیوایە ئەڵمان لە سایەی شکستەکەی ١٨٧٠وە ماوەتەوە. کمۆن بوو بە هۆی تەشەنەکردنی ویستی چەپەڵی دەسەڵاتداریی و بوونی باوەڕ بەخۆ لە نێو جەماوەردا. دۆگۆل چاوەشی باڵی راست، کەوتەکانی تەنیا بۆ دەستەڕاستییەکان دەڵێ. دەیهەوێ هێزی بنەنەهاتووی خەڵك چەواشە بکا. ئەو نەتەوەی ئیماندار و بێ هێز و بێ مایەی دەوێ. دەیهەوێ جەماوەریش وەك بۆرژۆواکان "گولیست" بن. دەیهەوێ ببنە بۆرژۆوا. دۆگۆل باسی ئۆردووگای دیلەکان هەر ناکا.

دیارە لەبەرچی ئەوەندە خۆ لەو باسە دەبوێرێ و بۆچی ئەوەندە خۆ لە راستییە دەدزێتەوە کە بڵێ: ئەو شانازییە بەرهەمی ژان و ئازادی ئەو خەڵکەیە ئەوەش لەو ترسانەیە نەکا جێی پێ لێژبێ و دەسەڵاتەکەی بەرتەسك بکرێتەوە. ئەوە دۆگۆلەکە لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ بەرێوەچوونی هەڵبژاردن پێگر و شێلگرە. ئەم دۆگۆلە میری هێرشکەرە.

دووروو‌بەرییەکانم سەبارەت بەو، بیر و رای خۆیان دەردەبڕن و بۆ هەمیشە پشتی تێ دەکەن. رق لەویش هەڵدەگرن. بە تایبەت ژنەکان. زۆر دواتر پێی دەڵێن: "سەروەریی خەڵك هێندێ مەترسی بە دواوەیە کە بەرپرسیارەتی کەسێکی دیکتاتۆر دەتوانێ لەو مەترسییانە کەم کاتەوە". "بڵێی ئەو قەت بیری لە بەرپرسیارێتی لە رادەبەردەری رێبەرێك کردبێتەوە؟" "پانیس" قەشەی خۆ بە پیرۆز زان (قدسی ماب) لە کڵێسەی نۆتێردام سەبارەت بە وشەی شۆڕش گوتی: دەکرێ لە شۆڕشی خەڵکی، مانگرتنی گشتی، سەنگەرگرتن و ... فلمێکی باش سازکرێ....
ئەرێ بێجگە لە شۆڕشی شانۆیی شۆڕشی تریش هەیە؟ ١٧٨٩، ١٨٣٠، ١٨٤٨ وەبیر بێننەوە. پاش دەورێکی توندوتیژی و هێندێ گێژاوی سیاسی، خەڵك وەڕەز دەبن. ئاخر، دەبێ ژیانیشیان بەرێوە بەرن و کارەکانیشیان دەست پێ بکەنەوە."



خەڵك دەبێ ناهومێد بکرێن، هەروەها "پاپا" پانیش دەڵێ: کاتێك شتێکی لەبار و گونجاو لەئارادا دابێ کلیسابێ دوودڵی لە رێوە دەیچەسپێنێ".

دۆگۆل لەبەر مەرگی رۆزوێلت ماتەمینی گشتی راگەیاندووە. ماتەمینییەکی میللی بۆ مەرگی دیلەکان لە گۆڕیدا نییە. دەڵێ دەگەڵ ئەمریکا دانوستان هەبێ، بەو زووانە فەڕەنسا ماتەمینی گشتی بۆ مەرگی رۆز وێلت رادەگەیەنێ. بەڵام ماتەمینییەك بۆ خەڵك نییە، بنیادەم لە دراوسێیەتی ئەم چاوەڕانییەدا ناتوانێ بژی. ئەو وێنانەی لە مێشکماندا دێن و دەچن زیاتر ئی ئەوانەن کە لە جادەکانی ئەڵماندا بوون. بە دەسرێژی ئەو تیر بارانە سەرمان کاس بووە کە پەیتا پەیتا داوێژرێن. بنیادەم خۆڕادەگرێ؟ دەسرێژەکان بکوژنێن. تیرەباران کراو بە درێژایی جادە، مەرگ بە سکی برسێتی. برسێتییەکەی وەك سیسارکە لە مێشکیدا دەسووڕێ. بۆی نییە. شتێکی بدرێتێ. دەکرێ بنیادەم لەتێك نان بەرەو بۆشایی رادێرێ. تەنانەت کەس ئاگای لەوە نییە کە ئەو لەوانەیە نانی بوێ. دەکرێ هێندێ هەنگوین و شەکر و ماجوونی گۆشت بکڕی و بە خۆت بڵێی: بێت و مرد بێ هەموو شتێ دەسوتێنم. هیچ شتێ ناتوانێ کزەی برسێتی ئەو چارەسەر بکا. بنیادەم بە شێرپەنجە، بە وێککەوتنی ترۆمبێل و لە برسان دەمرێ. نا کەس لە برسان نامرێ. لە پێشدا برستی لێ دەبڕدرێ. شتێ کە لە برسێتییەوە هاتووە بە گوللەیەك کە وەسەردەکەوێ بەئاکام دەگا. حەزدەکەم توانبایەم ژیانی پێشکەش بکەم. لە دەستم لەتێ نانی بدەمێ. ئیتر بۆوە نابێ بەوەش بڵێی بیرکردنەوە. هەموو شتێ لە سەرگەردانیدایە. ئێمە، من و خانمی "بۆرد" لە ساتدا دەژیین. پێش بینی ئەوەمان پێدەکرێ کە هەتا سبەینێ زیندووین بەڵام پێش بینی سێ رۆژی ترمان پێ ناکرێ. کڕینی نان و رۆنی کەرە بۆ سێ رۆژی لای ئێمە وەك کوفری خودا وایە. ئێمە هیوامان بە خواش نەمابوو. پەنامان بردۆتە شتێکی وەك خوا. "د" پێم دەڵێ: تەواوی ئەوانەی بەسەر زارت دادێن هۆی نەزانی و بێ خەبەرین.

خانمی "بۆرد"یش هەروا. ئێستا کەسانێك هەن کە دەڵێن: "دەبێ بیر لە قەومانی کارەسات بکرێتەوە"

"د" دەڵێ: باشتروایە دەست بکەین بە موتالاّ. دەبێ هەرچی دەستمان کەوت بیخوێنینەوە. هەوڵمدا مۆتالاّ بکەم. هەموو کتێبێکم تاقیکردەوە. بەڵام ئیتر شتەکانم بۆ ناچنەوە سەریەك. ئاواش بنیادەم هەست بە بوون دەکا. کەچی جاری وایە شك لەو بوونەدا نییە و هەرگیز نەژیاوە و راستەقینەش لە نهێنییەکانی هەنووکەدایە. زنجیرەیەکی تر دەوری تەنیوین زنجیرەیەك کە پەیکەری ئەوان بە بوونی ئێمەوە گرێدەدا. ئەو لەوانەیە پازدە رۆژ لەمەوبەر مردبێ. هێور و بێخەم لەو قوڵکەدا. تائێستا بوونەوەر تەرمیان نەهێشتوە. شارۆچکەیان تیاکردووە.

گوللەیەك لە پشتەوەڕا؟ وەسەر دڵی؟ وەچاوی؟ لێوە بەبارەکانی لەسەر خاکی ئەڵمان و؛ ئەمنیش هەروا چاوەڕوان. چونکە ئەو شتانە زۆریش روون نین لەوانەیە هێشتا هەر مابێ و لەوانەیە هەر ئێستاکە گیانی دەرچووبێ. یا لەوانەیە هەرواش نەبێ. ژیان ئاوا سات بە سات وەلاماندەنێ، ئەرێ، ئێمەش. نەهاتی رووی تێ کردووین. ئەگەر هێندێ بە خۆدا بێینەوە بەختیش دەگەڕێتەوە. بەشکم ئێستاش لە ریزی دیلەکان دابێ بەشکم بە کۆمە کۆمە و هەنگا و بە هەنگاو بچێتە پێش. بەشکم نەشتوانێ دووهەم هەنگا و بنێ. بۆ مەگەر شەکەتییەکی تاقەت پڕووکێن نییە؟

پازدە رۆژە ناتوانێ هەنگاوێ تر هەڵێنێتەوە. لەوانەیە شەش مانگیش. لە سەعاتێك یا خولەکێك بەر لە ئێستاوە؟ چی تر تاقەتی وشە و رستە و نووسراوەکانی نێو کتێبانم نییە. کتێبەکان لە وەڵامدانەوە بە من و خانمی بۆرد داماون، توانایان نییە. ئێمە لە ناخی ململانێیەکی بێ ناونیشان داین. بەرەنگارییەکی بێ چەك. بێ شانازی، بێ خوێن ڕێژی لە لووتکەی چاوەڕوانیدا. شارستانییەت لە پشتەسەرمان سفرەی خۆی لەسەر خۆڵەمێش راختستووە.



شارستانییەت و خەرمانی ئەندێشە و هزر؛ هزرێکی هەڵچنراو لە سەریەکی پاش چاخەکان.

خانمی بۆرد لە هەر ئەگەرێك خۆ دەبوێرێ. ئەوەی بەزەینی من و خانمی بۆرد دادێ جموجۆڵێکی بێ ئاکامن. دابڕان لە شتێکی نادیار و فەوتان و تێداچوونێکی لەو چەشنە. بڕێکش مەودا، کە وەك کرمی "گەدە" دروست دەبن و دوایی دەفەوتێن. هێندە دەتوێنەوە تادەمرن. ئەوەی هەیە ژان و ئازارە و تەواو. هاوارە و خوێن. هەر ئەوەیە کە پێشی وەدیهاتنی هزر گیراوە و لەو ئالۆزییەدا دەورێکی نییە. هەر بە دەستی ئەم ئالۆزییەش جێی داگیرکراوە. هزرێکی بێ پشتیوان لە نێو تێکەولێکەدا.

**نیسان — یەکەشەممە**

هەروەك جاران لەسەر قەنەفەکە لە تەنیشت تەلەفۆنەکە. ئەرێ، ئەمڕۆ برلین دەگیرێ. هەموو رۆژی ئەوەیان پێ وتووین. بەڵام ئیتر ئەمڕۆ کۆتایی دێ. رۆژنامەکان نووسیویانە کە چۆن ئاگادارمان دەکەنەوە. بە دەنگی ئەو ئاژیرانەی بۆ دوایین جار دەلورێنن. دوایین ئاژیری ئەو شەڕە، ئاژیری سەرکەوتنە. ئیتر ناچمەوە ناوەند. دیلەکان دێنە لۆتیسا Lutetia. دێنە وێستگەی شەمەندەفەری گاردولست گاردۆنۆر — ئیتر تەواو. نە تەنیا ناچمەوە ناوەند تەنانەت ناشبزووم.

بڕیاری ئێستام ئاوایە. دوێنێش هەر پێم وابوو کەچی سەعات دەی شەوێ وەدەرکەوتم. سواری "مێترۆ" بووم. دوایش چووم لە دەرگای ماڵی "د"مدا. دەرگای لێهەڵگرتم و باوەشی پێداکردم. "لە ماوەی ئەو چەند سەعاتەدا هیچ خەبەرێك نەهاتووە؟" "هیچ" ، "من چیدی خۆم پێ راناگیرێ". بە جێم هێشت. تەنانەت حەزم نەکرد بچمە ژوورێ. "تەنیا ویستم چاوم پێتبکەوێ" تابزانم ئاسەوارێك یا نیشانەیەك لە شاردنەوەی مەرگ لە روخساریدا بەدی دەکرێ یان نا.

دەگەڵ زرینگەی سەعات ١٠ خۆفێکی لە نەکاو خزیبووە هۆدەکەمەوە. ترس لە هەموو شتێك. کە سەرم هەڵێنا لە کۆڵانان بووم. خێرا سەرم هەڵێنابوو. ماڵەکەم گۆڕا بوو. شۆقی چراکەش تەواوکز بوو. دڵنیاییەکی کت وپڕ؛ دڵنیایی لەسەر ڕەهێڵێەی گوللە، ئەو مردووە؛ مردووە؛ لە ڕۆژی ٢١ی نیساندا. مەرگ لە ٢١ی نیساندا. هەستابووم چووبوومە نێوەڕاستی هۆدەکەم. کارەساتەکە لە یەك چرکەدا قەومابوو. شەویلکەکانم لە چڵدان کەوتوون. ئەوەی هەیە شتێکی ترە. روخسارم تێك سمڕاوە. تێك دەشکێم. هەڵدەوەشێم و توێ توێ دەبم.

کەسێ لە هۆدەکەمدا نییە. هەست بە بوونی دڵم ناکەم. لە ناخی سێڵاوێکی بەلرفەوە و کتوپڕ خۆف سەر هەڵدەدا و من تێیداگێژدەخۆم. ئیدی چاوەڕوان نابم. زۆر دەترسم. ئیتر تەواو. تەواو بوو؟ لە کوێی؟ پیاو چۆن ئاگادار دەبێ؟ نازانم کوێیە. ئیتر نازانم. هەر نازانم کوێیە. نازانم لە کوێ پێك دەگەینەوە؟ کوێی پێ دەڵێن. شوێنێکی چۆنە؟ ئەو ڕووداوە چییە؟ چ بووە؟ ئەو ڕۆبێر"ل" کێیە؟ ژان و ئازار نەماوە. ئەوە ئێستا تێدەگەم کە هیچ خاڵێکی هاوبەش لە نێوان ئەو ژن و پیاوەدا نییە.

ئێستا کە هەر دەبێ چاوەڕوان بم باشتروایە چاوەڕێی کەسێکی تربم. لێکەوتووم. تەواو لێکەوتووم. بۆ دەبێ چاوەڕوانی ڕۆبێر"ل" بم ئەو ڕۆبێر"ل"یە کێیە؟ کەسێکی وابوونی هەیە؟ ئەو ڕۆبێر"ل"یە خەریکی چییە؟ چی لێهەڵدەوەرێ؟ کە دەبێ کەسێك چاوەڕێی بێ؟ چاوەڕێی ئەو، نەك ئی کەسێکی تر. ئەو ژنە چاوەڕێی چییە؟ چاوەڕوانی چ شتێکە. لەو پازدە ڕۆژەدا کە ئەو ژنە لە تووڕەیی و دڵە خورپەدا بووە، چۆن سەری خۆی خافڵاندووە؟ لەو دیوە چ باسە؟ ئەو ژنە کێیە؟ "د" دەزانێ ئەو ژنە کێیە. "د" کوا؟ ژنە دەزانێ لە کوێیە. دەتوانێ ببینێ و لێی بپرسێ. من دەبێ ببینم. چونکە هەواڵێکی تازە گەیشتووە. چوومە دیدەنی. بە ڕواڵەت هیچ هەواڵێك نەگەیشتووە.



**سێ شەممە ٢٤ی نیسانی**

تەلەفۆن زەنگ لێدەدا. لە تاریکیدا لە خەوهەڵدەستم. چراکە هەڵدەکەم چاوێك لە کاتژمێرەکە دەکەم. پێنج و نیوە. تاریکە. دەبیستم، ئەلۆ...چی؟ دەنگی "د"یە. کە لە هۆدەکەی تەنیشمدا خەوتبوو. گوێم لێیە: "چی؟ دەڵێن چی؟ بەڵی. لێرەیە، ئەرێ ڕۆبێر"ل". بێدەنگی .... لە "د" نزیك بوومەوەتەوەکە گوشییەکەی پێیە. دەمهەوێ لێی بستێنم. زۆری پێ دەچێ. "د" گوشییەکە دانانێ. "چ باسە؟" بێ دەنگی. دەنگەکە لەو بەری پاریسەوە دێ.

دەمهەوێ سیمی تەلەفۆنەکە دەرکێشم. ناکرێ و نابێ. "دەی" .... دۆستان؟ "د" گوشییەکە لە خۆی دەکشێنێتەوە و پێم دەڵێ: "هەڤاڵانی ڕۆبێر"ل"ن کە هاتوونەتە گەمۆن Gaumont" ژنە دەقیژێنێ: درۆیە. "د" دیسان گوشییەکە بە گوێچکەوە دەنێ. ژنە: "ڕووبێر"یش؟ دەیهەوێ سیمی تەلەفۆنەکە دەرکێشێ. "د" هیچ نابێ. گوشییەکە بە دەستییەوە و گوێ ڕادەگرێ. "لەوە زیاتر ئاگادار نین؟ "د" روو لە ژنەکە دەکا: "ئەوانە هەتا دوو ڕۆژ لەوە پێش دەگەڵی بوون. زیندوو بووە" ژنە ئیتر نایهەوێ تەلەفۆنەکە هەڵبڕێ. چۆکی نووشتاونەتەوە و لە پێ کەتووە بە بیستنی ئەو قسانە کە باس لە زیندووبوونی ئەو دەکەن (هەتا دوو ڕۆژ پێش)! قرچەی لە دەروونی هەڵدەستێ و خۆی پێ ناگیرێ. ژنە باشاری خۆی ناکا. لێدەگەڕێ ئەو لەت و کوتانەی دەروونی هەڵڕژێن. لە دەمەوە لە لووتەوە و لە چاوانییەوە دەبێ بڕژێنەدەرێ. "د" گوشییەکەی لەسەر تەلەفۆنەکە داناوەتەوە. ناوی ژنە دێنێ: "کچم، مارگرێت، کچۆڵەکەم". لێی دەچێتە پێش. ژنە لە جێی خۆی نابزوێ. دەزانێ ژنە بۆ دەست لێدان نابێ. دڵپڕە. دەبێ لێی گەڕێن.

تێکشکاوی وەك ئاو لە هەموو لاوە شۆلاوگەی بەستووە. زیندووە، زیندووە. پێی دەڵێم: کچولەکەم، مارگارێت گیان، کچۆڵەکەم. "تادوو ڕۆژ بەر لە ئێستا زەق و زیندووە، وەك من و تۆ. ژنە دەڵێ: "لێم گەڕێن". چ بڵێ و چۆن لە دەمی بێتەدەر،

به ناڵه و هاوارەوه هەڵیدەڕێژێ. پێشیشی ناگیرێ. "د" دەڵێ: دەبێ بچینەئەوێ. ئەوان لە گەرمۆن چاوەڕێمانن. بەر لە هەر شتێ قاوەیەك دەخۆینەوە. دوایی دەچین. مەبەست ئەوەیە ژنە قاوەکە بخواتەوە. "د" پێدەکەنێ. یەك پشوو قسەدەکا. "ئای لەو پیاوە سەیر و ساویلکەیە.... جێی باوەڕ نییە ئەوان وایان... بەڵام روبێر پیاوێکی زرینگە... تادوایین سات خۆی حەشاردەدا. حاڵەتێك گرتبووی کە پێمان وانەبوو بەرەی خۆی پێ لە قوڕ دێتەدەر. "د" لە دیوی حەمامە. حاڵەتێك گرتبووی قسەی "د" یە. ژنە پاڵی وەسندووقەکەی چێشتخانەداوە. بەڵێ. هەر بە راستی وایە. حاڵەتی ئەو لە هی خەڵك جیاوازە. شێوا بوو. قەت وانە بووە پەشێوییەکەی دیار بێ. بەردەوام بە ناخی دڵۆڤانییەکی بێ سنووردا رۆچوو بوو. ژنە هەروا پاڵی وەسندووقەکەی چێشتخانە داوە. ئەو هەمیشە بە ناخی ژانی بەر بڵاوی ئەندێشەدا چووەتە خوارێ.

ژنە خەریکی دروستکردنی قاوەیە. "د" دەست پێ دەکاتەوە. "دوو رۆژی تر دێتەوە". قاوە ئامادەیە. چێژی قاوەی گەرم مزگێنی دەری زیندوییەتییە. خێرا جلەکانم دەپۆشم. حەبێکی کریدرانیش دەخۆم. لەو "یاوە" بێ بڕانەوەیەدا نوقم بووم. کۆڵان چۆڵن. "د" خێرا دەڕوا. دەگەینە گەومۆن کە ئێستێ بۆتە نووسینگەی راگواستن. بە پێی بڕیار دەچینە. شوێن هێلێن "د". Helen هێلێن "د" رێنوێنمان دەکا.

"هۆتیل" وڵات رووناکە. خەڵك لە هاتوچۆدان. ژمارەیەك پیاو بە جلوبەرگی خەت خەتیی دیلێتییەوە. یاریدەدەرەکانیش بە بەرگی سپییەوە. هاتوچۆ هەتا بەیانی هەر بەردەوامە. "ئەوەش دیو". ژنە یاریدەدەرەکە دەڕوا. بە "د" دەڵێم: "لە دەرگادە" وەختە گیانم دەرچێ. پێم وانییە بتوانم وەژووکەوم. "د" لە دەرگا دەدا. دەگەڵی دەچمە ژوور. دوو کەس لە تەنیشت قەنەفەیەکەوە، ژن و پیاوێك، دەبینم. قسەناکەن. دایك و باوکین. دوو دیلی ئازاد کراو لەسەر تەختێك درێژ بوون. یەکیان



خەوی لێکەوتووە. بیست ساڵان دەنوێنێ و ئەویتر زەردەیەکم بۆ دەکا. لێی دەپرسم: "پرۆتی" تۆی؟ بەڵێ... منم "من خێزانی روبێر"ل" م. "تادوو رۆژ پێش پێکەوە بووین" چۆن بوو؟ پرۆتی چاو لە "د" دەکا. لە پێکەوتووەکان زۆر بوون" پیاوە گەنجەکە وەخەبەر هاتووە. رۆبێر"ل"؟ ئەها. دەی، دەی، بڕیارمان وابوو پێکەوە راکەین. لە نزیك تەختەکەوە دانیشتووم. دەپرسم: "تیرە بارانیان دەکردن؟" هەر دوو پیاوە گەنجەکە چاولێك دەکەن. بۆ وەڵامدانەوە تێك دەفکرن. "چۆنە بڵێم دەستیان لە تیرە باران هەڵگرتووە؟" دوو دیل پێکەوە قسەیان دەکرد. لاوەکە دەپرسێ: "چۆنت زانیوە؟" کاپۆیەکی رووسی پێی گوتم!! لێی دەپرسم: "چی بە ئێوە گوت؟" کوتی: "دەستوور دراوە ئیتر تیرە باران نەکەن". گەنجەکە: "چەند رۆژێك تیرە بارانیان کردو تەواو". پرۆتی چاوم لێدەکا. دوایی چاو لە "د" دەکا. بزەی دێتێ: "ببوورن زۆر ماندووین". چاوی "د" لەسەر پرۆتی بە مۆڵەق وەستاوە: "چۆنە دەگەڵتان نییە؟" کاتی وەرێکەوتنی شەمەندەفەرەکە لێی گەڕاین بەڵام نەماندۆزیەوە. "زۆریشی لێگەڕاین" "چۆن بوو نەتاندۆزییەوە؟" پرۆتی: "تاریك بوو؛ زۆریش بووین" "جا هەر بە راستی ئێوە لێی گەڕان؟" "بڵێم چی.... " چاو لێکدەکەن. گەنجەکە دەڵێ: "ها؟ بەڵێ. بۆ ئەوەی بیدۆزینەوە بە ناو هەرامان لێدەکرد. گەرچی مەترسیشی هەبوو". پرۆتی دەڵێ: "زۆر ئاواتی چاك بوو. لێی گەڕاین، لەمەڕ فەرەنساوە دەدوا." خۆزگە گوێتان لە قسەکانی دەبوو. بیسەری نوقمی "وتەکانی دەکرد".

من دەڵێم: "ئێوە کە لەوێ نەتاندۆزییەوە یانی لەوانەیە لەوێ نەبووبێ؟" بڵێی تیرە باران کرابێ؟ "د" لە تەختەکە نزیك دەبێتەوە. وەك پرۆتی هەڵبزرکاوە: "دوایین جار کەی دیتت؟" چاوێك دەکەن. دەنگی ژنێك دەبیستم، ئەوانە ماندوون. "وەك تاوانبارێکی حوکمدار دەچن کە لە ژێر لێکۆڵینەوە دابن". تەنانەت ساتێك مۆڵەتیان نادرێتێ. لاوەکە دەڵێ: "من دیتوومە و دڵنیاشم". چاو لە ئاسۆ دەبڕێ

و دەڵێ: "دڵنیابە". بەڵام لە هیچ شتێ دڵنیانییە. هیچ شتێ پێشی قسەکردنی "د"یی پێ ناگیرێ- "هەوڵ بدەن بێتەوە بیرتان دوایین جار لە کوێ دیتان؟"

لە ریزی دیلەکاندا دیتم. بە هەڤاڵەکەی: "لە بیرت نییە؟ لە لای راستتەوە؟ هێشتا رووناکایی مابوو... سەعاتێك بەر لە گەیشتن بە وێستگەی شەمەندەفەر؟" گەنجەکە: "ئەوەی مرۆڤ لەناو دەبا.... بەهەر حاڵ دوای ڕاکردنەکەی دیتم". لەوەش دڵنیام. چونکە تەنانەت بڕیارمان بوو پێکەوە راکەین. لەوێ لە وێستگەی شەمەندەفەر" ... "چی؟ راکردن؟ ئەو؟ "بەڵێ ویستی رابکا. گرتیانەوە" "چی؟" گوللەیان پێوە نا؟" ئێوە راست ناکەن". پرۆتی قسەی تری پێ ناگوترێ. هیچ ئەوەی لە بیری ماوە نیوە و نیوە چڵە: هێزی دەبەردا نەماوە. ((چونکە پێتان راگەیەندراوە دێتەوە کەوایە دێتەوە)). لەو کاتەدا "د" لە من دەخوڕێ: بێدەنگ بم. دوایی دەست پێ دەکاتەوە. "ئەو کەی هەڵات؟" چاولێك دەکەن: "شەوی بەر لە رووداوەکە بوو؟" "ئەرێ، پێم وایە.

"د" بە پاڕانەوە دەپرسێ: "بڕێك زیاتر بیری لێ بکەنەوە... هەڵبەت بمانبوورن، بەڵام حەول بدەن وەبیرتان بێتەوە".

پرۆتی پێدەکەنێ: "ئەرێ: دەزانم، بەڵام ئەوەندە ماندووم کە ..." ماوەیەك بێ دەنگ دەبن. بێدەنگییەکی قووڵ؟ ئەو جار گەنجەکە دەڵێ: "من دڵنیام کە بەر لە راکردن دیتوومە، لەناو ریزی دیلەکاندا دیتوومە، ئێستا تەواو دڵنیام". من دیسان دەڵێم: "ئێوە چۆن دەزانن تیرە باران دەکران؟" پرۆتی: "ترسی ناوێ. تێگەیشتنی هاسانە، هەواڵمان پێدەگەیی. "S.Sەکانیش ریزەکانی پشتەوەیان وەبەر دەسرێژ دەدا. دواتر دۆستان هەواڵەکەیان زار بە زار دەگەیاندە ئەو سەری ریزەکان". "د" ئێمە هەر حەزدەکەین بزانین چۆن بووە ئێوە نەتاندۆزییەوە؟" دیسان پرۆتی: "تاریك ببوو". گەنجەکە: "لەوانەیە دووهەم جاری هەڵاتنی بووبێ".



"بەهەر حاڵ ئێوە پاش یەکەم هەڵاتن دیتووتانە؟" پرۆتی: "بەڵێ، دڵنیام". "چیان لێ کرد؟" "دیارە، تێیان هەڵدا. فیلیپ باشتر بۆتان دەگێرێتەوە، دۆستی گیانی بوون". من دەڵێم: "چۆن بوو تیرە بارانیان نەکرد؟" ئەمریکییەکان زۆر نزیك ببوونەوە و S.Sەکانیش فریای ئەوە نەدەکەوتن. بە زانیدانیش کەوتبوو". گەنجەکە ئەو قسەیەی دوایی کرد.

من دەڵێم: "ئێوە بەر لە هەڵاتن بڕیارتان دابوو لە وێستگەی شەمەندەفەر پێکەوە راکەن؟". "لە بێدەنگیدا چاو لێکدەکەن". "د" دەڵێ: دەزانی چۆنە؟ ئەگەر ئێوە پاش هەڵاتنەکە قسەتان دەگەڵی کردبێ ئەوە دەتوانێ بەڵگەیەکی پتەوی دیکە بێ؟" "نا"، ئەوانە لە هیچ ناگەن. هیچی تر لەو باتەیان نایەتەوە بیر. ئەوانە تەنیا هێندێ رووداویان لە بیرماوە، رەفتاری ژمارەیەك لە هەڤەڵان کە بۆ خۆشاردنەوە خۆیان لە قوڵکەکە هاویشتووە. ئەوەشیان لە بیرە کە ئەمریکییەکانیش لەوێ بوون. چی دیکەیان لە بیر نییە. دەسپێکی هێرشێکی تری ژان و ئازار. ئەلمان لە ئاگردا دەگرێ و ئەم لە ئەلماندایە. هەڵبەت لێت سوور نییە. ناکرێ. هەر دەکرێ بڵێی: ئەو تیرە باران نەکراوە، ئەگەر لە ریزی دیلەکانیشدا بووبێ؛ لە سوتمانەکەی ئەلماندا گیری خواردووە.

## ٢٤ی نیسان

سەعات یازدە و نیوی بەیانییە. زرەی زەنگی تەلەفۆن دێ. تەنیام وەڵامی دەدەمەوە. فڕانسوا میترانە. بەنازناوی مۆرلەند "Morland"، "فیلیپ هاتۆتەوە، هەشت رۆژ پێش تر؛ رۆبێری دیتوە. باش بووە" پێی دەڵێم: "پرۆتی م دیت". وێدەچێ رۆبێر رای کردبێ و گرتبێیانەوە. "ئەی فیلیپ دەڵێ چی؟". فەرانسوا: "شتەکە راستە؛ رۆبێر دەیهەوێ هەڵێ بەڵام سەربازەکان دەیگرنەوە و دەیگێڕنەوە

ناو ئۆردووگا". دەڵێم: "دوایین جار لە چ ڕۆژێکدا دیتووتە؟" بێ دەنگی. دوایی فەڕانسوا دەڵێ: "هەرکیان پێکەوە هەڵاتبوون، فیلیپ زۆر دوور دەکەوێتەوە و ئەڵمانییەکان نایبینن. ڕۆبێر دەگاتە قەراغ جادەکە و دەگیرێ. فیلیپ چاوەڕێی دەبێ. بەڵام دەنگی گوللەی نەبیستووە". بێ دەنگی:.. "بڵێی وابێ؟" "دڵنیابە". لەوەناچێ، حەتمەن دواتریش نەیدیتووە. "بێ دەنگی". نەخێر. چونکە ئیتر فیلیپیش لەوێ ڕانەوەستاوە ڕای کردووە". "چ ڕۆژێك بوو؟" "ڕۆژی سێزدەهەم". "دڵنیام فەڕانسوا مۆرلەند خەت و نیشانی ڕاکردنەکەی کێشاوە؛ کە ئاوا بیری دەربازبوونیشی کردۆتەوە". "چ بکەین؟" فەرانسوا: "هیچ نابێ دڵنیا بە دێتەوە." دەڵێم: "ئەرێ گوللەیان پێکەوە ناوە؟" بێ دەنگی، "لێی بە دوورە. سەرێکی چاپخانە بدەن". "نا، ماندووم فیلیپ ڕای تۆ چییە؟" بێ دەنگی. "شتێ لە گۆڕێدایە تا چل و هەشت سەعاتی تر لێرەدەبێ" دەڵێم: "فیلیپ چۆنە؟" زۆر ماندووە. دەڵێ: ڕۆبێر زرت و زیندووە؛ زۆریش لەو باشترە". "دەزانێ شەمەندەفەری دیلەکان چۆتە کوێ؟" "نا، خەبەری نییە". دەڵێم: "هیچم لێ ناشارنەوە؟" "نا، وەرنە چاپخانە". "نا، من ناچمە ئەوێ. بڵێ بزانم. ئەی ئەگەر تا بیست و چوار سەعاتی دیکە نەهاتەوە چی؟" "دەتانهەوێ بە چ زمانێك وەڵامتان بدەمەوە؟" ئێوە بە چ پێودانگێك دەڵێن چل و هەشت سەعات؟" "چونکە بە پێی قسەی فیلیپ ئەوان لە نێوان چاردەهەم تا بیست و پێنجەمدا ئازادکراون بۆی نییە بەشێوەیەکی تر بووبێت". پرۆتی دوازدەهەم ڕایکردووەو ٢٥ەم گەیشوەتە ئێرە- فیلیپیش ڕۆژی سێزدەهەم ڕایکردووە و بۆ بیست و چوارەم گەیشتۆتێ. دەبێ مەودایەکی ١٠ هەتا ١٢ ڕۆژی لەبەر چاوبگری. ڕۆبێر دەبێ سبەینێ یا دوو سبەی لێرەبێ. لەوانەیە سبەینێ.



**پێنج شەممە ٢٦ی نیسان**

"د" دۆکتۆری هێناوەتە سەرم. "یا"وم چۆتە سەرێ. خانمی کاتس Kats دایکی ژنین کاتیسی دەستەخوشکم؛ هاتۆتە لام. چاوەڕێی کچەکەیەتی، کە ئەمیش دەگەڵ لۆئیز Marie-lauise خوشکی "ڕۆبێر" لە ڕاونیسبرووگ دیلن. ڕەیبی Riby تەلەفۆنی کرد. لە ڕۆبێری دەپرسی. ئەویش لە نێو ڕیزەکەدا بووە و لە پێش پرۆتیدا ڕایکردووە و بەر لەویش گەیشتۆتەوە.

**هەینی ٢٧ی نیسان**

نە بەشەو و نە لە ڕۆژدا هەواڵێك نییە. "د" ڕۆژنامەی کەمبەی بۆ هێناوم. دوایین هەواڵ: ڕووسییەکان لە برلین دەستیان بەسەر ناوەندێکی میترۆدا گرتووە؛ تۆپەکانی "مارشال ژۆکۆڤ"یش بە مەودای هەشتا مەتر هەشتا مەتر؛ لە دەوری کاولاشەکانی بڕلین دامەزراون و گوللە دوایێن.

ئیستەتین Stettinc و برنۆ Brno گیراون. ئەمریکییەکان گەیشوونەتە دانووب. سەرانسەری ئەلمان بە دەست ئەمریکییەکانەوەیە. داگیرکردنی وڵاتێك کارێکی دژوارە. ئەوانە چ بەسەر ئەلمان دێنن؟ منیش وەك خانمی "بۆرد"م لێهاتووە. لە جێ و بان نایەمەدەرێ. خانمی "کاتیس" بە کاروباری کڕینی پێداویستی و چێشت لێنان ڕادەگا. ئەمڕۆ "شیر"ی ئەمریکی بۆ کڕیبووم. جا ئەگەر بە ڕاستی نەخۆش بایەم خانمی کاتس بە دەگمەن کچەکەی خۆی وەبیر دەهاتەوە. کچەکەی نەقوستان بووە. دەردێ ئازار باریکەی گرتووە و لاقێکی ئیفلیج بووە. کچەکەی کاتس جوولەکە بوو. لە ناوەند بیستووبم کە ئەوان ئیفلیجەکان دەکوژن. ئەوە وردە وردە ئەم باسە؛ لەسەر جوولەکەکان ڕوون دەبێتەوە. خانمی کاتس شەش مانگ چاوەڕوان بووە، لە ئاوریلەوە هەتا نۆوامبری ١٩٤٥. لە مارسی ١٩٤٥دا کچەکەی دەمرێ و لە

نۆوامبری ١٩٤٥دا هەواڵی مەرگەکەی دەدەنێ. نۆمانگی پێ چوو تاتوانی بەسەر و شوێنی کچەکەی بزانێ. من هیچ شتێکی لە بارەی رۆبێر"ل"ەوە پێ ناڵێم. ناونیشانی کچەکەی بە هەموو جێ یەك راگەیاندووە. بە "بنکەکان" و سەرانسەری سنوورەکان و بە هەموو خزم و کەس. کێ چووزانێ، لەوانەیە رۆژێك.....

خانمی کاتس پەنجا قوتووی شیری ئەمریکی کڕیوە. بیست کیلۆ شەکر، دە کیلۆ مرەبا، "کەلسیۆم"، "فۆسفۆر ئۆدکلۆن"، برنج و پەتاتە، مووبەمو ئەو شتانە شەرح دەدا: هەموو شتەکانم شۆردووە. دووریومنەتەوە. ئۆتووم لێدوان، بەرم لەماننۆ رەشەکەی ناوە. گیرفانەکانیشیم دووریوەتەوە. لە هەوەڵەوە؛ تەواوی شتەکانم خستبووە نێو چەمەدانێکی گەورە. نەفتالینیشم بۆ پێوەکرد. دوایی لە دەرێ هەڵمخستن و ئێستا بۆ دەبەرکردن دەبن. پێڵاوەکانیشم نارد پاژنەم بۆ گرتن. باوەڕناکەم شتێکم لە بیر چووبێ. خانمی کاتس باوەڕی بە خودا نییە.

## ٢٧ی نیسان

هیچ: هەر کونەڕەشێك؛ بێ گزینگی تیشکێ: زنجیرەی رۆژەکان لەسەریەك هەڵدەچنم. بەڵام لەو نێوەدا ئاڵقەیەکی بە تاڵ دەبینم. لە نێوان ئەو ساتەی فیلیپ گوێی لە دەنگی "تەقە" نابێ هەتا ئەو کاتەی هیچ کەس رۆبێر"ل" لە وێستگەدا نابێنێ گێژاوێك هەیە. لە جێ یەکەم دێمەدەرێ. خانمی کاتس چۆتە لای کوڕەکەی. جلەکانم پۆشیوە و لە تەنیشت تەلەفۆنەکە وێستاوم. "د" دەگاتێ. لە حەولی ئەوەدایە بۆ نان خواردن بچینە رستوڕانت. رستوڕان هەرجەمەی دێ. خەڵك باسی کۆتایی شەڕەکەن. برسیم نییە. هەمووان لە بێ بەزەیی ئەڵمانییەکان دەدوێن. دڵم بۆ هیچ ناچێ. دڵم بە نان خواردنی خەڵکیش تێکەڵ دێ. حەزم لە مەرگە. شتێکی تیژ وەك تیخ لە خەڵکی دابڕیوم. تەنانەت لە "د"ش. وەك بڵێی جەحەندەمێك.



ئەگەر تا ئەمشەو هەواڵێکی نەهاتبێ لێم سوورە مردووە. "د" چاوم لێدەکا. دەتوانێ جوان چاوم لێکا، ئەو مردووە. باسکردنیشی بێ کەڵکە. "د" بڕوام پێ ناکا. پڕاودا Prarda نووسیوێ: "دوایین ناقووس" بۆ ئاسمان لێدراوە. ئاڵقەی گەمارۆی ئاگر و ئاسن هەردێ و دەوری برلین بەرتەسکتر دەکاتەوە. "تەواوە، ئەو لێرە رووی ئاشتی نابینێتەوە. پارتیزانەکانی ئیتالیا موسولین یان لە فێنزا Feanza گرتووە. سەرانسەری باکووری ئیتالیا لە دەست پارتیزانەکان دایە. موسولینی دەسگیرکراوە. کەس لەوەی زیاتر لێ نازانێ. تۆرێز Thorez باس لە داهاتوو دەکا و شێلگیرە لەسەر دەست پێکردنەوەی کارەکان. من هەموو رۆژنامەکەم بۆ رۆبێر"ل" کۆکردۆتەوە. ئەگەر بگەڕێتەوە. نانی دەگەڵ دەخۆم. بەر لەوە ناچمە رستوڕان. فکرم هەر لە لای ژنە ئەڵمانییەکەیە. دایکی ئەو سەربازە مێرمنداڵەی لە ١٧ی خەزەلوەر ١٩٤٥دا بە تەنێ، لەسەر کۆگا ورکە بەردەکانی قەراغ پردی "دێزئار" لە گیانەڵڵا دابوو. ئەو ژنەش، هەر ئەو ژنە کە چاوەڕێی کوڕەکەی بوو. ئێستاش لە زاتی ئەو دوگۆلە بە دەسەڵات گەیشتۆدا، ئەو دوگۆلەی چوار ساڵە خۆی بە رزگاریدەری شەڕەف و شانازی ئێمە دەزانێ و ئەو هەمووەی خەڵك بە شان و باڵیان هەڵدەگوت: لە زاتی ئەو دوگۆلەدا کە لەبەر چاوانە؛ شتێکی ترسێنەر هەیە، پڕمەترسی؛ تۆقێنەر و خوێن رێژ، دەڵێ: "تامن ماوم ماڵ رێکوپێکە". دوگۆڵ بێجگە لە ئاشتی چاوەڕێی هیچ شتێ نییە، ئاشتی نەبێ. ئەوە هەر ئێمەین بەردەوام لە چاوەڕوانیدا دەژین. چاوەڕوانیی هەموو چاخ و سەردەمەکان.

چاوەڕێی ژنانی گشت چاخێك و هەموو قوژبنەکانی دینا. چاوەڕێی مرۆڤەکانی گەڕاوە لە شەڕ. ئێمە لە شوێنێکی ئەو جیهانەین کە تەرمی مردووان لە گۆڕێکدا بەسەریەکدا کەوتوون. ئێرە ئەوروپایە و ئەوانەش هەموو لە ئەوروپا دەقەومێن. ئەوە لێرەیە ملیۆن ملیۆن جوولەکە دەستووتێنن. هەر لێرەشە فرمێسکیان بۆ دەرێژن. ئەمریکای سەر سووڕماو، چاوی بڕیوەتە کوورە زەبەلاحە مرۆڤ

سووتێنەکانی ئەورووپا. لە خۆوە بیر لەو پیرەژنە سەرشینە دەکەمەوە کە بە خەمناکی چاوەڕێی هەواڵی کوڕە شازدە ساڵە تەنیاکەیەتی کە لە گەڕەکی "دێزئار" لە قەراغی" "سێن" دەگەڵ مەرگ دەستە و ئێخەیە. وەك چۆن من ئەو کوڕە دەبینم لەوانەیە کەسێکیش ئاوا ونبووەکەی منی دیتبێ کە لە قوڵکەیەکدا تلاوەتەوە. بەو دەستەلێك ئاوەڵاکراوانەی کە بۆ دوایین جار داوای یارمەتی کردووە و بەو چاوانەی کە ئیتر هیچیان نەدیتووە. ئەرێ؛ کەس تێناگا ئەو پیاوەی نێو قوڵکەکە بۆ من چ بوو؟ پیاوێ کە من قەت تێناگەم کێیە. ئێمە سەر بە ئەوروپاین و ئەوانە هەموو لە ئەوروپادا دەقەومێن. لە ئەوروپایەکدا کە هەموومان لە هەمبەر تۆرەمەی جیهاندا، داماوین و لە دەورووبەرشیمان بەردەوام هەر هەمان ئوقیانووسەکان، هەمان هێرشەکان و هەمان شەڕە ئێمە لە تۆرەمەی سووتێنراوەکانی نێو کوورە سووتێنەرەکانین. لە تۆرەمەی ئەوانەی لە مای دانك Maidanek بە گاز خنکێندران. دەگەڵ نازییەکانیش هاوپشتین. بە قەدرایی ئەوانی نێو کوورە سووتێنەرەکانی بۆ خنوالد؛ لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی بێرگین-بیلسێن لە برسێتیدا. بەشێك لەو قوڵکانە هی ئێمەن. ئەو ئێسك و پروسکە بێ ژمارانە وەك ئەندامانی بنەماڵەیەکی ئەورووپین. ئەوە گشتی نەك لە دوورگەی سۆند Sonde و نە لە قەراغی ئوقیانووسی ئارام؛ بەڵکو لە وڵاتی ئێمە؛ لە وڵاتی ئەوروپادا قەوماوە. ئێسك و پروسکی چوار سەت هەزار ئەلمانی، کە لە مەودای ساڵەکانی **١٩٣٣-١٩٣٨**دا لە "دۆرا" مردن، لەو قوڵگە گۆڕە بەکۆمەڵە ئەوروپاییەدا نێژراون. دەگەڵێشیان؛ ملیۆنان جوولەکە، ملیۆنان ئیماندار؛ دەگەڵ هەر جوویەك؛ بەڵێ، دەگەڵ هەر جوولەکەیەك باوەڕێك بە خودا.

ئەمریکییەکان دەڵێن: ئێستێ لە سەرتاشێکی شیکاگۆییە وەبگرە هەتا وەرزێرێکی کۆنتاکی، هیچ کەس لە ئەمریکادا نییە نەزانێ لە ئۆردووگاکانی ئەلماندا چ قەماوە. "ئەمریکییەکان لە حەولی ئەوەدان چۆنێتی کاری دروستکردنی مەکینەی



شەڕی ئەمریکیمان بۆ وێنا بکەن. مەبەستیشیان لەو کارە دڵنیایی بەخشین بەو سەرتاش و وەرزێرەیە کە لە سەرەتادا نەیاندەزانی لەبەر چی و بە چ هۆیەك مناڵەکانیان بۆ شەڕکردن لە شەڕگەکانی ئەوروپادا لە چنگ دەردێنن. کاتێ هەواڵی ئیعدامی موسولینی بە ئەمریکییەکان بدەن و بڵێن لاشەکەیان بە ئاڵقەی قەسابیدا کردووە وا ڕادەچەنن مێشکیان لە کاردەکەوێ.

## ٢٨ی نیسان

ئەوانەی چاوەڕوانی ئاشتین. چی دیکە چاوەڕوان نابن ئەو ویست و تاسەیەی بۆ بیستی هەواڵەکان هەبوو (دامرکاوەتەوە). ئیتر سوڵحە. وەك ئەوەی شەوێکی تاریك بەسەر دابێ و سەرەتای فەرامۆشی. بۆ وێنە: "پاریس لە جەرگەی شەودا نوورانییە. تیشکێکی وەك لەنتەری دەریایی گەڕەکی "ژەرمەن دێپرە" ڕووناك دەکاتەوە. کافەی دۆماگۆ Deuxmagot هەرجەمەی دێ. ئەگەر وا سارد نەبوایە حەوشەی "کافە"ش پڕدەبوو لە خەڵك. لە کافە چووکەکانیش دەرزی هەڵاوێی وەعەرزی ناکەوێ. هاتوومەتە شەقام. هیچ فکرم بۆ ئاشتی نە دەچوو. هێندەی پێ نەچوو بەر لە ئاشتی بەرەو ماڵ بوومەوە. من بەشێوەیەکی تەماوی بینەری گەیشتن بە داهاتوویەکی پێش بینی کراو بووم. دنیایەکی سەیر کە لەو تێکەوڵێکەیەدا سەرهەڵدەدا و ئیتر کەس چاوەڕوان نابێ. ئیتر جێی من نییە. بوونی من لێرە نا، بەڵکو لەوێیە. لەو وڵاتەی کە دەستی ئەوانی تری پێ ڕاناگا. وڵاتێك کە ئەوان هەرگیز نایناسن.

شوێنێك کە لە ئاگردا دەگڕێ و لەوێ مرۆڤ لە قەنارە دەدرێ. من بە هەوایەکی باریکەوە هەڵواسراوم. ئەوە دوایین تەقەلامە. حەولێك کە لە ڕۆژنامەکاندا

شوێنێکی بۆ دیاری ناکرێ. لەو شارە نوقمی نوورەدا بێجگە لە مانایەك هیچی دیکەم بۆ نەماوەتەوە.

ئەم شارە هێمایەکە لە مەرگ، هێمایدا هاتوویەك بێ حوزووری ئەوان. ئەو شارە بۆ خەڵکە، بێ جموجۆڵە بۆ ئێمەش هەر چاوەڕوانیی لێدەبارێ. ئێرە هەر ئەو وڵاتەیەکە ئەوان قەت نای بیننەوە. هەموو دنیا لە چاوەڕوانی ئاشتیدا بێ ئۆقرەن. ئەم ئاشتییەی کە وەدیهاتنەکەی ئەوەندە وەدرەنگی کەوتووە. بۆ چەسپاندنی ئاشتی چاوەڕوانی چن؟ ئەوە قسەیەکە لە هەموو شوێنی دەبیسرێ. هەڕەشەکە ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر دەبێ. ئەمڕۆ هەواڵمان پێگەیی: "هیتلەر لە سەرە مەرگدایە" هیملێر لە دوایین هەواڵی رادیۆ ئەڵماندا ئەو هەواڵەی بڵاوکردەوە و لەو ساتەدا پێشنیاری خۆبەدەستەوەدانی داوە بە هاوپەیمانان".

برلین لە ئاگردا دەگرێ و تەنیا سی هێزی خۆکوژی (فیدایی) بەرگریی دەکەن. هەر لەو برلینەشدایە کە دەڵێن: هیتلەر گوللەیەکی لە کەللەی سەری خۆی داوە. هیتلەر مردووە. بەڵام هێشتا هەواڵی مردنەکەی پەسندنەکراوە.

## ٢٨ی نیسان

دنیا چاوەڕوانە. هیملەر لە پەیامەکەیدا رادەگەیەنێ: "هیتلەر لە سەرەمەرگدایە". وەختێکیش هەواڵی تەسلیم بوونی بێ ئەم لاو ئەو لای بیستێ ئیتر ناژیی. وەك بڕیارنامەیەك بۆ ئەو زەبرێکی گورچووبڕە. وڵاتە یەکگرتووەکان و بریتانیا رایانگەیاندووە: تەنیا بە داکۆکی و پەسندی سۆڤیەت حازرن بڕیارنامەی تەسلیم بوونی ئەڵمان قبووڵ بکەن. هیملێر پێشنیاری "بڕیارنامەی خۆبەدەستەوەدان" دەنێرێ بۆ کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆ. رۆژنامەی "کەمبە" لە دوایین کاتدا رادەگەیەنێ کە: بە رواڵەت "پێشنیاری تەسلیم بوون" بۆ سۆڤیەتیش نێردراوە.



ئێستا لینینییەکان نایانهەوێ موسولینی بدرێتە دەست هاوپەیمانان. بە وتەی رۆژنامەکە. موسولینی دەبێ بە دەستی خەڵك سزابدرێ. فاریناچی Farinacci لە دادگایەکی خەڵکیدا مەحکەمەکراوە و لەبەر چاوی جەماوەرێکی زۆر لە گۆڕەپانی گشتی شاردا ئیعدام کراوە. ئەوروپا لە کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆدا شانسی نییە. ئەوروپا کەمایەتییە. نیشتی نیوز Stettinius بەرپرسیارەتی کونفرانسی لە ئەستۆیە. کەمبە دەنووسێ: "هێزە بچووکەکان لە بەرامبەر زلهێزەکاندا رادەپەڕن". بەو زووانە باس لە بارودۆخی پاش ئاشتی دەکەن. ژمارەیان زۆرە، گیان بەختکردووەکان؛ بە راستی زۆرن. حەوت ملیۆن جووی قەڵت و بڕکراویان بە شەمەندەفەری تایبەتی "ماڵات"دا بردۆتە هۆدەکانی گاز و لە پاشان لە کوورەکاندا سووتاندوویانن. ئەو هۆدانەی کە هەر بۆ ئەم مەبەستە دروستکروان.

هێشتا کەس لە پاریسدا باسی جوولەکەکان ناکا. منداڵەکانی ئەوانە دەدەن بە رێکخراوی ئەو ژنانەی خوازیاری خنکاندنی منداڵی جوولەکەن. ئەو ژنانەش بە رێك گوشینی دەماری دڵیان لێهاتوویی خۆیان لە هونەری رەشە کوژیدا دەنوێنن. بە قسەی خۆیان بێ ئێش و ژان و بەبزەوە.

ئەو شێوە کوشتارە گەڵاڵە دارێژراوو بە هەق زانراوە کە لە ئەڵماندا روویداوە؛ بێجگە لە بێزاری دەبێتە هۆی سەر سووڕمانیش. خەڵك دۆش داماون. چۆن دەکرێ خۆت بە ئەڵمانی بزانی؟ پیاو لە زەینی خۆیدا بە شوێن ئەوەدا دەگەڕێ لە رابردووەکاندا و لە شوێنەکانی تر بابەتگەلێکی لەو چەشنە بدۆزێتەوە بەڵام ئەوە دانسقە و بێ وێنەیە.

هیچ کام لەو بێ دەرەتانانە تووشی سەرسووڕمان نایەن. یەکێ لە گەورەترین گەلانی دنیا، ناوەندی مۆسیقای هەموو سەردەمەکان، پازدە ملیۆن کەس لە رەگەزی ئینسان؛ بەشێوەیەکی رێکخراو و رێکوپێك و بێ عەیب و لەسەر بنەمایەکی سەنعەتی؛ یازدە ملیۆن کەسی لە رەگەزی مرۆڤ قەڵت و بڕکردووە. دنیا

چاوی بڕیوەتە ئەم کیۆی مەرگە، ئەو تەپۆڵکە مەرگەی بەندەی خودا بۆ داهاتووی خۆی سازی کردووە. ئەوانە؛ ئەو "هۆنەرە ئەڵمانییە وەبیر پیاو دێننەوە کە ئەو رووداوانە وایان شوێن لەسەردانا دنیایەك بیرۆکەیان بۆ سازکرد و دواتر تووشی چەرمەسەریی هات.

ئەگەرچی ئەو جەنایەتانەی نازییەکان هەموو جیهانی دانەگرتووە و وەك شتێکی گشتگیر چاوی لێنەکرا؛ ئاواش مرۆڤی ناو ئۆردووگای بیلسێن بە بۆچوونی گشتی و ئاگایی چینایەتییەوە بە تەنیا مرد. تێگەیشتوویییەکی چینایەتی کە ئەم شەوێك لە شەوان لەبەر ئەوە؛ لە شوێنێك لە ئەوروپادا، بێ سەرکردە، بێ یۆنیفۆرم و بێ شایەت؛ بە لێکترازاندنی هێڵی ئاسن خەیانەتی پێکرا.

ئەگەر بێ بەزەیی نازییەکان بە هی ئەڵمانییەکان بزانین نەك بەشێکی گشتی؛ لە ئاکامدا مرۆڤە مردووەکەی بیلسێنمان هێناوەتە ریزی بوونەوەرێکی پلە سێ. تەنیا وەڵامی پڕ بە پێستێ ئەو جەنایەتە ئەوەیەکە: ئەو شتە بە جەنایەتێکی گشتی لە قەڵەم دەین و هەمووانی تێدا بە بەشدار بزانین. تەنانەت بیروڕای یەکسانیی و برایەتیش: "تابتوانین خۆی لەبەر راگرین و ئیمانمان بەو رایە هەبێ؛ ئەرێ وەڵڵا؛ دەبێ جەنایەت بە شتێکی گشتی لە قەڵەم دەین.

ڕۆژەکەیم لە بیر نییە. لەوانەیە یەکێ لە ڕۆژەکانی ئاوریل، بەڵام نا، ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی مانگی مای بوو سەعات ١١ی بەیانی تەلەفۆن زەنگی لێدا. "فەرانسوا مۆرلەن" لە ئەڵمانەوە. بێ سڵاوو چاك و خۆشی. بە دەنگێکی گڕو وەك هەمیشە بە راشکاوی: "جوان گوێ بگرە، ڕۆبێر ماوە؛ لەسەرەخۆبە، ئەرێ، ئەو لە "داخائۆیە". هۆشت بێ بزانە دەڵێم چی؟ ڕۆبێر زۆر لاوازبووە، ئەوەندە کزبووە بیبینی نایناسیتەوە. دەبێ وریابن. قسە لەسەر چرکە و ساتە نەوەك حەوتە و مانگ. وێدەچی هەتا سی ڕۆژی تر بژی، زیاتر نا. "د" دەگەڵ بیوشان Beauchamp دەبێ هەر ئەمڕۆ بکەونە رێ. هەر ئەم بەیانییە بەرەو داخائۆ. پێیان



بڵێن: لە رێوەبچنە نووسینگەی من. هاوکارانم ئاگادارن. یۆنیفۆرمەکانی ئەرتەشی فەڕەنسا، پەساپۆرتەکان، بەرگەی مەئمورییەت، کۆپینی بەنزین؛ ئیمزای کەسایەتییە پایەبەرزەکان و پسوولەی گوزەر وەرگرن و بێ راوەستان وەرێ کەون. چارەیەکی تری نییە. بێتوو بەشێوەی رەسمی کاربکەن زۆر درەنگ دەبێ".

فەرانسوا مۆرلەن و روودین ئەندامی وەفدێکن کە قەشە رەیکە پێکی هێناوە. ئەوان بەرەو داخائۆ کەوتبوونە رێ و لەوێ بووە کە ڕۆبێر"ل" یان دیتۆتەوە. ئەوان توانیبوویان بچنە نێو بەشی قەدەغەکراوی ئۆردووگا، کە کونەرەشێك بووە پڕ لە مەیتی مردوو هەروەها دیلی نیوە گیان. هەر لەوێش بووەکە یەکێ لەوانەی بە حاڵ زیندوو بووە بانگ دەکا "فەرانسوا". دوایش چاوەکانی لێك ناوەتەوە.

کاتژمێرێکی پێچووە تا روودێن و مۆرلەن ڕۆبێر"ل" یان ناسیوەتەوە. ئەوە روودین بووە کە ئاخری بە ددانەکانیدا روبێرل دەناسێتەوە بە یەکەوە؛ وەك سەربازەکان دەخامێکیان پێچابوو تا لە مەیدانی قەدەغەکراوی ئۆردووگا گەیاندبوویانە دەرێ. لە پاشان لە پەنا ئۆردووگای سەربازان؛ دایاناوە، ئەو جێیەی کە بۆ رزگاربووەکانیان دیاریکردووە. سەربازە ئەمریکییەکان لە ئۆردووگادا دیارنەبوون. لە گرتنەوەی ئازارە باریکە تۆقیون. هەر بۆیە خۆیان بە پۆستەی نیگابانییەوە مەڵاس کردبوو. روودین و فەرانسوا ئاوا توانیبوویان کارەکەیان بە ئاکام بگەیەنن. بیۆشان و "د" هەر ئەمڕۆژە پاش نیوەڕۆکەی پاریس بەجێدێڵن. دوازدەی مانگی مای بوو ڕۆژی ئاشتی. بیۆشان یۆنیفۆرمی سەرهەنگیی فەرانسوای پۆشیبوو. "د"ش لە جل و بەرگی ستوانێکی فەڕانسەویدا، بە هەویەیەك بە ناوی "د"ماس ئەندامی بزووتنەوەی خۆڕاگری. هەتا بەیانی یەك پشوولێیان خوریوە و بۆ بەیانی گەیشتوونەتە داخائۆ. زۆر بەشوێن ڕۆبێر"ل" دا گەڕاون؛ لە پاشان کە بە پەناتەرمێکی نیوەگیاندا تێپەڕیون. دەنگێکیان بیستووە بانگی "د" دەکا. پێم وایە نەیانناسیوەتەوە. بەڵام پێشتر مۆرلەن بیری بۆ ئەوە چوو بوو کە لەوانەیە

نەناسرێتەوە. تووشی هاتوون و هێندەی پێناچێ دەی ناسنەوە. سێهەم دەستی جل و بەرگی ئەفسەرانەی فەڕەنسیان لە ژێر شمەکەکانیاندا شاردبۆوە. پێویست بووە لە پێشدا هەڵیستێنن. ئەم بۆ خۆی هێزی هەستانی نەبووە. ئاخری دەتوانن یۆنیفۆرمەکەی دەبەرکەن. دەبوو وریای بن لە حاستی ئۆردووی S.Sەکاندا ڕێزی نیزامی دانەنێ. دوایش لە پرسگەی نیگابانەکان بیپەڕێننەوە و نەهێڵن هیچ دەرزییەکی لێنەدرێ پێی بمرێ، سەربازە ئەمریکییەکان کە زۆربەیان ڕەش پێست بوون؛ بۆ ئەوەی گەروەخڕە نەگرن لە ماسکی دژ بەو نەخۆشینە کەڵکیان وەردەگرت. کات و ساتێکی پڕ مەترسی بووە. جۆرێك پلانەکەیان داڕشبوو کە ئەگەر شکیان لە چۆنێتی حاڵی ڕۆبێر"ل" کردبایە دەبوایە لە ڕێوە لە مردوو شۆرخانەی ئۆردووگادا جێی بێڵن. بڕیار وابووە هەر دەگەڵ وەژووکەوتنی ڕۆبێر"ل" تا نزیك ماشێنی "سەنگ" دەگەڵی بێن. پاش ئەوەی ڕۆبێر"ل" لە کورسییەکەی پشتەوەدا دادەنێن؛ دڵی لە خۆدەچێ. پێیان وابووە تەواو بووە. کەچی وانەبووە. سەفەرێکی دووردرێژو دژوار بووە. هەر بە مەودای نیو سەعات جارێك لەبەر زگ چوون؛ ناچار بوون رایگرن. هەر لە داخائۆ دوورکەوتوونەوە ڕۆبێر دەستی کردۆتەوە بەقسەکردن. لێی سوورە بە زیندوویی ناگاتە پاریس. ویستوویەتی ئەو شتە بەر لە مردنەکەی باس بکرێ. ڕۆبێر"ل" نە کەسێکی مەحکووم کردووە نە ڕەگەزێك و نەتەوەیەکیش؛ بەڵام مرۆڤ، بۆچی نا......

کە سەر لێشێواوییەکەی تەواو دەبێ؛ روبێر"ل" لە سەرەمەرگ و لە وڕێنەکردنیشدا ئەوەندەی هۆش بووە کەس تاوانبار نەکا بێجگە لەو حکوومەتانەی کە لە مێژووی جەماوەردا ڕۆڵێکی کاتییان لە ئەستۆیە. پێی خۆش بووە لە پاش مردنەکەی بیۆشان و "د" ئەم قسانەیم بۆ بگێڕنەوە. هەر دوا نیوە ڕۆی ئەم ڕۆژە دەگەنە سنووری فەڕەنسا. ڕێیەکەیان بە ویسمبۆرگدا تێپەڕیوە. "د" تەلەفۆنی بۆ کردم. "گەیشتوینەتە فەڕەنسا. چەند ساتێکە پێمان ناوەتە ناو خاکی فەڕەنسا. بۆ دوا



نیوە ڕۆی سبەینێ لەوێین. چاوەڕێی هەواڵی تاڵتربن. نایناسنەوە، لە خواردنگەیەکدا شیویان خواردووە. روبێر"ل" لە پەیتا قسەی کردووە و شتی گێڕاوەتەوە. کە لە خواردنگە کە وەژوورکەوتووە ئەفسەرەکان لەبەری هەستاون و ڕێزی نیزامی یان بۆ داناوە. روبێر"ل" هۆشی نەبووە. قەت شتی وای نەدیتبوو. گێڕاوێتەوە؛ باسی ئازارەکانی ئەلمانی کردووە، باسی ژانی هاوبەشی هەموو مرۆڤەکان. ئەو شەوە وتبووی حەزدەکا بەر لە مردن گۆشتی "ماسی سوور" بخوا. لە ویسمبۆرگی قەڵاچۆکراودا ماسی سووریان بۆ روبێر"ل" پەیداکردووە. چەند پاروەکی خواردووە و دەستی کردۆتەوە بە قسەکردن. هێندێ سەبارەت بە "چاکە". سەردەمێك هێندی شتی لە قەشە "ڕەیکە" بیستووە و دەستی کردووە بەوتنەوەی ئەو رستە ئاڵۆزە: "کاتێ باسی (چاکە)ی مەسیحم بۆ دەکەن؛ من لەمەڕ داخائۆ دەدوێم". قسەکانی تەواونەکردووە. ئەو شەوەیان لە دەوری باڕ Bar- سۆر Sur، ئەوب Aube- تێپەڕ- کردووە. روبێر"ل" چەند سەعاتێك دەخەوێ. سەروبەندی نیوەڕۆ دەگەنە پاریس لە سەری کۆڵانی ساین بنۆ Saint-Benot هەڵوێستەیەکیان گرتووە تا بە "د" بڵێم لەوە شپرزەترە بیری لێدەکرا: لە حەوت ساڵان ڕاست بۆتەوە".

لە خوار پێ پلیکانەکانەوە دەنگێکی ڕاچڵەکیوم بیست دەگەڵ هێندێ غەڵبەغەڵب و زرمەی پێ. دوایش کرانەوەی دەرگاکان و ناڵەناڵ. هەر ئەوانە بوون. ئەوان لە ئەلمانەوە دەگەڕانەوە.

لەو دۆخە خۆم پێ رزگار نەدەبوو. بۆ رزگاربوون لە پلیکانەکانەوە بەرەو کۆڵان خلۆر بوومەوە. بیۆشان و "د"بن پیلیان گرتبوو. لە پێشخانەی قاتی یەکەمدا وێستابوون، چاوی سپی هەڵگەڕابوون.

شتی دیکەم بە جوانی لە بیرنییە. لەوانەیە چاوی لێکردبم. ناسیومێتەوە و بزەی هاتۆتێ؛ منیش لەوانەیە قیژاندبێم "نا" نامەوێ بی بینم. لێیان هەڵبڕام لە پلیکانەکان وەسەرکەوتم. دەمقیژاند. ئەوەم باش لە بیرە. شەڕ لە نێو هەراو هۆریاوە

هەڵدەستێ. شەش ساڵ بێ چرە و گوڕە رۆیبوو. کە روانیم لە نێو دەرو دراوسێ دابووم. حەولیان دەگەڵ دەدام قومێ ئارەق بخۆمەوە. لە ناڵیندا، بە زۆر دەیانکردە گەروومەوە. هیچ نایەتەوە بیرم کەی و چۆن گەیشتوومەتە بەرامبەری روبێر"ل". بەڵام لە بیرمە چۆن لە هەموو شوێنیماڵەوە دەنگی شین و ناڵین دەهات. ئەوەش کە دراوسێکان چەندەی لەبەر دەرگا وێستاون و دەرگاکانیش ئاوەڵابوون.

دواتر بیستم کە ژنە خزمەتکارەکە بۆ پێشوازی لە رۆبێر"ل" دەرگای وەژوورکەوتنی رازاندبۆوە. کە ئەو وەژووکەوتبوو؛ بە دوایدا هەرچی بە دار و دیوارەوە بووە هەمووی لێکردۆتەوە و لە پاشان چۆتەوە هۆدەکەی و دەرگای لە سەرخۆی داخستووە و بە تەنیاگریاوە.

ساتێکم لە بیرە لە پڕێکدا هەمووان بێدەنگ دەبن و من لەبەرامبەر خۆمدا ئەو بە مەزنی دەبینم، ناینا سمەوە-چاوم لێدەکا. بزەی دێتێ. لێدەگەڕێ چاوی لێبکەم. لە بزەکەیدا ماندوویەتییەکی بێ سنوور دیارە. ماندووییەك کە توانیوێتی هەتا ئێستا خۆی راگرێ. هەر لە پڕدا بە پێکەنینەکەی دەیناسمەوە. بەڵام لە مەودایەکی دوورەوە. دەتگوت لەو سەری دالانێکی ژێرزەمینیدا دەیبینم. بەو بزەی تەماوییەوە. بزەیەك بۆ لێبوردن. بزەیەکی روو لە ئاوابوون؛ دوایی بزەکە دەڕەوێ. دیسان نامۆ دەبێتەوە. بەڵام ئاشنایی هەر لە جێی خۆیەتی و ئەوە نامۆ دیارە؛ ئەو ((روبێر"ل" بە هەموو بوونییەوە". حەزی لە دیتنەوەی ماڵەکەبووە. یارمەتی یان داوە. خولێکی نێو ماڵەکەی داوە. روومەتەکانی چرچ ببوون. بەڵام لە شەویلکە هەڵنەبڕابوون. بزەی کە هەر لە چاویدا دەبینرا. کە بە چێشتخانەکەدا تێپەڕی چاوی بە کەیکی بە ڵاڵووك کەوت کە بۆ ئەویان دروست کرد بوو. ئیتر بزەی لەسەر لێو نییە: "ئەی ئەوە چییە؟" بۆی شی دەکرێتەوە. "لە چی سازبووە؟" لە گێلاس. وەرزی پیت و بەرەکەت بوو. "دەکرێ لێی بخۆم؟" "پێم وانییە، بزانین دۆکتۆر دەڵێ چی؟" دیسان گەڕابۆوە ژووری دانیشتن. لەسەر قەنەفەکە راکشابوو. "کەوایە ناکرێ



لێی بخۆم؟" "جارێ نا". "باشە بۆ؟" چونکە بە پەلە خواردەمەنی دان بە دیلە گەڕاوەکانی ئۆردووگا: لە پاریس هێندێ زیانی لێکەوتۆتەوە. ئیتر لەوەی نەدەپرسی بێ ئەو چی رابوردووە. ئیتر چاوی لە ئێمە نەدەکرد. ژانێکی قووڵ و کپ رۆخساری داگرتبوو. چونکە ئێستاش لە خوردان بێ بەری بوو. ئەو دۆخە هەروەك ئۆردووگای دیلەکان بەردەوام بوو. ئەو دیسان ئەو دۆخەی وەك ئەوێ بەبێ دەنگی قبووڵ کردبوو، فرمێسکی کەسی نەدەدی. نەشیدەزای کە ئەوان بە زۆری توانیویانە چاوی لێبکەن و وەڵامی بدەنەوە.

دکتۆر هاتووە، قڕوقپ، دەستی بە دەسگرەی دەرگاوە، هەڵبزرکاوە، بێ جووڵە، لە پێشدا چاوێکی لە ئێمە و دواییی لە لاشەی سەر قەنەفەکە کرد، تێنەدەگەیی. دوایی زانیی کە ئەو لەشە هێشتا نەمردووە. هاکا بمرێ و نەمرێ. ئەو دوکتۆرە، کە بانگی دەکا. بانگدەکا و داوای لێدەکا ئەو لەشە هەروا زیندووڕاگرێ. دوکتۆر وەژووکەوتووە و لە لاشەکە چووەتە پێش. لاشەکە بزەی بۆ دەکا. دوکتۆر لە ماوەی سێ حەوتوودا چ بە رۆژ چ لە کاتی جیاوازدا رۆژێ سێ جاران سەردانی دەکا. ئەو روبێر"ل"یی رزگار کرد. تاسەی رزگار بوونی روبێر"ل" لە مەرگ ئەویشی خۆشەویست کردبوو. ئەویش سەرکەوت.

کاتێك ئەو خەوتبوو کەیکی بەڵاڵووکەکەمان لە ژووەکە بردەدەرێ. تا سبەینێ هەروا "یاو"ی هەبوو. ئیتر باسی هیچ خواردەمەنییەکی نەدەکرد.

ئەگەر دەگەڵ گەرانەوە لە ئوردووگا دەستی بە خواردن کردبا گەدەی لە ژێر بارستایی خواردمەنیدا دەدڕا. قورسایی خواردەمەنی فشاری بۆ دڵی دێنا. ئەو دڵەی بە پێچەوانەی کزبوونەکەی لە رادە بەدەر گەورەببووە. هێندە بە توندی لێیدەدا نەبزەکانی بە زۆر نە دەژمێردران. بە شێوەیەك کە دەکرێ بڵێی دڵی لە لێدان کەوتبوو. بەڵام دەتگوت ترساوە سەیر هەڵدەلەرزی. "نا" نەیدەتوانی بشخاو نەشمرێ. بۆیە نەشدەکرا بێ خواردن بمێنێتەوە بۆ ئەوەی نەمرێ؛ گرفتە کە لەوەیدا بوو.

ململانێ دەگەڵ مەرگ زوو دەستی پێکرد. پێویست بوو دەگەڵ مەرگ پێك بێن. بە لە بەرچاوگرتنی دلۆڤانی و ناسکێتی و ناسینی هەلومەرج. بەو جۆرەش دەست پێڕاگەیشتنی هاسان بوو. هەڵبەت زۆریش نا. بەڵام هەرچۆنێك بێ رۆچنەیەك هەبوو کە دەکرا لەوێوە وتووێژی دەگەڵ دامەزرێنی. چونکە هێشتا ژیان و گیان بە دەماریدا دەگەڕا.

ژیان لە گۆشت و ئێسکی گەڕابوو. مەرگ هێرشی بۆ دێنا. سی و نۆ پلە و نیو، چل و یەك: مەرگ وەك ژێی ویلۆن هاتبووە لەرین. هەروا چل و یەك؛ بەڵام سەر و خوار؛ پێمان بوو؛ دڵ، "ئەو دڵە" لە لێدان دەکەوێ. بێوچان چل و یەك؛ مەرگ وەك کوتك زەبری دەوەشاند. بەڵام دڵ بێ زایەڵەیە. بۆ باوەڕنابێ. دڵ لە لێدان دەکەوێ. "نا".

مەشکەفی بە قسەی دوکتۆر بە کەچکی چووکە، رۆژێ شەش حەوت جار مەشکەفی دەدرایە. بە یەکەم کەچك دشڵەژا، پڕی بە دەستماندا دەکرد. پشوویەکی توندی دەکێشا و دەکەوتە سەر جێیەکەی. هەر چونێك بێ دەیخوارد. رۆژێ شەش حەوت جاریش پێویستی بە تەڕو وشککردنەوە بوو. دەستم وەبن پیل و چۆکی دەداو هەڵمدەستاند. هەروا سی و حەوت یا هەشت کیلۆدەبوو. جەرگ و ریخۆڵە و مێشك و سیپەلك، بە سەریەکەوە سی و هەشت کیلۆ دەبوو کە بەسەر ئەندامە یەك مەتر و حەفتا هەشتا سەنتیمەترەکەیدا، دابەش کرابوو. لەسەر لە گەنێکی بێهداشتی داماندەنا کە باڵنجەیەك بە لێوارەکەیەوە درابوو. "راست بەو شوێنەوە کە جووڵەتی جمکەکانی لە ژێر پێستێکی تەنکەوە دەرکەوتبوو...." ئانیشکەکانی کچۆڵەیەکی جوولەکەی ١٧ ساڵان؛ خەڵکی دەوری تامپیل Temple لە ژێر پێستێکی تەنکی باسکەکانیدا دەرکەوتبوو. دەتگوت جمکەکان؛ بە هۆی تەنکی پێستەکەوە هاتوونەتەدەرێ. بە رووتی و پاك و خاوێن دێتەدەرێ. نە لەبەر جمکەکانی دەناڵی و نە لەبەر سکی. ئەو سکەی کە جار دەگەڵ جار و بە نۆرە



دەعبا و مەعباکەیان (ئەندامە جنسییەکانیان) لێ دەرکێشابوو. روبێر"ل" تا لەسەر لەگەنەکە دادەنیشت بە قەوەتێك کارەکەی تەواو دەکرد، دەگەڵ ئەوەدا قووڕەی سك؛ دەنگێکی چاوەڕوان نەکراوو نارێك. سك خۆی بۆ رادەگیرا بەڵام قونگ بۆی نە دەکرا و ناعیلاج هەڵیدەڕشت. هەموو شتێك، لانی کەم هەرچی تێیدابایە هەڵیدەڕشت. قامکەکانیش تەنانەت نینۆکەکانیان پێ هەڵنەدەگیرا. کەچی دڵ باری خۆی هەر لەسەر شان بوو. ئەرێ، ئەو دڵە، سەریش، ئەو بارستاییە شێواو و قورس و دانسقەیە کە لەشە نیوە زیندۆوە قوت ببۆە. هێندێ شتی لە بیر بوو دەیگێڕاوە. دەیناسی و داوای دەکرد. قسەی دەکرد. سەریش وەك هەموو سەرێکی تر لە ملەوە بە لەشەوە نووسابوو. ملێکی باریك کە کە لە قولێکدا جێی دەبۆە.

ئەوەندە لەڕ و لاوازکە دیارنە بوو گیان چۆن پێیدا هاتوچۆ دەکا. کەوچکێك "کاستێر" بە زۆری پێیدادەچووە خوارێ. کیپ دەبوو. لە مابەینی نێوان شان و ملدا گۆشەیەکی پێکهێنابوو. مل لەسەرەوە بە ئێسك و پرووسکدا رۆچوو بوو. لای سەرووی بە شەویلکەکانێوە نووسابوو، دەتگوت لاولاوە و لە دەوری ئێسك و پێست هاڵاوە: لە پشت ئەوانەوە مووروی پشت دەرپەڕیبوون و دەمارەکان و قوڕگ و تەنانەت گەڕانی خوێن دەبینرا: پێستەکەی وەك پەڕی جگەرەی لێهاتووە. زنچکاوێکی کەسك و لیچقی لێدەهاتەدەر و قوڵتەی دەهات. تا ئەمڕۆ کەس پیسایی وای نەدیتبوو کاتێ لێدەبۆوە درێژم دەکردەوە.

بوونەوەرێکی لە پێ کەوتووبوو بە دوو چاوەوە کە ماوەیەکی زۆر هەڵنەدەهاتن. لەو حەڤدە رۆژەدا هەر ئەوەی دانا؛ پیساییەکەی جیاواز لە هی ئینسان. شتێك کە لە نۆبەتێ و تێکسمڕاوی و قامکی بێ نینۆك و تەنانەت لە شوخاڵی زەبری S.Sەکان زیاتر لێکی دوور دەخستینەوە. کاستێر و  زەردێنە هێلکەمان دایە. هەر لەو خواردەمەنییەی بە منداڵی بەرمەمکان دەدرێ. کەچی وەك شتێکی کەسکی توند

کاستێرەکەی دادەناوە. دەتگوت قوڕاوی قۆپییە. دەنگی تۆقینی تۆقلەکان لە نێو لە گەنەکەوە دەهات. ئەو شتە سپی و لیچقە وەك بڵغێکی گەورە دەچوو. کاتێ ئەوەی دادەنا بۆگەنیوێك هۆدەکەی دادەگرت کە دەگەڵ هەڕنەهووت و بۆگەنیوی کەلاك جیاوازیی هەبوو. خۆ ئەگەرچی بێجگە لەوە؛ بۆگەنی خەزەڵی رزیوبوو. بۆنی گەڵاڕزیوی نێو لێرەواڕێکی چڕ. ئەو بۆگەنە ناخۆش و نادیارە لەوێ بوو. حوزووری بوو. وەك زایەڵەی قورسی ئەو شەوەی ئەوی تیا دەتلاوە. تاریکەشەوێك کە لەوانەیە ئێمە هیچ کات پێی نەگەین. (پاڵم وە پەردەی پەنجەرەکەوە دابوو، کۆڵان بە بەرچاوما دەجوولا. لەبەر ئەوانەی ئەو خوارە نەیاندەزانی لێرە چ رادەبرێ حەزم دەکرد پێیان بڵێم لەو هۆدەیەوە کە دەڕوانێتە ئەوان؛ مرۆیەك لە ئۆردووگاکانی ئەلمانییاوە گەڕاوەتەوە؛ مرۆیەکی زیندوو).

بێ و نەبێ بۆ بابۆڵەیەك زبڵدانەکانی پشکنیوە و بڕێ کەوەروو شتی خواردووە. لە ئاوی ترۆمبێلەکان خواردوویەتەوە. کە دیارە ئەو شتە لە ئەقڵ بە دوور بوو. بنیادەم لە بەرامبەر شتێکی نامۆدا، بە شوێن روون کردنەوە و شرۆڤەدا دەگەڕێ. بە خۆم دەگوت: لێرە لە ژێر چاوەدێری ئێمەدا؛ جەرگ و سیپەلکی خۆی هەڵدەلووشێ. چۆن دەکرێ لەو تێبگەی؟ چۆن دەکرا تێبگەی کە ئەوەی لەو سکەدا شاردرا بۆە، شت گەلێکی نەناسراو بوو، شت گەلێکی لە ژان و ئازار؟

لەو حەڤدە رۆژەدا پیساییەکەی هەر وەك خۆی بوو. بێ ئەوەی لەو حەڤدە رۆژەدا لە شتێکی ناسراو بچێ. ئێمە هەموو رۆژی بۆنی ئەو پیساییەمان بۆ دەهات؛ بێ ئەوەی بیناسین، چاومان لێدەکرد. هەرچی لەو حەڤدە رۆژەدا دایدەنا لێمان دەشاردەوە. هەروەك ران و لاق و لەتەرو جەستە لەڕ و لاوازەکەی.

قەت رانەهاتین بە دیتنی ئەم ئەندامانە. نەدەکرا خووی پێ بگرین. باوەڕ نەدەکرا کە ئەو هێتشا زیندووبێ. هەر دەگەڵ وەژووردەکەوت و چاوی بەو جەستە شاراوەیەی ژێر مەلافەکان دەکەوت خۆی پێ رانەدەگیراو رووی وەردەگێڕا. زۆربەیان



دەرۆیشتن و ئیتر نەدەهاتنەوە. ئەو هیچکات لە ترسی ئێمە نەگەیشت، هەرگیز، تەنانەت جارێکیش. مرۆیەکی بەختەوەربوو، بێ هیچ خۆفێك نۆبەتێ تا حەڤدە رۆژ هۆشی لێ بڕیبوو.

ئاخری رۆژێك نۆبەتێ بڕایەوە لە پاش حەڤدە رۆژان مەرگ بە چۆك دادێ. ئیتر ناو لەگەنەکە خۆڕەی نایە. خەست بۆتەوە. هەروا سەوز دەبێ، بڕێك بۆگەنەکەی وەك هی بنیادەمی لێهاتبۆە. بۆیەکی ئینسانی. ئەم رۆژەش کە بۆگەنەکەی دەبڕێتەوە. یازدە لیتر "سێرۆم"ی لێدەردرێ و بەرەبەری بەیانی "یاو"ەکەی دەبڕێتەوە. لەسەر نۆ باڵنجان راکشاوە. یەك لە ژێر سەری، دووان لە ژێر باسکەکانی، دوان لە ژێر شانی، دووان بۆ دەستەکانی، دووان بۆ لاقەکانی. بە پێی ئەوەیکە هیچکام لەوانە بۆ قورسایی ئەو باش نەبوون. دەبوایە لە تووکی نەرمیانەوە پێچابا، بێ جووڵە.

ئاخری رۆژێك، سەروبەندی بەیانی نۆبەتێکەی لە گیان دەردەچێ. سەرهەڵدەداتەوە و دەبڕێتەوە. دوایی بەیانی دەڵێ: "برسیمە" دەگەڵ کەمبوونەوەی "یاو" برسێتییەکەی کەم دەبێتەوە. دەگەڵ بڕانەوەی "یاو"ەکە دیسان برسێتی سەری هەڵداوە. دوکتۆر گوتبووی: "هەرچونێك بێ دەبێ خواردەمەنی بدرێتێ. لە پێشدا گوشتی کوتراو، ئەگەر چی گوتی گۆشتی کوتراوی بدەنێ. هاوکات هەموو شتێکی بدەنێ. بەڵام لە پێشدا کەم کەمە و سێ رۆژ جارێك بۆی زیاترکەن.

پێش نیوەرۆ بۆ پەیداکردنی بەردو کۆلکەی گوشت کوتان؛ تەواوی رستوڕانەکانی گەرەکی "سێن ژەرمەن دێپرە" گەڕام. ئاخری لە رێستوڕانێکی رازاوە لە بۆلواری. سێن ژەرمەندا بەرد و کۆلکەم دۆزییەوە. بە ئەمانەت نەیاندەدامێ. بۆم باسکردن کە بۆ دیلێکی شەڕێ دەمهەوێ. زۆر نەخۆشە و لە ئەگەر و مەگەری ژیاندایە. ژنە فکرێکی کردەوە گوتی: ناکرێ بە ئەمانەتی بتاندەمێ. بەڵام بە "کرێ" دەیدەم. رۆژێ بە دەفرانك. "ئاوا". ناونیشان دراوێکم بە گرێو لە لای بە جێهێشت. نرخی ئەم گۆشتە کوتراوە بە قەدرایی چێشتی راتسوڕانەکەی تێچوو.

گۆشته کوتراوەکەی باش پێ دەکەوت. پاش سێ رۆژ ئەو جار دەستی کرد به خواردنی شتی قوورس. برسێتی؛ برسێتییەکەی پتر دەکرد. رۆژ به رۆژ زیاتر ئیشتیای دەکراوه و تێر خواردنی نەبوو. برسێتی پەرەی گرتبوو.

له کاتی خواردندا کەس به دەوری دانەدەهات. بێ دام و دەستوور قاپه چێشتەکەم بۆ دەبرد. به جێم دەهێشت و دەستی دەکرد به خواردن. بووژابۆوه. ئەوی بۆ ژیان پێویسته دەیکرد. خواردەمەنی دەخوارد. ئەوه دڵخۆشی دەرەوه بوو بۆ پڕکردنەوەی کاتەکان. زۆر چاوەڕوانیی خواردەمەنی دەبوو. هەرقووتی دەدا، بێ ئەوەی بیچێژێ. دوایی، چێشتەکەم لەبەردەمی لا دەبرد و ئەو چاوەڕێی ژەمەکانی تردەبوو.

ون ببوو؛ برسێتی جێی گرتبۆوه. بۆشایی جێی پڕدەکاتەوه. ئەو تارماییه دەبێته بۆشایی. ئەو بۆشاییه ئەو ورگ و ریخۆڵه قرچ هەڵاتوه دادەگرێ. ئەوی بیکا ئەوەیه. مل کەچ دەکا. به خۆی رادەگا. پێ راگەیشتن و خزمەتکردن شتێکی سەیره؟ چۆن له برسێتی دەگا؟ چۆن دەزانێ ئەوه ئەو کارەیەکه دەبێ ببێ. دیاره دەتوانێ. بەزرنگییەکی بێ وێنەوه، تێی دەگا.

پنچکێك له گۆشتی پەراسووی مەڕ لێدەکاتەوه. دوایی ئێسقانەکه دەلێسێتەوه. چاوی لەبەر پێیەتی. هۆشی لەوەیه ئێسکەکه بکرۆسێتەوه. دواتر پنچکێکی هەڵدەگرێ و ئەو جار سێهەم پنچك. چاویشی هەر له عەرزییه. له تاریکایی هۆدەکەدا له پەنا پەنجەرەیەکی نیوه ئاوەڵا، لەسەر کورسییەك و له نێو باڵنجەکاندا دانیشتووه. گۆچانەکەی لەبەر دەسته. له پاتۆڵەکەیدا لاقی وەك دارشەقەکانی دەلەرزێن. ئەگەر تاووبان بێ تیشك له پێستی دەستییەوه دەچێتەدەر. دوێنی ورکەنانی سەر عەرز و سەر کۆشی کۆدەکردەوه. به حەول و دەولەوه ئەو کارەی دەکرد. ئەمڕۆ هێندێك لەورکه نانەکانی کۆنەکردۆتەوه.



له کاتی خواردندا به تەنیا جێی دەهێڵم. ئیتر بۆ هیچ کارێك یاریدەی ناکەین. ئەوەندەی هێز وەبەر هاتۆتەوه بتوانێ چەنگاڵ و کەچکەکەی به دەستەو بگرێ. بەڵام گۆشتەکەی بۆ لەت دەکەم. که چێشتەکەی له پێش دادەنێین به جێیدەهێڵین. له دیوەکەی تەنیشتییەوه له قسەکردن خۆدەبوێرین. بەسەر پەنجه دەڕۆین. له دوورەوه چاوی لێدەکەین. خەریکی کاری خۆیەتی. هۆشی زۆر به چێشتەکەوه نییه، ئێستا کەمتر سەرنجی ئەو شتانەدەدا. دەڵێی سێڵاو هێنانویێتی. له کاتی خۆیدا چێشتەکەی بۆ نەیه دەست دەکا به بۆڵەو پرته. دەڵێ: ریزی لێناگیرێ. دوێنی دوانیوەڕۆ دەرگای یەخچاڵەکەی (ثلاجة) کرد بۆوه، بۆ نان خواردن. به دزییەوه خەریکی خواردنه. که پێی دەگوترێ دەبێ وریای زۆر نەخوا، دەست دەکا به گریان.

له دەرگای هۆدەکەوه چاوم لێدەکرد، نه دەچوومه ژوورێ، پازده بیست رۆژان چاوم له خواردنەکەی بووه. بێ ئەوەی هەست به چێژ و لەزەتێکی هەمیشەیی بکەم. وەها چێژێك زۆر جاران وەگریانی دەخستم. چاوی لێنەدەکردم. له بیری چووبوومەوه.

گیانێکی دەلەش گەڕاو.

منیش هەروا. دەستم کردۆتەوه به خەو و خواردن. قورستر بوومەتەوه. دەژیین. وەك ئەو منیش حەڤدە رۆژان ئیشتیای خواردنم نەکرد. منیش وەك ئەو؛ حەڤدە رۆژه خەو نەهاتۆته چاوم. یا لانی کەم پێموایه نه خەتووم. له راستیدا پتر له دوو سەعات خەوم نییه. بگەمه هەر جێیەك خەو دەمباتەوه. بەترسەوه رادەپەڕم. ترسێنەره. هەموو جارێ پێموایه کاتێ من خەوم لێکەوتووه ئەم مردووه. شەوانه "یا"و لێم نابێتەوه. ئەو دوکتۆرەی هاتبوه سەر ئەو؛ نیگەرانی منیش بوو. دەرزیم بۆ دەنووسێ. دەرزییەکه له رانمدا دەشکێ. رانم دەڵێی گیراوه. پەرستار نایهەوێ دەرزیم لێبدا. بێ خەویی چاومی لێڵ کردووه. له رۆیشتندا دەست به مێز و کورسییەکانەوه دەگرم. بەر پێم لێژ دەبێ، دەترسم نەکا هەڵخلیسکێم. هەر لەو

گۆشتە دەخۆم کە دەبوو بۆ ئەوی لێ بنێم. گۆشتەکە وەك کاغەزی لێهاتووە. وەك لۆکە. هیچی تر لێنانێم، لە قاوە زیاتر.

هەست دەکەم دەگەڵ ئەو مەرگەی بە ئاوات دەمخواست مەودایەکی وام نییە. ئیتر بۆم گرنگ نییە. تەنانەت مەرگیش. ئیتر بیری لێناکەمەوە. "بوونم" ئەمدیو ئەودیو بووە. ئەوی لێم ماوەتەوە ژنێکە کە لە وەخەبەر هاتنیدا خۆف دایدەگرێ. ژنێك کە حەزدەکا لە جێی ئەو بێ؛ لە جێی ئەو پیاوە. ئەوەیە هەموو کەسایەتیەکەم، ئەو ئاواتە یانی ئەگەر روبێر"ل" لە خراپترین دۆخیشدا بێ ئەو حەز و ئاواتە هەروا بە هێزە چونکە هەروا زیندووە.

ئەو دەمەی کە براچووکە و منالە ساواکەم لە دەست چوو لە پێشدا هەستم بە ژان نەکردبوو. ژانێك کە دەکرێ بڵێی زۆر بەر چاونەدەکەوت سەرچاوەکەی لە رابردوودا بوو.

لێرە هیوا لەو پەڕی خۆیدایە و ژانیش بە هیواوە گرێ دراوە. زۆر جاران پێم سەیرە نامرم. خەنجەرێك بە گۆشتی لەشدا رۆچووبێ و بنیادەم بە رۆژ و شەو بۆ بەرماوەی "بوون" دەژی.

گیانێکی دەجستەگەڕاو.

بە تەلەفۆن ئاگادار کرابووینەوە. مانگێك دەبوو هەواڵەکەمان شاردبۆوە. پاش ئەو ماوەیە بوو کە ئێمە کاتێ دیتمان هێزێکی وەبەر هاتبووە و لە ناوەندێکی دیلەکانی شەڕ لە "وێری یەر، لو، بۆئیسۆن Verriér-le-Buisson" دەماوە هەواڵی جوانەمەرگ بوونی ماری لوئیز"ل"ی "Marie-Louise L" خوشکیمان پێدا. ئێستا دەکرێ ئەو شتەی تائێستا لێمان شاردبوویەوە پێتی بڵێین: "کوتی: ئێوە مەرگی ماری لوئیز"ل" لە من دەشارنەوە". هەتا کازیوەی بەیانی پێکەوە لە هۆدەکەدا بووین. بێ ئەوەی باسێك لەو ژنە (ماری لوئیز) بکەین. تەنانەت جارێکیش. من



رشامەوە. پێموایە هەمووان رشانەوە. ئەو پەیتا پەیتا وشەی "بیست و چوار ساڵەی" دووپاتەدەکردەوە. لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو، دەست بە گۆچانەوە بەڵام فرمێسکی هەڵنەدەوەراند.

گیانێکی دەلەش گەڕاو.

گیانێك دیسان بە بەرلەشدا کرا بۆوە. تەنانەت دوو بەرامبەر. دوایی رۆژێك لە رۆژان پێم گوت کە دەبێ لێك هەڵبڕێین، کوتم: حەزدەکەم منداڵێکم لە "د" هەبێ. کە ئەمەیان لەبەر مانەوەی ناوبانگە. ئەو ناوەی کە منداڵەکەم دەیپارێزێ. داوای لێکردم ئەگەر دەکرێ رۆژێ یەکتر ببینین. کوتم: نا. ئەوە دوو ساڵە ئەو داخوازییەم هەیە، لەو رۆژەوە "د"م دیتبوو. پێم گوت: کە ئەگەر کەسێکیش بە ناوی "د" نەبوایە حازر نەبووم دەگەڵ تۆ دەست بکەمەوە بە ژیان:

ئەو نەیپرسی کە بۆچی دەمهەوێ بە جێی بێڵم و منیش لەسەری نەڕۆیشتم. جارێك لە سێن — ژۆریۆتس St-jorion لە قەراغ چۆمی ئانسی Annecy یەکترمان دیتەوە. لە ئاسایشگای تایبەتی بەرماوەکانی شەڕ. شتێکی وەك میوانخانە لە قەراغ جادە. خەزەڵوەری **١٩٣٥**. هێرۆشمیا. هەر ئالێرەیە لە رووداوە کە ئاگادار دەکرێین. بە خۆدا هاتۆتەوە و قەڵەو بۆتەوە، خۆی ناکێشێ. هەر بەو گۆچانە بە رێدا دەڕوا کە لەوە پێش پێم دیتبوو. گۆچانێکی داریی ئەستووری بۆر. جاری وایە دەڵێ دەیهەوێ هەموو شتێ بە گۆچانەکەی ورد بکا. دیوارەکان؛ کەلوپەل، دەرگا و پەنجەرە؛ بێجگە لە مرۆڤەکان هەرچی لەسەر رێی بێ. "د" لێرەیە. لە قەراغ زەریای ئانسی. دراوێکی ئەو تۆمان پێ نییە تابچینە میوانخانەیەکی وا بۆ خۆمان پوولەکەی بدەین. ئەو رۆژانە لە سایۆ Savoie لە پەنامان نای بینم. بیانییەکان دەورەیان داوە. کەچی هەروا بە تەنیا، بێ ئەوەی تۆسقاڵێك لە بیرۆکەی مێشکی بدرکێنێ؛ لەسەرەخۆیە. پەشێویشە — لە قەراغی جادە، دەمەدەمی پەیانی، بابەتێك بە درشتی لەسەر دێڕی رۆژنامەیەك: هێرۆشیما. دەڵێ دەیهەوێ شتێك

پێکدادا. دەڵێی: تووڕەیی بەر چاوی گرتووە، تووڕەییەك کە ئەو دەبێ بەر لەوەی بێتەوە سەر ژیانی ئاسایی؛ بی نیشێنێتەوە، پێموایە، دوایی سەبارەت بە هێرۆشیما دەگەڵ "د" دەدوێ. "د" باشترین هاوڕێیەتی. لەوانەیە هیرۆشیما یەکەم شتێکە کە جیا لە ژیان؛ هەستی پێدەکا. لە دەرەوە بۆی دەڕوانێ.

جارێکی تر؛ بەر هەیوانی کافەی فلیۆر، بەر لە رۆیشتن بە بۆ سایۆنا. تاووبانێکی گەرمە. بە دڵ و گیان ویستبووی سەردانێکی کافەی فلیۆر بکات. گوتبووی: "هەر بۆ دیدەنی" لە کاتێکدا دەی بینمەوە کە خزمەتکارەکان بۆ حورمەت و رێزلێنان دێنە لای. دەگوڕێنێ و نووکی گۆچانەکەی دەعەزر دەکۆتێ. نیگەرانی ئەوەم نەکا جامەکان بشکێنێ. خزمەتکارەکان مات و مەلوول لێی دەڕوانن، بێ دەنگ. دوایی دەبینم کە دادەنیشێ. ماوەیەکی زۆر بێ دەنگ دەبێ.

دواتریش، دیسان هێندەی پێ چوو.

**یەکەم هاوینی ئاشتی بوو، هاوینی ١٩٤٦**

بەستنێك لە ئیتالیا لە نێوان لیوورنە Livourne و لاسپریا Laspeziaە ئێستا سالێك و چوار مانگە لە ئۆردووگا گەڕاوەتەوە. چەند مانگێکە بە هەواڵی مەرگی خوشکی و لێك دابرانمانی زانیوە.

ئەو لێرەیە. لە قەراغ زەریا. دەگاتە هەر کەس چاوی لێدەکا. کەسانێك کە نایانناسم. ئەو جۆرە روانینەی؛ راست لەو وێنەیە دەچێ کە لە زەینم دابوو. یەکەمین وێنەی مەرگی ئەو لە ئەلمان. ئەودەم کە لە پاریس چاوەڕێی بووم. جاری وایە بۆ ماوەیەکی زۆر، لە حالێکدا کە چاوی دەعەرزی بڕیوە، بێ دەنگ دەبێ. هێشتا نەیتوانیوە باوەڕ بکا خوشکەکەی مردووە. بیست و چوار ساڵان، کوێر، بە لاقی سەرما بردۆوە، سیلدار، لە راوێنسبێرووکەوە؛ بە فرۆکە بەڕێی کۆپێنهاك



کراوە. ئەو رۆژە بە گەیشتنی ئەوێ دەمرێ. ئەو قەت باسی خوشکەکەی ناکا. نێویشی ناهێنێ.

کتێبێکی نووسیوە لەسەر ئەو شتانەی لە ئەلمان بە سەری هاتووە. رەچەڵەکی مرۆڤ دەگەڵ تەواوبوونی ئەم کتێبە و بڵاوبوونەوەی، ئیتر باسی لە ئوردووگای دیلەکانی ئەلمان نەکردووە. ئیتر ئەو شتانەی نەهاتەوە سەرزار، هەرگیز، قەت ناوی کتێبەکەشی نەدەهێنا. رۆژێکە "شنە" هەڵیکردووە.

خەیاڵی مەرگی ئەو لەبەر ئەو ئاوو بایە تەواو دەبێ.

من لە پەنا ژینەتا راکشاوم. لێژایی بەستێنمان پێواوە و تا ناخی قامیشەڵان چووینەتە پێش. رووت بووینەوە. لە فێنکایی ئاوەکە دێینەدەر، خۆر فینکاییەکە هەڵدەقرچێنێ. بەڵام هێشتا تێکی نەداوە. بۆ پاراستنی پێست باشە.

لە کەلەکەکانمەوە؛ لە بوودڕێکەوە؛ لەسەر پێستی گیانم، هەست بە لێدانی دڵم دەکەم، برسیمە.

بەسەر چلۆوکی قامیشە ڵاندا، قەد و لاپاڵی بە بەفرداپۆشراو ، کانگای بەردی مەڕمەڕی کارار Carrare بەرچاودەکەوێ. لە سەرووترەوە قەتارەی کێوە بەرزەکان لە سپیاییدا دەدرەوشێنەوە. بەو لای تردا، لە مەودایەکی کەمەوە "مۆنت مارچلۆ" Monte-Marcello دیارە. کە راست لەسەر زارکی لاماگرایە Lamagra ئاوایی مۆنت مارچلۆ دیارنییە. تەنیا تەپۆڵکێك دیارە. هەنجیرستانێکی چڕیش دەگەڵ دارکاژەکانی دواین نیساری ژێر لوتکەکە. دەنگی پێکەنین یان دەبیسترێ., بە تایبەت قاقای "ئالی یو". ژینەتا دەڵێ: "گویڕاگرە راست لە منداڵ دەچێ". رۆبێر"ل" پێ ناکەنێ. لە ژێر سێبەری خیۆەتێکا راکشاوە. هێشتا تاقەتی بەر تاوی نییە. چاوی لە کایەی ئەوانە.

شنەی بایەکە ناگاتە نێو قامیشەڵانەکە. بەڵام دەنگە دەنگی بەستێنمان بۆ دێنێ. زۆر گەرمە. ژینەتا لیمۆیەکی لەت کراوی دەنیۆ کڵاوەکەی ناوە. لەتێکم بۆ رادەدێرێ. لیمۆکە لەسەر زاریدا پچڕاومان دەگوشین.

دڵۆپ دڵۆپ لیمۆ دەڕژێتە گەرومانەوە. تێکەڵ بە برسێتیمان دەبێ. رادەی قووڵایی برسێتیمان دەردەخا. ژینەتا پێی وایە لیمۆ باشە. باشترین میوەیەکە بۆ بەرەکانی دەگەڵ گەرما. دەڵێ: چاولێکە؛ لیمۆکانی "دەشێ کارارچ" گەروەن! توێکڵە ئەستوورەکەیان لەبەرامبەر تاودا دەیانپارێزی و نایەڵی هەڵقڕچێن. شیلەکەیان لە ئی پرتەقاڵ دەچێ. بەڵام تامیان بڕێك تفتە.

دەنگی یاریزانەکان هەروادێ. بەڵام دەنگی ئەو، روبێر"ل"نایە. لەو بێدەنگییە دایە ئێستا شەڕ هەر درێژەی هەیە و لە نێو "با" و تەپوتۆزدا لە زایەڵەکەوتووە. ژینەتا دەڵێ: "بەداخم بۆچی لەمەوبەر نەمتوانیوە دەگەڵتان ئاشنابم. لەو سەردەمەدا کە چاوەڕێی روبێر"ل" بووی. وادەزانێ کە روبێر"ل" پیاوێکی باشە. پێیوایە بەو زووانە خۆی بێ سەر و شوێن دەکا. ژینەتا ئەوەی لە رێکردنەکەیدا خوێندۆتەوە. لە جووڵانەوەی بە حاستەم و بە زەحمەتەوە.

ژینەتا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: چونکە لەوە پێش نەیناسیوە ناکرێ زۆر پشت بە قسەکانی خۆی ببەستێ. بەڵام نیگەرانی ئەوەیە کە لەوانەیە ئەو هەرگیز نەتوانێ هێز و گوڕی سەردەمی بەر لە ئوردووگای خۆی بگرێتەوە.

بە بیستنی ئەو ناوە؛ ناوی روبێر"ل" گریانم دێ. لە پەستا دەگریم. گریان بۆتە بەشێکی ژیانم. "ژینەتا" داوای لێبوردن دەکا و بێ دەنگ دەبێ.

ئەو هەمووە رۆژە بەو هیوایەیە کە من بتوانم باسی ئەو پیاوەی بۆ بکەم و من نەم توانیوە. بەڵام ئەو رۆژە پێم گوت کە پێم وابووە رۆژێك بتوانم لەسەری بدوێم. هەروەها برێك شتم (هەڵبەت کەم) لەسەر ئەو گەڕانەوەیە نووسیوە. کە هەوڵم داوە



هێندێك لە سەر ئەم عەشقە بدوێم. راست لەو کاتەدا بووە؛ یانی لە کاتی سەرەمەرگدا بووە کە توانیومە ئەو پیاوە، روبێر"ل" بە باشی بناسم، بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لە زاتی بگەم هەر ئەو، نە هیچ کەس و نە هیچ شتێکی تر لەو دنیایە. هەروەها سەبارەت بە چاکەی روبێر"ل"ش لەو دنیایە دواوم.

ئەو چاکەیە تایبەتی ئەو بووە، ئەو چاکەیەی کە هەر دەگەڵی بووە: لەو بەری ئوردووگاکانەوە، لە عەشق و موتاڵاو زانست و سیاسەتدا و لە هەر شتێکی لە تاریف نەهاتوو کە لە زەمەندایە. هەموو ئەوانە لە سایەی سەری ئەوەوەیە. بەو پێیەش بەرووبووی ناهومێدی لە گشت کەسێکیشە. گەرما، تاقەت پرۆووکێن بووە. دیسان شۆرتی مەلەکردنی پۆشیوە. پانایی بە ستێنمان بە سێ چوار شەقاو پێوا و راست خۆمان بە زەریادادا.

ژینەتا زۆر چووە پێش، من لەوێ، لە قەراغێ مامەوە.

سروە، کەوتبوو. یا باشتر بڵێم رۆژێکی تر بوو بێ "با".

یا باشترە بڵێمساڵێکی تربوو، هاوێنێکی تر و رۆژێکی تر بێ "با".

زەریا تەنانەت لەو شوێنەی ئێمەی لێ بوو، لە ژێرنیگای ئێمەدا شین دەچۆوە. شەپۆلی نەدەدا. گێژی دەخوارد. ئەویش هێدی. دەتگوت هەناسەی خەوێکی قوورسە. ئەوانی تر دەستیان لە یاری هەڵگرتبوو، لەسەر خاولییەکانیان و لەسەر خێزەکە هەڵتروشکابوون. ئەو هەستا. رووە و زەریا رۆی. لە پشت چاویلکەکانییەوە چاوی چووکە دەکردەوە. بە من پێدەکەنی: ورد ورد سەری بۆ دەلەقاندم. وەك کەسێکی حەزی لە شۆخی بێ. دەمزانی ئاگای لێیە. دەزانی کە سات بە سات بیرم لێ کردۆتەوە "ئەو لە ئوردووگای دیلەکاندا نەمردووە".

## ئاغای X، لێرەدا مەشهور بە "پییەر رابییەر" Pierre Rabier

ئەو باسە؛ گێڕانەوەی ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە. تەنانەت وردەکارەکانیشی لەبەر خاو و خێزانی پیاوێك کە لێرەدا بە "ڕابییەر" ناسراوە. هەتا ئێستا نەمویستبوو بڵاوی بکەمەوە. ئێستاش بە مەرج. یانی بێ ئەوەی ناوی خودی کابرا بێنم. بە دانانی ناوێکی خوازراو وەك "ڕابییەر" رازی دەبم لە چاپ بدرێ. هەڵبەت ئێستا چل ساڵی بەسەردا هاتووە منیش پیر بووم. وای دانێین گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە داوێنی هێندێ کەسیش بگرێتەوە، بەڵام بە ڕادەی سەردەمی لاویان لە دڵ گران نایە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەکە بۆچی ئێستا؟ یان بۆ لێرە؟ ئەویش وەها گێڕانەوەیەك دەبێ بڵێم بە ڕاستی شتێکی تۆقێنەر بوو. مەترسی بۆ ژیان هەبوو. تا ئەو جێیەی کە بنیادەم مەرگی بە ئاوات دەخواست. لەوە زیاتر چ نەبوو. هیچ کاتیش ڕێی نەکەوتوەتە گۆڕەپانی ئەدەبیاتەوە. دواتر؟

دواتریش سەر لە نوێ بە دڕدۆنگی نووسیمەوە. بە دوودڵی بە هەڤاڵان، بێخوێننەوە (بە هێرۆ لوماسۆن Herre Lemason و یان ئاندرێ Yann Andrea) هەرکیان پێ داگربوون لەسەر ئەوە کە دەبێ لە چاپ بدرێ. هۆیەکەشی لەبەر چۆنێتی باس و تاریفی من بوو لە رابییەر، هەروەها شێوە ژیانێکی ئاڵۆز لە گوێڕایەڵی دا؛ گوێڕایەڵییەکی تەواو. شتێ کە زۆر جاران جێی زانست و ئەخلاق و فەلسەفە و مەعنەویات دەگرێتەوە.



ئەو شتە تایبەت بە دنیای پۆلیسی نییە.

بەیانی ڕۆژی شەشی ژوئەنی ١٩٤٤. هۆڵی گەورەی چاوەڕوانیکردن لە بەندیخانەی فرێن Fresnes. هاتووم بوخچەیەك بۆ مێردەکەم بنێرم کە شەش ڕۆژ لەوەپێش؛ لە یەکەمی ژوئەندا گیرا.

ئاژیری خەتەر لێدەدرێ. ئەڵمانییەکان دەرگاکانی تەلاری چاوەڕوانی پێوەدەدەن و بە جێمان دەهێڵن. دەوروبەری دە کەسین. کەس وستەی نایە. هاش و هوشی فڕۆکەکان لە ئاسمانی پاریسدا دەبیسترێ. دەنگێکی نزم و پێ داگردەبیستم کە ئەم ڕستەیەم لە گوێ دەخوێنێ: ((ئەوان ئەمڕۆ سەعات ٦ی بەیانی لە کەشتی دابەزین)).

کە ئاوڕدەدەمەوە؛ پیاوێکی گەنجە. بە هاوارێکی لە گەروو خنکاودا؛ دەڵێم: "وانییە ئەو دەمگۆیانە بە وڵات وەرمەکەن". پیاوە گەنجەکە دەڵێ: "درۆنییە" متمانە بە قسەی ئەم لاوە ناکەم". هەمووان دەگرین. ئاژیر دەبڕێتەوە. ئەڵمانییەکان بەرەو تەلارەکە دەگەڕێنەوە. ئەمڕۆ بوخچەکان وەرناگرن. دەگەڵ گەڕانەوەم بۆ کۆڵانی "ڕەن" لە پاریس؛ لە ڕێوە لە ڕوخساری دەرووربەرییەکانم دەڕوانم. وەکو شێت چاولێك دەکەن. پێدەکەنن. پێشی پیاوێکی گەنج دەگرم. لێی دەپرسم: " ئەرێ ڕاستە؟" وەڵام دەداتەوە "ڕاستە" وایە.

تا ڕاگەیاندنێکی تر بە ڕێکردنی بوخچەی بژیوەکانیان ڕاگرتووە. چەند جارێك دەچمە فرێن Fresnes: بێ فایدەیە. ناچار بڕیار دەدەم بۆ بەرێکردنی بوخچەکە ئیزنی تایبەت لە کۆمیسارییای کۆڵانی سۆسە وەرگرم. ژنێکی دەستەخوشکم کە سکرتێری ئاسایشە؛ قبوولی دەکا لە لایەن بەرپرسەکەوە تەلەفۆن لە دوکتۆر کیەفێر Kieffer (شەقامی فۆش) بکا تا ڕاسپێردەیەك بۆ کارە کە جێبەجێ بکا.

کارتی بانگهێشتنی بۆ دەنێرن. مونشی دوکتۆر کیەفێر وەری دەگرێ. پێی دەڵێ: "بچێتە دەفتەری 415 E4. لە قاتی چواری کۆنە ماڵێك لە کۆڵانی سۆسە.

راسپێرەکەم بێ وەڵام دەمێنێتەوە. ئەو هەمۆ رۆژە لە کۆڵانی سۆسە چاوەڕێ دەبم، ریزی جەماوەر سەت مەتری رێرەوەکەشی گرتووە. چاوەڕێ دەبین. بێ ئەوەی بتوانین بچینە نێو مەقەڕی ئەلمانییەکانەوە. بەهەر حاڵ لە ریزدا دەوێستین. بەڵکو بتوانین بچینە ژووری. سێ رۆژ، چوار رۆژ، ئاخری بۆم دەلوێ لە دەفتەری "ئیجازەنامەی بوخچەکان" باسی راسپاردەکەم بۆ سکرتێری دوکتۆر کیەفێر بکەم. لە پێشدا دەبێ بچمە دەفتەری 415 و پیاوێك بە ناوی هێرمەن Herman بینیم. هەتا نێوەڕۆ ماتڵ دەبم. جەنابی هێرمەن لەوێ نییە. کچە سکرتێرەکەی نووسینگەی هاوسێی نووسراوەیەکم دەداتێ کە: "ئیزنم هەیە سبەی بەیانی دیسان بێمەوە" دیسان جەنابی هێرمەن لەوێ نییە.

سەر لەنوێ هەتا نیوەڕۆ چاوەڕێ دەبم. ئەمڕۆ هەشت رۆژ لە هاتنی هاوپەیمانان تێپەڕیوە. لە روخساری ئەفسەرە پایەبەرزەکانی ئەلماندا شکست بە دی دەکرێ. مۆڵەتی بەرگەی گوزەرەکەم دوانیوەڕۆ تەواو دەبێ. من لەخۆوە بە شوێن ئەو کچە سکرتێرەدا دەگەڕێم کە دوێنێ دیتبووم. دەسکەوتی ٢٤سات چاوەڕوانیم لە دەست دەچێ. پێش بەو پیاوە چوار شانەیە دەگرم کە بەرارەوەکەدا تێدەپەڕێ و تکای لێدەکەم مۆڵەتی بەرگەی گوزەرەکەم هەتا شەوێ بۆ زیاد کاتەوە. داوای "فیشم لێدەکا. پێشانی دەدەم. دەڵێ: " دەڵێ ئەوە پێوەندی بە ئیدارەی کۆڵانی دۆپێن Dupinەوە هەیە".

ناوی مێردەکەم دێنێ و دەڵێ کە بۆ خۆی دەسگیری کردووە. لە یەکەم پیشکنیندا بەشدار بووە. ئەو کابرایە جەنابی Xە. کە لێرەدا بە "پییەر رابییەر" ناوی دێنم. فەرمانبەری گشتاپۆ.

- ئێوە کەس و کاری ئەون؟

- خێزانیم.



- ئەها دەی دەی. هەروەك دەزانن ئەم کارە چەرمەسەریی زۆرە......

- هیچ شتێ لە پییەر رابییەر ناپرسم. ئێجگار خۆی ماقووڵ دەنوێنێ. بۆ خۆی بەرگەی گوزەرەکەم بۆ تازە دەکاتەوە. دوایی دەڵێ: سبەێنێ هێرمەن لێرە دەبێ.

سبەێنێ بۆ وەرگرتنی ئیجازەی تایبەتی بوچخەکان دەچمەلای هێرمەن. دیسان رابییەر دەبینم. لە دالآنەکەدا چاوەڕێی دەبم. بە دەرگایەکدا دەچێتە دەرێ. ژنێکی نیوە بێهۆشی لە باوەشدایە کە جل و بەرگەکانی خووساوە و هەڵبزرکاوە.

رابییەر بزەیەکی دێتێ و دوور دەکەوێتەوە. چەند سات دواتر ئاوڕێك دەداتەوە و دیسان بزەی دێتێ.

- "ئەوە ئێوە هەروا چاوەڕێن؟"

- دەڵێم: "گرنگ نییە. باسی رووداوەکەی دایرەی دۆپین دەکا.

- سەربازیەکی بە تەواو مانابوو. دواتر لەسەر مێزەکە؛ ئەو خەریتەیە..... باسێکی زۆر گرنگە.

دوایش چەند پرسیار لە من — کە "ئەرێ ئاگادارم لەوەی مێردەکەم ئەندامی بزووتنەوەی بەرگرییە؟ ئەرێ ئەوانەی لە کۆڵانی دۆپین دانیشتەجێن دەیانناسم؟"

"دەڵێم: هێندێکییان بە حاڵ دەناسم. بەڵام بە گشتی هیچ ناسیاوییەکم دەگەڵیان نەبووە و خەریکی نووسینی کتێبەکەم بووم و لەوە زیاتر کارم بە هیچ شتێ نییە".

لە وەڵامدا دەڵێ: "ئاگادارە، دەڵێ: مێردەکەم ئەوانەی پێ گوتووە، تەنانەت لە کاتی دەستگیرکرانیدا دوو بەرگ لە کتێبەکانمی لەسەر مێزی وەتاغەکە دیتۆتەوە. لە درێژەی قسەکانیدا بە پێکەنینەوە دەڵێ: کتێبەکانیشی دەگەڵ خۆی بردووە. لەوە زیاتر چم لێ ناپرسێ. ئاخری راستییەکان دەدرکێنێ. دەڵێ: ناتوانێ ئیجازەی تایبەتیم بۆ بەرێکردنی بوخچەکان بۆ جێبەجێ بکا. چونکە دەرکردنی ئەو جۆرە

ئیجازەنامانە هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام دەکرێ بە خاوەن پلەیەکی ئەڵمانیدا کە لە لێکۆڵینەوەی دیلەکاندا بووە بوخچەکان بەرێکەن.

ئەو خاوەن پلەیە هەر ئەو هێرمەنەیە کە سێ رۆژە چاوەڕێی دەکەم. ئاخری لە دوایین ساتەکانی ئێوارەدا دەگاتێ. سەبارەت بەو رێیەی رابییەر بۆی کێشام پرس و رای پێدەکەم. دەڵێ: "ناکرێ مێردەکەم ببینم". بەڵام ئەو حەول دەدا بوخچەکان بدات بە مێردەکەم یا دشەکەم. دوایش دەڵێ: "دوانیوەڕۆ بوخچەکانی بۆ بەرم. لە نووسینگەی هێرمەن دەچمەدەرێ و تووشی رابییەر دێمەوە. بە بزەوە دڵخۆشیم دەداتەوە: "مێردەکەم تیرە باران ناکەن ئەگەر چی دوو کتێب و خەریتەیەکیان لەسەر مێزی دیوەکەی دیوەتەوە کە بە پێی ئەوە بڕیار بووە دامەزراوەکانی ئەڵمان بتەقێتەوە".

تەواو دوورە پەرێزبووم. پەیوەندیی تەلەفۆنی دەگەڵ "د" تەنیا پەیوەندییمە دەگەڵ دنیای دەرەوە. بەیانیان جارێك و ئێوارە جارێك تەلەفۆنم بۆ دەکا. سێ حەوتوو رادەبرێ. هێشتا گشتاپۆ پشکنین نەهاتووەتە ماڵەکەم. بەو جۆرەی لە رووداوەکانەوە دیارە وێناچی جارێ بێن. داخوازییەکیان بۆ دەنووسم کە دەست بە کارەکەم بکەمەوە. داواکەم وەردەگیرێ. فەرانسوا مۆرلەن سەرۆکی ئەو بزووتنەوەی تێیدا ئەندامین. بۆ پێوەندییەکانی خۆی پێویستی بە نوێنەرێکە و داوام لێ دەکا تا جێگرێك بۆ فرێ بدۆزمەوە کە دەڕوا بۆ تۆلۆز Tolouse بۆ خۆم ئەو ئەرکە دەخەمە ئەستۆم.

یەکەم شەوی مانگی ژوئیە سەعات ١١ و نیوی بەیانی دەبێ لەتەدارەکی پێوەندیی دوپونسۆ Duponceau "نوێنەری ئەو کاتی رێکخراوی میللی بەندی و دیلەکانی شەڕ لە سوپس" دەگەڵ گودارت Godart (بەرپرسی نووسینگەی هانری فرەنای Henry Fresnay ئەو وەزیرەی بەسەر دیلەکان رادەگەیشت". دابم. بڕیار وایە لە چوار رێیانی بولواری سێن ژەرمەن و شەقامی پارلمان، لە گۆشەی بەرامبەر پەرلمان چاومان بەیەك بکەوێ. لە کاتی دیاریکراودا دەگەمێ. دۆپۆنسۆ دەبینم. دەچمە



لای و بەو جۆرەی لە نێو ئەندامانی بەرگریدا؛ لە رۆژی شانازیدا باوە، بە رواڵەتێکی ئاسایی و بە هێمنی بە قسەکردن.

پاش نزیك بە پێنج چرکە دەبیستم یەکێ لە مەودایەکی نزیکەوە. بانگم دەکا: "پییەر رابییەرە" بە شەقەی قامك بانگم دەکا. روخسارێکی جیددی هەیە.

مەزەنەی ئەوە دەکەم ئاشکرا بوبێین. بە دۆپۆنسۆ دەڵێم: "نێردراوی گشتاپۆیە، کارمان کراوە". بێ دڕدۆنگی دەچمە لای رابییەر، بێ سەر و سڵاو دەپرسێ:

- "دەمناسی؟"
- "بەڵێ"
- " لە کوێ دیوتم؟"
- "لە کۆڵانی سۆسە".

حوزووری رابییەر هەم دەکرێ بە رێکەوت بێ، هەم ئەوەی کە بۆ گرتنمان هاتبێ. ئەگەر وایە ترۆمبیلی "١١ سەبکی" پلیتزیا لە پشتەوەی خانووەکە چاوەڕێمانە.

ئیتر زۆر درەنگە.

بە بزەیەکەوە بە رابییەر دەڵێم: "بەدیتنتان خۆشحاڵم. چەند جار هاتم بۆ مەقەڕی کۆڵانی سۆسە چاوم پێتان بکەوێ، ئێستاش لە مێردەکەم بێ خەبەرم....."

گرژیی روخساری دەڕەوێ. بەڵام ئەو حاڵەتە هیچ دڵخۆشم ناکا. رووگەش و خۆمانە دەجووڵێتەوە. هەواڵی تازەی دشەکەمم دەداتێ. دەڵێ: "دیتوویەتی و ئەو بوخچەکەی بۆ هێرمەن بووە، داوێتی بە دەستی ئەو". مێردەکەمی نەدیتوە بەڵام دەڵێ: "خەبەری هەیە کە بوخچەکەی پێ گەیوە".

هیچی دیکەم لە قسەکانی رابییەر لە بیر نەماوە. هەڵبەت لە بیرمەکە دۆپۆنسۆ بۆ ئەوەی ونم نەکاو پێوەندییەکە نەپسێتەوە لە جێی خۆی نە بزووتبوو. ئەو جارە

گۆدار دەگاتیّ: "نازانم چ مۆجیزەیەك رووی داوە نایەتە لام. لەوە ترسام پێی وابیّ رابییەر، دۆپۆنسۆیە و بیّ دەگەلْم تەوقە بكا. بەلاّم وای نەكرد. ئێمە (من رابییەر) نزیك پێنج مەتر لە پێشەوە و پێنج مەتر لە دواوە مەودامان دەگەلْ ئەو دوو هەڤالْەیە. ئەو حالْەتە زیاتر لە شانۆیەكی تراژێدی دەچیّ و كەس وە پێكەنین ناخا. ئێستاش بە خۆم دەلْێم: "چۆن بوو رابییەر لە دلْە كوتەكەم نەگەیی؟ لێم سوورە هەلْبزركا بووم و ددانم لەسەریەك داگرتبوو بۆ ئەوەی شەقەی ددانم نەیە".

رابییەر دەلْیّ: هۆشی زۆر بەسەر ئەو شتانەوە نییە. دە دەقیقەیەك قسەدەكاو من گوێی نادەمیّ. هیچ. لەوانەیە گوێی پیّ نەبزویّ. دەگەلْ تێپەڕبوونی سات وردە وردە لە نێوان ترس و خۆفەكەمەوە بلێسەی هومێدێك دیّ. واهەست دەكەم دەگەلْ كەسێكی شێت تێكەوتووم. هەلْسوكەوتی دوایی رابییەر لەو گریمانە و بۆچوونەم پاشگەزم دەكاتەوە.

لە وەختی قسەكردنماندا، ئەوانەی بەلاماندا تێدەپەڕن بڕێك رادەوەستن؛ خانمی بیگۆری Bigorrie و كوڕەكەی. ناسیاوەكانی گەڕەك كە دە سالْ دەبیّ نەمدیوون. قسەیەكم بۆ ناكریّ. ملی رێگایە دەگرن. بێگومان تێكچوونی روخسارم دڕدۆنگی كردوون و ماتن. رابییەر دەلْیّ: "وادیارە لەو گەڕەكە زۆر كەس دەناسن؟" دواتر زۆر جاران باسی هەلْسوكەوتەكانی ئەو رۆژە دەكا. دەست دەكاتەوە بە قسە. گوێم لێیە دەلْیّ: بەو زووانە هێندیّ زانیاریی لەسەر مێردەكەم پێدەگا".

بیّ هیچ مەرجیّ قسەكەی وەردەگرم. لەو دواییانەشدا زۆر جار وامدەكرد. زۆر داوای لێدەكەم چاوپێكەوتنەوەمان بیّ و دیسان بیبینمەوە. قەول و قەراری هەر ئەو رۆژە دادەنیّ. پێنج و نیو. لە باخچەی شەقامی "مارین"ی Marigny لێك هەلْدەبڕێین. بە ئەسپایی بەرەو دۆپۆنسۆ دەچم و دەیگەمیّ. دەلْێم: "تیّناگەم. لەوانەیە دارو دەستەی رابییەر لە پشت خانووەكەوە بن". هەروا ترسێكی سەیر دامدەگریّ. چونكە تێناگەم رابییەر بۆ بانگی كردم. تەنانەت نازانم بۆ هێندەی



ماتلْ كردم. كەس لە پشت خانووەكە دەرناكەویّ. بە ئاماژە دۆپۆنسۆ تێدەگەیەنم كە ئەوەی وا سیّ مەتر لەو لاترەوە راوەستاوە هەر ئەو كەسەیە كە دەبیّ پێوەندیی دەگەلْ بگریّ. گۆدار ئەوەیە. بۆ خۆم دوور دەكەومەوە. ئیتر نازانم باسەكە بە كویّ گەشت. ناشزانم لەوەیكە راستەوخۆ "گۆدار"م تێگەیاندووە كاریّ باشم كرد یان نا؟ ئاوڕ نادەمەوە یەكڕاست دەچمە ناوەندی بلاڤۆكی گالیمار. خۆ دەخەمە سەر كورسیلە نەرمەكە. دوانیوەڕۆی هەر ئەم رۆژە هەوالْم بۆ دیّ: "هەڤالْەكانم نەگیراون".

رابییەر؛ بە ریّ لْكەوت لەویّ بووە. كاتیّ ژنە گەنجە فەڕەنسییەكە دەناسێتەوە، كە بە بوخچەوە لە كولاّنی سۆسە دیتبووی. رادەوەستیّ. دواتر لەوە گەیشتم. رابییەر كەیفی بە دیتنی روناكبیرانی فەڕەنسی هونەرمەند و نووسەرەكان دەهات هەر بۆیەش هاتبووە نێو چوارچێوەی گشتاپۆوە؛ چونكە نەیتوانیبوو كتێب فرۆشییەكی تایبەت بە كتێبی هونەری دابنیّ: "ئاوا".

هەر ئەو رۆژە دوانیوەڕۆ رابییەر دەبینم. كەس هەوالْێكی تازەی بۆ نەهێناوم، نە لە مێردەكەم و نە لە لای دشەكەمەوە. بەلاّم دەلْیّ بەم زووانە ئاگادار دەبێتەوە. لەو رۆژە بەدوا رابییەر تەلەفۆنم بۆ دەكا. هەوەلْ جار رۆژیّ نا رۆژێك. دواییش هەموو رۆژیّ. دواییش لە رێوە پێم دەلْیّ: "كە دەبیّ چاومان بەیەك بكەوێتەوە". دەیبینمەوە. فەڕانسوا مۆرلەن دەلْیّ: "كە من بۆ پاراستنی هێندیّ شتی بنەڕەتی دەبیّ ئەو پەیوەندییە هەر راگرم. ئەوە تاقە رێگایەكە بۆ پەیوەندیی دەگەلْ هەڤالْە دەسگیركراوەكانمان. ئەگەر بێت و ئەم چاوپێكەوتنانەمان كۆتایی پیّ بێت دڕدۆنگ دەبیّ. هەموو رۆژیّ رابییەر دەبینم. جار و بار بۆ نیوەرۆژە داوەتم دەكا. هەمیشەش لە رستوڕانەكانی بازاڕی رەش. زیاتر دەچینە كافە. باسی ئەو گرتن و دەستگیركردنانەم بۆ دەكا كە كردوونی. هەلْبەت گێڕانەوەكانی زۆركەم لە جەغزی ژیانی ئێستای دان بەلْكو لەسەر ئەو ژیانەن كە بە ئاوات و ئارەزوویەتی. زیاتر

باس لە کتێب فرۆشییەکی چووکەی تایبەت بە کتێبی هونەریی دەکات. هەموو جارێ دەمهەوێ قسەکەی بگۆڕم و مێردەکەمی وەبیربێنمەوە. دەڵێ: "لە فیکری ئەوەش دایە". سەرەڕای ئەو هەمووە راسپاردەیەی فەڕانسوا مۆرلەن؛ چەندین جار ویستوومە واز لە پەیوندییەکەمان بێنم. هەڵبەت لە پێشدا پێی رادەگەیەنم. پێی دەڵێم: "دەمهەوێ بچمە ئاوایی ماندووم. بڕواناکا. نازانێ کە لەوانەیە من بێ تاوان بم. تەنیا شتێ کە دەیهەوێ ئەوەیە کە نایهەوێ لە دەستی بچم. حەقیشێتی من قەت ناچمە ئاوایی. هەمیشە ترسێکی بێ لغاو دەگەڵمایە. ترسی دابڕانی هەمیشەیی لە روبێر"ل"ی مێردم.

زۆر مکوڕم لەسەر ئەوەی بزانم لە کوێیە. رابییەر بەڵێنی دەدا کە بە شوێن کارەکەدا بچێ. وادەنوێنێ کە لە حوکمی مەحکەمەیەك رزگاریی کردووە. ئێستا مێردەکەم لە ریزی یاخیبووانی تاقمی بێگاریدایە. منیش بەش بەحاڵی خۆم نامهەوێ لە دەستم بێتەوە. ئەگەر دڵنیابم مێردەکەم لە ئەلمانە، ئیتر پێویست ناکا رابییەر ببینم. بۆ خۆشی دەزانێ. "تاقمی بێگاری" هەر قسە بوو. هەڵبەت من دواتر بەوەم زانی. بەڵام ئەگەر رابییەر درۆش دەکا هەر دەیهەوێ دڵنیام بکا. دیارە پێیوایە لەوەی دەیکا زۆر زیاتر دەستی دەڕوا. پێموایە ئەوەندە چۆتە پێش کەوا دەزانێ دەتوانێ کارێك بکا مێردەکەم بگەڕێتەوە.

هەڵبەت تەواوی ئەوانەش بۆوەیە منی لە دەست نەبێتەوە. گرنگ ئەوەیە، ئەو پێم نەڵێ: "مێردەکەمیان تیرە باران کردووە". چونکە ئەوان نازانن چ بەسەر بەندییەکان دێنن.

هەروا دوورە پەرێزم. دەستوور وایە نەکەس سەردانم بکا و نەکەسیش بە بیانوویەك خۆی ناسیاو پێشان بدا. بێشك هیچ کارێك ناکەم.



زۆر تێکچڕژاوم. بە قەد دیلێکی دوورخراوەی تاراوگەم لێهاتۆتەوە. هەموو رۆژێ چاوەڕێی ئەوەم رابییەر دەسگیرم بکا. هەموو رۆژێ کە ژنە خزمەتکارەکە لە شوێنی چاوپێکەوتنم ئاگادار دەکەمەوە، دەڵێم: "دوایین جارمە".

هەر یەکێ لە هەڤاڵانم دەبینم: "د" بەنازناوی "ماس" جێگری فەرماندەی روودین. سەرۆکی گرووپی ئازاد، سەرنووسەری رۆژنامەی "مرۆڤی ئازاد". لەسەر جادەیەکی دوور لە ماڵە خۆمان یەکتر دەبینین. بە کۆڵانەکاندا دەگەڕێین. لە باخچە گشتییەکاندا پیاسە دەکەین. هەرچی رابییەر لێی وەرگرتووم و لێی بیستووم بۆی دەگێڕمەوە.

- بزووتنەوە کەلێنێکی تێکەوتووە.

-هیچ کام لە ئەندامانی گرووپەکە حەزناکەن رابییەر؛ بەر لە کاتی دیاریکراودا شرت و گوم بکرێ.

- هێندێ رایان وایە بە زووترین کات لە پاریس بڕۆم.

- لە نامەیەکدا، کە "د" دەیگەیەنێتە دەستی فەڕانسوا مۆرلەن بەڵێنی دەدەمێ هەرچی بڵێن دەیکەم بۆ ئەوەی بزووتنەوە بتوانێ رابییەر بفەوتێنێ بەر لەوەی بکەوێتە دەست پۆلیس.

هەر ئەوەندە دڵنیابم مێردەکەم و دشەکەم لەبەر دەستی ئەو دانین و لە دەرەوەی فەڕانسەن، ئەو کارە دەکەم. چونکە بێجگە لە مەترسییەکانی تر ئەو مەترسییەش هەیە کە رابییەر پێ بزانێ من ئەندامی بزووتنەوەی بەرگریم و ئەوەش دەبێتە هۆی ئالۆزتربوونی کارەکەی روبێر"ل".

من و رابییەر لە دوو دەوری جیاوازدا یەکترمان دیتەوە.

دەوری یەکەم: لەو کاتەوە دەست پێدەکا؛ کە لە کۆڵانی سۆسە تووشی هاتم و تا کاتی مەسەلەی نامەکەی فەرانسوا مۆرلەن درێژەی بوو. ئەوە دەورەی ترس و دڵەراوکێی بەردەوام و بێ پسانەوە بوو، بێ بەزە و فەوتێنەر.

دەورەی دووهەم: لە نامەکەی فەرانسوا مۆلەنەوە دەست پێدەکا و هەتا گیرانی رابییەر درێژی دەبێ. ئەو دەورەیەش بە ترس و لەرزەوەیە. بەڵام ترسێك کە تێکەڵاوی لەززەتی بڕیارێکە کە بۆ مەرگی ئەو دراوە. لەززەتی وەدەست هێنانی ئەو، لەناوچەی تایبەتی ئەودا، لە مەرگدا.

رابییەر لە ساتی دیاریکراودا دەگاتێ. هەر لە شوێنی نامۆ و کات و ساتی سەیردا. بۆ وێنە: بیست خولەکی بمێنێ بۆ سەعات ٦ سەعات چوار و دە، دەقیقە. زۆر جار قەرار دادەنێ لە کۆڵان بێ، جار و باریش لە کافە، زۆرجاریش چ لە کۆڵان بێ و چ لە کافە، زووتر لە کاتی دیاریکراو دەگاتە شوێنی مەبەست و بەمەودایەکی دوورتر لەوێوە چاوەڕوان دەبێ. بۆ وێنە: ئەو دەمەی بەڵێن وایە لە کافەدا چاوپێکەوتنمان بێ؛ ئەو لە ڕێڕەوەکەی بەرامبەرەوە؛ لە کافەشدا نا، کێشك دەکێشێ و هەر کات قەول وادەبێ لە کۆڵان یەکتر ببینینەوە ئەو هەمیشە لە مەودایەکی دوور ترەوە چاوەڕێ دەبێ. هەموو جارێش سووچێك هەڵدەبژێرێ کە لەوێوە کابرا بخاتە چاوەدێرییەوە. من زۆر جار کە دەگەمە شوێنی دیاریکراو نایبینیم. دڵنیام لە پشت سەرمەوە ئاگای لێمە. هەڵبەت جار و بارەش کە دەچمە ژووری شوێنی دیاریکراو؛ دەیبینم بەمەودای نزیك بەسەت مەتر لەو کافەیەی بڕیار وایە چاومان پێك بکەوێ پاسکلەکەی بە دار کارەباکەوە هەڵپەساردووە و جانتاکەی بە دەستەوەیە. هەموو شەوێ هەرچی لە بەینی من و رابییەر دابووە و نەبووە دەینووسمەوە و هەروەها هێندێ شت؛ جا بە ڕاست؛ یادرۆ؛ سەبارەت بەو دەستە و گرووپانەی بۆ ئەڵمان دوور دەخرێتەوە؛ سەبارەت بە هەواڵی بەرەی بەرگریی؛ هەروەها سەبارەت بە قاتی و قڕی لە پاریس؛ جا بە ڕاستی هیچ دەست ناکەوێ.



مەودایەك کەوتۆتە نێوان ئێمە و نۆرماندی Normandi مەوداکە ئەو شارەیەکە پاریس پێنج ساڵ بوو بەوێ بەڕێدەچوو. ئەو نووسراوانە بۆ روبێر"ل" دەنووسم. بۆ پاشەڕۆژ ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ لەسەر نەخشەی (خەریتە) ناوەند؛ پێشڕەویی هاوپەیمانان دیاریدەکەم. ڕۆژنامەکانیش کۆدەکەمەوە.

وێدەچێ رابییەر لە پاریسدا لە حەولی شرت و گوم کردنی شایەتێك دابێ کە باوەڕ پێکراوترین ئاگاردارییی سەبارەت بە تێکۆشانەکانی ئەوی لە گشتاپۆدا لە دەستدایە. بە باوەڕی ئەو، مەترسیدارترین کەس و دڵنیاترین کەس هەر ئەو ژنە نووسەرەی ئەندامی بزووتنەوەی بەرگرییە واتە من. بەڵام رابییەر واناکا.

رابییەر هەمیشەی برێ زانیاریم پێ دەبەخشێ. تەنانەت ئەو دەمەی پێیوایە نابێ بیدا. ئەو شتانە بە گشتی هەر ئەو فڵتەفڵتانەن کە لە داڵانەکانی دایەرەی کۆڵانی سۆسەدا دەکرێن، بەڵام لەوەڕایە کە دەزانم ئەڵمانی ترساون، کە هێندێکیان لە ئەرتەشدا هەڵدێن ئەوانەی گەورەترین گرفتیان راگواستنە. فەڕانسوا مۆرلەن نیگەران بۆتەوە "د"ش نیگەرانە. نیگەرانی ئەو لە یەکەم ڕۆژەوە دەستی پێکرد لەبەر "لۆرۆئا" و من.

لە بیرم نەبوو بڵێم: رابییەر هەمیشە شوێنی وابۆ دیمانە هەڵدەبژێرێ کە بەر ئاوەڵا بێلەمپەر بێ و ڕێگای دەرباز بوونیشی هەبێ. کافەی دوو "نەبش"، سەر کۆڵان گەرەکی قەرەباڵغی شەشەم، سێن لازار، ریپۆبلیك و دۆروك ئەو شوێنانەن کە زۆر پێی باشن.

یەکەجار کە هەتا بەردەرکی ماڵێ بەڕێیکردم نیگەرانی ئەوەبووم نەکا بۆ ماوەیەك لە هۆدەکەمدا بمێنێتەوە. هەڵبەت قەت شتی واییەنەکرد. دەشزانم ئەو لە یەکەمین چاوپێکەوتنەکانی شەقامی مارینی فکری لەوە کردبۆوە.

بۆ دوایین جار کە رابییەرم دیت داوای لێکردم بچینە ماڵی دۆستێك کە لە پاریسدا بزر ببوو، بۆ ئەوەی لەوێ شتێ بخوێنێتەوە. گوتم: "بۆ جارێکی تر". لە کۆڵ خۆم کردەوە. بەڵام ئەو جارە دەیزانی دوایین جارە. لە پێشدا بریاریدابوو ئەو شەوە لە پاریس بڕوا. تێگەییبوو نازانێ چ لە من بکا، چۆن چەرمەسەرییەکم بۆ سازبکا، بمباتە ماڵەکەی یا بمکوژێ؟

لە پڕێك وەبیرم هاتەوە کە ئەو بۆ یەکەمجار لە کۆڵانی رێنود Renaudes لە داوکەوتووە.

پێم وایە هەر لە ئەپارتمانەکەی خۆیدا بووە، دوایش بەریان داوە، بیست ساڵ دوایش هەر لەو کۆڵانەدا بوو کە پۆلیسی فەڕەنسەکەلاکی ژێرژڤیگۆنی Georgesfigon خۆکووشتوو دەدۆزێتەوە. ئەو کۆڵانە بۆم نامۆیە. "وشە" وەك دوایین پەنا ئالۆزە.

یەکەمجار کە دیتم بە کەیف نەبوو. کۆتێکی قاوەیی دەبەردابوو کە تەقەڵی لە بن هەنگڵەکانی دابوو؛ بێ دوگمەش بوو.

شوێنی برین بە روخسارییەوە بوو. کراسەکەی دڕابوو. وەك دەڵێن لە یەکێ لە ئاخرین کافەکانی شەقامی "سێور" دەگەڵ یەکێك دەگژیەکڕاچوون. لە گەڕەکی دۆروك. برستی لێ بڕوابوو؛ بەڵام زۆر پێدەکەنی. وەك جارانیش مێهرەبان.

"لە دەستم چوون، ژمارەیان زۆر بوو"

دیسان دێتەوە سەرەخۆ. تێك هەڵچوونێکی قورس بوو. دە کەسێك دەبوون. لە دەوری حەوزەکەی لۆکزامبۆرگ؛ چاکیش وەدەست دەهاتن. گەنجەکان لە پێش مندا رایانکرد. بێگومان لەسەر دڵی ببوەگرێ. وەك عاشقێکی دۆڕاو؛ بزەیەکی تاڵی لەسەر لێو. بەو زووانە لەوە پیر تر دەبێ کە بتوانێ گەنجەکان دەسگیربکا.

پێمواية هەر ئەو رۆژە بوو کە باسی "جاشی" بۆ کردم کەبێ و نەبێ لە هەموو بزووتنەوە برگرییەکاندا سەرهەڵدەدەن. خودی "رابییەر" بوو کە ئاگاداری کردمەوە



لەوەی پێیان زانیوین و ئاشکرابووین. ئەویش بە دەستەی یەکێ لە ئەندامانی گرووپەکە.

هەڤاڵێکی دەسگیرکراو لە ژێر ئەشکەنجە و هەڕەشەی دوورخرانەوە بۆ تاراوگە؛ هێندێ شتی درکاندووە.

رابییەر گوتی: "زۆر بە هاسانی نێونیشانی گەڕەکەکەی پێداین و کوتیشی: "کامە هۆدە؛ کام نووسینگە و کامە شەو". رابییەر ناوەکەیشیم دەداتێ و من ناوەکەی دەدەم بە "د". "د" بەڕێی دەکا بۆ بزووتنەوەی بەرگریی. دەبێ وابێ. دوایش رەتاندن و پشت تێکردن بەشێوەی تایبەت.

بیرکردنەوەی ناوێ "و ئەوەیکە بڕیارە ئەم هەڤاڵە لە رێی ئازادیدا بمرێ؛ تەنانەت شوێنەکەشی دیاریکراوە. پارکی گشتی "وێرییە رێز" Verrieres دەگەڵ دەرکەوتنی خۆری ئازادی هەمووان ئەم بابەتە فەرامۆش دەکەن.

رابییەر بە تێکچوونم نارەحەتە. دەڵێ: "دڵم بەرایی نادا" بۆ دەسگیرکردن و بۆ بە کوشت دانیشم دڵی بەرایی دەدا بەڵام ئەوەیان نا. دڵی بەرایی ئەوە نادا بە پێچەوانەی ویستی ئەو تێکسمڕاوم. خواردەمەنیم بۆ دێنێ، من دەیاندەم بە خزمەتکارەکە یا لە شوێنێ دەیرێژمە نێو کە لاوەکانەوە.

بەڵام پوولێ؛ دەڵێم: "نا، ئەوە، وەرناگرم؛ لەو بارەوە باوەڕم پێتەوە و بە هیچ جۆرێك نایەمە رەدا.

حەزی دەکرد وێڕای کتێب فرۆشتن؛ خەریکی تابلۆ کێشانەوە و کەلوپەلی هونەری و ئیشی بەرپرسیارەتی نێو دادگاکانیش بێ.

لە ژیاننامەکەیدا بەرهەمەکانی خۆی لەناو بردوون: رەخنەگری رۆژنامەی لە هدێیا موباشیری کۆشکی "رۆکەبرۆن" Roquebrune و بەرپرسیارەتی دامەزراوی P.L.M. دوایش نووسیویێتی: "ئێستاکە؛ دەستم بە سەرچاوەیەکی بەڵگە و

توێژینەوە راگەیییوە. شێتانە هۆگری بابەتگەلی سەبارەت بە هونەری کۆن و نوێم. پێموایە بە یارمەتی ئەو زانست و زانیارییانەی کۆمکردوونەوە دەتوانم ئەو ئەرکە گرینگ و ناسکەی دەخرێتە ئەستۆم بە جێی بێنم.

ئەو لە کۆلانی ژاکۆب و سێن پێر، قەراری چاوپێکەوتن دادەنێ و هەروەها لە کۆلانی لوکۆربدا.

هەر جارێکی رابییەر دەبینم ئەو بابەتە لە رادەبەدەر دوور و درێژ دەبێتەوە. وادەنوێنم ئامادەی مەرگم. جۆرێك دەجوولێمەوە کە ئەو پێیوایە هیچ قوژبنێکی تاریکی تێکوشانەکانمی لێ شاراوە نییە. هەموو رۆژ و هەموو جارێ وایە. ئەوان گیراون و رفێندراون و بۆ شوێن گەلێکی دوور لە فەرەنسا بەرێکراون. هیچ هەواڵێکمان لێیان نەبوو. هیچ؛ تەنانەت چووکەترین نیشانەیەك لە زیندوویەتیان هیچ. تەنانەت ئاگاداری و هەواڵێکیش نانێرن و ناڵێن: کە ئیتر چاوەرێ کردنیان بی سەمەرە، مردوون. بێ ئەوەی تەنانەت هیوابراویشمان بکەن. ژیانیان وێڵ کردووە تا پنج داکوتێ. سەبارەت بە دوورخراوە سیاسییەکانیش هەروابوون. ئیتر بە پێویستیان نەدەزانی دوورخراوەکان تێبگەیەنن. ناڵێن چاوەروانی کردنی هاتنەوەی دوورخراوەکان کارێکی بێ هوودەیە. ناڵێن کەس تازە چاوی پێیان ناکەوێتەوە. بەڵام کاتێ بنیادەم رووەوە لێی دەروانێ. لە پڕ لە خۆی دەپرسێ: کەوابێ کێ ئەو کارەی کردووە؟ کێ وایکردووە؟ ئاخر کێ؟

شوێنی دیمانەی ئەمجار کۆلانی "سێور"ە. لە لای "دورۆك"ەوە ئاوەژوو دەبینەوە و یەکسەر بە بەر کۆلانی "دۆپین"دا تێدەپەڕین. ئەو کۆلانەی کە مێردەکەم و "دشەکە"می تێدا دەسگیرکراوە. سەعات پێنجی دوانیوەڕۆیە. هێشتا مانگی ژووئیە تەواو نەبووە. رابییەر رادەوستێ. پاسکلەکەی بە دەستی راستییەوە و دەستی چەپیشی لەسەر شانی منە و رووی لە لای کۆلانی دوپێن ە. دەڵێ: "چاولێکە ئەمڕۆ دروست چوار حەوتوویە چاوپێکەوتنمان هەیە".



جوابی نادەمەوە و بە خۆم دەڵێم: "ئیتر تەواوە".

رابییەر درێژە بەقسەکانی دەدا: "رۆژێك ...." قاقایەك قسەکەی پێ دەبڕێ. "ئەرێ رۆژێك مەئمووریەتی دەسگیرکردنی سەربازێکی راکردووی ئەڵمانیم پێ ئەسپێردرابوو، دەبوو لە پێشدا دەگەڵیدا ئاشنابیایەم و زانیبام بیروڕای چۆنە. دوو حەوتووبوو کە هەموو رۆژی دەمدیت و هەموو جارێ زۆری دەگەڵ دەبووم. دواتر بووینە دۆست پیاوێکی هەڵکەوتەبوو. دوای چوار حەوتوو بردمە فەیتوون خانەیەك بۆ ئەوەی دوو هەڤاڵەکەم کە لەوێ کێشك چی بوون دەسگیری کەن. پاش چل و هەشت سەعات تیرە باران کرا".

رابییەر لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: ئەوەش راست لە رۆژێکیدا بوو کە من و تۆ یەکترمان ناسی. دەستی رابییەر هەر لەسەر شانمە کە هاوینی ئازادی دەبێتە زەمهەریر. کە ترس داتدەگرێ خوێن دەمێشکت گەڕا. روانینت ئالۆز دەبێ. خانووبەرەکانی چوار ڕێیانی سێور لە پانتایی ئاسماندا خوار و خێچ دەبن و ڕێڕەوەکان دەبنە گێژاوی تاریك. ئەوەی دەی بیستم روون نییە، گوێم ئەوەندە کپ بووە.

دەنگی کۆلان، دەنگی شتێکی لەد پێچراوە. لە زەنازەنای یەکدەستی زەریا دەچێ. بەڵام دەنگی رابییەر بە زولاڵی دەبیستم. هێشتا دەرفەتی ئەوەم هەیە بیر لەوە بکەمەوە کە ئەوە دوایین جارە کۆلان دەبینم. بەڵام نازانم کامە کۆلانە. لە رابییەر دەپرسم: "ئەو شتەم بۆچی پێ دەوترێ؟"

دەڵێ: "چونکە بەم زووانە داوات لێدەکەم وەشوێنم کەوی".

شتێکم لێ روون بۆوە کە دەمێك بوو چاوەڕێی بووم. پێیان گوتبووم دەگەڵ زاڵ بوون بەسەر ترسدا ئاشتی و هێمنی بەسەر دادێ؛ ئەوە راستە. لێرە؛ لەو ڕێڕەوەدا خۆم

بە دەسگیرکراو دەزانم. لێرەوە لە زیانی ترس پارێزراوم. رابییەریش لەو ترسە لە ئەماندایە.

رابییەر دەست دەکاتەوە بە قسەکردن: "بەڵام سەبارەت بە ئێوە؛ داواتان لێدەکەم دەگەڵم بێنە هوتێلێك کە تا ئێستا نەچوون. زۆر بە شانازییەوە بانگ هێشتنتان دەکەم ..." درێژە بە رێگاکەی دەداتەوە. بێ دەنگییەك دەکەوێتە نێوان قسەی یەکەم و ئەو رستەیەی دوایی. مەودایەك کە بتوانی لە خولەك و نیوێکدا رێی پێ بپێوی.

دەرفەتێك بۆ گەیشتن بە باخچەی بۆسیکۆت Boucicaut. دیسانیش رادەوەستێ، ئەو چاوم لێدەکا. لە پشت پەردەیەك تەمەوە دەیبینم پێدەکەنێ. پێکەنینێکی حیزانە لە دەروویەکی ترسێنەرەوە، دەنگ دەداتەوە لە پڕدا چەپەڵی سەرهەڵدەدا. چەپەڵێیەکی بۆگەن. ئەوەش جۆرێك قۆشمەییە کە کاتێك دەگەڵ ژنان تێدەکەوێ وەدەری دەخا. ژنانیش ئەو قۆشمەییە دەبینن. ژیانیان بە قەرزداری ئەو دەزانن. پێموایە لە هات و چۆی کۆڵانی سۆسەدا، بە درێژایی ساڵ لێرو لەوێ دەگەڵ ژنان باو باوێنی بوو بێ.

رابییەر لە هاوکارە ئەڵمانییەکەی دەترسێ. ئەڵمانییەکان بۆ خۆشیان لە خۆیان دەترسێن. رابییەر نەیدەزانی ئەڵمانییەکان بە لەشکرە داگیرکەرەکەیانەوە چەندە بۆ وڵاتە داگیرکراوەکان ترسێنەرن. ئەڵمانییەکانیش وەك دێوەزمەکان، گورگەکان، جەنایەتکارەکان، بە تایبەت ئەوانەی نەخۆشیی پیاو کوژیان هەیە؛ ترسێنەرن. من قەت نەمتوانی بە گوێرەی پێویست ئەو شتانە بدرکێنم. ئاخر چۆن دەکرێ بۆ ئەو کەسانەی لەو سەردەمەدا نە ژیاون باس لەو جۆرە ترسە بکەی؟ من لە درێژایی مەحکەمەی رابییەردا بۆم دەرکەوت کە ناوەکەی درۆیە (ناوی رابییەر نییە). ئەوە ناوی هەڤاڵێکێتی، پیاوێکی بە رەچەڵەك ئەڵمانی کە لە دەوروبەری "نیس" شوێن بزرکراوە ئەو لەسەرخۆی داناوە.



ئەو شەوە رابییەر لە شەقامی سێوری بابیلۆن بە کەیفخۆشی و خۆڕانان لێم دادەبڕێ. من هێشتا نەمدەزانی مەحکوومە بە مەرگ.

بە پێیان دەگەڕێمەوە ماڵێ. شەقامی بابیلۆنم جوان لە بیرە. کە بەر لە گەیشتن بە کۆڵانی "سێن-پێر" و کۆڵانی دراگۆن برێك دەسووڕێتەوە. پیاسەکردن بە قەراغ کۆڵاندا. ترۆمبێل دیارنەبوو.

ئازادیم لێ تاڵ دەبێ. سەردەمێکە هەست بە ناهومێدی دەکەم. بۆشاییەك کە بە شوێنی دادێ: بنیادەم چی وەبیرنایەتەوە و هیچ وێنەیەکی لە مێشکدا نامێنێتەوە. پێموایە لەوەیکە نەمتوانیوە بە زیندوویی بمرم؛ برێك ئێرەیی دەبەم و ئێستا درێژە بە رۆیشتن دەدەم. لە ماشێن رەوەکەوە دەچمە رێرەوەکەوە و دەگەڕێمەوە ماشێن رەوەکە. رێدەکەم. ئەوە لاقەکانمن بەرەو پێشەوەم دەبەن. لە بیرم نییە کامە رستوران بوو. بەڵام بۆ؟ یەکێ لەو رستورانانەی لە سایەسەری "بازاڕی سیا"وە خواردەمەنی هەبوو. شوێنی هاتوچۆی هاوکاران و جاشەکانی گشتاپۆ بوو. راستوڕانی کۆڵانی سێن-ژێرژ نێوەی لە کوولەکەی تەڕدانەبوو. ئەو پێیوایە بە بانگ هێشتم بۆ نیوەرۆژە خواردن دەتوانێ تەندرووستیم بپارێزێ و لە ناهومێدی رزگارم بکا. دەیویست منەتبارم کا. چ پیاوێك دەیهەوێ رۆڵێکی ئاوا وەلابنێ؟ رابییەریش وەلای نانێ. ئەو نیوەرۆژە خواردنانە تاڵترین بیرەوەرین. ئەو دەرگا پێوەدراوانەی رستووران کە بە پاڵ پێوەنانی خودییەکان دەکرێنەوە. لەسەر مێزەکان "رۆنی کەرە" و دەوری پڕ لە سەرتۆو گۆشتی تازە و شەڕاب. ئیشتیای خواردنم نییە. رابییەر داماو دیارە. قەول و قەراری جارێکمان کافەی فلوێر دەبێ. وەك جاران لە وەژوورکەوتنمدا نایبینم. نە لە بولوار و نەلەکافەدا. لە پشت دووەم مێزی دەستی چەپی دەرگای وەرژوورکەوتن دادەنیشم. زۆر لە مێژ نییە دەگەڵ رابییەر ئاشنابووم. ئێستاش ماڵەکەم پێ نازانێ. بەڵام دەزانی لە گەڕەکی سێن ژەرمەن دۆپرە دەژیم.

هەر بۆیەش ئەوێ ڕۆژێ قەرارەکەی بۆ کافەی فلوێر: دانا. فلوێرکافەی ئەگزیستانسیالیستەکان؛ کافەی داب و مۆدی ڕۆژ.

منیش لەو چەند ڕۆژەدا وەك ئەو وەپاڕێزکەوتووم. وەك پشکێنەرم لێهاتووە پشکێنەرێك کە رابییەر بە دەستی ئەو دەکوژرێ. ترس یاریدەری ئەو یەقینەم دەدا کە "ئێستا لە دەستم دایە دیلە".

من دەرفەتی ئەوەم بووە لە پێشدا شتەکە ڕاگەیەنم. دوو کەس لە هەڤالان لە بەردەرگای کافەکە دێن و دەچن. خۆنامۆکردن بەشێك لە ئەرکەکەیانە. کەوابێ برێك ئەهوەن دەبمەوە. سەردەمێکە دەگەڵ خۆفی مردن ڕادێم. بە ڕواڵەت ئەوە کاری کردە نییە. یا باشترە بڵێم: دەگەڵ ئەندێشەی مەرگ ڕادێم.

ئەوەی ئەو ڕۆژە لە کافەی فلوێرکردی هەرگیز دووپاتە نەبۆوە. جانتاچووکەکەی لەسەر مێزەکە دادەنێ. دەیکاتەوە. دەمانچەیەکی لێدەردێنێ.

جانتاکە دادەخاتەوە دەمانچەکەی لەسەر دادەنێ. ئەو کارانە بێ هیچ متەق لێهاتنێك دەکا. دواییش زنجیرە زەردەکەی کە بە لاقەدێوەیەتی؛ دەیکێشێ بۆ دەرهێنانی کاتژمێرەکەی. دەڵێ: "چاو؛ ئەوە زەنجیری بازنەن؛ لە ئاڵتوون سازکراون کلیلەکەشی ئاڵتوونە".

دیسان جانتاکەی دەکاتەوە. جووتێك بازنە دێنێتەدەر، لە پەنا دەمانچەکەی دادەنێ. ئاخر کافەی فلوێر و ئەو کارانە!! بۆ ئەو ڕۆژێکی مەزنە لێرە لەبەر چاوان بێ. ئەویش بە شان و شکۆی پشکێنەرێکی تەواو عەیارەوە. نازانم چی لە کەللەیدایە؟ بڵێی لەبەر ئەوەی دەگەڵ گشتاپۆییەك دانیشتووم بیهەوێ بەخۆمدا بشکێنێتەوە یا هەر دەیهەوێ ژێستێك بگرێ و پلە و پایەی نیشان بدا. ئەو پلە و پایەی کە بە سانایی مەرگ بە غەیرە نازییەکان دەبەخشێ. پۆلێك ڕەسم لە جانتاکەی دێنێتەدەر. یەکیان هەڵدەبژێرێ و لەبەردەمی دادەنێ:



- "چاو لەو وێنەیەك بکە".

- چاوی لێدەکەم. وێنەی مۆرلەنە. وێنەیەکەی برێك گەورەیە و بەژنی خاوەن وێنەکە تەواو دیارە. فەڕانسوا مۆرلەنیش چاوی لێمە. لە ڕووبەڕۆوە بزەیەکیشی لەسەر لێوە، دەڵێم:

- "نایناسم کێیە؟"

ئەو چاوەڕوانییەم نەبوو. دەستەکانی رابییەر لە تەنیشت وێنەکەوە دەلەرزن. رابییەر دەلەرزێ. چونکە واچاوەڕوان دەکا من بڵێم: "فەڕانسوا مۆرلەن دەناسم". دەڵێ: "مۆرلەن" چاوەڕوان دەبێتەوە، دوایی: "ئەو ناوە هیچتان ناخاتەوە بیر؟".

- "مۆرلەن...."

- "فەڕانسوا مۆرلەن سەرۆکی ئەو بزووتنەوەیە کە مێردەکەت ئەندامی بووە؟"

- هەروا چاوم لە وێنەکانە. دەپرسم: "کەوابێ دەبێ بیناسم".

- "زۆر پێویست نییە".

- وێنەی دیکەشتان هەیە؟

- "وێنەی تریش هەیە".

ورد دەبمەوە. کۆتێکی شینکی، مووی سەری کورت؛ گرێی بۆینباخ، سمێڵ؛ "ئەگەر پێم بڵێی چۆن دەتوانم ئەو پیاوە بدۆزمەوە، هەر ئەمشەو مێردەکەت ئازاد دەکرێ و سبەینێ لێرە دەبێ".

شینکییەکی ڕوون. مووی زۆر کورت کراوە و سمێڵی لە هەموو شتێ سەرنجڕاکێشتر بوون. "ئەمشەو ئازاد دەکرێ و بۆ سبەینێ لێرە دەبێ".

شینکییەکی ڕوون. مووی کورت کراوەن، سمێڵی لە هەموو شتێ سەرنجڕاکێشتر.

کەوایەکی چوارخانە و گرێی بۆینباخێك کە بە هاسانی دەکرێتەوە.

رابییەر چیدی بزەی لەسەر لێوان نییە. هەروا دەلەرزێ. بەڵام من نالەرزم. ئەو کات و ساتانەی هۆشی بە لای خۆیەوە نییە پیاو هەست دەکا راست ئەو شتە بڵێ کە دەبێ بگوترێ. ئێستاش دەزانم دەبێ چ بڵێم و چ بکەم. کەوابێ رزگار بووم دەڵێم: "ناسیباشم دڵم نەدەهات ئەو زانیارییانەت بدەمێ تێناگەم چۆن لە رووتان هەڵدێ شتی وام لێ بپرسن؟"

لەو وەختەدا چاوم لەو وێنەیەی دیکەیە.

قسەکردنی ئێستای دڵگرنەبوو. "ئەوەی دەی بینین دوو سەت و پەنجا هەزار فرانك بۆ دیتنەوەی تەرخانکراوە. بەڵام ئەوە گرنگ نییە. شتێکی ترە زۆرم بۆ گرنگە. ژیانی مۆرلەن لە دەستی من دایە. پەرۆشی مۆرلەنم. بەڵام هیچ لە خۆم ناترسم. مۆرلەن وەك منداڵی خۆمی لێهاتووە. لەو کارەدا خۆم بە بەرپرس دەزانم لە پڕدا دەبینم گیانی مۆرلەن کەوتۆتە مەترسییەوە. رابییەر درێژە بە قسەکانی دەدا: "قسەیە و پیاو دەیکا سوێند دەخۆم کە هەر ئەمشە و مێردەکەت بەردەبێ".

- "ئەگەر ناسیباشم هیچم پێ نەدەگوتی".

- چاو بە خەڵکی نێو کافەکەدا دەگێڕم. بە رواڵەت کەس هۆشی بە لای بازنە و دەمانچەی سەر میزەکەوە نییە".

- "گوتت نایناسی؟"

- بەڵێ دیارە نایناسم".

رابییەر وێنەکان دەجانتاکەی دەخاتەوە. ئێستاش برێك دەلەرزێ. ئیتر ئەو شتانە بە زەینم دەسپێرم بۆ ئەوەی دوایی روبیر"ل" وەپێکەنین بخەم. پێدەکەنێ. قاقایەك دەکێشێ؟ کلیلی بازنە و هەروەها زنجیرە زێرەکەشم لە بیر ناچێتەوە. گوێم لە زایەڵەی پێکەنینی روبیر"ل" دەبێ.



لە ماوەی ئاشنایەتیی من و رابییەر دا بیست و چوار کەسی دەسگیرکردووە. حەزدەکا ژمارەی دەستووری دەسگیرکردنەکان لەوە زیاتر بەو بدرێ: بە تایبەت گرتنی دەستە بژێرەکان.

ئیشی پۆلیسی بۆ رابییەر پەیژەی وەسەرکەوتن بوو.

هەتا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی بزووتنەوەی بەرگری و جوولەکە و چەتر بازەکانیان دەسگیرکردووە. دەستگیرکرانی فەڕانسوا مۆرلەن لە ژیانی رابییەردا دەبوو بە شتێکی بێ وێنە. دڵنیام رابییەر پێیوایە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان گیرانی مۆرلەن و ئازادی هونەردا هەبووە. لە خەیاڵی رابییەردا؛ دەسگیرکردنێکی ئاوا گرنگ؛ دەیتوانی لاواندنەوەیەکی ئەو تۆی بۆ دەسگیرکەر دەگەڵ بێ. بە خەیاڵی رابییەر هەرەس هێنانی ئەلمان شتێکی دوور لە چاوەڕوانییە. چونکە گەر ئێستا ئەو خۆی بە فەرمانبەری پۆلیس دەزانێ؛ دیارە سبەی رۆژێ دەبێتە بەرپرسی کتێب فرۆشییەکی هونەری لە پاریس. ئەو خەونەش هەر لە سایەی سەرکەوتنی ئەلمانییەکانەوە دێتەدی. یانی تەنیا ئەگەر کۆمەڵگایەکی نازیسمی فەڕەنسی-ئەلمانی بێتە سەرکار؛ چاکە و پاداشتی ئەو هەمووە خۆماندووکردنەی رابییەر دەدرێتەوە و لە داوێنی خۆیدا؛ داڵدەی دەدا.

رۆژێکی رابییەر پێی گوتم: "تەنانەت گەر ئەلمان ناچاریش کرێ هێزەکانی لە سنووری فەڕەنسا بەرێتەدەر. (رابییەر قەت ئەوەی بە مێشکی دانایە).

ئەو دەمیش ئەو وەك فەرمانبەرێکی نهێنی لە فەڕەنسا دەمێنێتەوە. ئەگەر بە هەڵە نەچوو بێم لە راستوڕانێك بوو ئەوەی گوت. لە مابەینی نان خواردن و بەر لە دەست پێ کردنی نان خواردندا. تەنانەت بە دەنگێکی زوڵاڵ.

بەو پووڵەی پێم ماوە کیلۆیەك فاسۆلیان دەکڕم کە برشی هێناوە؛ کیلۆیەکیش ڕۆنی کەرە. نرخی ڕۆنەکە چۆتەسەرێ. کیلۆی سەت و بیست فرانك. ئەوە خەرجی دیاریکراوی منە بۆ زیندوومانەوە.

من و "د" لەوانەیە هەموو ڕۆژێ چاومان پێك بکەوێ. باسی رابییەر دەکەین. قسەکانی رابییەرك بۆ دەگێڕمەوە. باسکردن لە گەوجێتی رابییەر بۆ من دژوارە. گەوجێتی لە تان و پۆی گیانی دایە. گەوجێتییەکی بێ دەرمان.

هەرچی لە وجودی دایە ڕەنگێکی ئەو گەوجیەتییەی پێوە دیارە. ئیحساسات؛ تێڕوانین؛ هەروەها ئەو گەشبینییە گەوجانەیەی. ئەوەش لە یەکەم چاوپێکەوتنندا دەرکەوت. زۆرم نەگوتووە گەر بڵێم بنیادەمێك لەو "نۆکەری مەرگە" تەنیاترم نەدیتووە.

لە وێنەکانی ئەنجوومەنی بەرزی کۆمیتەی ناوەندی مۆسکۆدا. ڕوخسارگەلێکی تاوانبار دەدیترێن. کە من ئەو دوورەپەرێزییەی رابییەریان تێدا دەخوێنمەوە. رووحاناتێکی کرمۆڵ. دوورەپەرێزییەکی تاعووناوی. لەوەش خراپتر؛ هەر کام ئەژنۆ لە باوەشدا، تۆقیو لە هاونیشینی خۆیان و پەرۆشی ئیعدامەکانی سبەینێ. بەڵام کاری رابییەر لەوانە جیاواز بوو. شتێك لە گۆڕێ دابوو کە ئەوی زیاتر لەوانی دیکە دوورەپەرێزکردبوو. بێجگە لە کتێب فرۆشی هونەریی؛ رابییەر دەبوو چاوەڕێی نەمانی مۆتەکەیەکیش بایە. هەڵبەت قەت باسی ئەو شتەی بۆنەکردم. هەڵبژاردنی پێناسەکانی مردوویەك خۆناساندن بە جێی لاوێکی شوێن بزرکراو لە نیس. بێگومان لەبەر ئەوە وای کردووە کە ژیانی رابردووی رابییەر تاوانێکی تێداکراوە. رووداوێك کە هێشتا روون نەبۆتەوە و هەروا قورسایی لەسەر ئەستۆی عەدالەتە.

رابییەر بە ناوێکی ترەوە دەژی. بەناوی کابرایەکی فەرەنسییەوە. هەر ئەمن بووم کە گوێم لە قسەی رابییەر رادەگرت. بەڵام گوێگرتن لە قسەکانی رابییەر دڵتەزێن



بوو. مەبەستم قسە و راوێژییەتی. قسە راوێژێکی چوار چێوەدار؛ راستە و پاستەکراو و نائاسایی. لەوانەیە دەستەواژەی "بێ زایەڵە" بۆ ئەو جۆرە قسەکردنە پڕ بە پێست بێ، لەوانەیە خراپتریش زۆر لەوانە خراپتر. چونکە قسەکانی جوان نەدەبیستران. بە سەرنجەوە گوێم لێ راگرتبوو، چونکە جار جار راوێژەکەی تێکەڵی بن زاراوەیەك دەبوو. زۆریش نا، جا چ زاراوەیەك بوو لەوانەیە بەگومانەوە بڵێ: "زاراوەی ئەڵمانی".

هەر ئەوەش بوو کە ببووە هۆی بێ شوناسبوونی. هەر ئەو شتە سەیرەی کە بە پالۆێنەی مێشکیدا تێدەپەڕی و لە راوێژیدا دەردەکەوت. کەس ئاوا قسە ناکا؛ هەر کەسێك خاوەنی سەردەمێك بەناوی سەردەمی منالّی بێ و زێدێکی هەبێ و کەسانێك هاوتەمەنی بن؛ ئاوا نادوێ.

رابییەر کەسی نە دەناسی تەنانەت دەگەڵ هاوکارەکانیشی زۆر نەدەدوا. مەزەنەی ئەوەم کرد بوو کە ئەوانیش تاقەتی "رابییەر" یان نییە. رابییەر تەنیا دەگەڵ کەسانێك دەیتوانی هەڵ بکا کە ژیانیان لە دەستی ئەو دابێ.

هەر ئەو کەسانەی کە دەیتوانی بەڕێی کوورەی بنیادەم سووتێن یا ئوردووگای کاریان بکا، هەڵبەت دەگەڵ ژنەکانیان، دەگەڵ ئەو ژنانەی لە نیشتماندا بەجێ ماون؛ دەگەڵ ژنە چاوەڕوانەکان.

ئەگەر بە دەستەوەدانی سەربازێکی راکردووی ئەڵمانیی سێ حەوتوو وەدەرنگی خستووە؛ هەر لەبەر ئەوە بووە کە تاکو سێ حەوتوو هاودەنگێکی هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لە خۆی بدوێ.

تەنیا هەڵەیەکی کردبووی، سەبارەت بە من بوو. هەردەم پێی خۆش بایە دەیتوانی بمگرێ. وابەسەرنجەوە گوێم بۆ قسەکانی هەڵخستبوو، کە تا ئەو کات بێگومان قەت وای بۆ هەڵنەکەوتبوو. سەرنج و لێ وردبوونەوەیەکی بێ ماندووبوون. کە

دەیدی یەکێك بە وردی گوێی لێ رادەگرێ، واشاگەشکە دەبوو کە گوێی بە هیچ نە دەبزووت، لە پێشدا سەبارەت بەشتی ورد و پاژەکی کە دیارە جار بە جار گرنگتر دەبوون. بە چەشنێك کە باسکردن لەهەر کام لەو شتانە؛ زۆر بە سانایی لەوانەبوو سەری بە پەتەوە بکا.

شەوێ وەخەبەر دێم. لەشەودا ئەو بۆشاییەی دووری سازی دەکا بێ سنوورە. خۆفێك دامدەگرێ. بە شوێن ئەودا بەمێشکم دادێ کە هێشتا کەس هەواڵێکی پێ نەگەیشتووە. زۆر دواتر بوو کە چاوەڕوانی دەستی پێکرد، ئەو کاتەی هەواڵە تازەکان گەیشتن.

رابییەر ژنی هەیە. خێزانی بیست و شەش ساڵانەیە و بۆ خۆی چل و یەك ساڵ. منداڵێکیان هەیە تەمەنی چوار-پێنج دەبێ. رابییەر دەگەڵ بنەماڵەکەی لە ناوچەیەکی نزیك پاریس دەژی هەموو رۆژێ بە پاسکلەکەی دێتە پاریس. نازانم و بۆم ناچێتەوە سەریەك، کە سەبارەت بە ئیشەکەی چ پاساوێك بۆ ژنەکەی دێنێتەوە. لەوانەیە ژنەکەی نەزانێ کە ئەم فەرمانبەری گشتاپۆیە. رابییەر یەکی باڵا بەرزی قژ فرە. چاوەکانی نزیك بینن. چاویلکەیەکی دەور زەرد لە چاودەکا. چاوی شین و نیگای پڕە لە بزە. لەو دیوی ئەو نیگایەوە دەکرێ لەش ساخییەکەی مەزەنە بکەی. پیاوێکی رێکوپێك و رووگەشە. هەموو رۆژێ کراسەکەی دەگۆڕێ و پێڵاوەکانی بۆیاخ کراون. نینۆکەکانی خاوێن و کورتن. پاك و خاوێنییەکەی لە بیرناچێتەوە. بە شێوەیەکی خولیایی حەنبەڵییە. ئەو شتانە بۆ ئەو شتێکی بنەڕەتین.

وەك ئاغاوەتان جل و بەرگ دەپۆشی. رێکوپێکی و کۆك و پۆشتەیی لە پێداویستییەکانی ئەو ئیشەیە. ئەو بنیادەمەی ئیشەکەی دار کارییە و تێکهەڵچوونی دەبێت و سەروکاری دەگەڵ چەك و خوێن و فرمێسکە؛ هەر دەڵێی لە کاتی راپەڕاندنی کارەکانیدا دەسکێشی سپی لە دەست دەکا. دەستەکانی لە دەستی نەشتەرگەر دەچن.



لە یەکەم رۆژەکانی تێکەوڵێکەی ئەڵمانییەکاندا بوو کە رابییەر بە بزەیەکەوە گوتی: "رومێل یش Rommel لە وەڵامی ئەو هێرشەدا هێرش دەکاتەوە؛ من جوان ئاگادارم". لە کافەیەکی گەڕەکی بورسی پاریس دێینەدەرێ. دەست دەکەینەوە بە پیاسەکردن. هەوایەکی خۆشی هەیە. سەر و بنی قسەمان باسی شەڕە. لە کاتی سەرهەڵدانی خەمدا بێجگە لە قسە چارەی تر نییە. قسە دەکەم. من دەڵێم: "شەڕگەری نۆرماندی Normandie دەمێکە لە جێی خۆی نابزوێ. پاریس تووشی برسێتی هاتووە و نرخی "رۆنی کەرە" کیلۆی سەت و بیست فرانك چۆتە سەر.

ئەو دەڵێ: "ئەڵمان نەبەزە".

پیاسە دەکەین و ئەو بە وردی لە شتەکانی دەوروبەری؛ کۆڵانە چۆڵەکان و قەرەبغاڵی شۆستەکان ورد دەبێتەوە. زانیارییەکان روون و پتەون. ئەمڕۆ سبەینێیەکە؛ شەڕگەکەیان تەفروتونا دەکرێ. دنیا یەکپارچە چاوەڕێی ئەوەن. چاوەڕێی یەکەمین پاشەکشە. رابییەر بە هۆگری و ئەوینەوە دەڕوانێتە پاریس. زۆرباش شارەزای ئەو شارەیە. چیهاکەسی لەوەها کۆڵانگەلێکدا گرتووە. هەر کۆڵانەی، زیندووکەرەوەی گەلێك بیرەوەری و شین و گریان، هەنیسك دان و نووزە و ناڵەن. وەها بیرەوەری گەلێك نابنە هۆی ئازاری رابییەر. خولیای باخەوانەکانی ئەو باخەیە.

خولیای پاریس و ئەو کۆڵانانەی ئێستا جوولەکەیان تیانەماوە. رابییەر بێجگە لەسەر کەوتنەکانی هیچی لە بیرنەماوە. توندوتیژییەکانی لە بیر خۆی بردۆتەوە. کاتێك باس لەو کەسانە دەکا کە دەسگیری کردوون تێك دەچێ. بۆ خۆی گوتەنی ئەوان لەو گەیشتوون کە بە زۆری ئەو کارەی پێدەکەن. هیچ کام چەرمەسەرییان سازنەکردووە. هەمووان مل کەچ بوون.

- "ئێوە بنیادەمێکی خەمۆکن. حەزناکەم خەمبارتان ببینم".

- "خەمبار نییم".

- "بۆچی؛ خەمباریت؛ هیچیش ناڵێی"

- "چاوەڕوانی مێردەکەمم".

- "من لە گرتووخانەی فرێن ژنێ دەناسم کە دەکرێ خەبەری لێی هەبێ و بڵێ کە مێردەکەتان بە کامە شەمەندەفەر دێتەوە. هەڵبەت ئەگەر بەرتیلی بدرێتێ ئەو کارە دەکا".

"دەڵێم: قرانێك شك نابەم. بەڵام هێندێ خشڵم هەیە و ئەموستیلەیەکی ئاڵتونیش کە نقیمێکی یاقووتی جوانی تیایە. دەڵێ: "حەولی خۆی دەدا". بۆ سبەینێکەی رابییەر دەڵێ: "ئەموستیلەکەی داوە بە کابرای گۆڕین". ئیتر دواتر سەبارەت بەو کارە هیچ ناڵێتەوە. ڕۆژەکان تێدەپەڕن من ڕۆژێك سۆراخی ئەموستیلەکەم دەگرم. دەڵێ: "حەولی داوە دیسان ئەو پیاوە ببێنێتەوە بەڵام نەیتوانیوە". لای وایە ئیتر ئەو ژنە لە بەندیخانەی فرێندا کار ناکاو ویدەچێ گەڕابێتەوە بۆ ئەڵمان. لە رابییەر ناپرسم کە ژنە ئەموستیلەکەی منیشی بردووە یان نا. هەمیشە لام وابوو رابییەر ئەموستیلەکەی نەداوەتێ و بۆ خۆی هەڵگرتووە. کاری ئەو ژنەش هەرچی بێ بۆ خۆی پێکەوەی نابوو. بۆ ئەوەی من لە دەستی دەرنەچم.

بۆ ئەوەی خاترجەم بکا کە هێشتا مێردەکەم لەوێیەو دەست پێی رادەگا و رابییەر دەتوانێ چاوی پێی بکەوێ. ئەو بەر لەوەی درۆیەکەی خۆی لە مێشکمدا بسڕێتەوە ناتوانێ ئەموستیلەکەم بداتەوە.

ئەو هەمیشە ئەو جانتا دەستییە شین و ژیکەڵانەیەی پێیە. هەمیشە پێموابوو کە ئەو جانتایە شتێکە لەو کەلوپەلە (دەست بەسەرگیراوانە) و لە دەسگیرکردنەکاندا یا لە پشکنینی ماڵێکی چۆڵدا وەگیری کەوتووە. لە بازنەکان و دەمانچەیەك زیاتر قەت شتێکی دیکەی لە جانتاکەی دانەبوو، تەنانەت پەڕە کاغەزێکیش. بێجگە



لەو جارەی کە لە کافەی فلوێر، وێنەکانی مۆرلەنی تێدابوو. دوو دەمانچەی دیکەشی لە گیرفانەکانی باخەڵی کەواکەیدا بوو کە کالیبرەکانیان لەوچەکەی نێو جانتاکەی بچووکتربوو. بە وتەی پارێزەرەکەی، "خاون شکۆ F "، زۆر جاران وابووە کە ئەو بێجگە لەو دوو چەکە، دوو دەمانچەی دیکە بنێتە نێو گیرفانەکانی باخەڵی کەواکەی کە هەر بۆوەشی دورست کردبوون.

زێدەڕەویی رابییەر لە هەڵگرتنی چەکی زۆر؛ هۆکارێك بوو کە لە مەحکەمەدا بە قازانجی تەواو بوو.

"چاو، ئەو گەوجە وای لێهاتبوو شەش چەکی هەڵدەگرت" ئەوە قسەی بەرێز Fه. پارێزەری رابییەر.

رابییەر، لە شوێنی تاوانباران تەنیایە. بەسەرنجەوە گوێ هەڵدەخا. لەو مەحکەمەیەدا هەرچی پەیوەندی بەوەوە هەبێ دەگوترێ. نکۆڵی لە مەسەلەی شەش قەبزە تفەنگەکە ناکا. ئەو شتەی لە ژیانیدا دەیویست پێی گەییوە: لەسەری بدوێن، پرسیار بکەن و ئەو وەڵام بداتەوە. بۆ خۆشی نازانێ بۆچی دەمانچە و بازنە ئاڵتوونییەکان و زنجیرێك و کلیلێکی ئاڵتوونی پێ بووە. بۆشی روون ناکەنەوە.

ئەو لە شوێنی تاوانباراندا تەنیایە دڵە کوتەی نییە. خۆی یەکجار بە ورە دەنوێنێ. زۆر گرنگی بەو مەرگەنادا کە چاوەڕوانێتی.

دۆستانە سەیرمان دەکا. هەر ئەو سێ کەسەین کە لەوانی تر کەمتر دەدوێین. "د" و ئەوو من. رابییەر سەبارەت بە من دەڵێ: "ئەوانە دوژمنێکی بەوەفان". سەرێك لە زنیدانی فرێن دەدەم. ژمارەی ئێمە کە هەموو ڕۆژێ بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە کەس و کارەکانمان دەچێتە فرێن بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. لەبەر دەرگا گەورەکەی گرتووخانەی فرێن چاوەڕێ دەبین. هەرچی لەوێ دێتە دەرێ

پرسیار بارانی دەکەین. تەنانەت سەربازە ئەڵمانییەکان و ژنە خزمەتکارە فەڕەنسییەکان. هەر ئەو وەڵامەی جاران دەبیستینەوە. "نازانم، ئێمە هیچ نازانین".

خەڵك بە درێژایی هێڵی شەمەندەفەرە پڕ لە جوولەکە و دیلەکاندا، جار و بار کوتە کاغەزی وادەبیننەوە کە دەبێ بنێردرێن بۆو نێوو نیشانانەی بەسەریانەوەن. ژمارەی شەمەندەفەریش نووسراوە. هێندێ لەو کوتە کاغەزانە دەکەوتنە دەست وەرگرەکانیان. جاری وایە لەتکە کاغەزێکی تریش بەو کاغەزانەوە نووسێنراون. بەناوی شوێنێك لە فەڕەنسا، ئەڵمان یا سیلێزێ Selésie. هەر ئەو شوێنەی ئەو کاغەزانەیان لێ دۆزیوەتەوە. دەکرێ چاوەڕێی ئەو کوتە کاغەزانەش بێت. ئەو کوتە کاغەزانە لە واگۆنی شەمەندەفەرەوە فڕێدراونەتە دەرێ؛ بۆ ئەوەی ئەگەر بێتوو...

ریزی بەرگریکەری ئەڵمانییەکان لە نۆرماندی تێکدەشکێ. خەڵك چاوەڕێی ئەوەن بزانن ئەڵمانییەکان چ لەو بەندییانە دەکەن وابەدەستیانەوەن. سیاسییەکان یا لە رێوە دەنێردرێنە ئەڵمان، یا بەر لە پاشەکشە لە فەڕەنسا؛ تیرە باران دەکرێن. ئەو ترۆمبیلانەی کە لەو رۆژانەدا لە زیندان دێنە دەرێ پڕن لە پیاو گەلێ کە سەربازە چەکدارەکان دەورەیان گرتوون. جار جار هەواڵێك یا زانیارییەك بە دەنگی بەرز بە یەکتری دەگەیەنن. بەیانی رۆژێك لە ناوەڕاستی یەکێ لەو ترۆمبیلانەدا روبێر"ل" دەبینم. شتێکی وەك وشەی کۆمپییەن Compiégen(1) دەبیستم. لە خۆدەچم. دەستەیەك دێنەلام. ئەوانیش گوێیان لەوشەی کۆمپی یەن بووە. شەمەندەفەرەکان لە وێستگەی شاری کۆمپییەن را بە رێی ئوردووگاکان دەکرێن. لەوانەیە ئێستا خوشکی روبێر"ل" بەرێ کرابێ، شەمەندەفەرەکان ببوونە هۆی ئەوەیکە پێموابێ ئەگەری زیندوو بوونی روبێر"ل" زیاتر بووە. بەڵام دواتر، لەوانەیە لە لایەن مۆرلەن یا

(1) یەکێ لە ناوچەکانی Oise. ژاندارك لە ساڵی ١٤٣٠ لەو شارەدا زیندانی کرا. (وەرگێڕی فارسی)



کەسێکی ترەوە بووە، جوان لە یادم نییە؛ کە زانیم بە هەڵەچووم، ئەوەیکە روبێر"ل" لە هەژدەی ئووتدا دەگەڵ ئەوانەی لە هیلاکەتی دابوون بە رێی ئەڵمان کراون.

هەر ئەو شەوە لێبڕاوانە بە "د" دەڵێم: رابییەر دەبێ دەسگیر بکرێ و بدرێتە دەست بزووتنەوە؛ دەڵێم زۆر بە زوویی یانی بەر لەوەی مۆڵەتی دەربازبوونی هەبێ، دەبێ دەست بەکاربن. یەکەمجار دەبێ چەند کەسێك لە ئەندامانی بزووتنەوە شووناسی رابییەر روون کەنەوە. کات بە تیژی تێدەپەڕێ. من لە مردن دەترسم. هەمووان لە مەرگ دەترسن. ترسێکی بەسامە. ئێمە ئەڵمانییەکان ناناسین بەڵام لێمان سوورە جەنایەتکارن.

دەزانم کوشتنی من بۆ رابییەر وەك ئاو خواردنەوە وایە. رۆژ بە رۆژ ئەوەم زیاتر لێ روون دەبێتەوە. لەمەو بەر هەموو رۆژێ تەلەفۆنی بۆ دەکردم. بەڵام ئێستا پاش تێپەڕبوونی ئەو هەموە رۆژە دەڵێ: نەمتوانی سەردانتان بکەم. پێموایە خەریکی سەرو ژورکردنی پەرەوەندەکانی. دوایش کە چەند رۆژێك بەسەر دادێ دەڵێ: "دەکردێ دیسان چاوی پێم بکەوێتەوە و ئەگەر حەزم لێ بێ دەکرێ نیوە رۆژە پێکەوە بخوێن". "دەڵێم: باشە". وەك جاران پاش نیو سەعات بۆ دیاریکردنی کات و شوێن تەلەفۆن دەکاتەوە. "د" لەسەر قەراری پێشوو پەیوەندیم دەگەڵ دەگرێ. دەڵێ: "بۆ دڵنیایی زیاتر: دەگەڵ هەڤاڵێکی تر بە جووت دێین بۆ شناسایی رابییەر".

رستوڕانێکە لە کۆڵانی سێن-ژێرژ، نزیك وێستگەی سێن لازارە. کە تاڕادەیەك تایبەتە بە کۆبوونەوەی ئەفرادی گشتاپۆ. ئەگەر وایدانێین رابییەر زانیاریش بە دەستەوەبدا، بە دڵنیاییەوە لە دوورکەوتنەوە لە هاوڕێیانی دەترسێ. رابییەر بە پێی عادەت لە دەرەوەی رستورانەکە و لەسەر چوار رێیانی کوڵانی سێن ژێرژ و نۆتێردام لۆرێت Notr-Dama lorette چاوەڕێمە.

رستوورانێکی قەرەباڵغ و برێك تاریك؛ دوو هۆڵی وەك یەکی هەن کە یەکیان دەڕوانێتە کۆڵان. کورسیلەیەکی درێژ کە مەخمەرێکی بە سەرکێشراوە هۆڵەکان لێك جیادەکاتەوە. من و رابییەر لە پشت مێزەکەی ئەو سەری هۆدەی رووبە کۆڵان دادەنیشین.

ئەو سەرەی کە داخستووە تەنیا کاتێك هەڵیدێنم کە لە لای ئەوم. رستوورانەکەی چی وای نەماوە پڕ بێ. مشتەرییەکان زۆربەیان جەنتایەکیان پێیە کە لەبن هەنگڵیان ناوە، رابییەر دەگەڵ هەمووان چاك و خۆشی دەکا. بە ناقایلی جوابی دەدەنەوە. ئیتر من بەو قەناعەتە گەیشتووم کە ئەو تەنانەت لێرەش؛ لە نێو هاوڕێیانیشیدا هەر تەنیایە.

دیسان سەرم بەر دەدەمەوە. پێڵووە قورقووشمینییەکانم رێگای راونین دەگرن. نیگام بە دیل دەگرن. لە کوژران دەترسم و لە زیندوو بوون شەرمەزار. هەر بۆم جیاناکرێنەوە.

ئەو شتەی بێجگە لە ترس و برسێتیێ رۆژ بە رۆژ پتر تێکم دەشکێنێ شەرمەزارییە. ترس لە ئاکامی کاری روبێر"ل" بۆتە هۆی ترس لەشەڕ. هێشتا هیچ کەس سەبارەت بە ئوردووگاکان شتێ نازانێ. ئووتی ١٩٤٤ە.

لە بەهاری ساڵی دواییدا پێی دەزانین ئەلمان وازی لە دەست درێژی هێناوە و وڵاتەکەشی وەك خۆی ماوە-هێشتا هیچ شتێ لە بێ بەزەیی و دڵڕەقی نازییەکان وەدەرنەکەوتووە. چارەنووسی دیلەکان لەبەر ئەو پاشەکشێ ئابڕووبەرەیەی کە دەکرێ؛ نیگەرانمان دەکا. ئێمە هێشتا لەو شتەی لە ١٩٣٣ەوە تائێستا بەسەر ئەلمان هاتووە ئاگادار نین. لە سەردەمی ئینسانەکانی سەرەتایی دادەژین. مرۆڤایەتییەکی سەر بە مۆر کە پاکداوێنییەکەی تا چەند مانگێکی تریش دەخایەنێ. هێشتا شتێك لە جسناتی مرۆڤ روون نەبۆتەوە. من دیلی هەستە



بەرزەکانی مرۆڤم هیچ شتێ زوڵاڵییەکەی لێڵ ناکا. شەرمەزرام لەوەیکە خۆم لە لای پیەر رابییەری گشتاپۆیی دەبینم و لەو درۆیەی بۆ ئەم گشتاپۆ جووکوژەم کردووە بەخۆدا دەشکێمەوە. ئەو شەرمەزارییە هەتا مەرگی لە نەکاوم بە دەستی ئەو؛ هەروا درێژەی دەبێ.

ئەو هەواڵانەی بە ئەلمانییەکان دەگەن راچڵەکێنەرن. مۆنت گۆمێری Montgomery لە نیوە شەودا بەسەر شەڕگەی ئارۆمانشی Arromanches داداوە. رۆمێل یان بانگ کردۆتە مەقەڕی سەرۆکایەتی گشتی شەڕگەی نۆرماندی.

لە پشت مێزەکەی تەنیشتمەوە: "دوو ژن کە وێدەچێ رابییەر بیناسێ؛ باسی شەڕ دەکەن من دیسان چاو دەبڕمە عەرزی یا دەڕوانمە کۆڵان. واهەست دەکەم کە چاو لێ کردنیان مەترسییەکە خۆی لەبەر راناگرم. لە پڕدا بەمێشکم دادێ کە لێرە دەکرێ بە وردبوونەوە لە چاویان، لە نیگایان، لە بزە و هەڵسوکەوتیانەوە لە سەرمێزەکان؛ کەسەکان بناسییەوە. هەوڵ دەدەن تەواوی ئەو جووڵانەوانە ئاسایی بنوێنن. ئەو ژنەی لە پشت مێزەکەی تەنیشتمانەوە دانیشتووە بە من و رابییەر دەڵێ: "هەر دوێ شەوێ، چاولێکەن، هەر دوێ شەوێ سەروسەکتیان دەردەکەوت. چی وای نەمابوو دەرگای ماڵەکەم لە رێسمە بەرن. جوابمان نەدانەوە. چراشمان هەڵنەکرد".

تێدەگەم کە دوێ شەو ئەندامانی هێزی بەرگری چوونەتە دەستەیان. ئەوانە دەرگای ماڵەکانیان قایم کردووە و هێزەکانی بەرگری نەیانتوانیوە. وەژوورکەون. رابییەر بزەی هاتێ و ئاوڕی لێدامەوە و بە دەنگێکی زۆر نزم گوتی: "ژنەتیوە دەترسێ". رابییەر داوای شەڕاب دەکا. هەڤاڵاندیار نین. شەڕاب هەموو شتێ دەگۆڕێ.

ترس دەڕەوێ. لێی دەترسم: "ئەی دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکەتان؟"

- "من دەرگا داناخەم، ناترسم، بۆ خۆتان دەزانن".

بۆ یەکەمجار باس لە ژنێکی بێ هۆش دەکەم کە رابییەر ئەو دەمەی چووبوومە دیتنی لە رارەوەکانی دایەرەی گشتاپۆدا دەباوەشی گرتبوو. پێی دەڵێم: مەسەلەکە بۆم روون بوو: "لە "وانی" حەمامەکەدا ژنەیان ئەشکەنجە کردبوو". رابییەر وەك بە ساویلکەیی منالێك بزەی بێتێ؛ پێم پێدەکەنی: "دەڵێ شتێکی زۆر گرنگ نییە. برێك ناخۆشە. زۆریشیان پێوەناوە". چاوی لێدەکەم. ئیتر ئێستا لام شتێکی بێ بایەخە. ئیتر هیچە. لە فەرمانبەرێکی ئەلمانی بەملاوە شتێك نییە و بەس. لە پڕدا دەبینم تراژیدییەکی گەپچاڕاوی و گەوجێتی بەرۆکی گرتووە. ئەو گەوجێتییەی لە بابەت و نێوەرۆکی پووچی ئینشا نووسین دایە. لەوە بەدوا ئەو مەرگە داوێنی دەگرێ، کە لە خۆیدا واتای بێ بایەخ و ناراستەقینە و رووکەشی بەرچاوی "ئینشا" نووسینە.

"د" پێی گوتم: "کورەکان حەول دەدەن لە ماوەی ئەو چەند رۆژەدا سەری رابییەر بە گۆم داکەن. لە شوێنێکی دیاریکراو. دەبێ زۆر بە خێرایی و بەر لەوەی رابییەر لە پاریس بڕوا دەست پێ بکەن. هاتنی "د" بۆ ئەم رستوڕانە بۆ من چاوەڕوان نەکراوە بوو. شتێکی چاوەڕوان نەکراو نییە کە بەو رواڵەتە رێکوپێك و رووگەشییەی هەیانە پۆلیسی ئەلمان لە وەژوورکەوتندا بیانناسێتەوە. لە هاموشۆی ئەو چەند حەوتووەم دەگەڵ رابییەر دەترسم. لە تووش نەبوونی ترسیش هەر خۆفم هەیە. ئەوە رێگای دەربازبوونە. لەو شێوە راوێژەدا-ئەو ترسە بۆ ئەوان نامۆیە. ئەمانە، هەر ئەوانەی لە تەنیشت من و رابییەر دانیشتوون؛ بوونەوەرێکی ساویلکەن هەرگیز ترسیان بە تاقی نەکردۆتەوە.

بە رابییەرم گوت: "ئەم هەواڵانە بە کەیفی ئێوە نین".

شەڕابم بۆ تێدەکا، چەند جارێك، قەت کاری وای نەکردبوو. منیش قەت ئەوەندەم نەخواردۆتەوە: کە پەرداخەکەم پڕ دەبێ، هەڵیدەدەم.



دەڵێم: "هەواڵەکان بە کەیفی منن".

پێدەکەنم. ئەو پێکەنینەکاری شەڕابەکەیە. دیارەکاری شەڕابە. خۆم بۆزەوت نابێ کە لەوەی پتر نەخۆمەوە. چاوم لێدەکا. دەبوایە ئەو نیگایە لەناوی بردبا.

لە ئێستاوە خۆی لە بەشداران جیاواز و بە بینادەمێکی ماقووڵ دەزانێ. لەو کاتەدا بۆ من هەر ئەو کەسەیە کە دواتر لە پشت مێزی تاوانباران دەیبینم. ئیتر لەوەی کە هەیە ناتوانێ زیاتر بێت. قارەمانێك.

پییەر رابییەر دەڵێ: رۆژێك بڕیار بوو جوولەکەکان بگرین. چووینە نێو ئاپارتمانەکە. کەسی تێدانەبوو. سێ چوار قەڵەمی رەنگی لەسەر مێزی چێشت خواردنەکە بوون دەگەڵ چەند لاپەڕەیەك کە منداڵان رەسمیان تێدا کێشابوونەوە. چاوەڕێی هاتنەوەی ئەوانەبووم کە لە ئەپارتمانەکەدا دەژین. رابییەر دەیوست پێم بڵێ: "کە ئەو دەمەی دەیانهەوێ بمگرن ئەو پێم رادەگەیەنێ بەڵام من وای بۆ دەچم: هەڵبەت بەو مەرجەی کە دەستووری گرتنەکەم بە کەسێکی جگە لە خۆی بدرێ.

رابییەر بەو پشتگۆی خستنەی ئازارەکانی مرۆڤایەتی؛ تاوانی ژان و ئازاری و ئازاری هێندێ لە بێ بەشییەکانی دەداتەوە. ژیانی ئێمە، من و ئەو جوولەکە لاوازە لە سایەی سەری ئەوانەوەیە.

دیسان چاوی لێدەکەم. ئێستێ پاش شەڕاب بۆ ئەوەی دەبێ زیاتر سەرنجی بدرێتێ. باسی ئەلمان دەکا. ناتوانم دەگەڵ بۆچوونەکەی بم. بۆچوونەکەی بۆ خۆشی روون نییە چ بگا بۆ خەڵك، بۆ شکست خواردووەکانی پاریس.

پێی دەڵێم: "ئیتر تەواو بوو، تەواو. مۆمگێری تا سێ رۆژی تر دەگاتە باریس. "وانییە ئێوە تێناگەن ". هێزی ئێمە نەبەزە. هەر ئەلمانییەکان لەوە تێدەگەن". ئەو بە خەسڵەت و بەرژەوەندیی خواکان لەناو دەچێ. رۆژنامەکان وادەڵێن. من لەسەر ئەو باوەڕەم سێ شەوی تر بە چۆك دادێ. جوان لە بیرمە: چاوم بڕیبووە

کراسە تازەکەی؛ کۆتە قاوەییەکەی لەبەردابوو. ملیوانی کراسەکەی و کۆتەکەی لێك دەکالآنەوە، مەیلە و زەردبوون. بەخۆم گوت: "حەیف بۆو کراسەی دەبەر کەسێك دایە مەحکووم کراوە بەمەرگ. جارێکی تر و ئەو جار زۆر لێبڕاوانە و هەر بەو جۆرەی چاوم تێ بڕیبوو، بەزەییم پێی داهات: "پێم گوتبووی ئەو ڕۆ دوانیوەڕۆ پێلآو مەکرە، بە کەڵکت نایە". لە گوێی نەگرت. بە بڕوای من فڕی بەسەر تێ فکرین و بیرکردنەوەوە نییە. لە هەموو شتێ بێ بەشە. هیچ ناکا بێجگە لە چاوەڕوانیی مەرگ. پێموایە ئەگەر هەروا دەرخواردم بدا، ئەوە یانی نوقمی پەژارەی تێك شکانە. سەیرە گەر خۆی لەوە تێنەگا. پێیوایە بە دەرخواردانی شەڕاب دەتوانێ بمکێشێتە هوتێلێك. بەڵام لەوە خافڵە کە لە هوتێل چیم لێدەکا. هێشتا نازانێ دەبێتە خاوەنم یا شوێن بزرم دەکا. رابییەر دەڵێ: "تەح چەندە ترسێنەرە. ئێوە زیاتر تێك شکاون. ئاوابێ من خۆم پێ ڕاناگیرێ".

ئەم ڕۆ بەیانی لێم ون دەبێ ئەو بینادەمەی جوولەکەکان دەگرێ و بەڕێی کوورە بینادەم سووتێنەکانیان دەکا بەرگەی لۆمە و لەقەمی من ناگرێ. لۆمە و بۆڵەی ژنێکی تێکسمڕاوی ناڕازی. ئەویش ڕاست لە کاتێکدا کە لەسەر مان و نەمانی؛ مشت و مڕە. دواتر هەر دەیگوت و دەیکوتەوە؛ بێت و بەوەی زانیبیا بۆی هەبوو مێردەکەم نەگرێ. هەموو ڕۆژێ لەسەر چارەنووسی من بڕیاری دەدا و هەموو ڕۆژێش دەیگوت: ئەگەر ئاگادار بایە چارەنووسی من جورێکی تر دەبوو. ئیتر گرنیگ نەبوو کە ئەو پێش ڕووداوەکە بەشتەکەی زانیوە یا دواتر.

هەڵبەت کابرایەکی پۆلیس پێوەندییەکی بە قوربانییەکانیەوە نییە. رابییەر کە دەیدیت یەکێکی وەك منی لەبەر دەست دایە بەهێزی خۆی دەنازی.

شانسی ئەوەی بوو کە خۆی لە پشت کردەوەکانییەوە حەشاربدا، بەو خۆ دزینەوەیە لە خۆی؛ سوکنایی دەهات.



لە پڕدا دەبینم ترسێکی مەرگ هێنەر باڵی بەسەر رستوڕانەکە داکێشاوە. ئەو دەمەی ترسەکەی خۆم ڕەویبوو بەو شتەم زانی. ئەو چل پەنجا کەسەی لەوێ بوون. بۆ چەند ڕۆژێ تر دەبوونە خۆراکی مەرگ. لەناوچوون بە زوویی دەستی پێ دەکرد.

شەڕابەکەم دێتەوە بیر. فێنك و ئاڵ. لە بیرمە هیچی نەدەخواردەوە. "ئێوە ئەڵمان ناناسن؛ هیتلەریش هەروا. هیتلەر هەڵکەوتەیەکی (نابغە) نیزامییە. من بەپێی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو ئاگاداری ئەوەم کە هەتا دوو ڕۆژی تر هێزێکی یاریدەدەری لە ژمارنەهاتوو لە ئەڵمانەوە دەگەنێ، ئێستا لە سنوور تێپەڕبوون. پێشڕەوی ئینگلیسییەکان رادەوەستێ".

"باوەڕناکەم وابێ. هیتلەریش نابغەی نیزامی نییە. هەروەها دەڵێم: منیش بەشی خۆم زانیاری هەیە. ئەوە دەشیبینین وەکی ئێوە دەڵێن وانییە".

ژنەکەی سەرمێزی تەنیشتمان سەرنجی بۆ لای من دەکشێ: "ئەی ئەو ژنە دەڵێ چی؟" رابییەر بەلای ئەودا ئاوڕ دەداتەوە، لە پڕ وشك دەبێ بە پارێز دەبێ.

رابییەر پێی دەڵێ: "بیروڕای ئەوان دەگەڵ هی ئێمە جیاوازی هەیە".

ژنەکە نە لە رابییەر حاڵییە و نە لە راوێژی تووڕە و لە نەکاویی. سەر و سەکتی هەڤالآن لە کۆلآنەوە دەردەکەوێ. پاسکڵەکانیان بە دیوارەوە دەنێن. کیژۆڵەیەکیان بۆ ڕێنوێنی دەگەڵ "د" ناردووە. سەرم بەردەدەمەوە. رابییەر چاوی تێوەبڕیون. من ڕوویان لێ وەردەگێرم؛ رابییەر ئاگای لە هیچ شتێ نابێ. کچۆڵەکە هەژدە ساڵان دەنوێنێ؛ هەڤاڵە. دەیانبینم بە جموجۆڵێکی کەم؛ وەك بڵێی بە بڵێسەی ئاوردا تێپەڕن؛ بە رستوڕانەکەدا دەڕۆن. لە مێزی بەتاڵ دەگەڕێن. یەك دوویەکی بەتاڵ دەبیننەوە. وێدەچێ دۆزینەوەی مێزی بەتاڵ نیگەرانی کردبێتن. بێ ئەوەی ڕووم لێیان بێ دەیانبینم، قومێك دەخۆمەوە. هەر چۆنێك بێ مێزێکی بەتاڵ دەدۆزنەوە. ڕووبەڕووی ئێمە؛ دوو مێز ئەولاتر. بڕێك دوورتر مێزێکی تریش بەتاڵ بوو. بەڵام

نەچوونە ئەوێ. نزیکترین مێز بە ئێمەیان هەڵبژارد. بە رواڵەت نوقمی رۆڵی خۆیانن. ئاکاری منالآنە لە خۆیان نیشان دەدەن. بە هێندێ بێ پارێزییەوە لە رووخساریان ورد دەبمەوە، لە چاویاندا شادمانی دەبینم. ئەوانیش رەنگ بێ لە چاوی مندا ئەوە ببینن. رابییەر قسەدەکا: "چاو لێکەن، دوێنێ لاوێکی بیست ساڵانەم لە دەوری ئەنوالید invalids دەستگیر کرد. دایکیشی لەوێ بوو. سامناك بوو. ئیتر لەبەر چاوی دایکی لاوەکەمان دەستگیرکرد".

خزمەتکارێك دەچێتە لایان؛ ئەوان چاو لە لیستەی چێشتەکان دەکەن. من خەریکی خواردنم. هۆشم بە لای قسەکانی رابییەرەوە نییە. درێژەی دەدات. دڵتەزترین بوو، دایکی دەگریا. پێی دەگوتین: کە کوڕەکەی منداڵێکی بە گوێیە و ئەو یانی دایکی، باش لەوە ئاگادارە. داوای لێدەکردین باوەڕ بە قسەکانی بکەین. بەڵام کوڕەکە بۆ خۆی چی نەدەگوت؛ گوێتان لێیە؟

ویولۆن ژەنێك دێتە نێو رستووڕانەکە. هەموو شتێ بە کەیفی ئێمە دەچێتە پێش. من دەگەڕێمەوە سەر باسەکە: "یانی لاوەکە بۆ خۆی چی نە دەگوت! ها؟" "هیچ. سەیر بوو، زۆر هێدی بوو. دەیویست بەر لەوەی دەگەڵ ئێمە بێ دڵخۆشی دایکی بداتەوە. ئەرێ، زیاتر دەگەڵ ئێمە هەستی بە نزیکایەتی دەکرد هەتا دایکی سەیر بوو". ئەوان ویولۆن ژەنەکە بانگ دەکەن. چاوڕێ دەبم، قسەکانی رابییەر بێ وەڵام دەهێڵمەوە. ئێستاش ئەوە فەزایەکە، کە بۆم ئاشنایە، کاتێك منالەکان لە یەکتر کۆدەبنەوە دەست دەکەن بە گۆرانی وتن. وەك شێتان قاقادەکێشم. پێشی پێکەنینەکەمم پێ ناگیرێ. رابییەر بێ ئەوەی تێ بگا چاوم لێدەکا.

"چ بووە؟"

"شەڕ تەواو بوو؛ ئاخری کۆتایی هات. کۆتایی ئەلمان. پێکەنینەکەم لە شادەمانییە". دیسان لە بەزەیی بوو. بزەی دێتێ و ئەو رستە دڵگرەی نازییەکان کە قەت لە بیر



ناچێتەوە دوو پاتە دەکاتەوە: "دەزانم ئەوە ئاواتی ئێوە بوو. چاولێکەن من تەواو تێدەگەم، بەڵام ئەو شتە بوونی نییە".

"ئەلمان بەچۆك داهات و تەواو".

پێدەکەنم و ناشتوانم پێشی پێکەنینەکەم بگرم. ئەوانیش هەروا، لەوێ پێدەکەنن. ویولۆن ژەنەکە هیچی تێدانە هێشتەوە.

رابییەر دەڵێ: "خۆشحاڵن، بەهەر حاڵ ئەوە منیش خۆشحاڵ دەکا".

دەڵێم: "دەکرا ئێوە واز لەو گەنجە بێنن؛ ئەویش لە رۆژێك پێش کۆتایی شەڕدا". سەریەشەیەکی بۆتان نەدەبوو. ئێوە بۆیە ئەوتان کوشت تا بە خۆتانی بسەلمێنن شەڕ تەواو نەبوو، وایە؟"

ئەوەی دەیڵێ من و "ل" لەوەپێش دەمانزانی: "باس لەوە نییە، شەڕ بۆ ئێمەمانان تەواوبوونی نییە. من هەتا مابم دەست لە خزمەتی ئەلمان هەڵناگرم. ئێستا کە دەتانهەوێ بزانن، دەبێ پێتان بڵێم کە لە فەڕەنسا نارۆم".

"ئێوە ناتوانن لە فەڕەنسا بمێننەوە".

– قەت ئاوا نەم دواندبوو. بە چەشنێك پێی دەڵێم من کێم. ئەویش نایهەوێ ببیستێ. "ئەلمان ناشێ بەچۆك دابێ. لە راستیدا ئێوەش ئەوە دەزانن کە هەتا دوو رۆژی تر بینەری ئەو رووداوە چاوەڕوان نەکراوە دەبن".

– "نا، تەواو بوو. تا دوو رۆژ سێ رۆژی تر پاریس ئازاد دەبێ".

ژنەکەی سەرمێزەکەی تەنیشتمان، لە دەنگە دەنگی ویۆلۆنەکەشدا گوێی لە قسەکانی ئێمە دەبێ، ترسم رەویوە، بێ و نەبێ ئی شەڕابەکەیە. ژنە دەگوڕێنی: "بڵێن بزانم مانای قسەکانی ئەو ژنە چییە؟"

رابییەر دەڵێ: "ئێمە مێردەکەیمان گرتووە".

- "دەی. دەی ... ئاوا".

- "بەڵێ؛ ئاوایە؛ فەڕەنسییە".

زۆربەی ئەوانەی لەوێن چاویان بڕیوەتە هەڤاڵانی من، بەو دوو گراوییەی لە نەکاو لە جێی خۆیان هەستاون. وادیارە نایایهەوێ بزانن چ قەماوە بزەیان دێتێ. وەغیرەت کەوتوون: کەوایە هێشتا نۆرەی مەرگ نەگەیشتووە.

ویۆلۆن ژنەکە لەسەر مێزەکەی ئەو دووانە دەست دەکاتەو بە لێدانی ئاهەنگەکە. دەبینم تەنیا هەر من و ئەو جووتەین دڵە خۆرپەمان نییە. تەسنیفەکانی ویۆلۆن ژەن هەموو ئاهەنگی سەردەمن. تەسینف گەلێك سەبارەت بە داگیرکەریی ئەڵمانییەکان. ئەو ئاهەنگانە بۆو دوو عاشقە شادی هێنەرن. ئاهەنگ گەلێ لە رابردوو، لە کەون.

لە رابییەر دەپرسم: "ئەرێ داخستنی دەرگا تەواو بوو؟"

- "خراپ دەبینن -دیسان بزەی دێتێ- بەڵام تەواوە".

ژنە گشتاپۆییەکە بە خێسەوە چاوم لێدەکا. دەڵێن دەیهەێ سەبارەت بە کۆتایی شەڕ شتی تازەتر بزانێ. من؛ لە روانگەی ئەوەوە سەر بە وڵاتێکی دوورە دەستم بە فەڕەنسا. هەست دەکەم دەیهەوێ لێم بپرسێ: هەر بە راستی شەڕ تەواو بووە. لە رابییەر دەپرسم: "ئەو جار ئێوە چ دەکەن؟"

- "بیرم لێ کردۆتەوە. کتێب فرۆشییەکی خنجیلانە دادەنێم. من هەمیشە هۆگری کتێب بووم. بۆی هەیە ئێوەش بتوانن یارمەتیم بدەن".

حەول دەدەم رووبەڕوو چاوی لێ بکەم. ناتوانم، دەڵێم: "نازانم"

لە پڕدا وتەیەکم دێتەوە بیر کە سەبارەت بە ترس بیستووم: لە ژێر ئاوری تیرباردا، بنیادەم وەدەزانێ پێستێکی بەسەر گیانی کشاوە. "هەستی شەشەم"ی دەبزوێ. ئاگام لە خۆم نییە. چی وای نەمابوو بە رابییەر بڵێم بەو زووانە دەیکوژن لەوانەیە ئەگەر پەرداخێکی ترم هەڵدابایە دەمکوت. لە نەکاو گرنگیی ژیان هەموو گیانم دەتەنێ. وەك



مەلەکردنی هاوینانی نێو زەریا. ئەگەری هەموو قەومانێك هەیە. بۆ ئەوەی کڵاو لەسەر ئەو بەکرێگیراوە نەنێم حەز دەکەم شتەکەی پێ بڵێم، پێی بڵێم بەم زووانە دەیکوژن. لە یەکێ لە کۆڵانەکانی مەڵبەندی شەشی پاریسدا. لەوانەیە هەر لە ترسی لۆمە و لەقەمی دوایی "د"یە کە رابییەر تێ ناگەیەنم. رستوراڼمان بە جێ هێشتووە.

هەرکمان سواری پاسکلێ بووین. ئەو چەند مەترێك لە پێش منەوە لێدە خۆرێ. هێشتاش شێوەی پێدالێ لێدانەکەیم لە بیرە. زۆر هێدی و لە یەکێ لە جادەکانی پاریسدا. ئەو گیرگە ئاسنینانەی داوێنی لە دەلینگی شەلوارەکەی وە پێکەنیم دەخەن. بە قایشێك جانتاکەی لە پشتەوەی پاسکڵەکەی بەستووە.

بۆ ساتێك وەك بمهەوێ بێپێکم دەستی راستەم هەڵدێنم-تەق. هەروا لینگەفرتێ دەکا. ئاوڕ لە دواوەی ناداتەوە. بزەیەکەم لەسەر لێوە. سێرە لە پشت ئەستۆی دەگرم. تیژ دەڕۆن. پشتە پانەکەی سێ مەترم لێ دوورە. پشتێکی واپان و ئەستوور کە ئیمکانی نییە تیرم بە هەڵەبچێ-تەق!

پێدەکەنم. فەرمانی پاسکڵەکەم جۆرێك داگرتووە کە نەکەوم. جوان سێرەی لێدەگرم. تیخەرەی پشتی باشترین شوێنە-تەق...

رادەوەستێ؛ منیش لە سەرییەوە رایدەگرم. دواییش دەچمە پێشێ و لە پەنای رادەوەستم. هەڵبزرکاو دەنوێنێ، هەڵدەلەرزێ. ئاخری بە دەنگێکی کز مەبەستەکەی دەڵێ: "دەگەڵم وەرن، یەکێ لە هەڤاڵانم ئەپارتمانێکی لەو نزیکانە هەیە. دەتوانین پێکەوە پەرداخێکی هەڵدەین".

چوار رێیانێکی گەورەبوو. بە هەڵە نە چووبێم. چوار رێیانی شاتیۆدۆن Chateaudun بوو. قەرەباڵغ بوو. ئێمەش لە لێشاوی رێبوارانی شۆستەکەدا دەتلاینەوە. رابییەر بە پاڕانەوە دەڵێ: "تەنیا ساتێك؛ وەرن".

دەڵێم: "نا، پەلەمەکە، بۆ دوایی".

دەیزانی من قەت بەڵێنی نادەم. داواکەشی هەروا، بۆوەی لانی کەم شتێکی داواکردبێ و بەر لە ماڵ ئاوایی شتێکی کوتبێ کردبووی؛ دڵە خورپەی بوو؛ بەڵام بە جوانی لەو ترسە نەدەگەیشت کە دایگرتبوو. ناهومێدی بۆ وی شتێکی نامۆ بوو. لە پڕدا وازی لە باسەکە هێنا و چووە نێو کۆڵانێکی سەرداپۆشراو بە هەنگاوی پشکێنەرانەی خۆی دوورکەوتەوە.

ئیتر رابییەر قەت تەلەفۆنی بۆ نەکردمەوە.

چەند رۆژ دواتر، کاتژمێر ١١ی شەو ئازادیی پاریس راگەیاندرا. لەوانەیە ئەویش دەنگی زەنا زەنا و تەواوی زەنگەکانی کلێسەی پاریسی گوێ لێ بوو بێ. لێشاوی جەماوەری نێو کۆڵانەکان و ئەو بەختەوەرییە لە تاریف نەهاتووەی دیتوە. دواییش بێشك چووە لەوبەر دیوارە گڵەکەی کۆڵانی رنوود خۆی حەشارداوە. ئێستا رەنگە ژن و منداڵەکەشی گەڕابێنەوە شارۆچکەکان. ئەو تاق کەوتۆتەوە. خێزانی وەك دەڵێن: ژنێکی ژیکەڵە و سادەیە. بانگ کراوەتە دادگا و گوتوویەتی کە لە تێکۆشانی پۆلیسی مێردەکەی تەواو بێ خەبەر بووە.

حەول دراوە لە دەست دادگای قەزاییی بیهێننە دەرێ و بێ تێپەڕکردنی رەوتی ئاسایی دادگای راگەیشتن بەکاروباری جەنایەت؛ بە دەستی خۆمان بفەوتێ. شوێنەکەشی لەوەپێش دیاریکراوە. بولواری "سین ژەرمەن". بەڵام من خودی جێگەکە پێ نازانم. رابییەر نادۆزنەوە. ناچار بە مەئموری پاراستنەکەی رادەگەیەنن. مەئموورەکە کە دەیدۆزێتەوە. رابییەر بە تاقی تەنیا لە ئۆردووگای درانسی Drancy بووە. من دوو جاران وەك شایەتحاڵ لە داداگادا حازربووم. جاری دووهەم لە بیرم چوو بۆوە سەبارەت بە کوڕە جوولەکەیەك کە لە مەرگی خۆش ببوون. شتێك بڵێم. داوام کرد زیاتر لەسەری بدوێم. کوتم لە بیرم نەبووە ئەو ژیانی بنەماڵەیەکی جوولەکەی رزگار کردووە. سەبارەت بە مەسەلەی رەسم کێشانەوەی مناڵە جوولەکەکەش قسەم کرد. هەروەها گوتم کە لەو ماوەیەدا هەواڵم پێ گەیشتووە کە ئەو بۆتە هۆی رزگاریی گیانی دوو ژنە جوولەکە و



لە سنوور پەڕاندوونێتەوە. دادوەر بۆڵەیەکی کرد و گوتی: "باشتروایە بە روونی بۆچوونەکانتان دەربڕن. ئێوە لۆمەتان دەکرد و ئێستاش لەسەری وەجواب دین. ئێمە بۆ کوشتنی کات و سات نەهاتووینە ئێرە. "لە وەڵامدا گوتم: مەبەستی من دەرکاندنی راستەقینەیەکە بەڵکو ئەو بە پادداشتی ئەو دووکارەی کردوویەتی بتوانێ لە سزای مەرگ رزگاری بێ. دادوەر پێی گوتم بڕۆمەدەر، تووڕە ببوو".

تەواوی تەلارەکە دژی من بوون. لە دادگا چوومە دەرێ.

لە کاتی مەحکەمەکەیدا تێگەیشتم کە رابییەر هەموو پاشکەوتەکەی بۆ کڕینی دەقە ئەسڵییەکان دەست نووسەکان تەرخانکردووە؛ مالارمێ، ژید، لامارتین، شاتۆ بریان، ژیرۆدۆ، و لەوانەیە ئەوانەی تا ئەو کات نەیخوێندبوونەوە و قەت نایانخوێنێتەوە. لەوانەیە حەولیشی دابێ و سەرنەکەوتبێ. پێموایە ئەو زانیارییانە سەبارەت بە رابییەر بوونەوەرێکی دروست دەکرد کە تەواو دەگەڵ ئیشەکەی، دەگەڵ ئەو پیاوە تەنیایەی من ناسیبووم یەکیان دەگرتەوە. سەروتر و بەرزتر لە گران و سەنگینییە ئاغاوەتیانەیەی؛ لە سەرووی بیروباوەڕەکانییەوە سەبارەت بە ئەڵمانی نازی و هەروەها هێوربوونی جاروباری؛ دەگەڵ بێ سەرنجییەکانی و خۆنەپاراستنەکانی و لەوانەیە دەگەڵ هۆگرییەکەی بە من؛ ئەمن کە ئەو گیانی فیدا دەکردم.

دواتر برادەرێکی بەناو رابییەرم هەر لە بیرنەما. لە بیر خۆمم بردەوە لەوانەیە لە مەودای زستانی ١٩٤٤ و سەرەتای ١٩٤٥دا ئیعدام کرا بێ.

هەڵبەت نازانم لە کوێ. بەڵام وەك بە گوێم گەیشتەوە و دەڵێن: بە پێی یاسا لە حەوشەی بەندیخانەی فرێن.

دەگەڵ هاتنی هاوین؛ ئەڵمانیش تێك شکا. تێك شکانێکی بەتەواو مانا، کە سێبەری خستەسەر تەواوی ئەورووپا. هاوینی ئەو ساڵە مردووی خۆی و زیندووەکانی دەگەڵ بوو. هەروەها ژانی تاقەت پڕووکێنی ئۆردووگاکانی ئەڵمانیش.

## کۆتایی

### ئالبێر دێکاپیتاڵ و Albert des capitals

### میلشیایەک بەناوی "تێر" Ter le milicien

باشتروابوو ئەو نووسراوانەی بەردەستتان خرابانە دوای رۆژانە نووسراوەکانی ژانەوە. بەڵام بۆ ئەوەی لە هەموو زەنازەنا و قریوە قریوەکانی شەڕدا چەشنێك پچڕان پێك بێنم؛ بە باشم زانی بە جیا بیهێنم. تێرێز Therese کە لێرەدایە بۆ خۆمم. ئەو ژنەش کە بە کرێگیراوەکە ئەشکەنجەدەکا بێجگە لە خۆم کەسی تر نییە. هەروەها ئەو ژنەی حەز لە میلشیایەك بەناوی "تێر" دەکا هەر بۆ خۆمم. لەو نووسراوانەدا ژنێکتان پێ دەناسێنم کە ئەشکەنجەگەرە. لە بیرتان بێ ئەمانە نووسراوەگەلێکی پیرۆزن.

دوو رۆژ بەسەر رابردنی یەکەمین جێب Jep و گرتنی نووسینگەی سەرۆکایەتی نیزامی بنکەی ئەلمانییەکان لە گۆڕەپانی ئۆپێرا؛ دا، تێپەڕیبوو؛ رۆژی یەك شەممە بوو. سەعات پێنج و نیوی دوانیوە رۆ، خزمەتکاری کافەیەکی تەنیشت بنکەی ریشیلیۆ بە شڵەژاوی گەیشتێ: "مشتەرییەك لە کافەیە، دەیناسم، یاریدەدەری پۆلیسی ئەلمان بوو. خەڵکی "نۆئازێ"یە. بۆ خۆشم خەڵکی ئەوێم. خەڵکی ئەوێ هەموو ئاگاداری ئەو مەسەلەیەن. دەکرێ هەر ئێستێ بیگرن. هەڵبەت دەبێ پەلەبکەن".

"د" سێ کەس لە هەڤاڵانی بۆ ئەو کارە تەرخان کرد. خەبەرەکە بڵاوبۆوە.

لە مێژبوو کە هەمووان لەو بابەتە دەدوان. لە یەکەم ساڵەکاندا پێت وابوو ئەو شتانە لە هەموو قوژبنێکدا دەبینرێن. بەڵام یەکەم شتێك بوو بە چاوی خۆمان



دەماندیت. دەرفەتێك بوو بۆ دڵنیابوون و دیتنی ئەوەی کە بە کرێگیراو چ جۆر مرۆڤێکە. کونجکۆڵی لەو پەڕی خۆی دابوو. خەڵك سەبارەت بەو دۆخەی نالەبارەی لە حکوومەتی داگیرکەردا بوویان زیاتر کونجکوڵیان دەکرد هەتا ئەو دۆخە سەیرەی کە لە دوو حەوتووی رابرووددا، لە کاتی گەیشتن بە ئازادی بەم لاوە تێیدا دەژیان. هەڤاڵانی گرووپەکە سەریان بە هەموو شوێنێ دادەکرد، بە تەلارەکاندا، مەی فرۆشییەکاندا، بە دەرگای ماڵاندا، دوو رۆژ بوو وازیان لەشەڕ هێنابوو. ئیتر لە نێو گرووپدا کارێکیان نەمابوو بیکەن بێجگەلە خواردن و خەوتن و مشت و مڕ سەبارەت بە چەکەکان و ترۆمبێلەکان و کیژۆڵان، هێندێکیان سەر لە بەیانی بە ترۆمبیل وەرێ دەکەوتن بۆ ئەوەی ئەگەر لە شوێنێ تەقە بوو (کەدەشبوو) بەشداری بکەن و شەوێ دەگەڕانەوە. پێش خزمەتەکە: لە کاتێکدا سێ کەس لە هەڤاڵان دەوریان دابوو وەژووکەوت. بەرەو "بار" رێنوێنیان کرد. "بار" جێیەك بوو وەك شوێنی شمەك داکەندن. پێشخانێکی لە پشتەوە هەبوو کە لە رۆژانی بشێوی و ئالۆزدا، بژیویان تێدا، دابەش دەکرد. ئەو سەعاتێك لە نێوەڕاستی –بار– بە پێوە وێستا. "د" کاغەزەکەی تاوتوێ کرد. ئەندامانی گرووپ چاویان لێدەکرد. لێی نزیك دەبوونەوە و لێی وردەدەبوونەوە و جنێویان دەدایە: "گەندوگوو، خوێڕی بۆگەن...".

تەمەنی پەنجا دیاریدەکا. چاوخێل، چاویلکە لە چاو. یەخەی کراسەکەی شەق و جوانە، کراواتی لێداوە. کورتە باڵا، قەڵەو و دەم و چاوێکی نەتاشراو. چاو کاڵ و بەردەوام دەڵێی بزەیەکی گاڵتەجاڕانەی لەسەر لێوە.

لە گیرفانەکانیدا کارتێکی پێناس دەدۆزنەوە. وێنەی خێزانی کە ژنێکی گەڕاوەیە، هەشت فرانك پووڵ، دەفتەرچەیەك کە هێندێ ناونیشانی نیوە چڵ و ژمارە تەلەفۆنی تێدایە. "د"ش هەروا کە چاو لە دەفتەری نووسراوەکانی دەکا، چاوی بە

هێندێ ڕەمزی سەیر و سەمەرە دەکەوێ کە وردە وردە ماناکەیان بە دەستەوە دەدەن.

"د" پێشانی "تێرێز"ی دەدا. لە پێشدا نیشانەکان لە پەنا یەکەوە بە تەواوی دەبیندرێن هەڵبەت لە لاپەڕەی جیالەیەکدا. ئالبێر دێکاپیتاڵ. دواییش تەنیا ئالبێر یا دێکاپیتاڵ. لە دوایین لاپەڕەکانی دەفتەرەکەدا، لە هەر لاپەڕەیەکدا تەنیا، کاپ، یا، ئاڵ؛ نووسراوە.

"د" دەپرسێ: "مەبەست لەو ئالبێر دێکاپیتا چییە؟"

بەکرێگیراو چاو لە "د" دەکا، دەڵێی لە مێشکیدا لە شتێك دەگەڕێ، لە بینادەمێکی گەشبین دەچێ کە بەراستی نەدیتنەوەی ئەو وەڵامە ئازاری دەدا کە دەمێکە لەسەر دۆزینەوەی پێ داگرە. ئەوەیکە بە هەموو گەشبینییەوە حەول بۆ دۆزینەوەی دەدا. دەپرسێ: "ئالبێری چی؟"

- "ئالبێر دێکاپیتال".
- "ئالبێر دێکاپیتال؟"

"د" دەڵێ: "ئەرێ، ئالبێردێکاپیتال."

"د" دەفتەرەکەی لەبەر پێشخانەکە دادەنێ. بە دەستی بەتاڵ لە بەکرێگیراوەکە نزیك دەبێتەوە. بە هێمنی لێی ورد دەبێتەوە. "تێرێز" دەست دەداتە دەفتەرەکە و زوو زوو هەڵیدەداتەوە. پیتی A. L. بۆ دوایین جار لە یازدەی ئووتدا نووسراوە و ئەمڕۆ **٢٧**ی ئووتە. "تێرێز" دەفتەرەکە لەبەر پێشخانەکە دادەنێ و وەك "د" چاو دەبڕێتە بەکرێگیراوەکە. هەڤاڵان بێدەنگن. "د" ڕووبەڕووی بە کرێگیراوەکەیە.

"د" لێی دەپرسێ: "وەبیرت نایەتەوە؟"

دوایی لە بەکرێگیراوەکە دەچێتە پێشێ.



بەکرێگیراو برێك دەکشێتەوە، نیگاکانی پەشۆکان: "ئەها؛ بەڵێ؛ حەی چ گەوجم؛ ئەوە هەر ئالبێرە خزمەتکارەکەی کافەی دێکاپیتالە، کافەیەکە نزیك گاردو لیست... منیش لە نۆئازی لویسك دەژیم. هەر کاتێك لە شەمەندەفەڕ دادەبەزم بۆ لێوتەڕ کردنێك جاروبار لادەدەمە کافەی دێکاپیتال...."

"د" دیسان دێتەوە بەر پێشخان. هەڤاڵێك دەنێرێتە شوێن خزمەتکارەکەی کافەکەی تەنیشتیان. هەڤاڵ دەگەڕێتەوە: پێش خزمەتەکە چۆتەوە ماڵێ. تەواوی کارکەرەکانی کافە تێگەیون. هەڵبەت خزمەتکارەکە ڕاستییەکەی بە کەس نەوتووە.

"د" لە بەکرێگیراوەکە دەپرسێ: "ئالبێر یەکێکی چۆنە؟"

بەکرێگیراو وەخۆهاتۆتەوە بە بزەوە دەڵێ: "یەکی خڕیلانەی مووزەردە".

"د" بەرەو ئەو هەڤاڵانە دەڕوا کە لەبەر دەرگا ڕاوەستاون، دەڵێ: پێژۆ **٣٥٣**یەکە هەڵکەن و خێراوەڕێ کەون.

بەکرێگیراو چاوی لە "د"یە. ئیتر پێناکەنێ. مات دەبێ، دوایی وەخۆدێتەوە: "نەخێر، کاکە وانابێ، ئێوە لە هەڵەدان، کاکە....".

دەنگێك لەو بەری پێشخانەوە: "خوێڕی. گلاو، ئەو گەپجاڕییەت زۆر ناخایەنێ. گلاو؛ وریای دەمت بە، گەندوگوو،.....

"د" گیرفانەکانی دەپشکنێ. نیوە پاکەتێك جگەرەی گلۆئاز، قەڵەمێکی نیوە؛ پێنووسێکی نوێ و کلیلێك".

سێ کەس لە ئەندامانی گرووپ وەڕێ کەوتوون. دەنگی وەڕێکەوتنی پێژۆ **٣٥٣** دەبیسرێ.

"ئێوه به هەڵەچوون کاکه....."

"د" گیرفانەکانی دەپشکنێ. بەکرێگیراو شەلاڵی ئارەقەیە. دەڵێی حەزناکا بێجگە له "د" کەس بیدوێنێ. دیاره لەبەر ئەوەی که "د" گران و سەنگینه و جنێونادا. بەکرێگیراو زۆر روون و لەسەرخۆ قسەدەکا. حەول دەدا خۆی له "د" نزیك بکاتەوه و به جۆرێکی تایبەت له هەڤاڵەکانی دیکه دوور بکەوێتەوه.

به دزی و به ئاشکرا دەیهەوێ هاوفکرێك یا بڵێین پشتیوانێك بۆ خۆی بدۆزێتەوه. "ئێوه سەبارەت بەو کەسەی دەتانهەوێ به هەڵەچوون. کاکه گیان من گاڵته به هیچ شتێ ناکەم. بڕواتان بێ بەتەمای گاڵتەکردنیش نیم".

هیچی تر له گیرفانەکانیدا نییه. هەرچی له گیرفانەکانیدا بوو خستوویانەته سەر مێزەکه. "د" دەڵێ: "بیبەنه هۆدەکەی تەنیشت ژمێریاری".

دووکەس له هەڤاڵان له بەکرێگیراوەکه دەچنەپێش؛ به سکاڵاوه چاو له "د" دەکا: "کاکه بەلێنتان دەدەمێ... تکادەکەم...."

"د" ئەو جار دادەنیشێ، دەست دەداته دەفتەرەکه و چاوێکی پێدادەخشێنێ. بەکرێگیراو دەگەڵ دوو هەڤاڵ دەچێته دەرێ. یەکێ له هەڤاڵان لەو سەری —باڕ- به کەیفخۆشی فیتولێدەدا. زۆربەی هەڤاڵان دێنه دەرێ لەبەر دەرگا کۆدەبنەوه. چاوەڕێی گەڕانەوەی پێژۆ ۳۵۳ن. تەنیا "د" و تێرێز له باڕ-دا دەمێننەوه.

زۆر جار له دوورەوه دەنگی تیرباردێ. ئیتر خوومان پێ گرتووه؛ مەوداو شوێنی تەقەکه دەناسین: کتێبخانەی میللی — گۆشەی بۆلواری دیزیتالێەن. هەڤاڵان سەبارەت به بەکرێگیراوان و چارەنووسی بەردەمیانەوه دەدوێن. هەر که دەنگی ئوتومبێلێك دێ، هەڤاڵان قسەکانیان دەبڕن و مل دەکێشن. نا ۳۵۳ نەبوو. یەکیان فیتوو لێدەدا. هەر ئەو هەوایەی جاران. هەروا بەزیتی و کەیفخۆشییەوه. دەنگه دەنگێك له لای بولواری دیزیتالییەنەوه دێ. قریوه و زەنا زەنایەکی ئاڵۆز. دەنگی



پەیتا پەیتای متۆری ترۆمبێل، دەنگی بژی بژی و سڵاو و گۆرانییەکان، هاواری پیاوان، ژنان، دەنگه دەنگێکی تێکەڵ و پێکەڵ، گڕ و ناخۆش، ئەو لێشاوه به لرمەیه دوو شەو و رۆژه بەڕێوەیه.

تێرێز به "د" دەڵێ: گرنگ ئەوەیه دڵنیابین به راستی ئەو کابرایه گەل فرۆشه یان نا؟ خەریکی مەسەلەی ئالبێر دێکاپیتاڵ بین کاتەکانمان به فیرۆدەچن. بێجگه لەوەش؛ داماڵدراوەکان دەگەنێ و ئێمه دەستمان له هیچ گیر نابێ. چونکه ئەوان ناتوانن هیچ قسەیەکی لێ دەرکێشن. بەرەڵڵای دەکەن. یا ئەوەی که دەڵێن: "لەوانەیه به کەڵکمان بێ".

"د" دەڵێ: پێویسته لەسەرەخۆبین.

تێریز دەڵێ: "نابێ چیتر راوەستین؛ تاتوانیومانه له سەرەخۆ بووین. "د" لەسەر ئەو باوەڕەیه: هەرگیز نابێ بێ وازبیت. هیچ کات. تەنیا پێویسته لەسەرەخۆ بیت. دەڵێ: بەخۆخەریك کردن به مەسەلەی ئالبێردێکاپیتاڵەوه لەوانەیه سەرەداوێك دەست کەوێ. هەڵبەت، یەك به یەك و ئەوەش که ئەم کابرایه، ئەو بەکرێگیراوه؛ کابرایەکی چارەڕەشه، خۆفرۆشێکه بۆ پووڵ کار دەکا. ئەو کەسانەی دەبێ دەسگیر بکرێن ئەو بەرپرسانەن که فەرمانی دەست بەسەر کردن و ئیعدامی جوولەکەکان و ئەندامانی بزووتنەوەی بەرگرییان دەردەکرد و تەواوی ئەو کارانەیان به ۵۰۰ فرانك له مانگدا دەکرد.

- "د" پێیوایه هەر ئەوانه دەبێ بگیرێن.

- تێریز بەفشه گوێ رادەگرێ. چاوێ له کاتژمێرەکەی دەکا.

هەشت رۆژ لەوه پێش؛ شەوێك، یەکێ لەسەر دەستەکان رۆژێ Roger هاتۆته بنکه و گووتویەتی ئەندامانی گرووپەکەی حەوت ئەڵمانیی دەست بەسەریان کوشتووه. کوتووشێتی که چۆن فەرمانی داوه بیانخەنه گرتووخانەوه دوایش ئابجۆیان (بیره)

بەسەر دابەشکردوون. تێریز دەگەڵ جنێودان بە رۆژێ؛ مێزەکەی جێ هێشتووە. چاوەڕوانی ئەوە بووەکە بەندییە ئەڵمانییەکان بکووژن. رۆژێ پێکەنیوە؛ ئەوانی تریش. هەمووان دەگەڵ رۆژێ هاودەنگ بوون: نەدەبوایە بەناحەزی دەگەڵ دیلە ئەڵمانییەکان رەفتاربکەن. چونکە ئەوانە سەربازگەلێك بوون کە لە کاتی شەڕدا گیرابوون. تێریز بنکەی جێ هێشتووە. هەمووان پێکەنیون و دوای ئەوە کەم تاکورتێ بەساردی دەگەڵی جووڵاونەتەوە. هەڵبەت جگە لە "د" ئێستاش پاش ئەو شەوە تێریز یەکەمجار چاوی بە "د" دەکەوێ. "د" یەکەمجار بێدەنگ دەبێ. چاوەڕێی ٣٥٣یە. چاو دەبرێتە دەرگای وەژوورکەوتن. چاوەڕێی ئالبێر دێکاپیتاڵە. تێریز بەرامبەری دانیشتووە. دەپرسێ: "بە رای تۆ ئەو شەوە حەقم نەبوو؟"

- "کامە شەو؟"

- "مەبەستم مەسەلەی دیلە ئەڵمانییەکانە؟"

- "حەقت نەبوو. بەڵام ئەوانی تریش حەقیان نەبوو لێت قەڵس بن".

"د" پاکەتی جگەرەکەی بۆ تێریز رادەدێرێ: "فەرموو....."

جگەرەکانیان دادەگیرسێنن.

- "د" دەپرسێ: "تۆ، حەزت لێیە لێکۆڵینەوەی لێ بکەی؟"

- "کەیفی خۆتە؛ فەرقی پێناکەم".

- "د" : "دەزانم."

ئەوەش پێژۆ. هەر سێ هەڤاڵەکە دادەبەزن. بێ دەسکەوت هاتوونەتەوە. "د" دەچێتەدەرێ.

- "چ بووە ؟"



- "لە گوێی گاداخەتووین.... پازدە رۆژ لەوە پێش شوێن بزربوون. وەکی دەڵێن، چوونەتە سەفەر.

- "تف".

"د" دەچێتە خواردنگەی قاتی یەکەم. "تێریز"یش بە شوێیندا. پیاوەکان خەریکن شێوەکەیان تەواو دەکەن. تێریز هێشتا نەیخواردووە. "د"ش هەروا. "د" دەڵێ دەبێ بە کاری ئەو کابرایە رابگەین.

پیاوەکان بێدەنگ دەبن. چاویان لە "د" و تێریزە. بڕیار وایە تێریز، لێکۆڵینەوە لە بەکرێگیراوەکە بکا، کەس متەقی نایە، پەسند دەکرێ.

تێریز لە پشتەوەی "د"یە. بڕێك هەڵبزرکاوە. مرچ و مۆن دیارە, تەنیایە. لە پاش ئازادییەکەی پاریسەوە. ئەو حاڵەتەی زیادی کردووە. لەوەتا هاتۆتە ناوەندی رێکخستن قەت دەگەڵ هیچ پیاوێك نەبووە. لە کاتی راپەڕیندا سەری لە رێدابوو، هەڵبەت بە پارێزەوە بەڵام بێ دڵەخورپە و هەڵپە. ژنێکی دڵ لە دواو تەنیا بوو. چاوەڕێی پیاوێك بوو کە وێدەچوو تیرەباران کرابێ. ئەم شەو تەواوی ئەو شتانەی پێوە دیاربوو.

لە نێو هەڤاڵان دە کەس هەڵدەستن و دەچنە لای "د" و "تێریز". بە راستی ئەوانە هەمووان ئەوەندە لێوەشاوە و پێگەیشتوون کە بتوانن بە کاروباری بەکرێگیراوەکە رابگەن.

تەنانەت ئەوانەی ئەوێ شەوێ لە هەمووان زیاتر پێکەنین. "د" دوو کەس لەوان هەڵدەبژێرێ. هەر ئەوانەی لە ژێر چاوەدێری مونلۆك دابوون و لێهاتوون. کەس متەقی نایە. کەس وەجواب نایە. کەسیش دانانیشێ. چاوەڕێی دەوێستن. "د" دەڵێ: "شتێك دەخۆم و لە رێوە دەتانگەمێ". دەی؛ تێگەیشتنی تێریز؟ بەر لە

هەر شتێ بزانە ئەو ئالبێر دێکاپیتاڵە کێیە و کێ زۆر هامۆشۆی کردووە، دەبێ سەرەداوێك دەست کەوێ".

تێریز دەگەڵ دوو کەس لە پیاوانی مۆنلۆك؛ ئالبێر و لوسین Lucien لە خواردنگەکە دەچنە دەرێ. ئەوانی دیکەش لەخۆوە وەشوێنیان دەکەون. هیچ کام لەوانە نەیتوانیوە بڕیار بداو دیسان بچێتەوە لەسەر مێزەکەی دانیشێ. کارەبا، باسیشی نییە. تەنیا بەشێك لە خانووبەرەکە؛ کەڵك لە متۆری کارەبای چاپخانە وەردەگرن. مەودای ئێرە و چاپخانە زۆر دوورە و بێگومان قەرەباڵغیشە. دەبێ لە خوارێ لە نێو —بارِ- لامپایەك بدۆزینەوە. تێریز دەگەڵ ئەو دوو کەسە دەچێتە خوارێ ئەوانی تریش بە پۆڵ، بڕێك لە دواوەتر دەچنە خوار، پاش ئەوەی لامپاکەیان هەڵگرت لە پلیکانەکانی دیکەوە؛ کە بە داڵانێکی کاولدا دەگاتە ژمێریاری، وەسەردەکەون. دەگەنە ژمێریاری. یەکێ لە هەڤاڵانی تاقمی مۆنلۆك بەو کلیلەی "د" پێی داوە دەرگاکە هەڵدەگرێ. لە پێشدا تێریز و بە دوای ئەودا دوو هەڤاڵی گرووپی مۆنلۆك دەچنە ژوورێ و دەرگاکە لەسەر خۆیان پێوەدەدەن. ئەوانی تر لە داڵانەکەدا دەمێننەوە. جارێ نایانهەوێ وەژوورکەون.

بەکرێگیراوەکە لەسەر کورسیی پەنا مێزەکە دانیشتووە. وێدەچێ بەر لە بیستنی دەنگی قوفڵەکە، سەری لە نێوان دەستەکان گرتبێ و ئێستا، قیت و قۆز دانیشتووە. وەردەسوورێ تا وەژوورکەوتووەکان ببێنێ. چاو دەپتێنێ. تیشکی لامپاکە چاوی دێشێنێ. لۆسین لامپاکە راست لە نێوەڕاستی مێزەکە بەرامبەر کابرا دادەنێ)).

هۆدەیەکی بڕێك بەتاڵ. کەلوپەلەکەی تەنیا دوو کورسییە و مێزێك. تێریز کورسییەکیان هەڵدەگرێ و لە گۆشەکەی تری مێزەکە لە پشت لامپاکەوە؛ دادەنیشێ. هەڤالان بەسەر پێوە لە تاریکدا بە دەورەیدا ئاڵقە دەبەستن.



ئالبێرت دەڵێ: "خێرا خۆت رووتکەوە. نە کاتی زیادی شك دەبەین و نە حەزیشمان لە دیتنی لەشی تۆیە".

ئالبێر گەنجە. بۆیە نازانێ کە نابێ کارێکی وابکا توندوتیژ بنوێنێ. بەکرێگیراوەکە هەڵدەستێ، دەڵێی تازە لە خەو هەستاوە. کەواکەی دادەکەنێ. روخساری پەشۆکاوە. بەو چاوە کزانەی؛ گەرچی چاویلکەی تێکردوون، وێناچی لەو تاریکییەدا شتێ ببینێ. بەشێنەیی دەجوولێتەوە. تێریز دەزانێ هەڤاڵ راست ناکا. چونکە بەپێچەوانەی قسەکەی ئەو؛ هەمووان دەرفەتی باشیان هەیە.

بەکرێگیراو کۆتەکەی دەخاتە سەر کورسییەکە. هەڤاڵان ئەو لاو ئەم لایان گرتووە. قسەناکەن. کابرا و "تێریز"یش هەروا. سرت و خورتێك لە پشت دەرگا داخراوەکەوە دێ. کابرا بە فیزەوە کۆتەکەی لەسەر کورسییەکە دادەنێ. ورد دەبێتەوە، خۆ ڕێکدەخا. بەڵام بە هێمنی. نازانێ جۆرێکی تر هەڵسوکەوت بکا. تێریز بیر لەوە دەکاتەوە کە، رووتکردنەوەی ئەو چ قازانجێکی هەیە. ئێستا لێرەیە، پەلەی بۆ چییە؟ هیچ شتێ کار لەو ژنە، یانی ئەو "تێریزە" ناکا. نەقین و بوغز و نە هەڵسوکەتی خێراو نە هیچ شتێ. لەوانەیە کاروباری ئەو کابرایە زۆر بخایەنێ. زەمان، لەو ماوەیەدا کە جل و بەرگەکەی داکەندووە، زەمانێکی مردووە.

ژنە بۆ خۆشی نازانێ بۆچی هەڵناستێ بڕوا؟ بە دڵی دادێ هەستێ لەوێ بێتەدەر. بەڵام واناکا. لەو ساتەدا ئاواش هەر چارە نییە. بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی، بە راستی ئەو ژنە، ئەو تێریزە، دەبێ بە کاروباری کابرای بەکرێگیراو رابگا، پێویستە زۆر بگەڕێیتەوە بۆ دواوە. "د" کابرای و بە ئەسپاردووە، ئەویش ئەو کارەی وەئەستۆ گرتووە. کابرای دەبەر دەستدایە. پیاوێکی سەیرە. ژنەش سەبارەت بەو پیاوە سەیرە، هیچ هەستێکی نییە. ژنە خەوی دێ بە خۆی دەڵێ: "دەخەوم". کابرا پاتۆڵەکەشی دادەکەنێ و هەر بەو وردیەی پێشووە لەسەر کورسییەکەی دادەنێ. بیجامە کورتەکەی بۆرە و چرچ و لۆچ. تێریز بە خۆی دەڵێ: "باشترە بچیتە

شوێنکی تر و کارێ بکەیی". منیش ئەو شوێنەی کە ئێستا لێیم ئێرەیە، لە چوار دیوارێکی گێراو و تاریکدا، دەگەڵ ئالبێر و لۆسین، دوو کەس لە گرووپی مۆنلۆك و ئەو گزیرەی جوولەکەکانی ئاشکرا دەکرد و ئەندامانی بزووتنەوەی بەرگریش. دەڵێی لە سینەما. دام، ژنێك لەناو سینەمادا. ڕۆژێك چوو بووە قەراغی سەکۆی شانۆ و کوتبووی، خۆشم دەوێی. ژنە بیری لەو ڕۆژە دەکردەوە. هێشتا لە بیری بوو. هەر شتەی ناوی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەو ڕۆژەش هەر هەمان ڕۆژ بوو کە ژنە بڕیاریدا دەگەڵ پیاوێك بژی. ئەمرۆش چ باشە؟ چ دەبێ؟ ئێستا نائێستا دەگاتە کۆڵانی "ڕۆمئۆ" Reaumure بۆ نووسینگەی ڕۆژنامە بۆ ئەوەی دەست بە کار بکا. وێدەچێ ئەو شتانە گرنگ نەبن. وەك شتەکانی تر، ئەو شتانەی ئێوەش تووشی دێن. لەوانەیە بەسەر ئێوەش هاتبێ، لەوانەیە بەسەر هەموو کەسیش بێ.

تێریز ئانیشکی خستۆتە سەر مێزەکە و دەڕوانێ. پیاوەکە گۆرەوییەکانی دادەکەنێ. هەڤاڵان چاوی لێدەکەن. لۆسین لە زۆربەی هەڤاڵان بە تەمەنترە. تەمەنی بیست و پێنج ساڵەیە و لە لوالۆیس Levallois ترۆمبیل چاك دەکاتەوە. کوڕەکانی نێو گرووپەکە زۆریان خۆشی لێی نایە. لۆسین لە تێك هەڵچوونەکاندا چالاك بووە. بەڵام لە گێڕانەوەدا زۆر شتی پێوە دەنا. زۆر بڵەیە. ئەویتر ناوی ئالبێرە. کرێکاری چاپخانەیە. هەتیوە. تەمەنی هەژدە ساڵە. لە جەرگەی شەڕدا یەکێ لە ئازاترین کەسەکانە. هەر چەکێکی وەدەستی کەوێ دەستی بەسەر دادەگرێ. دەمانچەکەی "د"یشی دزیوە. کورتە باڵایەکی ریوەڵەیە. لە هەژاریدا گەورە بووە و هەر لە منداڵییەوە دەستی کردووە بە کارکردن لە ساڵی ١٩٤٠، یان لە چاردە ساڵییەوە. "د" لەوەیکە چەکەکەی لێ دزیوە لێی بە دڵ نەگرتووە، دەڵێ چەك بۆ کەسانە باشە. تێریز چاو لە ئالبێر دەکا. ئەو ئالبێرە هەروا لاوێکی سەیر و سەمەرەیە. قەت ناڵێ چی کردووە. لە یەکێك لە ڕۆژەکانی حەوتووی ڕابردوودا، لە گۆڕەپانی پالەڕۆ ئایال Palis-Royal بە بۆتلێك بەنزین تانکێکی ئەڵمانیی ئاگردابوو. بوتڵەکە.



ڕاست لەسەر دەم و چاوی ئەڵمانییەکە تەقیوەتەوە قرچە قرچ سووتاندوویە. گۆرەوی بە کرێگیراوەکە دڕاون. نینۆکی قامکەگەورەی لاقی کە لەوێ دەرکەوتووە ڕەش هەڵگەڕاوە. دیارە ئەم گۆرەوییانە دەمێکە دانەکەنراون دەڵێی هی کابرایەکن هەر پێوەیان بە ڕێدا ڕۆیشتووە. وەك کەسێکی کە پاش ماوەیەکی درێژ ڕێ پێوان، بەشەکەتی هاتبێتە نێو کافەیەکەوە. ناچار دەچێتە کافەیەکی ئاشنا. دواییش دەورەی دەدەن و کار "تەواوە" ناچاریان کردووە هەموو جل و بەرگ و تەنانەت گۆرەوییەکانیشی داکەنێ. دیارە. گومانی تێدانییە ئەوانیشیان ناچارکردبوو گۆرەوییەکانیان داکەنن. تێریز پێی وایە ئەو کارە بڕێك گەوجانەیە، هەڤاڵان بڕێك گەوجن، هەڵبەت قسەیان دەگەڵ مۆنلۆك نەکردووە، وشەیەکیش. "د" بە هۆی کوڕەکانی ترەوە ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئەو شەوە ئەوانەی هەڵبژارد. ئێستا زیاتر لە دەڕۆژە؛ پتر لە دە شەو و ڕۆژە تێریز دەگەڵ ئەوانە دەژی. جگەرە و شەڕاب و بوتڵی پڕ لە بەنزینیان دەداتێ. ئەوانە جاروبارە و بە شەکەتی باسی پێك دادانەکان دەکەن. باس لە ئەڵمانییەکانی نێو تانگەکان، لە خزم و کەس و هەڤاڵەکانی خۆیان.

هەر کاتێکیش نەگەڕابانەوە. چاوەڕێیان دەبووین. خەومان لێ نەدەکەوت. دووشەممەی ڕابردوو هەتا بەیانی چاوەڕێیان بووین.

کابرا بەکرێ گیراوەکە گۆرەوییەکان دادەکەنێ. هەر ئەم گۆڕەوییانەی بە لاقێوە نووسابوون. زۆر دەخایەنێ.

ئاڵبێر وەزمان دێ "زووکە" "خێراتر." تێریز تائەو کاتە سەرنجی نەدابووە دەنگی گیراوو لەرزۆکی ئالبێر. ژنە لە خۆی دەپرسێ کە بۆچی ئەو شەوە هێندەی چاوەڕوانی کێشا. لە گەرمەی شەڕەکاندا کەس نەبوو چاوەڕێ نەبێ. کەس لە کەس زیاتر نەبوو. بەڵام دیسان دەستی پێ کردۆتەوە؛ جیاوازی دانان دیسان دەست پێ دەکاتەوە. ئێستا ئەو، بۆ ینباخەکەی دەکاتەوە. ئەرێ، بۆینباخ. هەمووان وەك

یەك بۆینباخ دەکەنەوە. ملیان بەلایەکدا خوار دەکەنەوە؛ بێ ئەوەی گرێیەکەی تێکچی، کلکەکەی دەکێشن. بە کرێ گیراوەکەش وەك خەڵك بۆینباخەکەی دەکاتەوە.

بەکرێگیراوەکە بۆینباخی هەیە. سێ مانگ لەمەوبەریش بۆینباخی هەبووە. پاش سەعاتێك، بۆینباخێك؛ دوو سێ دەنك جگەرە و خواردەنەوەیەك. لای سەعات پێنج ی ٥ ئێواری.

پیاوەکان هەر کام ئیشتیایەکیان هەیە. تێریز چاوی بڕیوەتە بەکرێگیراوەکە. بە دەگمەن دێتە پێش کە بە قەد دوێنێ شەوێ ئیشتیای جیاواز، لە ئارادا بووبێ. پیاو سەری دەگێڕەوە دەهات. ئەوەیان دەچووە کۆڵانی سۆسە، لە پەیلیکانەکان دەچووە سەرێ، لە دەرگای دەداو دوایی هێندێ زانیاری پێ دەدان، کەڵەگەت، ڕەش ئەسمەر، بیست و شەش ساڵان، ناونیشان. دەگەڵ سەعاتی هاتن و وەدەرکەوتن، پاکەتێکیان دادەیە، دەیگوت: سوپاس بەڕێز، دوایی دەچۆوە کافەی کاپیتاڵ و شتێکی دەخواردووە.

تێریز دەڵێ: "پێیان گوتی زووکە خێرا".

بەکرێگیراوەکە سەری هەڵدێنێ. لەسەرەخۆو بە دەنگێکی کزی منداڵانەوە دەڵێ:
"تا بتوانم خێرا دەبم، بڕواتان بێ.... ئاخە بۆچی....."

قسەکەی بە نیوە چڵی دەهێڵێتەوە. بێ ئەوەی چاوەڕێی ئاگادارکردنەوە بێ، دەچوو ناوەندی دامەزراو لە کۆڵانی سۆسە. ئێخە سپییەکەی لە دیوی ژوورەوە چڵکنە. قەت قەت چاوەڕوان نەبووە. هەرگیز. جار و باریش وەك لە ماڵی ئاشناکان بێ؛ داوایان لێ دەکرد دانیشێ. لە خوار ئێخە سپییەکەی، کراسەکەشی چڵکنە؛ بەکرێگیراوێکی ئێخە چڵکن. دوان لە کوڕەکان بیجامە قوڵەکەی لەبەر دادەکەنن. بەلادادێ و وەك جەواڵێکی زل بە دەنگێکی کپ لە قوژبنی هۆدەکە وە



عەرزدەکەوێ. "ڕۆژێ" دوای ئەوەی لەسەر بەندییە ئەڵمانییەکان؛ دەمەقاڵەی دەگەڵ ئەوانی تر کرد؛ ئیتر قسەیەکی وا دەگەڵ بە کرێ گیراوەکە ناکا. هەر ئەو نا، بەڵکو ئەوانی تریش نایدۆێنن.

دەنگی دوایین گوللە هەواییەکان زۆر لە دوورەوە دێ. ئیتر کۆتایی کارە. شەڕ لە پاریس بارگە و بنەی پێچاوەتەوە. لە هەموو شوێنی، لەو دیو دەرگای فەیتون خانەکان، لە کۆڵانەکاندا؛ لە هۆدەکانی هۆتێلدا، شادمانی شەپۆڵ دەدا. لە هەموو جێیەك کچی هاو تەمەنی ئەو، لە پەنا ئەو سەربازانەوە دەبینرێن کە لە شەڕ هاتوونەتەوە. هەڵبەت لە هەموو لایەکەوە، زۆری تریش، ئەو گەنجانەی ئیتر شەڕ و خەم و بێ کاری دەستی لێ هەڵگرتوون. بەڵام بۆ ئەوە، بۆ ئەو ژنە هێشتا تەواونەبووە. بۆ ئەو نەباسێك لە شەڕ هەیە و نە لە پەژارەی پاش شەڕ. بوون لێرە، چارەنووسی ئەوە. بە تەنیا و لە پەنا ئەو بەکرێگیراوە و دوو کەس لە ئەندامانی مونلۆك. بە تەنیا و بەندکراو لە پەنای ئەوان و لەو هۆدە دەرگا داخراوەدا. کابرا ئێستێ ڕووت و قووتە. ژنە، بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا، بە دوور لە داخوازیی خۆشەویسی؛ خۆی لە بەرامبەر کابرایەکی ڕووت و قووتدا دەبینێ. پیاوەکە ڕاوەستاوە و پاڵی وەمێزەکە داوە، چاوی بڕیوەتە عەرزی. چاوەڕوانە. تاقمێك لەوانەی لەوێن ڕازی دەبن، لە پێشدا ئەو دوانە، ئەو دوو هەڤاڵە، دواییش بێگومان ئەوانی تر؛ هەر ئەوانەی دانیان بە جەرگیان داگرت و هێشتا هیچیان دەست نەکەوتووە و هەروا چاوەڕێن ئەوانەی لە بیریان چۆتەوە چۆن کەڵك لە ئازادی وەرگرن. چونکە بەردەوام لە چاوەڕوانیدان. ئێستا کەلوپەلەکانی لەسەر مێزەکەن. دەلەرزێ؛ ترس و لەرز دایگرتووە. لێمان دەترسێ، لە ئێمە؛ کە بۆ خۆمان دەترساین، زۆر دەترسێ، ئەویش لەو کەسانەی بۆ خۆشیان دەترسان. ئێستا ڕووت و قووتە.

ئالبێر دەڵێ: "چاویلکەکەت".

چاویلکەکەشی دادەنێ و دەیخاتە سەر کەلوپەلەکەی. ئەندامی لەسەر مێزەکەوە دیارن؛ هەڵپرووکاوە. ئەندامێکی قەڵەوی هەیە و لە ژێر تیشکی کزی لامپاکەدا، پێستی نارنجیی دەچێتەوە. بۆنێکی لێ دێ، بۆنی لەشێکی بێ جووڵە. دوو گەنجەکە چاوەڕێن.

- "سێ سەت فرانك بۆ هەر دیلێکی شەڕ؛ وایە؟"

- "بەکرێگراو بۆ یەکەمجار دەناڵێنێ".

- "ئەی بۆ جوولەکەیەك چەندە؟"

- "هەروەك پێم گوتی: ئێوە بە هەڵەچوون."

تێریز دەڵێ: ئەوەی ئێمە دەمانهەوێ ئەوەیەکە لە پێشدا پێمان بڵێن: ئالبێر دێ کاپیتاڵ لە کوێیە؛ دواییش تۆ چ پەیوەندییەکت دەگەڵی هەبوو؟ پێکەوە سەردانی کێ تان دەکرد؟"

- دەناڵێنێ بێ فرمێسك.

- "پێم گوتن: لەوە زیاتر نەمدەناسی."

دەرگای هۆدەکە دەکرێتەوە. ئەوانی تر لە بێ دەنگیدا دێنە ژوورێ. ژنان لە ریزی پێشەوەن و پیاوان لە پشتە سەریانەوە. تێریز بە رواڵەت لەوەیکە دەگەڵ وەژوورکەوتنی ئەوان خۆی لە بەرامبەر پیاوێکی بە سالاچووی رووتدا دەبینێ، بڕێکی پێ ناخۆش دەبێ. ناشتوانێ پێیان بڵێی بڕۆنەدەرێ. بیانوویەکی نییە. ئەوانیش هەروا بە هاسانی دەتوانن جێی ئەو بگرنەوە. تێریز لە پەنالامپاکە دانیشتووە. مووی کورت و رەشی سەری لە تیشکەکەدا دیارە و نیوەی نێوچاوانە سپییەکەی. هێور بۆتەوە. دەڵێ: "دەست پێ بکەن، بەر لە هەر شتێك دەبی پێمان بڵێ: شوێنی ئەویتر، ئالبێر دێکاپیتاڵ لە کوێیە؟ دەنگی کز و بڕێك لەرزۆکە. یەکەم زەبر؛ یەکێك لەو چوار باهۆیە دەیوەشێنێ. دەنگێکی سەیری هەیە. دووەم



زەبر دەوەشێندرێ. بەکرێگیراو دەیهەوێ خۆی لادا، هاواری هەڵدەستێ. "وەی، وەی، ئەوە دەمکوژن!" لە پشتەوە قاقایەك دەبیستێ کە دەڵێ: "لە بیرت بێ لە خۆڕایی تێت هەڵنادەن".

لە ژێر تیشکی لامپاکەدا لەشی کابرا جوان دیارە. کوڕەکان بە رقەوە لێی دەدەن. سینگیان وەبەرمستان داوە، لەسەریەك نین بەڵام قورسن. لە وەشاندنی زەبرەکاندا؛ ئەوانی ئەو سەری هۆدە کە بێ دەنگن. ئەو جووتە دەست لە تێهەڵدانی هەڵدەگرن، چاو لە تێرز دەکەن. لۆسین دەڵێ: "هاتییەوە سەرەخۆ؟ .... جارێ لە کوێتە؟"

بەکرێ گیراو دەستێك بە سینگی دادێنێ و هێدی دەناڵێنێ. "جا ئەم جارە پێمان بڵێن چۆن چوویتە ناو گشتاپۆ؟" ژنە، تەکان تەکان قسە دەکا. بەڵام دەنگی پتەوە. بەکرێگیراو ئێستێ تامەکەی چێشتووە. مەسەلە کە خەریکە دەست پێ دەکا. کوڕەکان زەبریان وەشاندووە. کارەکە جیدی بووە. وەراست گەڕاوە: "پیاوێك ئەشکەنجە دەکەن. پیاو دەکرێ هاودەنگ نەبێ، بەڵام نەبۆوە دەبێ گوێی نەدەیەی. نە دەکرێ گومانی لێ بکەی، تەنانەت بۆ دڵ ئێشانیش نابێ.

- "دەی.... ؟"

- "بەکرێگیراو: وەکو .... وەکو و ئەو خەڵکە".

ئەندامانی گرووپەکە مەحتەل ماون. جووڵە جووڵیانە: "ئەها... ". گریان دەکاتە بیانوو. "بەهەر حاڵ... ئێوە نازانن...." بێ دەنگ دەبێ. بە لەپی دەستەکانی سینگی دادەماڵێ. گوتوویەتی: "وەك ئەو خەڵکە".

گوتی: "وەك ئەو خەڵکە" پێیوایە ئەوانە نازانن. نەیگوت نە چۆتە نێو گشتاپۆوە. لە پشتەوە؛ سرت و خورتی ئەوانە دەبیسرێ کە لەو سەری هۆدەکەن.

- "چۆتە نێو گشتاپۆ، گوتی: چووە، بۆ گشتاپۆ، لە کۆلانی سۆسە. پەڵەی گەورە گەورەی رەش لە سینگی دەرکەوتوون.

- "گوتت: وەکو ئەو خەڵکە؟" کە هەمووان دەچنە ناو گشتاپۆ، ها ؟" لە پشتەوەڕا: "گلاو، چەپەڵ...." بەرز دەبێتەوە. کابرا زراوی چووە. پشتی ڕاست دەکاتەوە. دەیهەوێ بزانی دەنگەکە لە کوێوە دێ. ئەوانەی لەوێن زۆرن. ئەم ناتوانێ نیگای لەسەر هیچیان ڕاگرێ. دیارە ئەوییش ناچارە وەبزانێ لە سینەمایە. پاش ساتێك دڕدۆنگی بەسەر خۆیدا زاڵ دەبێ". "دەبوو کارتی پێناسمان نیشان دابا، لەو خوارە؛ کارتی پێناسمان لە کاتی وەژوورکەوتنندا دانابایە و لە ڕۆیشتنندا وەرمان گرتباوە." سەر لە نوێ لەدواوە دەنگە دەنگ هەڵدەستێ: "خوێڕی، گلاو، گەندوگوو....".

- "من بۆ و کاروبارەی پەیوەندییان بە بازاڕی شەڕەوەیە دەچوومە ئەوێ. پێم وانە بوو کارێکی هەڵە و خراپ دەکەم. من هەمیشە نیشتمان پەروەرێکی ڕاستەقینەبووم. ڕاست وەك ئێوە. بۆ فرۆشتنی هێندێك وردە شتی بێ کەڵك دەچوومە ئەوێ. ئێستاش دەزانم.... لەوانەیە کارەکەم هەڵەبووبێ، نازانم..."

زایەڵە و سۆزی دەنگی هەروا خەمین و منداڵانەیە. لە پێستە پچڕاوەکەی سینگییەوە خوێن شۆڵاوگەی بەستووە. بە ڕواڵەت دەڵێی بۆی گرنگ نییە. تۆقیوە. کاتێك باسی بازاڕی ڕەش دەکا؛ سرت و خورتێك لەو سەری هۆدەکەوە دەبیسرێ: "گلاو؛ بەرازی گلاو، بۆگەن...." یانی "ڕۆژێ"ش هاتووە. ئێستاش لە نێو تاپۆی جەماوەرێك دایە کە لە دواوەن. تێریز دەنگی "ڕۆژەی" ناسیوەتەوە. دەنگی "ڕۆژێ" کە گوتوویە: "گلاو".

تێریز دەڵێ: "دەست پێ بکەن"

ئەوان زەبرەکانیان لە گۆترە ناوەشێنن. لەوانەیە تائێستێ لێکۆڵینەوەیان نە دابێتەدەر، بەڵام دەزانن چۆنی تێ سرەوێنن. بە شارەزایی دیوەشێنن. کە هەست



دەکەن کابرا دەیهەوێ قسە بکا، زەبرەکانیان شل دەکەنەوە. هەر ئەوەندە بزانن دەیهەوێ خۆی لێ گێل بکا، دەست پێ دەکەنەوە.

- "ئەو هەویەی پێی دەچوویتە نێو گشتاپۆ چ ڕەنگێك بوو؟"

دوو گەنجەکە پێدەکەنن. ئەوانی دواوەش. تەنانەت ئەوانەی ئاگاداری ڕەنگی هەویەش نین. ئەو پرسیارەش، پرسیارێکی چەواشەکارانەیە. زەبری زۆر توندیان لێداوە. چاوی زەبری دیوە. دەم و چاوی خوێنی لێدەچۆڕێ. دەگری. ئاوێکی لیچق و خوێناوی لێدێ. دەناڵێنێ. پەیتا پەیتا؛ وەی؛ وەی، ئاخ، ئای..." هیچ وەڵامێك ناداتەوە. پێستی سینگی هەتا بن پەراسووی دیارە. هەروا دەستەکان ڕەسینگی دەخشێنێ و دەگیانی هەڵدەسوێ. نیگای لێڵی چاوەکانی کە دەڵێی هەر نزیك بێن بوون؛ لە چرانەوتییەکە دەبڕێ. بێ ئەوەی ببینێ؛ شتێك لە ڕێوە لە مێشکیدا بیچم دەگرێ. کاری تەواوە. مردن و ڕزگاربوونی ئەو هیچ پەیوەندییەکەی بە تێریزەوە نییە. ئەو کابرایە هیچ وەپیاوەکانی تر ناچێ. ئەم جیاوازییە جار جار زیاتر دەبێ؛ جێ دەکەوێ.

ئالبێر لە مەودایەکی نزیکەوە ڕوخساری بردۆتە پێش: لە ڕەنگی کارتی ئەندامێتییان پرسی. گوێت لێ بوو؟" دەنگێك دەڵێ:

- "وادیارە ئەو چەشنە پرسیارکردنە ئیتر بەس بێ ...."

دەنگێکی ژنانەیە کە لە ناخی تاریکیدا دەبیسرێ. دوو گەنجەکە جووڵە لە خۆدەبڕن. ئاوڕ دەدەنەوە تا بزانن ئەو ژنەی دەنگی دێ کێیە؟ تێریز ئاوڕی داوەتەوە.

لۆسێن: "بەسە؟"

ئالبێرە دەڵێ: "بۆ بەکرێگیراوێك؟"

"ئەوە چ قسەیەکە" ژنەکەیە وادەڵێ، بە دەنگێك کە دڕدۆنگی لێدەبارێ. لێکۆڵنەوە دەست پێدەکاتەوە.

تێریز دەڵێ: "بۆ دوایین جار پرسیاری ئەوەت لێ کرا کە ئەو دەمەی دەچوویتە کۆڵانی سۆسە ئەو کارتەی (هویە) نیشانت دەدان چ ڕەنگ بوو؟"

دەنگێك لە پشتەوەڕا: "دیسان دەستی پێکردەوە.... من ئەوا ڕۆیشتم". ئەم جارەش ژنێکە وادەڵێ.

ژنێکی تر دەڵێ: "ئەمنیش هەروا...."

تێریز ئاوڕ دەداتەوە: "ئەوانەی بێزارن ناچارنین لێرە بن".

دەنگی وەجواب هاتنی ژنان دەبیسرێ. بەڵام کەس ناچێتە دەرێ."

"بەسیەتی!" دەنگی یەکێ لەو پیاوانەیە کە لە دواوەی "تێریز"ن.

دەنگە دەنگی ژنەکان دەبڕێتەوە. تەنیا جار بە جار نێو چاوانە سییەکەی تێریز دەردەکەوێ. کە دادێتەوە چاویشی دەبیندرێن.

ئێستاش بارودۆخەکە تەواو گۆڕاوە. کەلێنێك کەوتۆتە ریزی هەڤاڵانەوە. شتێکی دیاریکراو خەریکە دەقەومێ. مەسەلەکە بە داکۆکی ژمارەیەك و دژایەتی تاقمێکی تر دەست پێ دەکاتەوە. هێندێکیان لەسەر مەسەلەکە سوورن و ژمارەیەکی تر بەو مەسەلەیە نامۆن. دەرفەتێك بۆ هەڵاواردن نییە. ژنەکان لایەنی بەکرێگیراوەکەیان گرتووە. بەکرێگیراوەکەش دەگەڵ هەموو بەرهەڵستکارەکان هاودەنگە. دەگەڵ زۆربوونی ژمارەی بەرهەڵستکاران؛ یانی هەر ئەو نامۆیانە؛ ئیشتیا بۆ تێهەڵدانی بەکرێگیراوەکە زیاتر دەبێ.

- "زووکە بڵێ چ ڕەنگ بوو....؟"



دوو گەنج دەست بە لێدانی دەکەنەوە. زەبرەکان لە شوێنی زەبرەکانی پێشوو دەدەنەوە. بەکرێگیراوەکە هاوار دەکا. کە ئەوان لە لێدان گەرم دادێن؛ دەناڵێنێ. دەنگە نووساوەکەی دەبێتە نووزە نووزێکی تاڵ. دەنگێکی وا کە ئیشتیای تێهەڵدان زیاتر دەبزوێنێ. تا ئەو جێیەی دەنگەکە دەبڕێتەوە. بەکرێگیراوەکە دەیهەوێ خۆ لە زەبرەکان لادا؛ کەچی وەشاندنەکەیان هەر نابینێ.

هەموو زەبرەکان نۆشی گیان دەکا.

- "وەکو .... وەکو هەموو کارێکی تر..."

- "دەست پێ بکەن...."

توندتر لێی دەدەن. بۆیان گرینگ نییە. ماندوو نابن؛ زەبرەکان توندتر دەوەشێنن. بێ ئەوەی شلوێ بن. هەرچی زیاتر لێی دەدەن خوێنی زیاتر لەبەر دەڕوا. لێدانی زیاتر پێویستە. کاتێ دەبینن ئەوە باشترین ڕێگایە. لە ژێر زەبرەکانیاندا چەند وێنەیەك دەردەکەوێ. تێریز جوان پەرەستە و خولیای وێنەی جوانە. پیاوێك لە پەنا دیوارێکەوە بەردەبێتەوە، یەکی تریش، دیسان یەکی تر؛ بە شوێن ئەودا ژمارەیەکی زۆر و جار بە جار زیاتر. بەکرێگیراو ٥٠٠ فرانکی بەو وردە کەلوپەلە داوە. نەدزی کمۆنیست بووە و نەهاوکاری گشتاپۆ و تەنانەت دزی جوولەکەش نەبووە. نا، تەنیا "ئاشکرا"ی دەکردن، بێ ئەوەی تێبگا، بێ ئەوەی ئازادی ویژدان بیگرێ. لەوانەیە بەو خشڵ و کەلوپەلە ویستبێی تەنیاییەکانی پڕکاتەوە و مانگە و مانگ ژیانی پێ بڕازێنێتەوە بێ ئەوەی پێویست بێ، یەکسەر درۆ دەکا. دەبێ ڕوون بکرێتەوە. ئەو شتەی کە لە درکاندنی خۆدەبوێری دەبێ ڕوون بێتەوە. ئەگەر دانی پیاهێنا بایە و لەسەرەخۆی وەجواب نەهاتبا جیاوازییەکی زۆری دەگەڵ ئەوانی تر دەبوو، بەڵام تا بۆی بلوێ خۆی دەبوێرێ.

" دەست پێ بکەن...".

ئەوانیش وەك مەكینەیەكی تەیار، دەست پێدەكەن. سەرچاوەی ئەم ئامادەییەی پیاوەكان كوێیە؟ خوو پێ گرتن و بەڕێوەبردنی وەكو كارێك یا ئەركێك....

بەكرێگیراو هاوار دەكا: "تكاتان لێ دەكەم، من بینادەمێكی خوێڕی نیم."

برێك لە مردن دەترسێ. لەسەریەك درۆ دەكا. دەیهەوێ بژی تەنانەت جروجانەوەریش ژیانیان پێ خۆشە. تێریز هەڵدەستێتە سەر پێ پەشۆكاوە. نیگەرانی ئەوەیە كە نەكا ئەو كارانە وەڵامدەر نەبن. دەبێ چی لێبكەی؟ ئەو گرێیە چۆن دەكرێتەوە؟ لە پەنا دیوارەكەوە؛ ئەو پیاوەی بەردەبێتەوە هیچی نەگوتووە. ئای لەو بێ دەنگییە! لەو دەمەشدا كە رووی لە دیوارەكەیە؛ دیسان ژیانی بەسراوەتەوە بە بێ دەنگییەكی وێرانكەر. ئێستاش ئەو بێ دەنگییە و ئەو بەكرێگیراوە لێرە لە هەمبەر ئەو دیوارەدا. ئەی هاوار، ئەوەندە قەت وەڵامدەر نابێ. ئەوەی بێ لایەنە لێرەیە، ئەو ژنانەی ئێستا چوونە دەرێ هەمووی ئەوانەی دەخزێنە تاریكاییەكە و ئێستا دەستیان كردووە بە گلەیی. "ئێوەش بەو شۆڕش و پاكژكردنەوەی ئەخلاقتان بوونەتە هۆی سەرگەرمی ئێمە."

داركاری بۆ چییە؟ هەرگیز لە دنیادا عەداڵەت سەقامگیر نابێ تاوەكو ئینسان لەو ساتەدا نەبێتە خودی عەداڵەت.

سندووقێك، دادوەرەكان و ئەو تەلارە گەچ كراوانە. عەداڵەت هەر باسیشی نییە. ئەوانەی لە نێو واگۆنە باركێشیەكاندا كە دەڵێی ئەشكەوتن بەشەقامەكاندا تێدەپەڕن سروودی ئەنترناسۆناڵ یان دەخوێندەوە. ئەو بۆرژۆوایانەی لەو دیو پەنجەرەكانیانەوە چاویان لێ دەكردن دەیانگوت: "ئەوانە تیرۆریستن." دەبێ تێیانهەڵدرێ. دەبێ درۆ خاشە بڕبكرێ. دەبێ ئەم بێ دەنگییە پڕ لە شەرمەزارییە و شەپۆلی سێڵاو ئاسای تیشكەكە لەناو بچن. ئەو حەقیقەتە دەبێ لە بن زمانی ئەو پیاوە گلاوە دركێشرێ. حەقیقەت و عەداڵەت بۆچی دەبن؟ بۆ كوشتنی ئەو؟ بە



قازانجی كێیە؟ ئەو شتانە؛ نە لەبەر ئەوەو نەپەیوەندی بە ئەویشەوە هەیە. مەبەست تەنیا تێگەیشتنە. دەڵێم دەبێ لەسەر و گوێلاكی بدرێ بۆوی حەقیقەتی ئەو حەیاو ترس و رازە سەربە مۆرە بدركێنێ كە هەتا دوێنێ ئەوی بەهێز و دلڕەق و دەست پێ رانەگەیشتوو دەنواند.

بە هەر مستێكی وێیدەكەوێ بێدەنگی هۆدەكە دەشكێ. ئەم مستانە وەبەر هەموو پیاوێكی خوێڕی دەكەون. وە ئەو ژنانەش كە لێرە چوونە دەرێ و هەموو ئەو بێزاربووانەش كە لە پشت پەنجەرەكانەوەن.

بەكرێگیراوەكە بە ناڵە ناڵی پەیتا پەیتاوە هاوار دەكا. "ئاااخ .... ئاااخ." لە پشتەسەری پیاوەكەوە؛ لە تاریكاییەكەدا؛ ئەوانی تر هەتا وەشاندنی زەبرەكان بێ دەنگن. دەگەڵ بیستنی دەنگی نارەزایەتیی ئەو؛ جنێوو قسەی تاڵ و مستەكۆڵە؛ لە ناخی دڵەوە ئاراستەی دەكرێ. بەڵام بەهێزشەوە نا. دەگەڵ دەركەوتنی هەر چەشنە نیشانەیەك لە خۆڕاگریی بەكرێگیراوەكە؛ ئەو جنێوانە سەر لە نوێ دەست پێدەكەنەوە. هەر ئەو تۆسقاڵە هێزەی دەبەردا ماوە. ئەوەندە نووزەیە بۆ درۆكردن. هەروا درۆ دەكا. هێشتا تاقەتی ماوە. هێشتا نەگەیشتۆتە ئەوەی درۆنەكا. تێریز چاوی بڕیوەتە مستەكان. گوێی لە ترپەی مستەكانە. بۆ یەكەمجار واهەست دەكا كە لەشی كابرا ئەوەندە پتەوە لەوانەیە هەڵدڕێنی محاڵ بێ. توێژگەڵێكی بێ ژمارە لە حەقیقەتی بێ خەوش و دەستی پێ رانەگەیشتوو. تێریز وەبیری دێتەوە كە لەوە پێش؛ ئەو شتەی لە درێژەی لێكۆڵینەوەی ژن و مێردێكی گەنجدا بۆ دەركەوتووە. هەڵبەت ئاوا دژواریش نا. بەڵام ئەوەی ئێستا تاقەت پڕووكێنە و تاڕادەیەكی زۆر دژوار. بێ پسانەوە دەبێ درێژە بەو لێدانەبدرێ. حەقیقەتەكە روون دەبێتەوە. وەك كاكڵی دانەوێڵە ورد و تۆكە ئاشكرا دەبێ.

كاركردن لەسەر رازەكانی ئەو كابرا دووره پەرێزە زۆر دەخایەنێ. ئەوان زەبرەكانیان لە سكی دەدەن. هەر ئەندامەی لەش و زەبرێك. بەكرێگیراو هەر دوو دەستی بە

سکییەوە دەگریٚ و هەروا هاوار دەکا. دەم و چاوی شەلاٚلی خویٚنە. لەمەوبەریش ئەو وەك کەس نەچووە. هەر پیاوەکانی ئاشکرا کردووە. نەشی ویستووە بزانیٚ بۆچی ئەو کارەی پیٚ دەکەن. تەنانەت ئەوانەی پوولیٚشیان داوەتیٚ دۆستی نەبوون. ئیٚستاش بۆ ئەوە نابیٚ دەگەلٚ هیچ بوونەوەریٚك بەراوردی بکەی. تەنانەت دەگەلٚ مردوویەکیش ئەگەر بشمریٚ لە هیچ مردوویەك ناچیٚ. بە مردوویش جیٚگە دەگریٚ. لەوانەیە ئەوە لەبەر دەرفەتە فەوتاوەکان بیٚ. دەبیٚ ئەو کارە کۆتایی پیٚ بیٚت. بە کوشتنی ئەو چ دەکریٚ؟ یا بەزیندووبوونی. ئەو بە کاری هیچ شتیٚ نایە. بوونەوەریٚکی بیٚ کەلٚکە، چونکە لە راستیدا ئەرزشی کوشتنی نییە، کەوایە دەکریٚ دەست پیٚ بکەی.

"بەسییەتی."

تیٚریز هەلٚەستیٚتە پیٚ، بەرەو بەکریٚگیراوەکە دەچیٚ کە دەنگی پاش گرمەی مستەکان لەرزۆك بووە. دەبیٚ کۆتایی پیٚ بیٚ. پیاوەکانی ئەو سەری تەلارەکە دەکشیٚنەوە؛ پیٚش بەتیٚریز ناگرن، متمانەیان پیٚیەتی. هیچ پیٚشنیاریٚکی پیٚ ناکەن. "گلاٚو، گلاٚو." ئەو جنیٚوە بن لیٚوانەی هەڤالاٚن بە یەکدەنگی، تیٚریزی تووڕەکردووە. ئەو سەری تەلارەکە بیٚ دەنگە. دوو هەڤالٚەکە ورد ورد دەڕواننە تیٚریز. هەمووان چاوەڕوانن. تیٚریز دەلٚیٚ: "بۆ دوایین جارە دەلٚیٚم؛ دەبیٚ رەنگی کارتی پیٚناسەکەتمان پیٚ بلٚیٚی؛ ئەوە دوایین جارە پیٚت دەلٚیٚم."

بەکریٚگیراو چاوی لیٚدەکا، ژنەکە تەواو لیٚی نزیکە. کابرا، کەلٚەگەت نییە. دەگەلٚ بە قەدیەکن، ژنە؛ گەنج و قەد باریکە. گوتوویەتی: "دوایین جارە" کابرا لە نەکاو نالٚە نالٚەکەی دەپسیٚنیٚ: "ئیٚوە چیتا لە من دەویٚ؟ دەبیٚ چ بلٚیٚم؟" ژنە کورتە بالاٚکە نازانیٚ چی لیٚ بپرسیٚ، بیٚ دەنگ دەبیٚ؛ واهەست دەکا تووڕەییەکی نەرم کابرا ناچاردەکا لە هیٚوریدا وشەگەلیٚك بدرکیٚنیٚ کە وەك هیٚزی ژیان ناکریٚ خۆی لیٚ



ببویٚریٚ. ژنەکە هیٚمای ئەم عەدالٚەتەیە کە لە سەت و پەنجا سالٚی رابردوودا لەو ولاٚتە باری کردووە.

- "دەمانهەویٚ بزانین ئەو بەرگەیەی دەتتوانیٚ پیٚی بچیتە نیٚو گشتاپۆ چ رەنگ بوو؟"

دەست دەکاتەوە بە گریان. بۆنیٚکی سەیری لیٚ دیٚ. بۆنیٚکی پیس و بۆدڕنی لەشیٚکی چەورو نەشوراو کە تیٚکەلاٚوی خویٚن دەبیٚ.

- "نازانم؛ پیٚم گوتن بیٚ تاوانم."

جنیٚوەکان دەست پیٚ دەکەنەوە. "خویٚڕی، گلاٚو، گەندوگوو." تیٚریز دیسان دادەنیشنیٚتەوە. ساتیٚك ولاٚت بیٚدەنگ دەبیٚ. لەهەر چوار لاوە جنیٚودەباریٚ. تیٚریز بیٚ دەنگە. بۆ یەکەمجار لەو سەری تەلارەکەوە یەکیٚك دەلٚیٚ: "چارەیەك نییە دەبیٚ سەری بە گۆم داکریٚ، بادەست پیٚ بکەین".

بەکریٚگیراوەکە سەری هەلٚدیٚنیٚ. بیٚ دەنگی ولاٚت دادەگریٚ. بیٚ ئۆقرەیە؛ قسەش ناکا، زاری دادەپچریٚ. چاویٚکیان لیٚدەکا. پاشان نووزەیەکی مندالاٚنە لە گەرووی هەلٚدەستیٚ. بە دەنگیٚکی کروزانەوە و فریودەرانە دەلٚیٚ: "لانی کەم خۆزگە زانیبام چیتا لیٚم دەویٚ...." ئارەقە لەسەر و چاوی دوو گەنجە کە دەتکیٚ. بە دەستی خویٚناوی ئارەقەی نیٚوچاوانیان دەسڕنەوە. چاویان لە تیٚریزە.

تیٚریز دەلٚیٚ: "هیٚشتا جیٚی هەیە.. "

دوو گەنجەکە بەمستی ئامادەوە بەرەو کابرا وەردەسووڕیٚن. تیٚریز هەلٚدەستیٚ دەگوڕیٚنی: "بۆ راوەستاون! دەبیٚ دانی پیابیٚنیٚ."

لیٚشاوی زەبرەکان لە کۆتایی کاریان نزیك دەکاتەوە. دیسان ئەو سەری تەلار بیٚ دەنگ دەبیٚ تیٚریز دەگوریٚنیٚ: "لەوانەیە کارتی پیٚناسەکەت سووبووبیٚ."

کابرا بە هەموو هێزەوە دەنەڕێنێ. دڵۆپ دڵۆپ خوێنی لێ دەتکێ.

- "سوور؟ زووکە بڵێ، سوور؟"

کابرا چاوێکی هەڵدێنێ. ئیتر نووزەی نایە. وردە وردە دەزانێ کۆتایی کارە.

- "سوور؟"

دوو گەنج لە قوژبنی دیوارەکە؛ ئەو قوژبنەی لەو ماوەیەدا پەسیوی ئەو بووە، دەیکێشنە پێشێ و دوایی هەر لەوێ وەك فەردەی کووتاڵ فڕێی دەدەن.

-"سوور؟"

وڵام ناداتەوە. دەڵێی دەیهەوێ بە رێکوپێکی جواب بداتەوە.

- "کوڕینە دەی. توندتر؛ سوور؟ خێراکە، سوور؟"

زەبرەکانیان لە لووتی داوە؛ خوێنی لێ دێ. بەکرێگیراو هاوار دەکا. "نا" گەنجەکان پێدەکەنن. تێریزیش پێدەکەنێ.

"زەرد؟ وەك کارتەکانی ئێمە، زەرد؟"

ئێستێ دەیهەوێ دیسان بخزێتەوە قوژبنی دیوارەکە. هەموو جاریش کە ئەو دوو گەنجە دەی کێشنەوە پێش، دیسان لەسەر تەنیشت و بەنووزە نووز خۆی لەوێ دەپەستێوێتەوە.

-"زەرد؟"

تێریز بە پێوەیە.

"نا... زەرد، نا... "

پیاوەکان دەست پێ دەکەنەوە. ئەو پچڕ پچڕ هەناسە دەکێشێ. دیسان وەهاوار دەکەوێ. زەبرەکان لە هاواری دەخەن. ئێستا زەبر و پرسیار، وێکڕا، پەیتا پەیتا و



هەروا بە رێکوپێکی. قسە هەر ناکا. دەڵێی بیر لە شتێکی تایبەت ناکاتەوە چاوە خوێناوییەکانی تەواو کردۆتەوە و هەروا چاوی بڕیوەتە لامپاکە.

گوتت "زەرد نییە، دەی چ رەنگ بووە؟"

هەروا بێ وەڵام دەمێنێتەوە. هەڵبەت گوێی لە پرسیارەکە بووە. چاو لە تێریز دەکا. هاواری نایە. بە هەر دوو دەستی سکی دادەماڵێ. گرمۆڵە بووە. ئیتر نایهەوێ خۆ لەبەر زەبرەکان لادا.

تێریز دەڵێ زووکە بڵێ: چ رەنگ بوو؟ زووکە ....."

دەست دەکاتەوە بە هاوار هاوار. هاواری کورت و کز. کارەکە لە کۆتاییە. بەڵام دیارنییە چۆن! لەوانەیە ئیتر قسە نەکا. بەڵام هەر چونێك مەسەلەکە بێ دەبێ کۆتایی پێ بێ؟

- "چ رەنگێك..... زووکە بڵێ.... چ رەنگێك...؟

وەك بیانهەوێ منداڵێك فێری قسەکردن بکەن.

هەڵدەکوتنە سەری دەیدەنە بەر مست و شەق و پێ لەقە. شەلاڵی ئارەقەن. "بەسییەتی".

تێریز بەرەو بەکرێگیراوەکە دەڕوا. بەکرێگیراو گرمۆڵە بووە و بە دیتنی تێریز دەکشێتەوە. دیسان وڵات بێدەنگ بووە. ئەو تەنانەت لە هەناسە بڕکێش کەوتووە، ترس لە پەڕی خۆی دایە.

- "ئەگەر بڵێی چ رەنگ بوو بەرت دەدەین. ئەگەر نەشت هەوێ قسە بکەی هەر ئەلێرە دەتکوژین، بێ یەك و دوو؛ کوڕینە دەی..."

لێی بەدوور نییە بەکرێگیراو هەر نەشزانێ چیان لێی دەوێ. بەڵام وادیارە وەقسەد دێ. تەنیا دەبێ بۆی روون کەنەوە مەسەلە چییە وەك چەقەڵێکی بیهەوێ پشووی

بێتەوە بەر خۆی حەول دەدا سەری هەڵێنێ وەقسە دێ. بە دڵنیاییەوە. کۆسپێك نییە. بەڵام نا. ئەو زەبرانە لێ ناگەرێن قسە بکا. هەڵبەت دوای برانەوەی زەبرەکانیش قسە هەر ناکا. نەك هەر تێریز، بەڵکو هەمووان بۆ ئەم دانپیانانە تێداماون. هەر چۆنێك بێ قۆناغی کۆتایی دەگاتێ. ئەم هەروا بێ دەنگە.

تێریز دەگورێنی: "خۆم پێت دەڵێم: خۆم رەنگی کارتی پێناسەکەتت پێ دەڵێم". تێریز مشت و مریەتی. بە راستی پێیوایە دەبێ یارمەتی بدرێ. لێی سوورە کابرا بە تەنیایی پێی ناکرێ. تێریز دوو پاتەی دەکاتەوە: "خۆم پێتی دەڵێم". بەکرێگیراو دەست دەکاتەوە بە نەراندن. نووزەی دەڵێی دەنگی فیت فیتەیە. مەودای قسە کردنی پێ نادەن و لەنەکاو نووزەکە دەبرێتەوە "سەوز... " هاواردەکا.

بێ دەنگی. گەنجەکان دەست لە تێهەڵدانی هەڵدەگرن. بەکرێگیراو چاوی بریوەتە فتیلەکە. ئیتر نووزەی نایە. کەوتۆتە سەر زەوی و لەخۆ چووە. بەهەر حاڵ توانی دانی پیابێنێ. لەوانەیە لە خۆی بپرسێ کە: چۆن بووە درکاندوویەتی بێ دەنگیی ئەو سەری تەلاری داگرتووە. تێریزیش دادەنیشێ. تەواوە.

تێریز: "ئەرێ، سەوز بووە".

"وەك بڵێی یەکێك بابەتێك پەسند بکا کە سەدان ساڵ لەوەپێش بۆی ئاشنابوووە."
کار تەواوە.

"د" لە تێریز دەچێتە پێشێ. جگەرەیەکی بۆ رادەدێرێ و ئەویش وەریدەگرێ.

بەکرێگیراو هەروا لە قوژبنی دیوارەکە کرکەوتووە.

تێریز دەڵێ: "جلەکانت دەبەرکەوە."

بەڵام ئەو ناجوولێتەوە. دوو گەنج جگەرە دەکێشن. بەکرێگیراوەکە ئەو جگەرەیە نابینێ کە "د" بۆی راداشتووە.



تێریز: "کارتی پێناسی مەئموورەکانی "ئێس-د S-D" پۆلیسی نهێنی ئەڵمان سەوز بوو." هەڤاڵان لەو سەری تەلارەکە جووڵە جووڵیانە. ژمارەیەکیان دەچنە دەرێ. یەکێ لەو سەری تەلارەکەوە دەڵێ: "ئەی مەسەلەی ئالبێر دێکاپیتال چی لێدێتەوە؟" تێریز چاو لە "د" دەکا. بەڵێ پرسیارێکی بەجێیە. مەسەلەی ئالبێر دێکاپیتال هەر ماوە. "د" دەڵێ: دوایی جێبەجێی دەکەین، سبەێنێ. وادیارە کەیفی لەو باسە نییە. دەستی تێریز دەگرێ و یارمەتی دەکا هەستێ. هەرکیان دەچنە دەرێ. ئالبێر و لوسێن خەریکن جل و بەرگەکان دەکەنەوە بەر بەکرێگیراوەکە. تیشکی دنیایەکیتر نێو "بار"ێ رووناك کردۆتەوە. رووناکایی کارەبایە. ژنەکان هەموو لەوێن. بێجگە لەو دوانەی دەگەڵ ئەو دوو پیاوە چوونەتە دەرێ.

تێریز دەڵێ: "دانی پیاهێنا".

کەس وستەی نایە. تێریز تێدەگا کە دانپیانانی بەکرێگیراوەکە بۆ هیچ کامیان گرنگ نییە. دادەنیشێ و لێیان دەروانێ. شتێکی سەیرە. نیو سەعات. دەبێ لێرەن. لەو نۆشینگە بچووکەدا چ کارێکیان بووە؟ چاوەرێی چ بوون؟ هاتوون لێرە پەنا بەر نە بەر رووناکایی. تێریز دووپاتەی دەکاتەوە: "دانی پیاهێنا".

هیچ کام لەم پێنج پیاوەی لەوێن چاو لە تێریز ناکەن. ژنێك هەڵدەستێ و بێ ئەوەی چاو لە تێریز بکا بە ناقایلی دەڵێ: "پێتوایە ئەوە بارێکمان لەسەر سووك دەکا؛ بە راستی بێ جێیە..." "د" کە لە تەنیشت تێریزە بەرەو ژنە دەروا: "دەستی لێ هەڵدەگری یان نا؟" رۆژێ و "د" دەوری تێریز دەگرن. ژنەکان چ ناڵێن. دەچنە دەرێ. دوو پیاوە هاورێکەشیان بە فیتوولێدان وەدەردەکەون.

"د" دەڵێ: "تۆش برۆ بخەوە".

"باشە"

تێریز پەرداخی شەرابەکە هەڵدەگرێ. قومێك دەخواتەوە. دەبینێ. "د" چاوی بڕیوەتە کابرا. شەرابێکی تاڵە. پەرداخەکە لەسەر مێزەکەدا دەنێ. دەڵێ: "دەبێ بەرەڵڵا کرێ، بابڕوا-ناتوانێ بە ڕێدا بڕوا."

"ڕۆژێ لە بەرەڵڵا کردنی دڕدۆنگە."

تێریز دەڵێ: "ئیتر حەز ناکەم چاوم پێی بکەوێ."

ڕۆژێ دەڵێ: "لە نێچیر دەچێ". ئەوانی تر حەزناکەن ئازاد کرێ."

"د": "پێیان دەڵێم."

تێریز لە پرمەی گریان دەدا.

میلشیایەك بەناوی تێر Ter بەر لە نێوەڕۆ "د" گوتی: "دەبێ "تێر"بربدرێتە لای بیوپێن". Beaupain تێریز نەیگوت بۆچی؟ "د" بە زۆربەی کارەکان رادەگا. دەستگیرییەکان، بەندییەکان، جێبەجێکردنی کاری هەڤالان، لێکۆڵینەوەکان، داگیرکردنی خانوبەرە و ماشێنەکان بەنزین و ....هتد. لە بنکەی ریشیلیۆدا خەڵك هەر جمەی دێ. یازدە میلیشیا لە ژمێریاری، تێرێزیش لە نێویاندایە. سێ کەس لە هاوکاران؛ لە تەلارەکەدا، لە ژێرخان، چەند کەس لە ئەندامانی R-N, P ژنێکی ئەلمانی، یەکێك لە نێردراوانی گشتاپۆی لقی کۆڵانی سۆسە. قەرەواشێك و خاتوونەکەی؛ ژنێکی نووسەر، سەرهەنگێکی رووسی؛ چەند کەس رۆژنامەوان؛ ژنێك کە پارێزەرە.... کەواتە شکی تێدا نییە مەبەستی "د" لە بردنی تێر بۆ کۆڵانی شوسەدانتێن؛ بنکەی تاقمی "هێرناندێر بیوپێن" ئەوەیەکە بەشی ژمێریاری لە چنگ ئەوانی تر بێنێتە دەرێ. تێریز بە ناعیلاجی "د" و "تێر" هەتا کۆڵانی شوسەدانتێن بەڕێ دەکا. سەعات. ٣ی دوانیوەڕۆیە. وەك جاران، هەر لەبەر دەرگاوە، دەنگە دەنگی ئیسپانییەکان دەبیسترێ. ئەو پاسکلێ و ماشێنانەی دەستیان بەسەر داگیراوە و یا لە ئەلمانییەکانیان داگیرکردوون حەوشەکەیان واگرتووە



ڕێگا نییە. ئەمڕۆ ترۆمبێلێکی تریش لۆرییەکی چووکەی خۆڵەمێشی، زیادی کردووە. دارو دەستەی هێرناندێر لە قاتی یەکەمدا کە دەڕوانێتە دوو حەوشە، سەقامیگربوون. یەکێ لەو دوو حەوشەیە بە دالانێکدا دەچێتە کۆڵانێکەوە. حەوشەکەی دیکەش کە چووکەترە ڕێیان بەسەر ئەو حەوشانەدایە کە بەمیلە لەو حەوشەیە جیاکراونەتەوە. هەر دوو حەوشەکە، لە دالانی قاتی یەکەمەوە ڕێیان بەسەرریەکدا هەیە. دەگەڵ وەژووکەوتن بۆ حەوشەی یەکەم؛ قاوقیژی ئیسپانییەکانی قاتی یەکەم کە پان و بەرفرەوان و بێ کەل و پەلە؛ دەبیسرێ.

بیوپێن لەبەر دەرگای دالانەکە راوەستاوە. پیاوێکی کەڵەگەتە. لاق و دەستەکانی درێژ و تۆکمەن. سەر خڕو شان و پیل پتەو. بیوپێن پیاوێکی جوان چاکە. بە میهرەبانییەکی مندالانەوە لە چاوە شینەکانیدا. "د" لە بیوپێن دەچێتە پێش و سەرێك دەلەقێنێ. "بیوپێن" ئاسایی نییە؛، چاك و خۆشی دەگەڵ ناکا. چاو لە دەرگاو ئەو سەری دالانەکە وەرناگێرێ. ئێستێ دەڵێی لەو سەری دالانەکەدا شتێ قەوماوە. بە زمانی ئیسپانی و بە دەنگێکی بەرز هێندێ شت دەوترێن. وێدەچێ بیوپێن ناقایل بێ.

"د" و تێر و تێریز لە چەقی دالانەکە لە نزیك بیوپێنەوە رادەوەستن. دیارە مەسەلەیەکی نائاسایی لە گۆڕێدایە. لەبەر بەرۆچکەی حەوشە بچووك و چۆڵەکەدا؛ پازدە پیاوێك لە دەورەی یەکتر کۆبوونەتەوە؛ و بە دەنگی بەرز و دەست راوەشاندن و بە زمانی ئیسپانی پێکەوە قسەدەکەن. "د" و تێر و تێریز ناچنە پێشێ. هەر لەوێوە رادەوەستن و وەك بیوپێن چاویان لێ دەکەن کۆڕەکە بلاوەی دەکا. پیاوەکان لێك هەڵدەبڕێن. ئیتر ئەو جار دەکرێ ئەو شتە ببینی کە لە دەوری راوەستا بوون. شتێکی سپی دەردەکەوێ. سپیاییەك لەسەر زەوی درێژە بووە. پیاوەکان لەم لاو ئەو لای بە درێژایی دالانەکە ڕێز دەبەستن. دوانیان ئەو سەری شتە سپییەکە دەگرن و دەیبەن. "د" و تێر و تێریز بە تەنیشت بیوپێندا تێپەڕن چەند

هەنگاوێك لە دالآنەكەدا دەچنە ژوور؛ بە بەرچاویاندا تەرمەكە دەبەن. بێ دەنگی دالآنەكەی ئاخنیوە. ئیسپانییەكان بێدەنگن. جووتێك كەوشی جیر لە مەلافەكە دەركەوتووە. پێلآوەكان كۆن نین. قەیتانەكانیان لەسەر گۆرەوییە شینەكانەوە توندكراون. تەرمەكە شل بۆتەوە و دەگەڵ هەر هەنگاوێكی مەیت هەڵگرەكان وەك شلكەگیا دەلەرێتەوە. لای سكی بە هۆی ئەوەی دەستەكانیان بۆ خستۆتەسەر؛ لە لاقەكانی بەرزترە. لەسەر مەلافەكەوە شێوەی روخساری دیارە.

"د" بەرەو ئەو سەری دالآنەكە دەچێ كە گرووپی ئیسپانییەكانی لێیە. تێریز و تێر دەگەڵی دەچن. "د" پیلی یەكێ لە ئیسپانییەكان دەگرێ و لێی دەپرسێ: "تەرمی كێ بوو؟"

"بوونەوەرێكی چەپەڵ".

پیاوە ئیسپانییەكە دەچێتەوە نێو ئیسپانییەكانی تر. "د" و تێریز و تێر لە پێش ئیسپانییەكانەوە بە خێرایی بەرەو دەرگای ئەو دالآنەكە دەڕۆن كە بەسەر حەوشەكەدا دەكرێتەوە. تەرمەكەیان لەسەر قاندرمەكە داناوە. لۆرییە بۆرە چووكەكەی نێو حەوشە برێك دەكشێتەوە. هەر دوو دەرگای دواوەی لۆرییەكە كراوەتەوە. دوو پیاوەكە تەرمەكە دەخنە نێولۆرییەكە. ئیستێ دوو لاقەكەی نێو كەوشە جیرەكان زیاتر دەركەوتوون. دەلینگی شەلوارە شینەكەش بە دەرەوەیە. دوو پیاوە مەیت هەڵگرەكە دەرگای ماشێنەكە پێوە دەدەن و خێرا وەرێ دەكەوێ. لۆرییەكە بە دالآنەكەدا دەچێتە دەرێ و لە كۆڵآندا لە چاوان ون دەبێ. دەنگە دەنگی ئیسپانییەكان دەست بەجێ دەست پێ دەكاتەوە. لەو سەری دالآنەكەوە لادەدەن، كە دەچێتە نێو خانووەكە، دوور دەكەونەوە. "د"-تێریز و تێر. بە دووی ئیسپانییەكاندا دەڕۆن. بیوپێن لە نێوانیاندایە. "د" سەر لە نوێ دەپرسێ "تەرمی كێ بوو؟" وەلآمەكە هەر ئەوەیە: "بوونەوەرێكی چەپەڵ".



شوێنی مانەوەی ئیسپانییەكان تەلارێكی گەورەیە. دیواری بە گێچ رازاوە و بێ كەلوپەل، بێ كورسی و مێز، بێجگە لەوەی لە هەر چوار گۆشەی تەلارەكەوە؛ هێندی چەكی لەسەریەك دانراو دەبیندرێ كە پیاوێك ئاگادارییان لێ دەكا. دەگەڵ كوانوویەكی رازاوە بە بەردی مەڕمەڕ و لە سەرووی ئەوێوە، ئاوێنەیەكی دیواریی (باڵآنرێن) گەورە. تاقەی كوانووەكە بەتاڵە. تەنانەت شتێكی بچووكیشی لێ نییە. ئێرە شوێنی خواردن و خەوی ئەو ئیسپانیانەیە. ئەگەر بێجگە لە چەك شیتێكیان هەبێ لە گیرفانیان خستووە. ئەو تەلارە بێ كەلوپەلە، پڕە لەو پیاوانەی كە پازدە رۆژە جل و بەرگ و پێلآویان دانەكەندووە. چالاك و تۆكمە و لەسەرەخۆن. لەشێكی لاوازی نێو ململانێ.

"د" لە بیوپێن دەگەڕێ؛ بەشوێنیدا تێریز و تێر سەردانی نووسینگەی گۆتیە دەدەن. كە لە تەنیشت تەلاری ئیسپانییەكانە. دواتریش لە تەلاری فەڕەنسییەكان. نووسینگەی گۆتیەش بێجگە لە مێز و كورسییەك و كەرەسەی كارەكەیان هیچی تری تیا نییە.

بیوپێن لێرەیە. دەگەڵ گۆتیە لە قسەگیراوە. نزیكەی بیست پیاو لەسەر عەرزەكە دانیشوون و پاڵیان وەدیوار داوە و گۆیان لە قسەی ئەو جووتە راگرتووە. مشت و مڕی جارو باریان وەسەر دەنگی گۆتیە و بیوپێن دەكەوێ. مشت و مڕیان لەبەر ئەوەیە كە بۆچی شەڕاب نییە؛ یا ئەوەی بۆ بێجگەلە بابۆڵەی كۆنسێروی ماسی شتی تریان نادەنێ؟ "د" و بیوپێن لە یەكەم رۆژی ئازادیدا نزیكەی هەزار قوتوو كۆنسێروی ماسی یان لە مەقەرێكی فەرماندەیی ئەڵمان وەگیر كەوت. لەو رۆژەوە؛ هەشت پیاو لە نێو هەستەی ریشیلێو و شەست پیاو لە هەستەی دانتێندا، بێجگە لە كۆنسێروی ماسی هیچیان لە گەرووی نەچۆتە خوارێ. لەو حەڤدە رۆژەدا خەریكە بە دیتنی كۆنسێرو برشێنەوە. بیوپێن بەسەر گۆتیەدا دەگوڕێنی؛ گۆتیە دەڵێ: لە نێو لۆرییە بەجێ ماوەكەی ئەڵمانییەكاند؛ لە "لێوا لۆئا" قالبێكی

گەورەی "پەنیر"ی تێدابوو. بۆ خۆی لۆری و پەنیرەکەی هێناوەتە ئێرە، بۆ مەقەڕ. تا دوێ شەیش پەنیرەکە لە لۆرییەکە دابووە و لۆرییەکەش هەتا دوێ شەوێ هەر لە حەوشەکە بووە. ئێستاش هەر لۆرییەکە ماوەتە پەنیرەکە بێ سەر و شوێنە. پیاوەکان هەروا مشت و مڕیانە. پێیان وایە گۆتیە دەیهەوێ بە ئەستۆی ئەوانی دابێنێ. بیوپێن بە تووڕەیی بەرەو دەرێ دەڕوا؛ "د" پیلی دەگرێ و رایدەگرێ. لێی دەپرسێ: "تەرمی کێ بوو؟" مەئموورێکی گشتاپۆ؛ ئەندامی هەستەی کۆمپانیای پرۆمییەر Campagnepremiére کە بە دەست تاقمی هێز ناندێز کوژراوە.

- "لە کۆی و چۆن؟"

- "بە سێ گوللە لە پشتەوەڕا؛ ئەلێرە، لەو حەوشەیە".

بیوپێن وەدەر دەکەوێ. "د" و تێریز بەرەو حەوشە دەڕۆن. یەك دوو هەنگاویان ماوە بچنەدەرێ. لە قوڵکە سمیتەکەی حەوشەدا خوێنێکی مەیودەبینن.

لە بەرتیشکی خۆرەکە خوێنەکە ترووسکەی دێ. گیایەك لە تەنیشت بەردەکە رواوە. لە پشت ئەو پەنجەرەیەی دەڕوانێتە حەوشە کەس نابیندرێ زۆربەی پەنجەرەکان داخراون شەو چۆڵە.

تێریز دەڵێ: "خوێنی سەر ئەم بەردەش؟"

"د" جواب ناداتەوە، دەگەڵ تێریز هەر لەوێ لەبەر چەقی دەرگای "چوونەدەرەوە" رادەوەستن. چاو دەبڕنە خوێنەکە. ئەوە یەکەم جارە کەسێکدەکوژن، یەکەمجارە. بیوپێن دەگەڕێتەوە. بێ ئەوەی "د" پرسیاری لێ بکا، دەڵێ: "گریا؟" دیسان دەچێتەوە دەرێ. لەوانەیە لە پەنیر دزەکان بگەڕێ. گۆتیەش دێتەوە. ئەویش لە کەسێك دەگەڕێ لە بیوپێن. "د" دەپرسێ: "تۆش لێرە بووی؟"

"نا، کوا بیوپێن؟"



کەس نازانێ. پیەرۆت Pierrot دەگاتێ و داوای جگەرەیەك لە "د" دەکا. "د" جگەرەیەکی دەداتێ پیەرۆت لێی وەردەگرێ. لاوێکی حەڤدە هەژدە ساڵانەیە.

پیەرۆت: "چاو لەوە دەکەی؟"

"د" لێی دەپرسێ: "تۆ لێرە بووی؟"

پیەرۆت دەڵێ: پرسیاری ناوێ. دیارە لێرەبووم. هۆڕ هۆر دەگریا؛ پیاو بێزی لێی هەڵدەستا. دەیگوت بێت و ئازادی بکەن هەرچی لێیان بوێ دەیکات. دەیگوت ئاگاداری هەموو شتێکە هەموو شتێك"

پیەرۆت باس لە مشت و مڕی ئیسپانیەکان دەکا. جنێویان بەو کەسە داوە کە قەرار بووە؛ تەقەی لێ بکا. هەڵبەت ئێستاش مشت و مڕەکەیان هەر نەبڕاوەتەوە. ئاخرییەکەی هێرنادێز و دوانی تر، پێکەوە بە دەمانچەی کالبیر هەشت لە پشتەوەڕا دەیئەنگێون. پیەرۆت دەچێتە دەرێ. "د" و تێریز دەچنەوە نێو تەلاری ئیسپانییەکان.

تاقمێك لە نێوەڕاستی تەلارەکە بە توندی مشت و مڕیانە. چەند کەسێك کە سەریان لە شەڕە قسە دەخورێ لە قەراغ دیوارەکە چۆکیان داداوە و خەریکی چەورکردنی چەکەکانیانن.

تێر پاڵی وەکوانوەکەوە داوە، بەڵێ؛ تێری میلیشیا، ئێستێ رەنگی پەڕیوە. هەڵبەت رەنگ زەردبوونەکەی لە شڵەژانی چەند سات لەوە پێشی بیوپێن ناچێ. جیاوازی هەیە. لووتی قرچ بووە و برێك شین دەچێتەوە. لێوەکانی وەك قسڵ سپی هەڵگەڕاون و بن چاوی رەش بۆتەوە. بەڵێ، راستە، "تێر"مان لە بیرچۆتەوە. دە پازدە چرکە دەبێ لە بیرمان کردووە. تێر دیتوویە کە شتێك وەك برانکارد لەو دەرگایەوە دەبەنەدەر کە بەسەر حەوشەدایە. سەر بەردەکەشی دیتووە. کەس شکی

بۆوە نەدەچوو تێر ئەو شتانەی دیتبێ. تەنانەت نە تێریز و نە هیچ کام لە ئیسپانییەکان و تەنانەت "د"ش.

ئێستا تێر ئانیشکی داوەتە سەر شۆمینەکە. بەتاقی تەنیایە. "د" دەچێتە پێشێ. تێر ئاگای لێیە. بۆ لای دەچێ (دەڵێ هەر لەسەرەتاوە چاوەڕێی نزیکبوونەوەی "د" بووە. ئاوڕ لە "Dد" دەداتەوە؛ لە نێو قەدەوە بۆ لای ئەو وەرسووڕانەوە. ئاواش لە شۆمینەکە جیانابێتەوە. تێر دەیهەوێ قسەی دەگەڵ بکا. "د" لێی نزیك دەبێتەوە. تێر دەنگی زۆر ناسکە.

- "دەمهەوێ ئەگەر دەکرێ نووسراوەیەك بۆ بنەماڵەکەم بنێرم."

ئێستێ ئەوانە دەزانن کە تێر؛ هەر لەوێوە؛ لەبەر دەرگاوە؛ تەرمەکە و خوێنەکەشی دیتوە. "د" چاوی دەبڕێتە تێر؛ لێی رادەمێنێ. چاوی تێدەبڕێ، تێر سەری هەڵدێنێ کە بە خێسەوە چاو لە "د" دەکا، هێزێکی شاراوە لە چاوانیدایە کە ناچاری کردووە چاو هەڵێنێ و چاو لە "د" بکا.

تێر: "دەی .... بەڵام پێم ناخۆش نەبوو زانیبام.... "

"د": "نا، دڵنیبابە..."

سەر و پێلۆوی تێر لەبەر قورسی شۆڕبوونەتەوە. ئیتر قسەناکا. خۆی داوەتە سەر ئانیشکی، پشتی لە کوانوەکەیە. برێك خۆی کووڕ کردووەتەوە. دیسان بێ جووڵەیە...." "د" لە پەنا "تێر"ەوە پاڵ وەکوانووەکە دەدا و دیسان لێی خورد دەبێتەوە. "تێر"یش هەروا. پیاوەکان، ئەو پۆلە پیاوە؛ بەلایاندا هاتوو چۆیانە؛ تێر سەری داخستووە؛ مشت و مڕی پیاوەکان هەروا لەسەر پەنیرەکەیە؛ گۆتیە بە پەلە بە شوێن بیوپێن دەوەیە. قالبێکی گەورە پەنیر؟ کەس پێی نەزانیوە. نە کەس دیتوویە و نەکەس پێی زانیوە. گۆتیە هەروا بە دوای بیوپێن دەوەیە. لە بزەی سمێڵی



راوێدەچێ سەرەداوێکی دەست کەوتبێ. جار و بار قاقایەك هەڵدەستێ؛ هەروا لەسەر قالبە پەنیرەکە.

پیاوەکان لە بن دیوارەکە دانیشتوون و بە وردی خەریکی چەورکردنی چەکەکەنیانن. دەستەیەکیان خەریکی خواردنن، فەرەنسییەکان بابۆڵەی کۆنسێروی ماسی دەخۆن بابۆڵەی ئیسپانییەکان تەماتەشی تێدایە- ئیسپانییەکان هەمیشە گیرفانیان پڕە لە تەماتە. رۆژ هەتا ئێوارێ ملّچەی دەمیان دێ. کەس نازانێ چۆن و لە کوێ ئەو تەماتەیەیان گیردەکەوێ. "د" قوتووی جگەرەکەی دەردێنێ و بۆ لای "تێر"ی رادەدێرێ. بە دەستی لەرزۆکەوە جگەرەیەکی لێ وەردەگرێ. دەڵێ: "زۆر سوپاس...." "د" جگەرەیەکیش دەدا بە تێریز. خۆشی دانەیەك هەڵدەگرێ و دوایی ئاگری شەمچەکەی بۆ لا دەبا؛ تێر بە دیتنی بڵێسەکە، سەرە شۆڕەکەی هەڵدێنێ و دیسان چاو دەبڕێتەوە "د". "د" بزەی دێتێ. "تێر"یش بزەی دێتێ. هەڵبەت بە حاستەم ئەو جار هەر بەو جۆرەی پاڵی وەکوانۆکەوەداوە سەری بەردەداتەوە بەتاسەوە مژ لە جگەرەکە دەدا، پەیتا پەیتا مژی لێدەدا. بیوپێن هەموو پیاوەکان کۆدەکاتەوە و لە مەسەلەی پەنیرە ونبووەکەش ئاگاداریان دەکاتەوە. دەڵێ: "لە ئەقڵ بە دوورە قالبێکی سێ کیلۆی پەنیر ون بێ."

پێدەکەنن و دەست دەکەنەوە بە مشت و مڕ. هێشتا کەس بە سۆراخی پەنیرەکە نازانێ. نەکەس دیتوویەتی و نەکەسیش چێشکەی کردووە. سەروچاوی بیوپێن شەلاڵی ئارەقەیە. لە دین دەهری بووە، پشووی سوار دەبێ، دواییش فەرماندەدا جێ خەوی تاقمە جیاجیاکان دیاری دەکا. کە قسەی تەواو دەبێ. یەکێك لە ئیسپانییەکان لێی دەچێتە پێش، شتێکی پێ دەڵێ، دوایی وەك لەنەکاو شتێکی وەبیر هاتبێتەوە، بێ ئەوەی رووی قسەی لە کەسێك بێ دەپرسێ ئەو چەکە بچووکەی هەتا دوێ شەو لەسەر مێزی کارکەی بوو؟ کێ هەڵیگرتووە؟ بۆچی دوو قەبزە موسەلسەل ئەمڕۆ بەیانی ون بوون. یەکیان ئی "پەل" بووە و ئەویتر ئی

گەنجێکی خڕیلانەی ئەندامی بەرەی ئەنارشیستەکان، هەر ئەو کەسەی تازە هات و قسەی دەگەڵ کرد. لە روخساری گەنجە خڕیلانەکەدا هەم گۆڕان بەدی دەکرا هەم رەزامەندیی دیاربووە کەس خەبەری لە چەکەکان نییە لە مسەلسە لە چکۆلەکەش. گەنجەکەی ئەندامی ئەنارشیستەکان لەو "لکەوە" دەچنە ناو "لکەکەی" تر و بە راداشتنی دەستەکانی بەرەو پێشێ پرسیارێك دوو پاتە دەکاتەوە. "تۆ مسەلسەلت نەدیتووە؟" کەس نەیدیتووە.

تێر هێشتا جگەرە دەکێشێ. "د" و تێرز ناتوانن چاو لە جگەرەکێشانەکەی بتروکێنن. تێر بیست و سێ ساڵانەیە و جوان چاك؛ چاکەتی دەبەردا نییە و مەچەکی پتەو و راهاتووی بەدەرەوەن. تیشکەڵەیە و کە مەربەندێکی چەرمیی لە پشت دایە. ئیتر هەڵنەبرزکاوە؛ بەڵام هەروا بە تاسەوە جگەرە دەکێشێ. هەڵیدەمژێ. نۆ رۆژە ردێنی نەتاشیوە. کراسە شینەکەی ئاوریشمییە. کەوشەکانی "جیر"ن و کەمەربەندەکەی چەرمی دەباغی نەکراوە. بێ ئەو کراسە ئاوریشمین و کەوشە جیر و کەمەربەندە، رواڵەتی زۆر لە کوڕەکانی رێکخستن دەچێ. بەو جیاوازییەی تێر رابردوویەکی پڕ لە شەرمەزاریی هەیە. هیچی دەگەڵ ناکرێ. ئەوە رابردووەکەیەتی. رابردوویەکە و دەگەڵێتی. ئەو رابردەیە؛ بە درێژایی و پانی، جۆرێك سەردەمی گەنجێتی تێری داگرتووە. بێ نەبێ دەیکوژێ.

"د" و تێریز چاوی لێدەکەن و ئەویش سەری هەروا بەرداوەتەوە و جگەرە دەکێشێ. دەستی جگەرەکەی دەلەزری. دەستەکەی دیکەی لەسەر کوانووکە داداوە. جار نە جارێك سەری هەڵدێنێ و چاوی بە "د" دەکەوێ. بزەیەکی پڕ لە سکاڵا لە لێوانی دەنیشێ.

پیاوەکان پۆل پۆل بوون. چەکەکانیان چەوردەکەن و لەسەر مسەلسەل و پەنیرە نێردراوەکەی گشتاپۆ مشت و مڕیانە. "د" هەروا هۆشی بەلای تێری میلیشیاوەیە. بیست و سێ ساڵ تەمەن.... ژیانی دۆڕاوە. دەگەڵ لافۆن Lafont



بۆتە رەفیق. لافۆن ترۆمبیلە گوللە نەبڕەکەی بە چاودا دەداتەوە. تێر پیاوێکی سەیرە. بێجگە لە هێندێ ئاوات و تاسە؛ هیچی لە مێشکدا نییە. خودا دایناوە بۆ چێژ وەرگرتن و خۆش رابورادن و تێهەڵدان و رابواردنی گەڵ کچان. هەشت رۆژ لەوە پێش بوو کە "د" و "رۆژێ" لێکۆڵینەوەیان لە تێر کرد. تێریز بەشداری لێکۆڵینەوەکەی بوو. ئەوانەی لە لێکۆڵینەوەی تێریزدا بەشداربوون زۆر زوو کەسایەتی ئەویان بۆ دەرکەوت. هەر دەتگوت لەوەپێش ناسیویانە.

تێریەکێ لە هەڤاڵانی دارودەستەی بۆنی لافۆن Bony-Lafont بووە. لە تێریزیان پرسی بوو: "بۆچی چوونەتە نێو هێزی داگیرکەرانەوە؟"

- "لەبەر ئەوەی رێیەکی تر بۆ چەك پەیداکردن نەبوو."

- "چەك بۆچی؟"

- "تفەنگ کەسایەتی بە مرۆڤ دەبەخشێ."

سەعاتێك ئەشکەنجەیان دابوو بۆ ئەوەی دەرکەوێ بە تفەنگەکەی چی کردووە یا چەند کەسی لە هێزەکانی بەرگری پێ کوشتووە.

- "من لە پەلدا حسێبم بۆ نەدەکرا. چونکە نەمدەتوانی لە هێزەکانی بەرگری بکوژم." تێر دەیگوت: "دەگەڵ سینەماکارەکان دەچووە سۆلۆنی Sologne بۆ راو. ماوەیەکی زۆریش راوێژکاری لافۆن بووە. نەیگوتوە توانیباشی هێشتا لە هێزەکانی بەرگری نەدەکوشت". ئەندامانی هێزی بەرگریی گەرەکی ١٥ تێر بۆ لای خۆیان دەکێشن. دواییش لەبەر نەبوونی کەرەسەی پێویست نەیانتوانیوە کارێکی پێ بسپێرن و ناعیلاج دەینێرنە نێو تاقمی ریشیلیۆ.

پرسیاری ئەوەشی لێکرابوو: "ئێوە لەبەرەی هێزی بەرگریدا چیتان دەکرد؟"

- "دەمویست شەڕ بکەم".

- "بەکامە تفەنگ".

- "بە تفەنگی خۆم"

- "پێتان وابوو هەر بەو شێوەیە دەتوانن خۆ رزگارکەن؟ ها؟"

- "نا، تەنیا بۆ ئەوەی دەست بکەمەوە. ئەوەش بەو مانایە نییە کە من دوژمنی ئەڵمانییەکان بووم. نا، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەی شەڕ بکەم".

بازوو بەندێکی هێزی بەرگرییان لە گیرفانیدا دیوەتەوە. لێیان پرسیوە بۆچ شتێ کەڵکی لەو بازوو بەندە وەردەگرت بە بزەیەکەوە گووتوویە دۆزیویێتەوە.

- "نا واش نییە؛ بێت و یەکێکی وەك من بازوو بەندێکی پێ بێ ...."

بیوپێن دەگاتێ. هەروا بە شوێن مەسەلسەل و پەنیرە و نبووە کەوەیە.

- "د" لێی دەپرسێ بۆ چەند ساتێك دەرفەتت هەیە؟

بیوپێن: "فەرموو، گوێم لێیە".

هەرکیان بە قسەکردن دووردەکەوتنەوە. تێریز لە لای تێر لە تەنیشت کوانوەکە دەمێنێتەوە واوێدەچێ: قسەکردنی بیوپێن و "د" سەبارەت بە تێر بێ.

بێگومان "تێر"یش لەو فکرە دایە. تێر، هەر بۆ هێوربوونەوە سەیری دەستەی ئیسپانییەکان دەکا کە خەریکی چەورکردنی چەکەکانیانن. لە بنەوە سەیری "د" و بیوپێن دەکا. بەڵام زیاتر هۆشی بە لای ئیسپانییەکانەوەیە. تێر ژیانی خۆی لەسەر ماشێن لێخوڕێنێك و دەمانچەیەك داناوە. تێر ئاوایە. دەگەڵ لافۆن و "بۆنیە" عەیش و نۆشی کردووە. تێر بەو پەڕی شانازییەوە لەو ساتەدا کە لافۆن لە گەڕەکی جوولەکەکاندا قەڵت و بڕی وێخستبوون، ماشێنە گوللە نەبڕەکەی لافۆنی لێخۆڕیبوو. رۆژێك لە کاتی چوونە راودا تەقەی لە پشت دارستانەکە کردبوو. ئیدی نازانێ کەسی کوشتووە یان نا.



هەڵبەت هەموو شتێك روون بۆتەوە. تێر هەموو شتێکی درکاندووە. هەموو شتێك لای تێر "سادە"یە. دانی پیاهێناوە کە: "چەکم بووە، ئەندامی دەستەی لافۆن بووم. تەقەم لە دارستان کرد. کەواتە دەبێ تیرە باران بکرێم."

تێر پێیوایە تاوانبار دەبێ تیرەباران بکرێ. ئیتر بەرگریی کارێکی خوڕاییە. تێر لە بەرامبەر حوکمی کۆمەڵگاو دادپەروەریدا مل کەچە. ئیمانی بە تێگەیشتوویی دادوەرەکان و دادپەروەریی و سزادان هەیە. لەو ساتە چاوەڕوانییەدا، چاو لە هەڵوەشاندنەوە و وەسەر یەکخستنەوەی تفەنگەکان و گوێگرتن لە تەق و تۆقەکەیان سەر گەرمییەکی باشە. لەو کاتەدا تێر دەڵێی چلەگیایە؛ وەك بوونەوەرێکی ساوا دەچێ.

تێریز و "د" رێزی لێ دەگرن. چارەنییە. ناچاری دەبێ حورمەتی هێندێ کەست لەبەر بێ و لە کەسانێك بێزار بیت: پیاوێکی پلە باڵای بنکەی ریشیلۆی لێیە کە تاوانەکەی زۆر زۆر لە "تێر" کەمترە و دەزانێ ئازاد دەکرێ. بەڵام "تێر" نا، دڵنیایە تیرەباران دەکرێ. پیاوە پلە باڵاکە داوای کردووە دەگەڵ کەسانێکی "هاوشانی خۆی". بێت، چونکە: "مافی ئەوەی هەیە کە چاویان بە سەرێوە بێ". لەوەبەدوا "د" دەیهێنێتە نێو بەندی گشتی. لای پاڵەوانێکی مست وەشێن و ژنێکی خزمەتکار.

تێر لە ماوەی ساڵێکدا، لە پێشانگایەکی ئۆتومبیلی ئەڵمانیدا نزیکەی ٦٠ هەزار فرانکی وەدەست دەکەوێ.

- "لەو کارە چەندت پێ بڕا؟"

"هەتا ساڵی **١٩٤٣** شێست هەزار، بیست هەزاریش تا ئەو ساڵ."

تێر؛ بێ هیچ دوو دڵی یەك ئەو مەسەلەیە دەدرکێنێ. لە راستیدا لە ریایی کردن بە دوورە لە خۆبەزلزانیش هەروا. بەر لە هەر شتێ جگەرەی دەوێ. دوایش ژن.

هەشت ڕۆژ پاش دەسگیرکردنی جارێك لە لێکۆڵینەوەدا بەسکاڵاوە سەیری "د"ی کرد بوو. تێر زۆر لە پیاوێکی فشەکەر و ژن باز دەچێ و لەوانەیە لەبەر ئەوە زۆر لە تەنگەژە دابێ. خۆشەویستەکەی (گراوییەکەی) کەلە تەلاری قاتی خوارەوەیە، بۆ ئەوە نابێ بینێریتە لای؛ قەدەغەیە. بێجگە لەوەش کاری وا هەر ناکرێ. چونکە یازدە کەس لە ژووری ژمێریاریدا زیندانین. بۆ جگەرەش هەروا. نابێ جگەر بدرێ بە بەندییەکان. "د" ئێستا دێتە لای تێر و تێریز.

تێر وەپێش دەکەوێ. "د" دەچێتە بن گوێی تێریز و بەسرتە دەڵێ: "بیوپێن جێیەکی وای نییە، دەبێ تەلەفۆن بۆ تەشکیلاتی شرش-میدیا Cherech-Midi بکەین". لە چوونە دەرەوەدا، "د" ئاماژەیەکی دۆستانە بۆ هێرناندیز دەکا. "تێریز"یش هەروا. هێرناندیز یەکی چوارشانەیە. کۆمۆنیستە؛ هەر ئەویش بوو کە دەگەڵ دوو کەس لە هەڤاڵەکانی، مەئموورەکەی گشتاپۆیان تیرەباران کرد. فەڕەنسییەکان لە کاتی شەڕەکاندا، ئەو حەڤدە کەسەیان، وەك باڵا دەست هەڵبژاردووە. گریمانەی ئەوەی کە هێرناندیز ئیعدامی نێردراوەکەی گشتاپۆی لە ئەستۆ بووە، بێگومان نیشاندەری متمانەیەکە؛ کە تێریز و "د" پێیان کردووە. لە حاڵێکدا بە پێی دەستوور ئەو کارە بە تاقمەکەی ئەو ئەسپێردرابوو. مەئموورەکە فەڕەنسی بوو، بەڵام فەڕەنسییەکان دیزە بە دەرخۆنەیان کرد، لەوانەیە سەبارەت بە بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامەکە تەواو دڵنیانەبوون. بەڵام هێرناندیز دڵنیابووە. هێرناندیز سەرتاشە. پیشەکەی ئەوەیە. لە دەروونیشدا ئیسپانییەکی کۆمارخواز. ئەو تەنانەت حازرە بە هاسانی و بێ دوو دڵی گوللەیەك لە تەپڵی سەری خۆی بدا، بەو مەرجەی دڵنیابێ ئەو کارە لە پێناو دەستپێکردنی شۆڕشی ئیسپانیادایە. پاش تەواوبوونی شەڕ ئیسپانییەکان خەریکی چەورکردنی چەکە گیراوەکانن. دەزانن کەی و لە کوێ دەکرێ چەك پەیدا بکەی. شەو تاکو بەیانی لە دەرەوەی مەقەڕ دەمێننەوە. زۆر کەم دەخەون، یەك پشوو قسەدەکەن و پێیان وایە پاش چەند ڕۆژێ



تر دەگەڕێنەوە وڵاتەکەیان. "ئەو جارە نۆرەی فرانکۆیە". هێرناندیز ئەو ڕستەیەی لە زار ناکەوێ. ئازادی پاریس بۆتە هۆی خەیاڵاتی بوونی ئیسپانییەکان. هەر بۆیەشە خەویان لێ ناکەوێ. ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە چەك پەیداکردن و یەکێتی دەستەکانە. سوسیالیستەکان هێندێ مەرجیان پێشنیارکردووە کە کۆمۆنیستەکان و ئەنارشیستەکان رایان وایە بۆ پەسندکردن نابێ. ئەنارشیستەکان دەیانهەوێ لە سنووری ئیسپانیادا بە شێوەی تایبەت بە خۆیان یەك بگرنەوە. سۆسیالیستەکان دەیانهەوێ هێزێکی نیزامی ڕێکوپێك لە پاریسەوە بنێرنە ئیسپانیا. ڕۆژ تاکو ئێواری لەسەر ئەو بەرێکردنە قسەدەکرێ. هەمووان دەستیان لە کارو چالاکی شتۆتەوە و ئامادەی گەڕانەوەن بۆ نیشتمان.

تێریز پاش دیتنی هێرناندیز، هاتۆتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەگەر قەرار بێ "تێر" دوای چەند ڕۆژی تر ئیعدام بکرێ، باشتروایە بەوی بسپێرن؛ ئەو ژنە بۆ ئەم کارە هێرناندیزی پێ باشترە. بزەیەکی دێتێ. هێرناندیز دەزانێ بۆچی و چەندە کوشتنی ئەو پێویستە.

ژنەکە ئاگای لە وتووێژی "د" و بیوپێن نییە کە سەبارەت بە تێری بە کرێگیراو کردوویانە. دیارە ئەو شتانە پەیوەندییە بە تەشکیلاتەوە هەیە. تا چەند ساتی دیکە "تێر" ئەو "هەستەیە" بەجێی دێڵێ. لەوانەیە ئیعدامیش بکرێ.

تێر خۆشحاڵە بەوەی لە ڕتەشکیلاتای دانتێن دەچێتەدەر. بە پەلە و بە چالاکی کەوتۆتە پێش "د" و تێریز. دەزانێ دەیگەڕێنێتەوە ژووری ژمێریاری هەستەی ریشیلیۆ. بەڵام ئێستا دەڵێی فکری لە جێیەکی ترە. شوێنی خولانەوەی بە ئۆتومبیل لە هەستەی دانتێن ەوە تا ریشیلیۆ دەبێتە هۆی فەرامۆشکردنی مەسەلەکە. تێر ئاوایە. خێرا هەموو شتێکی لە بیر دەچێتەوە.

تێر کە دەگاتە کۆڵانەکە و چاوی بە ترۆمبیلەکە دەکەوێ لە نەکاو لە "د" و تێریز دوور دەکەوێتەوە خولێك بەدەوری ئۆتومبیلەکەدا لێدەداو بە رێز و حورمەتەوە و بە بزەیەکەوە دەرگاکە بۆ تێریز دەکاتەوە. دیارە هاتنەدەر لە هەستەی ریشیلیۆ خۆشحاڵی کردووە. بەڵام هەر ئەوە نییە رێز لێنان و قەدرگرتنی تێریز و "د"یش هۆیەکی تری ئەو خۆشحاڵییەیە. بە ئۆتومبیل لێخوڕینی تێریز؛ هەست بە هاوبەشییەك دەگەڵی دەکا. چونکە ئەویش لەوەپێش ئۆتومبیلی هەبووە. تێر بەندییەکی ئاسایی نییە. راستگۆیی "د"ش لە رەوتی لێکۆڵینەوەکەدا بۆتە هۆی سەرسووڕمانی. تێر لە دان پێیانانی سەر سووڕهێنەرانەی خۆیدا ویستوویەتی بکەوێتە بەر دڵی "د". تێر ئاوا ساویلکەیە. دەڵێی پەلکە گیایە. تێر لە تەنیشت تێریز دانیشتووە و تێریز ئوتۆمبیلەکە لێدەخورێ. "د" لە دواوە دانیشتووە دەمانچەیەکی کالیبر چووکەی کۆن بە دەستی راستییەوەیەتی. تاقە چەکێکی بە "د" بڕابێ ئەوەیە. لە بنکەی ریشیلیۆ دەمانچە کالیبر ٨ەکەو مسەلسەلەکەیان لێ دزیوە. ئەو دەمانچەی ئێستا پێیەتی لە کارکەوتووە. دەمێکە خراپ بووە. "د" بەجێی کالبیر هەشتەکە ئەوەی لە نێو مێزی کارەکەیدا دیتۆتەوە. لە راستیدا کەس نازانێ ئەوە لە کوێوە هاتووە. تیرێزیش دەزانێ. ئەو چەکەی رووبەڕووی تێر راگیراوە کارناکا. تێر بەوە نازانێ. ئەگەر چووکەبوونی چەکەکەش سەرنجی راکێشابێ "د" وادەنوێنێ کە تێر شکی بۆ قەستینە بوونی چەکەکە ناچێ. تێر پێیوایە "د" لە چەکی وا کەڵك وەردەگرێ کە وەك رۆحی بێ غەلوغەش بێ. تێر لە تەنیشت تێریزەوە هێورتر بووەتەوە.

تاووساوێکی خۆشە. پۆلیس گۆڕی ونە. پۆلیس لە شەڕی گەڵ پاریسییەکاندا تووشی شکست بۆتەوە و لە رۆژی "ئازادی"یەوە هەتا ئێستا دەستی بەکار نەکردۆتەوە. سێ رۆژە لە شەقام و کۆڵاندا چاوت بە پۆلیس ناکەوێ. ئۆتومبیلی پڕ لە هێزەکانی بەرگری لە هەموو لایەکەوە بە وڵات وەربوون. تەنانەت لە شوێنە



قەدەغەکراوەکانیشەوە. زۆر بە خێرایی دەڕۆن و لە کاتی وەپێش کەوتندا شۆستەکانیش دادەگرن. زێدەڕۆیی لە نافەرمانیدا و سەرخۆش بوون بە ئازادی باڵی بەسەر هەمووواندا کێشاوە.

خێرایی و ژمارەی ترۆمبیلەکان و ئەو لوولە تۆپانەی لە پەنجەرەکانیانەوە هاتوونەتە دەرێ لە ژێر تیشکی خۆردا دەبریسکێنەوە، بە تێکڕایی "تێر"یان تووشی سەرسووڕمان کردووە. "د" لە خۆوە هەڵدەداتێ: "دەبێ هەلەکان بقۆزینەوە. جارێ پۆلیس دیار نین، ئەو شتانە لەسەت ساڵدا جارێك دەقەومێن...."

تێر ئاوڕ لە "د" دەداتەوە کە دەمانچەکەی لەسەر راگرتووە و بزەیەکی لەسەرلێوە. "هەر بە راستی وایە".

- "تێر" وایە. لەوەیکە پۆلیس دیار نین. خۆشحاڵە. قەت خۆشی لە پۆلیس نەهاتووە. بۆیەش لە پەنا "د" هەست بە ئاسایش دەکا. چونکە "د" وەك پۆلیسەکان ناچێ. تێر پیاوی بیرکردنەوە نییە. هەر بە زەینیشی دانایە کە هەبوونی پۆلیس لە راستیدا بە مانای رۆژگار و سەردەمێکی نوێیە. سەردەمێك کە ئیتر ئەم، هەر ئەم "تێر"ە ناژی. ئەو بیر لە داهاتوو ناکاتەوە. "تێر" سەبارەت بە کەڵك وەرگرتن لە کلاچی ترۆمبیل، دەندە گۆڕین، لێخورین لە پێچ و گەوی شەقامەکاندا لە تیشکی خۆرەتاودا زۆر ورد دەبێتەوە و سەرنج دەدات. تێر شێت و خولیای؛ شۆفری و چەك هەڵگرتن و پووڵ و ژنە؛ هەرچی بخولێتەوە، دەنگی بێ و کەڵکی هەبێ خۆشی دەوێ. ئوتۆمبیل لێخورین بۆ ئەو هەر لە خۆوە شتێکی جادوویی و شادی هێنەرە؛ بەڕادەیەك کە دەتوانێ بەو کارە ژینی ئەو یازدە رۆژەی لە ژووری ژمێریاریدا دەگەڵ دە بەکرێگیراوەکەی تر بوو؛ بگوڕێ. بە راستی هەوایەکی خۆشی هەیە. ترۆمبیلەکان پڕن لە کوڕ و کچی گەنجی هاوتەمەنی تێر. بەخێرایی بەم لاو ئەو لادا دەڕۆن. بەو مسەلسەل و چەکە لوولە کورتانەی کە لوولەکانیان لە پەنجەرەی ماشێنەکانەوە هاتۆتە دەرێ گەرمییەکی تایبەتیان بە هاوین بەخشیوە؛ هەموو ئەو تێکەولێکە زاڵ و بێ هەوسار و پڕ جمووجۆڵە، لە دوورەوە "تێر"ی وەکول هێناوە. لەوەیکە خۆی لە یەکێك لەو ترۆمبیلانەدا دەبینێ

و لەوەی کە لەو جموجۆڵەدا بەهەر شێوەیەك بێ، بەشداربووە، هەست بە بەختەوەریی دەکات. بێگومان ئەوە دوایین چرکەکانی ژیانی "تێر"ە.

لەسەری هەر گەوێك؛ بە وریایی و بەوەخت؛ بە مەبەستی خۆشتر دانیشتن لە ترۆمبیلەکەدا دەستی دەباتە دەرێ. لە رێگەی ئەو ترۆمبێلەدا کە یەکڕاست دەیباتە زیندانەکەی خۆی لە هەستەی ریشیلیۆ. لەوانەیە دواتر ئەو ترۆمبێلەی لەوێ دەیهێنێتەدەرێ لە ترۆمبێلە تۆڕدارەکان بێ.

پێ بەپێ دەنگی مسەلسەل لە سەربانی ماڵەکانەوە دەبیسترێ. ئەوە زایەڵەی دەسرێژەو تیشکی تاوو سەوزایی گەڵاکانە. ئەو کاتەی دەنگی دەسرێژەکان نزیکترە؛ رێبوارەکان لە نێودەرگای ماڵەکاندا کۆدەبنەوە. دەست لە ئەفرادی هێزی بەرگری هەڵدێنن کە بە ئەوێدا تێپەڕین. تێریز گورگئاوڕێك دەداتەوە و سەبارەت بە چەکە ساختەییەکە چاوێك لە "د" هەڵدەتەکێنێ. هەرکیان بزەیان دێتێ. بەڵام "تێر" حاڵەتێکی جیددی هەیە. لە سەرووی هەر پێچێکەوە باسکی دەردێنێ. کاتێك تێریز و ئالبێر، "تێر"یان بەرەو هۆدە تاریکەکەی دەبرد "تێر" داوای لێ کردبوون کە ئەگەر دەکرێ بڕێك نانی زیاتر بدەنێ. بۆ تێپەرینی کاتیش بێ هێندێ کاغەزی بدەنێ. تێر ئەوەی لە تێریز ویستووە. بەسرتە؛ بێ ئەوەی ئالبێر تێ بگا.

"د" چووە بە شوێن ئەو ئەندامانەی هێزی بەرگریدا کە بەسەر چێشخانە رادەگەن. بۆ ئەوەی قسەیان پێ بڵێ کە بۆ بەشی خواردنی بەندییەکان دەگێڕنەوە!؟ تێریزیش چووە کاغەز و نان بۆ تێر جێبەجێ بکا.

کاتێ ئێوارێ تێریز و ئالبێر چوونەتە ژووری ژمێریاری بۆ ئەوەی کاغەزەکان و نانەکە بدەن بە تێر. تێر لەسەر مێزەکە دانیشتووە و باسی گەڕانی نێو پاریسی بۆ بەندییەکان دەگێڕێتەوە. تێریز نان و کاغەزەکانی دەداتێ. تێر هەتا شەوێ ئاوا دانیشتووە و دەگەڵ سێ بەکرێگیراوەکەی دیکە کە لە دەوری کۆبوونەوە وەرق بازیی کردبوو. هیچ کام لەو سێ کەسەی تر وازیان لە کایە نەبووە بەبێ وازی کایە و گاڵتەیان کردبوو. تێر بە زۆری کایەی پێ کردبوون. یەکجار حەزی لە کایە بوو تاسەکەی کەمتر نەبوو لە تاسەی مرۆڤ بە زیندوومانەوە. لەسەر مێزەکە چۆکی



دادابوو. ئەوانی دیکەی ناچارکردبوو وەرەقەکانیان دەربێنن و کایە بکەن. دوایی بۆ خۆشی دەست پێدەکا. بەتاقی تەنیا. وەرەقەکانی لەسەر مێزەکە ریزکردبوون و لەوەیکە بۆ خۆی دەیبردەوە هەڵدەبەزیی. ئەها ئەوە "حوکم". ئەوە "گوڵ" بردمەوە.

لە تەنیشت تێر، لەسەر مێزەکەوە لە تێك نان دیارە. لەو سێ نانەی تێریز بۆی هێنابوو ئەو لەتە ماوە. تێر نانەکانی دابەش کردبوو. ئەوانیش قووتیان دابوو. تەنانەت ئالبێریش کە دەگەڵ زیندانییەکان توند و تیژی دەنواند، حورمەتی "تێر"ی لەبەر بوو. ئەو کاتەی تێر لە تەلاری قاتی خوارێ بووە، رۆژێك "د" دەبینێ کە دەگەڵ ئالبێر خەریکی قەسەکردنن، بە دوور و درێژی باسی هەموو شتێك، ژن و ژیان، ئالبێر لەسەر کورسیلەیەکە دانیشتبوو، "تێر"ش لە خوارەوە لەسەر عەرزی "د" دەی باسی ژنان بکە... تو، چەند جار؟ ......"

تیر دوای هێندێ تێڕامان دەپرسێ: "لە چەند کاتدا؟"

"وای دانێین لە ساڵی رابردوودا.... لە ساڵێکدا....."

"سێ سەد و نەوەدو پێنج جار."

تێر و ئالبێر، بە دوای ئەوانیشدا "د" کە تازە گەیوەتێ هەر سێکیان لە فرقەی پێکەنین دەدەن.

تێر بە کەس چاك نەدەبوو. دەیویست تەنانەت رۆژێك بەر لە مردنیش دەرفەتی رابواردن لە دەست نەدا. لەوەیکە پیاوێکی خوێڕییە قسەی نەبوو، چونکە "د" وای پێ گوتبوو. بۆ ئەوەش نەدەبوو قسە لە قسەی "د" دابکرێتەوە. تێر پیاوێکی بێ فیز بوو. هیچی لە مێشکی دانەبوو لە منداڵی زیاتر.

ئیتر نازانین تێر چی بەسەرهات. تیرەباران کرا؛ لە بەندیخانەی فرێندا ماویەوە یان ئازاد کرا، نازانین. ئەگەر ئازاد کرا بێ لەوانەیە لەو بەشە لە کۆمەڵگادا بژی کە پووڵ برەوی هەیە و ئەندێشە پووشێك ناهێنێ لە شوێنێك کە حوکمی بەرپرس جێگری ئایدۆلۆژییە و جەنایەت بەڕەوا دەزانێ.

## «گەسگەسکی شکاو»

ئەو نووسراوەیە داهێنانێکە لە پەیوەندیی دەگەڵ ئەدەبیاتدا. ڕۆژگارێك ئەندامی حیزبی کمۆنیستی فەڕانسەبووم. ئەم نووسراوەیەش" بەتام و بۆنێکی کێشەی چینایەتییەوە" دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی پێشوو. شتێکی خراپ نەبوو. هەڵبەت شیاوی چاپ کردن نەبوو. باش بوو چالاکی ئەدەبیم هەڵبەت بێ ئەوەی بۆ خۆم بزانم لە کارتێکەری ئەو حیزبە کمۆنیستییە پاراستووە کە ئەندامی بووم. بەختەوەرانە ئەو دەقەی بەرچاوتان؛ لەو چل ساڵەدا چاپ نەکرا. لەسەر ڕاوە نووسیمەوە. ئێستاکەش هۆی دارِشتن و هێنانە گۆڕێی ئەو باسەم بۆ روون نییە. هەر چۆنێك بێ دەقێکی سرکە (خۆ بە دەستەوەدەر نییە). لەوانەشە دەقێکی شیاوی سینەما. زۆر جاران بیرم لەوە دەکردەوە کە پیاوە نامۆکەی نێو ئەم دەقە، هەر ئەو "تێر"ی میلیشیایەیە کە لە هەستەی ریشیلیۆ رای کردووە و ئێستا لە پەسیوێك دەگەرێ تێیدا بمرێ.

جا چۆن بوو ئەو بیرەوەرییەم بە زەین داهات لێی بە دوور نییە لەبەر رەنگی گەشی شمەك و پێڵاوەکانی بێت. یان پێستە سپییەکەی نازییەکانی ئەلمان. بۆنی عەتری تەزویر و شڕ و شاڵاتی خۆ جوان کردن و جگەرەی بریتانی.

پیاوە غەریبەکە لەسەر بەردەکانی قەراغ رێگە دادەنیشێ. دەمێکە ئەو بەردانەیان هێناوتە ئێرە. لەوانەیە بەر لە سەردەمی داگیرکەری. دواتریش وێدەچێ قاناو لێدانی قەراغ رێگاکان پشت گوێ خرابێن. خانووی لە دار سازکراو لە هەردوو لای جادەکەوە بەڕیز دروست کراون. سەربانەکانیان تەنەکەیە و حەوشەی خوار و خێچ. لێرە و لەوێش جل و بەرگیان لەسەر هەڵخستوون بۆ وەی وشکەوەبن. دەوروبەری گاشە بەرد و خانووەکان و رووبەڕووی حەوشەکان پڕە لە گیاو گوڵی خۆڕسك و گەسگەسك کە لە کەلێنی بەردەکانەوە هاتوونەدەر. لە دوو دوورە لە نێو باخەکان و لەسەر رێگاکان بێجگە لە "شلێرە" داری دیکەی لێ نییە.



لە لای خانووەکانەوە دەنگی وێك کەوتنی قاپ و قاچاخ و زیقەزیقی منداڵ و قیژەی دایکان دەبیسترێ. زایەڵەی دەنگێك، بێ هیچ قسەیەك.

دوو کوریژگە لەسەر رێگا کە پیاسە دەکەن؛ گەورەترەکەیان تەمەنی ١٠ ساڵ دەبێ. برا چکۆلەکەی لە فەرغوونێك (داشقە) ناوەو لە مەودای نێوان پیاوە نامۆکە و قوڵکەکەی ئەو سەری رێگاکەدا دەیگێڕێ. برا چووکەکەی کراسێکی شینی قوڵەی لە بەردایە. قژی کاڵە. سەریشی کە خستۆتە سەر سەرینی نێو داشقەکە بەم لاولادا دەکەوێ. خەوی لێکەوتووە.

بەقژی بۆز و ئاڵۆزەوە. مێش بە مابەینی تاڵە مووەکانی سەر پێڵووی و بەسێبەری تەڕی مژۆڵەکانیدا دێن و دەچن. کوریژگەکە جار نەجارێك رادەوەستێ و بە نیگایەکی کونجکۆڵ و بەتین و بەتاڵەوە دەڕوانێتە پیاوە نامۆکە. چڵەگیایەکی بە ددانی گرتووە و لە ژێر لێوێوە ویرەی دێ. لاقەکانیشی رووتن. لەشی رەق و تەق؛ لێوی هەڵمساوو قژی ئاڵۆزکاوو چڵکن. کراسە کچانە بەر ئاوەڵاکەشی وەك کراسی براکەی شینە سەرێکی خڕ و چکۆڵانەی هەیە و نیگایەکی روون و قووڵ. لەکات و ساتێکی کورتدا و لە هاتوچۆی بەرامبەر ماڵە دارینەکان؛ کاتێ هەست دەکا پیاوە غەرەیبەکەش سەیری دەکا، روخساری دەڕەوێتەوە و تۆزی ترسی لێدەنیشێ.

هەر دە خولەکێك دەبێ و نابێ کە پیاوە نامۆکە هاتووە؛ کە سەر و سەکوتی پیاوێکی تر لە جادەکەوە دەردەکەوێ ئەویش لەسەر، تاشە بەردێکی نزیك پیاوە نامۆکەوە دادەنیشێ. هەموو رۆژێ بەپێی عادەت دێتە ئێرە. تەمەنی پەنجا دەبێ. کڵاوێکی چەرمی چەور و لووسی لەسەرناوە. دەلینگی شەلوارەکەی هەڵدەکێشێ و دادەنیشێ. بەلەکەکانی لاوازن. کراسێکی ئەرتەشی و جلیتقەیەکی بۆری دەبەردایە؛ بڕێك قوڵەیە. کوڕەکە لە بەرامبەر کابرا کرێکارەکەوە رادەوستێ. روخساری سەیر گەش بۆتەوە؛ بزەی دێتێ. سڵاوێك دەکەن. کوڕەکە "فەرغوونە"کە دەباتە ئەو بەری جادە؛ ژێر "ئەقاقیا"کە و دەگەڕێتەوە. لە نزیك کابرا دادەنیشێ. "نانی نیوەرۆت خواردووە؟" کوڕەکە دەڵێ: "خواردوومە". کابراش وەك منالەکە ئاوڕێك لە پیاوە نامۆکە دەداتەوە. بەڵام وەسەرەخۆی ناهێنێ. پیاوەکە روخسارێکی

وشك و هەڵپڕووکاری هەیە. چاوەکان شین و چکۆلەن، زیت و مێهرەبان، روومەتەکانی تێك قوپاون. دیارە ددانی لە زاریدا نەماون، هەوا گەرمە. گەرمایەکی خەست و تۆزاویی، نەسروەی بایەك نەشنەیەك؛ هیچ شتێ ناجوولێتەوە. تەنیا وزەی مێش دێ. کە بە وزە وز لەو گەسگەسکەوە بۆ ئەویتر هەڵدەفڕن.
کابرای کرێکار توورەکەکەی دەکێشێتە پێش خۆی. قابڵەمە و بوتڵە شەڕابەکەی دەردێنێ. پیاوە نامۆکە لە سەیرکردنی خۆ دەبوێرێ. پێت وانەبێ کابرا نەیدیتووە. لەوانەیە بزانێ ئێستا کابرا لە خۆی دەپرسێ کە ئەمڕۆ ئەو غەریبەیە لە کوێوە هاتووە. لەو سەری دنیاوە؛ پیاوێك لەو شوێنە سەیرە.....
کابرای کرێکار قابڵەمەکەی دەرهێناوە سەری گرێی قایشە زەبرەکەی کە لە قامکی شادەی دەستی چەپی هاڵاوە کەوتۆتە بەری دەستی. سەری قابڵەمەکە هەڵدەگرێ. قامکی شادەی جۆرێك راگرتووە؛ بۆ ئەوەی بە حاستەم وەهیچ نەکەوێ. مناڵەکە سەیری هەڵسوکەوتی کابرا دەکا. دەڵێی پیاوە نامۆکەی جارێ لە بیرچۆتەوە. دەڵێ:
"ئێستاش ژانی هەیە؟" — "نا، شتێکی وا نییە زۆر ئاگاداری لێدەکەم."
بڕێکی باقلەی (فاسولیا) سوور لە قابڵەمەکەیدایە. کابرا بە لەسەرەخۆیی نانێك لە توورەکەکەی دەردەکێشێ. پیاوە غەریبەکە کلاوە لە بەدارەکەی سەری هەڵدەگرێ و لە پەناخۆی لەسەر بەردەکانی دادەنێ. گەرمایەتی. شمەکێکی سپی لەبەردایە.
کوڕێژگەلە بە روخسارێکی گەشەوە سەیری پیاوەکە دەکا، تاسەیەکی سەیر و نامۆگیانی داگرتووە. حەز دەکا کابرا قسە بکا. هەرکیان خوویان بەو یەکتر دیتنانە گرتووە. کابرا لێی دەپرسێ: "باوکت چۆنە؟" کوڕەکە دەڵێ: "باشترە". کابرا بە قۆڵی کراسەکەی کەچکەکە دەسڕێ. لە قابڵەمەکەی دەنێ و دەست دەکا بە خواردن. پارووەکەی دەجوێ و قووتی دەدا. شتەکان بە هێوری و بە رێکوپێکی دەچنەپێش وەك رەسمێکی ئایینی بە ئاهەنگی هێمنی سروودێکی فریودەر و بەتاڵ.
لە دواوەیان، لە پشت پیاوە غەریبەکەوە؛ لە پشت کوریژگە و کابراوە؛ شار وەك گەواڵە هەورێکی پەرش و بڵاو دەچێ. لە بەرامبەریشیانەوە پێدەشتێکە پڕە لە



گەسگەسك. لەو شوێنەی واشار کۆتایی دێ دڕك و ئاسنەواڵە دەست پێ دەکا. شەڕ لێرە باروبنەی پێچاوەتەوە، شەڕ گۆڕی ونە، بۆگەنیوەکە لە قوڵکەیەکی ترەوەدێ. قوڵکەیەك کە دیارنییە و لەوانەیە شوێنێك بێ کە کۆخ نیشینەکان زبڵ و زاڵی تێدەکەن. ئەو مێشانەش کە لەسەر و چاوی مناڵەکە نیشتوون لەو قوڵکەیەوە دێن. ئەو مناڵە لەوەتی لە دایکبووە بۆتە خۆراکی ئەو مێشانە و ئێستاش ئەوە لەو بۆگەنیوەدا هەناسە دەکێشێ. ئەو بۆگەنیوەی جار و بار دەبڕێتەوە دوایی وڵات دادەگرێتەوە، هاوینێکی بۆگەنیوە. کابرا هەروا لە پێش چاوی کوڕیژگە و پیاوە نامۆکە، باقلەکەی دەخوا، پاروویەك باقلە و لەتە نانێك بە کەوەرەوە لە زاری دەئاخنێ.
دەیجوێ. هەروا دەیجوێ. کوڕەکە چاوی لە کابرا بڕیوە کە پارووەکەی لە زاریدا دێنێ و دەیبا. لە لای خانووە دارینەکانەوە هەروا دەنگی گریانی منداڵان، دێ، بێ قسە، دەگەڵ دەنگی وێك کەوتنی قاپ و قاچاخ. دەنگی فیتوویەك لە دوورەوە دێ. دەڵێی ئاژیری خەتەرە. کابرا لەتکە نانەکەی لەسەر بەردە کە دادەنێ و لە گیرفانی پەستەکەکەی کاتژمێرەکەی دەردێنێ هەروا بە هێوری میزانی دەکا و دەڵێ:
"خولەکێك لە نیوەڕۆ تێپەڕیوە" سەیری پیاوە غەریبەکە دەکا: "هەموو جارێ پیاو دادەخورپێنێ، تەح لەو دەنگە شوومەی."
پیاوە غەریبەکە وەك کەڕبێ، هیچ ناڵێ، کابرا دەست دەکاتەوە بە خواردنی باقلەکەی هەروا بە هێوری لەو قرچە قرچەی گەرما و بۆگەنە پیسەدا، ئیتر ئێستا مناڵەکە چاوی لە کابرای کرێکار نییە. سەیری غەریبەکە دەکا. کە بۆ وەڵامی نەداوە، ئەو مناڵە لەوە پێش هیچ غەریبەیەکی لێرە نەیدیتووە. ئێستاش ئەو پیاوە بە قەڵافەتێکی رێکوپێك و کراسێکی سپی و قژی کاڵەوە....
غەریبەکە دەڵێ: "ئێرە کوێیە؟"
منداڵی نیۆ فەرغوونەکەی سەری قوتدەکاتەوە و دوایی سەری دادەنێتەوە. شەرمێونە. کابرا پارووەکەی رادەگرێ. چاوێك لە غەریبەکە دەکا. ئەویش پێی سەیرە "هۆ وێ، ئەو خوارە، پەتی "کلیمار"ی Petit-clemart پێ دەڵێن. دەست

بەرەو ئاسنە واڵە و گەسگەسکەکان رادەدێڕێ. "ئێرەش پاریسە... هەڵبەت لە راستیدا....."

کابرای کرێکار هۆشی بە خۆوە نییە.....

- "چییە رێت لێ هەتڵەبووە؟"

- بە رەوانی دەڵێ: "بەڵێ".

منداڵەکەی نێو فەرغوونەکە دیسان پێدەکەنێ. پێکەنینەکەی دەبڕێتەوە. چاو لەبەر پێی دەبڕێ کابراش لە پێکەنین دەکەوێ. بوتڵە شەڕابەکە و پەرداخێك هەڵدەگرێ. هەڵیدەدا. قسە ناکا. غەریبەکە دەزانێ کابرا هیچ شتێکی خۆی نادرکێنێ، دەست دەکا بەقسەکردن. بێ ئەوەی قسەکەی لە پرسیار بچێ، دەڵێ: "قامکت کووتراوە". کابرای کرێکار قامکی هەڵدێنێ، چاوێکی لێدەکا.

"قامکێکم پەڕیوە، بڕێکی پێوە ماوە، لە تێکی، وەبن دەزگای پرێس کەوتووە".

کوڕیژگە بۆ یەکەمجار شتێ دەڵێ، سوور هەڵدەگەڕێ، دێتەوە سەرەخۆ، لە پڕدا دەڵێ: "قامکی وەك پەڕە جگەرە پان ببۆە، یەکی تریش لە کارخانەدا بوو. دەستی تەواو پان ببۆە. دوایی بڕیانەوە".

پیاوە غەریبەکە بۆ ساتێکیش چاو لەو زارە ناترووکێنێ کە ملچە ملچێ دێ.

هیچ شتێ لەو چاوە زیتانەی مناڵەکە شاراوە نییە. کابرا دەست دەکاتەوە بە قسەکردن. "دەزگاکان زۆر گەورەن. دەزگای ۳۰۰۰ کیلۆیی. هەڵبەت پێنج تەنیش هەن لە بەشی تەقەنی دان .... عەنتەرناشێکن...."

مناڵی نێو فەرغوونەکە ناڵاندنی، هەر جارێك، لەبەر دەرگای یەکێك لە ماڵەکانەوە ژنێك دەردەکەوێ. بانگی کابرا دەکا: "مارسێل"!

مناڵەکە هەڵدەستێتەسەرپێ و سەیری لای ژنەکە دەکا. "دەی، هیچ" هەموو بێ دەنگن. کوڕەکە خەوی لێکەوتووەتەوە.

کابرا هەموو باقلەکەی خواردووە و ئێستا لەتێك پەنیر لە توورەکەکەی دەردێنێ. لەتێکی چووکەی لێدەکاتەوە و لەسەر نانەکەی دادەنێ و دوایش ئەو لەتە نانە لێدەکاتەوە کە پەنیرەکەی لەسەر داناوە. هەر وابە هێوری خەریکی خواردنی



دەبێت. بەڵام بەشێوەیەکی زۆر لە سەرەخۆ. کوڕەکەی دەڵێ: "دەمگوت رەنگ بێ نانت پێ نەمابێ بەڵام وادیارە بەشی پەنیرەکەت دەکا."

کوڕیژگەکە نەك بڵێی لەبەر بێ دەنگی پیاوە غەریبەکە، بەڵکو لەبەر قڕو قپ بوونی کابراکە خەریکی خواردنی نان و پەنیرەکە بوو، بە پەرۆشەوە چاوی لێدەکا دەڕوانێتە لۆسێن کوڕێژگە دەڕوانێتە پیاوە غەریبەکە. دەڵێ: "شتێکی سەیرە".

کابرا ئاوڕێك لە غەریبەکە دەداتەوە، ئیتر بزەی لەسەر لێو نییە. کوڕەکە پێیوایە کابرا-لۆسین، نیگەرانی شتێکە.

غەریبەکە دەڵێ: "دیسان چوونەوە سەر ئەو کارە."

بێ فکر لێکردنەوە قسە دەکا. بەجێی بێدەنگ بوونی، بەجێی مردن، هەروا لە خۆوە قسەدەکا، رازێکی سەر بە مۆری پێیە و نازانێ چۆنی بیدرکێنێ، هەڵیرێژێ، ئەو شتە لە خۆشی شاراوەیە، نازانێ لە مەرگ بدوێ. تێ داماوەتەوە. وەك کابرا کە دەگەڵ منداڵەکە. کابرا و کوڕەکە تێگەیشتوون.

کابرا دەیهەوێ بە جێی غەریبەکەش قسە بکا بە جۆرێك کە غەریبەکە بێدەنگ بێ. دیارە ئەگەر ئەو دوو پیاوە بێ دەنگی نییە نەشکێن دیق دەکەن. هەم منداڵەکان و هەم کابرا و پیاوە نامۆکە. یەکەم وشە بۆ درکاندنی ئەو رازەنیشانەی شێتییە.

کابرا: "بەڵێ: چوومەوە سەر ئەو کارە. پارەکە لە بەشی "قاڵب گەری"دا کارم دەکرد. بەڵام پرێسم پێ باشترە. هەڵبەت بە ئیشتیاو حەز کەوتووە. پرێس کەمتر وەڕەزم دەکا.

لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ کە کارێکی پڕ مەترسییە. لەوانەیە لەبەر قورستر بوونەکەی بێ، نازانم. بە هەر حاڵ چاکییەکەی لەوەیدایە پیاو لەوێ ئاغا و کوێخای خۆیەتی. من بەش بە حاڵی خۆم ئەوەم پێ باشترە."

پیاوە غەریبەکە خۆی داوەتە دەست زایەڵەی دەنگەکان بێ ئەوەی گوێ لە شتێ راگرێ. دەبینێ... بێ ئەوەی سەیری شتێ بکا.

کابرا درێژەی دەدا، "لە بەشی پرێس کردندا، ژمارەی جەماوەر زیاترە، بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی ترە. لێرە هەر لە خۆوە کارەکان جێبەجێ دەبن. کاری "قالب گەری" لە چاو ئێرە بڕێك .... چووزانم .... دەبێ بڵێم کارێکە وردەکاری هەیە. کاری تاکە کەسی نییە. دوای ئەوەش؛ پیاو قەت لەوێ تەنیا نییە. هەمیشە دەوری پڕە. ئەگەرچی مرۆڤ زۆر جاران پێویستی بە تەنیاییە."
حەولدانی کابرا بۆ ڕەوان قسەکردن، کوڕەکەی دڵخۆش کردووە. بێ ئۆقرەبوو، دلۆڤانی لە وجودیدا نەماوە. ئێستاش بۆیە دەدوێ بۆەی پێشی قسەکردنی غەریبەکە بگرێ. پیاوە غەریبەکە چ ناڵێ.
کوڕەکە لە خۆشیان هەناسەیەك دەکێشێ. هۆی ئەو دڵخۆشییە تاڕادەیەك لە هەڵسوکەوتی کابرا غەریبەکەوە سەرچاوە دەگرێ.
تەوس و توانجێکی ورد لە بزەی کابرا دایە. چاوەشینەکانی زەقتر بوون. دەڵێ: "پێدەچێ ئێوە لە بەشی ئاسنەواڵەدا کار بکەن هەڵبەت لە خۆوە وادەڵێم". پیاوە غەریبەکە پێدەکەنێ. هەر ئەو توانجە لە بزەی ئەویشدایە کە لە بزەی کابرای کرێکاردابوو. بەڵام جواب ناداتەوە. تەنیا دەڵێ: "نەخێر".
کابرا لە خواردنەکەیدا وچانێك دەگرێ. دیسان بێدەنگی باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێ. دڵەخورپە زیاتر و گرانتر دەبێ. کوڕەکە نازانێ چ دەقەومێ، هەست دەکا فەرامۆش کراوە. کابرا بوتڵ و پەرداخەکەی لە توورەکە دێنێتەدەر. سێ قورتم بە دوای یەکدا دەخواتەوە و بۆ لای کوڕەکەی رادەدێرێ: "ها، قومێك بخۆوە".
کوڕە دەیخواتەوە. دەم و چاوی وێك دێ. بە زۆر قومێك قووت دەدا. غەریبەکە سەر هەڵدێنێ و دەڵێ: "لەوە دەدەن بەو منداڵە... بە منداڵێك؟"
"بەڵێ: دەیدەمێ... دەی جا چییە؟ پێت خراپە؟".
پیاوە غەریبەکە سەیری کرێکارەکە دەکا. هەرکیان سەیری یەکتر دەکەن. پیاوە غەریبەکە دەڵێ: "نەخێر".



کابرا کاتژمێرەکەی دەردێنێ، چاوێکی لێدەکا و دیسان دەیخاتەوە نێو گیرفانی سەڵتەکەی. دوایی پاکەتە جگەرەکەی دەردێنێ. کوڕەکەی بێ ئەوەی چاویان لێ بترووکێنێ بەرەو فەرغوونەکەی دەچێ و دەستی دەداتێ و لێیدەخوڕێ.
پیاوە غەریبەکە لە خۆوە و بە پەشۆکاوی ئاوڕێك دەداتەوە. دیسان بێ دەنگ دەبێ. کابرا دەڵێ: "جارێ چارەگێکم وەخت ماوە، دەکرێ جگەرەیەك بکێشم."
کابرای کرێکار پاکەتە جگەرەکەی بۆ لای پیاوە غەریبەکە رادەدێرێ. پیاوە غەریبەکە دەڵێ: "سپاس، ئێمە." پیاوە غەریبەکە جگەرەی خۆی لە گیرفانی دەردێنێ. کابرا ئاورەکەی بۆ لای دەبا. دەستی بڕێك دەلەرزێ.
هەرکیان بێ ئەوەی پێکەوە قسەبکەن جگەرە دەکێشن. دوایی کابرای کرێکار چاو دەبڕێتە ئاسۆی بەرامبەری. وەك سەیری شتێك بکا. بەڵام نا، چاو لە هیچ ناکا. جگەرەکەی بە خەیاڵی ئاسوودە دەکێشێ. دڵە خورپە دێ و دەڕوا.
کابرا پاش هەناسەیەك قسەکەی دەکا: "ئێوە جگەرەی بریتانی دەکێشن؟ پیاوە غەریبەکە جواب ناداتەوە؛ لە قسەی کابرا تێناگا، دەڵێ: "مەبەست!؟"
کابرا چاوی لە پیاوە غەریبەکەیە. هەر بەو جۆرەی پیاو غەریبەکە چەند ساتێ لەوەپێش سەیری دەکرد. ئەمەیان چ ناڵێ.
بێ دەنگن. کوڕە منالەکە هەرکیانی لە بیر چۆتەوە کە لەوێن. لەبەر خۆیەوە گۆڕانییەکی منداڵانە دەڵێتەوە. غەریبەکە بە کابرا دەڵێ: "ئێوە رازیین؟"
کابرای کرێکار چاوی لێدەکا: "باسی چی دەکەی؟!"
پیاوە غەریبەکە چۆتە فکرەوە. دەیهەوێ بزانێ باسی چی دەکا.
"بۆخۆشی نازانێ".
- "نازانم."
ئەوەندەی کابرا چاوی پڕدەکا گەسگەسکی گوڵ کردوو دەبینرێ. گیا شین بووەکەی سەر ڕێگا پۆلەگیایەکی گەورەیە؛ دڕکاوییە. پیاو غەریبەکە دادێتەوە و چڵێکی لێهەڵدەپسێنێ و لە دەستیدا دەیگوشێ. نێو چاوانی تێك دەنێ. چڵە گەسگەسکەکە فڕێدەداتەوە. دەستە وەخورووکەتووەکانی ڕێکدەخشێنێ.

"دەنگی قاقای کوڕەکە دێ".
(کابرا لە جگەرەکێشان بۆتەوە) پیاوە غەریبەکە؛ هەروا بۆ گەسگەسکە داهاتۆتەوە، پێیوایە کابرا چاوی لێدەکا. لە نەکاو شتێ بە مێشکی دادێ، سەر هەڵدێنێ و دەڵێ: "ببوورە".
کوڕەکە دیسان پێدەکەنێ لەسەریەك. کابرا پێی دەڵێ بێدەنگ بێ. کوڕەکە پێکەنینەکەی دەخواتەوە؛ دەترسێ نەکا کابرا هەڕای کاتێ
کابرا دەپرسێ: ئێوە هەتا ئێستا گەسگەستکان نەدیتوە؟
کابرا ئیتر نێوچاوانی تێك ناوە. ترسەکەی رەویوە رووبەڕووی پیاوە غەریبەکە راوەستاوە.
پیاوە غەریبەکە دەڵێ: "قسە لەوە نییە، بەس تێ ناگەم ئەوانە چین؟"
کابرا جگەرەکەی فڕی دەدا. قونچکە جگەرە لە هالاو و بڵێسەی تاوەکەدا ون دەبێ. ئەو جار جگەرەیەکی تر دادەگیرسێنێتەوە. هەر چاوەڕێیە پیاوە غەریبەکە شتێ بڵێ. دەڵێی لە بیری چۆتەوە دەبێ بگەڕێتەوە سەر کارەکەی. ئیتر سەیری پیاوە غەریبەکە ناکا. بەڵام بیری لێ دەکاتەوە. لە پیاوە غەریبەکە و لەو رووداوەی کە وەك قەوما بێ وایە. رووداوێکی خۆڕایی و پووچ. پیاوە غەریبەکە تەواو بێدەنگ بووە. وەخۆ هاتۆتەوە و هەروا سەری دەخستووە. لەسەرەمەرگدایە، کابراش هێور و ئاسایی کەوتۆتە گێژاوی مەرگەوە. هەر ئەو گێژاوەی کە غەریبەکە تێیدا نوقم بووە. کابرا دەڵێ: "لە سەردەمی داگیرکەریدا، من هەر لێرەمامەوە، سەنگەرم چۆڵ نەکرد."
پیاوە غەریبەکە بێدەنگە و کابرا ئەو جار بە بەردەمیدا دێ و دەچێ. چەند هەنگاوێك دەچێتە پێش و دەگەڕێتەوە. شاری پێ نیشاندەدا: "ئەمڕۆ هەشت رۆژە مەسەلەکە تەواو بووە. جار و بار تەقەیەك دێ، ئەویش چ نییە، دەنگی گوللە بەڕەڵڵایە. کەمیش بۆتەوە. دیسان دەنگی فیتوویەگ دێ. کوڕێژگەیە هەرادەکا: "لۆسین وەدرەنگی نەکەوێ". "لۆسین دەڵێ: ئەوە دەڕۆم."
لۆسین وەجووڵە کەوتووە، وەڕێ دەکەوێ. دیسان دەگەڕێتەوە چاوێ لە شار دەکا و بە منداڵەکە دەڵێ: "بگەڕێوە، بچۆوە ماڵێ".



دەم و چاوی وردیلانەی منالەکە وێك هاتووە. حەول دەدا ئاگاداری باسەکەی نێوان ئەو دوو پیاوە بێ. بە هەر حاڵ لە گۆیی دەگرێ و دەگەڕێتەوە. فەرغوونەکەی هەڵدەگرێ و بەرەو خانووە دارینەکە وەڕێ دەکەوێ. هەر ئەو شوێنەی چەند ساتێك لەوەپێش دایکی لەوێوە هاتبوو دەر. کابرا بەر لە رۆیشتن لەحزەیەك رادەوەستێ هەتا کوڕەکە ئاوەژوو دەبێتەوە.
پیاوە غەریبەکە هیچ نەجووڵاوەتەوە. هەروا بە دانیشتوویی ماوەتەوە. بەسەری شۆڕەوە بوو و دەستی تێك ئاڵقاو بە دەوری ئەژنۆیدا.
ئێستا رێیەك ئەگرێتەبەر کە خۆیەتی. ئەو رێیە، ئەو قاقڕە تەنیا رێی ئەوە. کوڕێژگە کە لە مەودایەکی دوورەوە؛ لە پەنجەرەی خانووە دارینەکەوە؛ چاوی لێدەکا و پێیوایە پیاوە غەریبەکە مردووە. مردن بە مەرگێکی سەیر. بێ ئاسەوار و شوێن پێیەك یا رووداوێك یا کارەساتێك. مردن بێ هیچ ئاسەوار و نیشانەیەك لە مەرگ.

## کۆتایی

دەقێکی داهێنەرانە لە ئەوینێکی خۆلیایی بە کیژۆڵەیەکی جوولەکە و رەتێندراو. هەمیشە ئارەزووم دەکرد ئۆرێلیا پاریس تووشی شانۆگەرێتی بکەم و کردیشم. لەبەر خاتری ژێرارد دێزارس Gérard Desarthe. ئیتر ئەو لە ژانویەی ١٩٨٤دا، نزیك بە دوو حەوتە؛ لە تەلاری چووکەی شانۆدا لە (رۆن پۆئان Rond-Point) خوێندییەوە.

## ئۆریلیا پاریس Aurélia Paris

ئەمڕۆ لەودیو پەنجەرەکانەوە دارستانێکە و گڤەی "با". سوورە گوڵەکان لە وڵاتێکی تربوون، لە باکوور؛ کچۆڵەکە سوورەگوڵەکان ناناسێ. نەسوورەگوڵە ژکاوەکانی ئێستای دیتوە نەپێدەشت و نە زەریا.

کیژۆڵەکە لەو دیو پەنجەری قەڵاکەوە راوەستاوە؛ پەردە رەشەکانی برێك لاداوە و سەیری دارستان دەکا. باران لێی کردۆتەوە. خەریکە تاریك دادێ بەڵام لەودیو پەنجەرەوە ئاسمان هێشتا شین دەچێتەوە. کۆشکەکە بەرز و چوارگۆشەیە و لە چیمەنتۆی رەش دروست کراوە. کیژۆڵەکە لە دوانهۆمە و دووراو دوور کۆشکی تر دەبینێ ئەوانیش رەشن. ئەو هیچ کات نەچۆتە نێو دارستانەکەوە.

لە پەنجەرەکە دوور دەکەوێتە و دەست دەکا بە گوتنی گۆرانییەکی بیانی بە زمانێکی نامۆکە خۆشی لێیّ تێناگا. نێو ژوورەکە هێشتا برێك رووناکەو کچە چاو لە ئاوێنە دەکا و بسکی رەش و ترووسکەی چاوەکانی دەبینێ چاوەکانی شینی تۆخن و کچە بەوەی نەزانیوە. لەو گۆرانییەش کە بەردەوام دەیڵێتەوە تێنەگەیوە. نازانێ کەی فێری بووە.

یەکێك دەگریی، گریانی ژنێکە کە بۆتە "دایەنی" کچۆڵەکە، پاك و خاوێنی دەکاو خواردنی دەداتێ. کوشکێکی گەورە و چوڵە. کەلوپەلەکانیان فرۆشتووە.

ژنە لە پشت دەرگای ژووەکە لەسەر کورسییەك دانیشتووە. دەمانچەیەکیش لە تەنیشتیەتی. کچە ئەوەندەی وەبیری دێ هەمیشە ژنەکەی هەر لەو جێیە دیتووە کە چاوەڕوانی پۆلیسی ئەڵمانە. ئەم نازانێ کە لەکەیەوە و چەند ساڵە ژنە چاوەڕێیە. بەڵام دەزانێ ژنە هەر ئەوەندەی لە پشت دەرکەوە لە "پێکەوە پۆلیسە" بێ هەموان دەکوژێ سەرەتا ئەوان و دواتریش خۆیان.

کچە پەردەڕەشەکان لادەدا، بەرەو چرپاکەی دەچێت و چراکە دادەگیرسێنێ. پیشیلەکە لە ژێری تیشکی چراکەدا خۆی لەبەریەك دەکێشێتەوە. دەوروربەری پشیلەکە شپرێوە و روژنامەی پڕ لە هەواڵی چالاکی سوپای رایش پەرش و بڵاون. ژنەکە لە رووی ئەو رۆژنامانەوە کچۆڵەکەی فێری خوێندن و نووسین کردووە. کچە لە بەردەمی پشیلەکەوە لەسەر چرپاکە دادەنیشێ. پشیلەکە باوێشك دەدا. خۆی لەبەریەك دەکێشێتەوە و روو بە کچۆڵەکە وەردەکەوێ. چاویان لەیەك دەچن. ئێستا کچۆڵە گۆرانی جوولەکە بۆ پشیلەکە دەڵێ و پشیلەکە لەسەر چرپاکە دەخەوێ. کچۆڵەکە دەستی بەسەر پشتیدا دێنێ و ئەویش گوێ رادەگرێ. دوایی پەپوولە



مردووە کە هەڵدەگرێ و پێشانی پشیلەکەی دەدا. چاوی لێدەکا. بە پێکەنینێکی گاڵتە جارانەوە. دیسان گۆرانیی جوولەکەی بۆ دەڵێتەوە دوایی نیگاکانیان تێك دەئاڵقێن. لەنەکاو، لە ناخی ئاسمانەوە؛ شەڕ؛ غەڵەبایی، ژنە لە لای داڵانەکەوە بە دەنگی بەرز بەکچە دەڵێ پەردەکان دابداتەوە بابتوانێ بیر بکاتەوە.

ئێستا شتە زلە پولاییینەکان بەسەر دارستانەکەدا دەفڕن.

ژنە بانگ دێڵێ: "بڵێ بزانم."

کچۆڵەکە دەڵێ: "جارێ چاوت بنوقێنە، هێشتا شەش دەقیقەی ماوە، دەنگە ساماناکەکە نزیك دەبێتەوە، هەگبەی مەرگە. پڕەپڕە لە بۆمبا؛ سندووقی بریقەداری ئامادەی هەڵڕشتن.

"گەیشتنێ چاوت بنوقێنە".

کچە دەڕوانێتە قامکە شووش و باریکەکانی خۆی کە لەسەر پشتی پشیلەکە دەلەرزن. لەرزینێك وەك لەرزینی دیوارەکان. شووشەی پەنجەرەکان، هەوا کۆشکەکان و دارستان.

ژنەکە بانگ دێڵێ: "وەرە ئێرە"

هەروا تێدەپەڕن. ئێستا برێك بەرزترن لەو شوێنەی کچە گوتبووی. دەنگێکی ساماناك و دەنگێکی تریش. دەنگی گرمەی تۆپەکان.

=هیچ شتێ لە ئاسمانەوە ناکەوێتە خوار. نەگرمەیەك و نەشەریخەیەك. تاپۆی فڕۆکەکان لە ئاسماندا شەپۆل دەدەن.

ژنە دەقیژێنێ: "بەرەو کوێ دەچن؟"

کچۆڵە: "بەرلین".

"وەرە"

بەنێو ژوورەکەدا هەنگاو دەنێ دەگاتە لای ژنەکە؛ رۆشنایی کەمە. نە پەنجەرەیەك نە رۆچنەیەك ناڕوانێتە دەرێ. ئەو سەری ڕاڕەوەکەیە. بەردەرگای وەژووکەوتن. لێرەوە وەژوودەکەون. گڵۆپێکی شۆڕەوە بووی بەردیوارەکە شەڕ و رووناك دەکاتەوە.

ژنه لێرەیە بۆ وەی ئاگای لە کچەکە بێ شیش و خورییەکەی لەسەر رانی داناوە بێجگە لە گرمەی تۆپەکان لە دوورە هیچ شتێك نابیسرێ. کچۆڵە لە بەردەمی ژنە دادەنیشێ، دەڵێ: "پشیلەکە پەپوولەیەکی کوشتووە".
هەردووکیان ماوەیەك سەربەسەری یەکترەوە دەنێن و دەگرین پاشان هێور دەبنەوە و وەك هەموو شەوەکانی تر بێ دەنگ دەبن. ژنەکە دەڵێ: "دیسان گریام هەموو رۆژێ بۆ هەڵە سەیرەکەی ژیان دەگریم".
پێدەکەنن. ژنە دەست بەسەر تاڵی ئاوریشمینی قژی کچە دادێنێ. شریخە و گرمەکە جار بە جار دوورتر دەکەونەوە. کچۆڵەکە دەڵێ: "لە راینیش پەڕینەوە".
تەنیا لوورەی رەشەبایە لە دارستانەکە دەئاڵێ. ژنەکە لە بیری چۆتەوە دەڵێ:
- "بۆ کوێ دەچن؟"
- "بەرلین"
- راست دەکەی-وایە"
- پێدەکەنن و ژنە دەپرسێ.
- "چیمان بەسەر دێ؟"
- "دەمرین. تۆ هەرکمان دەکوژی؟"
- ژنەکە: "وایە" (چیدی پێناکەنێ) "گیانت بوا ساردە".
دەست لە باسکی کچە دەخشێنێ.
کچە جوابی ژنەکە ناداتەوە. پێدەکەنێ.
- پشیلەکەم ناو ناوە ئاراناشا.
ژنە دەیلێتەوە: "ئاراناشا".
=کچە قاقا پێدەکەنێ. ژنەکەش وێڕای ئەو. دوایی چاوی دەنوقێنێ و دەست بە لەشی کچۆڵەکە دادێنێ.
- چەند لاوازیت. هەر ئێسك و پرووسکی ......
کچۆلەکە بە قسەی ژنە پێدەکەنێ. زۆربەی شەوان وایە. بە هەموو شتێك پێدەکەنێ، دیسان گۆرانی جوولەکە دەڵێتەوە. پاشان نانوو دەگێرێتەوە کە: "بێجگەلەو پارچە سپییە



چوارگۆشەیەی بەژێر کراسەکەتەوە دوراوە؛ هیچی تر لە بارەی تۆوە نازانین. رۆژی لە دایك بوونت و دوو پیتی A.S، تەمەنت حەوت ساڵە". کچە لە بێدەنگیدا گوێی هەڵخستووە. دەڵێ: "ئێستا لەسەر برلینن." کەمێك رادەوەستێ. "تەواو".
لە نەکاو پاڵ بە ژنەکەوە دەنێ، بەتووڕەیی. هەڵدەستێ و دەڕوا. بێ ئەوەی لاقی دەشتێك ئالّقێ راڕەوەکە دەپێوێ.
دیسان تۆپە دژە هەواییەکان بەرەو ئاسمان دەکشێن. کچۆڵە بە ژنەکە دەڵێ:
- "کارەکەیان تەواو بووە. گەڕانەوە"
دەنگی فڕۆکەکان نەوەك جاران سامناك؛ بەڵکو ڕێك و پێکتر و بە درێژیی وەك دەنگی تاڤگە هەردێ و زیاتر دەبێ.
کچۆڵەکە دەڵێ: هیچ کامیان نەپێکران.
ژنە: "چەند کوژراو هەیە."
کیژۆڵە: "پەنجا هەزار".
ژنە چەپڵەلێدەدا: "ئۆخەیش."
کچۆڵە دەڵێ: "لە دارستان تێپەڕین، بەرەو زەریا دەچن."
ژنە: "لەو خۆشییە. ئۆخەیش."
کچۆڵە: "گوێ بدەیە: ئەوە لە دەریاش تێپەڕین."
هەرکیان گوێ هەڵدەخەن.
کچۆڵە دەڵێ: "تەواو بوو. لە دەریاش تێپەڕین."
ژنە لەبەرە خۆیەوە قسەدەکا. دەڵێ: هەموو منداڵەکان تێدا دەچن. کچۆڵە پێدەکەنێ. بە پشیلەکە دەڵێ: "چونکە من هاتوومەتە ئێرە دەگری. دەترسێ. لە ئاوێنەکەدا چاو لە خۆی دەکا. لەبەرە خۆیەوە: "دەڵێ جوولەکەم ... جوولەکە". لە ئاوێنەکە دەچێتە پێشتر چاو لە خۆی دەکا: "دایکم لە کۆڵانی DesRosiers لە پاریس، ئیش و کاری خۆی بووە".
ئاماژە بۆ نێو راڕەوەکە دەکات: نانو"ئەوەی پێگوتم."

رووی لە پشیلەکەیە و قسە دەکا: "زۆرجار حەزدەکەم بمرم." دوایی؛ "باوکم خەڵکی سوریا بووە —وابزانم- بازرگانێکی گەڕۆك بووە."

لە ناخی ئاسمانەوە دیسان دەنگی فڕۆکەکان دێ. کچە دەقیژێنێ: "گەڕانەوە." ژنە گوێی لە دووهەمین مەرگ هێنەرەکان بووە. هەرکیان چاوەڕێ دەبن.

- "ئەو جارە بەرەو کوێیە؟"

کچە چاوی لێك دەنێ بۆ ئەوی باشتر ببیستێ. دەڵێ: "بەرەو دوسلدرۆف". هەردوو دەستی بەسەرییەوە دەگرێ. دەترسێ. ژنە لەو سەری ڕاڕەوەکە و برێك دوورتر لە کچۆڵەکە، ناوی شارەکانی Palatina پالاتینا دوو پاتە دەکاتەوە. دەپاڕێتەوە کە ڕەگەزی ئەلمانی خاشەبڕ بێ.

کچۆڵە دەڵێ: "دەترسم."

ژنەکە گوێی لێ نەبووە.

پشیلەکە جێیەکەی جێ هێشتووە و چۆتە ڕاڕەوە تاریکەکە؛ شوێنێك کە دەنگ کەمترە

کچە دیسان دەڵێ: "دەترسم."

ژنە دەقیژێنێ: "زۆرن؟"

"هەزار دانە".

فڕۆکەکان دێنەوە. دەگەنە دارستان و لەوێش تێدەپەڕن. کارەبا دەپچڕێ.

کچۆڵە دەقیژێنێ: "یاخوا بکەونە خوار؛ خۆزگە ببڕێتەوە."

ژنەکە بەسەریدا دەقیژێنێ بێدەنگ بێ، و شەرم بکا، دەستی دوعا بەرزدەکاتەوە. دەپاڕێتەوە و بەدەنگێکی بەرز دوعایەك دەخوێنێ کە لە منداڵییەوە دەیزانێ. کچۆڵە لە نەکاو لە تاریکاییەکەدا دەزریکێنێ: "دارستان "........

دنیا ڕەش دادەگەڕێ. گرمەی سامناکی تەقینەوە، قرچەی شکان، کاول بوون؛ سووتان و ڕووناکایی.

پۆلی فڕۆکە لە ئاسماندا بەرەو پێش دەچن.

فرۆکە تێکشکاوەکە؛ دەخۆلێتەوە.



کچۆڵە پەردەکە لادەدا. دەڕوانێتە بلێسەکان کە زۆر لە کۆشکەکەو دوور نین. چاو لە تەرمی فڕۆکەوانە ئینگلیزییەکە دەگێڕێ. ژنە لە تاریکاییەکەدا دەقیژێنێ: "وەرە ئێرە، وەرە لای خۆم."

- کچۆڵەکە دەچێتە پەنای، دەڵێ: "فڕۆکەکە ئینگلیزییە، ئەوەتا لەو نزیکەکەوتووە."

دەڵێ: دارستانەکە گڕی گرتووە. هەموو وڵات کڵپەیە، وێرانی، کوژانەوە. کچە حەزدەکا بچێتە سەیری فرۆکە سووتاوەکە. ژنەکە دەڵێ: حەزی لە دیتنی شتی وانییە. کچۆڵە پێداگرە و دەڵێ: فڕۆکەوانەکە مردووە. پاشان دەڵێ: نا، هەر بلێسیە و کڵپەیە وەرە بچین، ژنە دەگری، دەڵێ، نا، ئەوەندەی ناهێنێ.

"ئەگەر دەمزانی.... هەر لێی گەڕێ. خۆ من خراپەی ئەو کچەم ناوێ... هیچ. حەزدەکەم جوولەکەکان سەرپەرشتیان کردبا... گەنجێك... بەڵام چۆن؟ ژن و مێرد لە تاریکایی شەودا لێیاندا ڕۆیشتن بە سواری شەمەندەفەرێکی سێزدە فارگۆن.... بەڵام چوونەتە کوێ؟ چۆن دەکرێ بیسەلمێنێ ئەو کچۆڵە منداڵی ئەوانە؟ خۆزگە بگەڕێنەوە. بگەڕێنەوە و بڵێن ئەوە منداڵی ئەوانە. بۆ نابێ؟ کچە بە خێرایی هەراش دەبێ. دەڵێن لاوازییەکەی ئی کەم خۆراکییە. حەوت ساڵە ئەو پارچە سپییە چوارگۆشە دووراوە....."

کچۆڵە گوێی لە ژنە هەڵخستووە. جار جارە قاقا پێدەکەنێ. ژنەکە بە ئاگادێتەوە. پێی دەڵێ چی وتووە و باسی چی کردووە و ئەوان بۆ کوێ چوون: "بۆ مانهایم یا فرانکفۆرت، مونیخ، لیپزیك، بەرلین. ڕادەوەستێ. یا لەوانەیەی مەرگ." پاشان دەڵێ: کچۆڵەکەی خۆشدەوێ و خووی پێوەگرتووە. بێ دەنگ دەبێ دیسان باس لە هۆگرییەکەی بۆ کچە دەکا هۆگرییەکی بێ سنوور. کچۆڵە بە ئاسپایی ڕایدەوەستێنێ و دەڵێ: گوتت ژنە بە هەڵاتن هاتبۆوە سەرێ و کچێکی ساواشی پێ بوو؟.

- "وایە"

- "کێ بوو؟"

- "دایکت؟"

کچۆڵە دەڵێ: "ئەم ساوایەم لێوەرگرە. کارێکی بە پەلەم هەیە...."

"ئا.... وای وت (کارێکی بە پەلەم هەیە و دە دەقیقەی تر دێمەوە".

- "دەنگە دەنگێك لەسەر پلیکانەکان؟"

- "ئا، پۆلیسی ئەلمان."

- "دوایی هیچ سۆراخێك نەبوو؟"

- "هیچ"

"هەرگیز.... هەرگیز؟"

"هەگیز".

کچۆڵە سەر دەنێتە سەر رانی ژنەکە بۆ وەی دەست بە قژی داهێنێ. ژنە دەست دەخاتە نێو قژی و دەستی پێدادێنێ. لە ژیانی تایبەتی خۆی بۆی دەدوێ. پاشان دەستەکانی رادەوەستن. دەپرسێ: "ئەو خەڵکە چیان لێهات؟"

کچولە دەلیێ: "چوونەتە لییەژ Liége ئێستا دێنەوە."

ئەو جار لە ژنە دەپرسێ: "ئەوەی مرد کێ بوو؟"

ژنە باسی فرۆکەوانە ئینگلیزییەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.

کچۆڵە دەست لە نێو قەدی ژنە دەئاڵێنێ. ژنە ناهێڵێ.

کچۆڵە: "بمگرە باوەشت. بمگرە باوەش."

ژنە بە ئاستەم دەست بە سەر و قژی دادێنێ. خەوی لێدەکەوێ. لوورەی ئاژیری کۆتایی هێرشە ئاسمانییەکان دەبیسرێ.

- کچە دەڵێ: "دەناوەکەیم پێ بڵێ....."

ژنە دەڵێ: "ناوی کێ؟"

- "چووزانم ئی ئەو."

- ژنە: ستێینەر Steiner. پۆلیس بانگی ئەو ناوەیان دەکرد.

پشیلەکە لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دەگەڕێتەوە.

کچۆڵە دەڵێ: "گەڕانەوە ئێستا لە دەریا تێدەپەڕن."

دەستی بەسەر پشیلەکە دادێنێ. سەرەتا بە نەرمی و دواتر بە توندی....

دەڵێ: "مێشێکیشی خواردووە."



ژنە گوێی هەڵدەخا، پاشان دەڵێ: هیچ دەنگیان نایە بگەڕێنەوە."

کچۆڵە: "لە باکوورەوە رۆیشتن."

ئێستاش رۆژ لە پشت پەنجەرەکانەوە. دەخزێتە نێو راڕەوی جەنگ.

پشیلەکە دەکەوێتە سەر پشت. مڕەمڕی نیشانەی هۆگرییەتی بە ئۆریلیا.

ئۆریلیا سەری دەخاتە سەر سکی پشیلەکە. ورگی گەرمە. عەمباری مڕەمڕی پشیلەکەیە.

ئەشکەوتێکی شاراوە و پان."

- "ستێینەر ئۆرێلیا، وەکو خۆم."

هەمیشە لەو ژوورەوە بۆتان دەنووسم لە پشت شووشەی پەنجەرەیەك کە لەو بەرێوە لوورە و گڤەی "با" و دارستان بوو. لەوێ؛ لە وڵاتێکی تر لە باکوور، گوڵەکان ژاکاون، زستان یەك بە یەك سوورە گوڵەکانی پڕووکاندووە.

شەوە، ئیتر من وشە نووسراوەکان نابینم. تەنیا جووڵەی دەستم دەبینم کە لە نووسین (بۆ ئێوە) دەکەوێ. لە پشت شووشەی پەنجێرەوە هێشتا ئاسمان شین دەچێتەوە. ئێستا شینایی چاوی ئورێلیاش دەبێ توختر بوو بێ. بە تایبەت لە شەودا خۆ دەزانن ئیدی. کە وردە وردە رەنگەکەی کاڵ دەبێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە رەشاییەکی بێ سنوور.

من ناوم ئورێلیا ستێینەرە.

لە پاریس دەژیم، دایك و باوکم لەو شارە مامۆستان.

تەمەنم هەژدە ساڵە و

دەنووسم.